خۆشیێ بەردەی، قەساری جان بکەی (مشەختی، ب. س، ب.ل)

قەسار: بۆ ئەو کەسێ کو جلکێ خەلکی ب پارە دشووت دهاتە گۆتن، هەلبەت نوکە ئەڤ کارە نەمایە یان شێوازێ ئەنجامدانا ئەوی هاتیە گوهۆڕین:وما دگەل نەمانا ئەڤی کاری، پەیڤا ئەوێ ژی نەمایە. نڤیسەری ب بکارهینانا پەیڤێ زێدەباری گرێدانا ئەوێ ب رامانا دەقیڤە جارەکا دی پەیڤ زیندیکرییە.

تاکێ کورد بۆ پر کرنا پێدڤیێن ژیانا خۆ یا ڕۆژانە چ بیاڤ نەماینە کارسازیی تێدا نەکربیت، مشەختی ژی بزاڤ یا کری ئەڤان کارسازییا د هۆزانێن خۆدا بەرجستە بکەت:وما دەمێ دبێژیت:

گلد و گاجل کۆم ب کۆمن، کەڤنە ئامانێ رزی
مۆخل و بێژینگ و تاشی، بێ ژمارن بڤر و داس
(مشەختی و مشەختی، ٢٠١٢: ٢٤٣)

دڤێت بۆ مە بدەتە دیارکرن کارسازیێن کوردان ناهێنە هژمارتن. گلد و گاجل ژ ئەوان پێدڤیێن ژیانێ یێن کەڤنن،کو نوکە ب هیچ شێوەکی ناهێنە بکارهینان و موکێت و مەحفیران ژمێژەیە جهێ ئەوان گرتی. هەر ئێک ژ ئەوان ب ئەڤێ شێوەی دهێنە دروستکرن:

گلد: ئەو بەرکا ژ پەرۆیێن کەڤن و کنجران دهاتە چێکرن، جۆدەلیک، پارچەیێن کەڤن یێن بەرک و مەحفیران. ل هندەک دەڤەران ژی ئەو دوشەکێن ل ناڤ مالێ بۆ ل سەر روینشتنێ دهێنە بکارهینان دبێژنێ گلد.

گاجل[٣]: جۆرە بەرک یان ڕایەخەک بوویە کو ب موییێن بزنان یان هری یان ب تەقلێن پەرۆیان دهاتە چێکرن (فەرهەنگوکا مشەختی، ب. س. ب. ل)

دەردەکی هنگو بگریت
نە دەر بیت و نە زەر بیت
دەرمانێ شاخی کەر بیت
ل ناڤ کولی کەرا بن

٣ بۆچوونێن ژ هەڤ جودا بۆ ئەڤێ پەیڤێ هەنە، ئەڤە ژی بۆ ئەوێ چەندێ دزڤریت کو ل هەر دەڤەرەکێ ئەڤ پەیڤە بۆ مەرەمەکێ دهێتە بکارهینان: هندەک دەڤەران، وەک لحێفک و بەتەنی بکار دهات و د فەرهەنگا ئامەد ژیدا هاتیە کو ئەو جلێ ل گای دهێتە کرن دبێژنێ گاجل.

دکێشن پوشیمانی
کەفتینە خرکومانی
ئەرێ گوندێ مە کانی؟
عەرەب ل سەر پەیا بن؟ (مشەختی و مشەختی ٢٠١٢: ٣٩٤)

خرکومان: ئەو قالبە کو بۆ چەماندنا داری دهێتە بکارهینان، بۆ چێکرنا بێژینک و سەرادا و دەف و دهۆلان مفا ژێ دهێتە وەرگرتن. بکارهینانا ئەڤێ پەیڤێ د ئەڤی دەقیدا هەستەکێ نوستالۆژیای بۆ نڤیسەری و خاندەڤانی ژێ دروست دکەن ب تایبەتی دەمێ هۆزانڤان د نیڤە دێرا دویڤدا دبێژیت: ”ئەرێ گوندێ مە کانی؟“ دیار دبیت هۆزانڤان ب هەر ئەگەرەکێ بیت ژ گوندێ خۆ دویر کەفتییە دەربرینێ ژ هەستێ خۆ یێ خەریبوونێ دکەت:هوما ب ئینانا پەیڤا خرکومانی،کو ئێک ژ ئامیرێن تایبەت ب کارسازییا کوردینە پتر بیرا خۆ ل گوند و ژیانا کوردەواری دهینیت. ژ لایەکێ دیڤە هاتنا هەر ئێک ژ پەیڤێن (پۆشمانی، خرکومانی، کانی) ب شێوەیەکێ ستوونی ل دویڤ ئێکدا سەروایەک بۆ دەقی دروستکریە.

ب خواندن و شرۆڤەکرنا ئەڤان دەقان بۆ مە دیار دبیت، ئەو پەیڤێن د زمانێ کوردیدا نەماین یان بەر ب نەمانێ دچن د ناڤ ئەدەبیاتیدا مفا ژێ هاتیە وەرگرتن. ڕەنگڤەدانا ئەڤان پەیڤان د هۆزانێن مشەختیدا ب باشی یا دیارە، ناڤهاتی ب بەرجستەکرنا ئەوان د ناڤ دەقێن خۆدا شارەزای و دەستهەلییا خۆ د زمان و نەریتێن جڤاکیێن کەڤن و نوییێن کوردیدا و ژیانا گوندان یا بەرێ دیارکریە.

## ئەنجام

پشتی شرۆڤەکرنا مە بۆ دەقێن دەستنیشانکری بدوماهیک هاتین ئەم گەهشتینە ئەڤان ئەنجامێن: مەرەمێن جودا ل پشت بکارهینانا پەیڤێن ئارکائیکی ژ لایێ مشەخیڤە هەنە ژ ئەوان نۆستالۆژییا و بیرهینانا ژیانا بەرێ یا گوندان، مشەختی وەک شانازیکرنەک ب شێوازێ ژیانا کەڤنا کوردەواری و نەریت و خوارن و کارێن رۆژانە د ناڤ دەقێن خۆدا بەرجستەکرینە. بهێزییا هەستێ نەتەوەی یێ هۆزانڤانی ئەگەرەک بوویە ئەڤان پەیڤان دناڤ هۆزانێن خۆدا بکار بینیت، چونکی هۆزانڤان زمان و کەلتۆرێ کوردی وەک ناسنامەکا نەتەوەی ددانیت و داخوازا پاراستنا ئەوان دکەت ژ بەرەبابێ نوی. ئەڤ ناڤێن هاتینە بکارهینان د ناڤ دەقیدا بووینە ئەگەرێ دروستبوونا لادانا دەمی بەرجستەکرنا زمانێ دەقی، ب تایبەت کو هۆزانڤان یێ شییای پەیڤێ ل جهێ گونجای بدانیت و خزمەتا واتایا دەقی بکەت. بکارهینانا ئەوان ناڤان ل هندەک جهان بوویە ئەگەرێ دروستبوونا سەروایەکێ بۆ دەقی و ڕیتمەکا دەرەکی دروستکرییە و ل هندەک جهان ژێ ڕیتمەکا ناڤخۆی دروستکریە، ب تایبەتی ئینانا ئەو پەیڤێن دەنگەک تێدا دووبارە دبیت وەکی (پند و پلپلک، خرار، دانودکاک، کودکی، گلد و گاجل... هتد).

## ژێدەر

ب كوردی:

– ئیسماعیل، ڤیان عەباس (٢٠٢١). نۆستالۆژیا لە شیعری كلاسیكی كوردیدا بە نموونە (نالی، سالم، كوردی). ماستەرنامە. زانكۆی سەڵاحەدین. نەبەلاڤكری.

– حاجی، عەبدی (٢٠٠٨).چەند تیورەكێن ڕەخنا ئەدەبی. سپیرێز: دهۆک.

– عەبدولڕەحمان، شڤان جەرجیس (٢٠٢٠). بنیاتێ هونەری د هوزانێن مەلا خەلیل مشەختیدا. تێزا دكتورایێ، زانكۆیا سەلاحەدین پشكا زمان و ئەدەبێ كوردی.

– محەمەد، سەنگەر عەسكەر (٢٠٢٢). لادان لە دەقە شیعرییەكانی ”عەبدولقادر سەعید“دا. ماستەرنامە، نەبەلاڤكری.زانكۆی چەرموو.كۆلێژی پەروەردە و زمان.

– مشەختی، مەلا خەلیل (ب. س). دیوانا مشەختی (مەهجەبین). بەرگێ چوارێ. دەسنڤیس.

– مستەفا، سەرحەد حسێن (٢٠٢٣). لادان لە شیعری ”قوبادی جەلیزادە“دا. تێزی دكتورا. نەبەلاڤكری. زانكۆی سلێمانی. كۆلێژی زمان: بەشی زمانی كوردی.

– مشەختی، مەلا خەلیل (ب. س). دیوانا مشەختی (ئاوازێن غەریبێ). بەرگێ دوویێ. دەستنڤیس.

– مشەختی، نەوزاد مەلا خەلیل و مشەختی، كامەران ئیبراهیم (٢٠١٢). دیوانا مەلا خەلیل مشەختی .بەرگێ ئێكێ. دەزگەهێ سپیرێز: دهۆک.

ب فارسی:

– ارجمندی، نرگس و ارجمندی، مریم (٢٠١٧). باستانگرای (آركایسم). دومین همایش ملی بازشناسی و مفاخر خراسان. دانشگاه شهید مفتح. (ب. ش)

– اسد اللهی، خدابخش و مهرآوار، قاسم (١٣٩٧). (نگاهی به باستانگرای در شعر شاملو). فصلنامه پژوهش ادبی و بلاغی. شماره: ٢٣.

– اللهی، شهلا خلیل و برج ساز،غفار. (١٣٩٨) سبک شناسی لایەای اركائیسم در شعر میراث اخوان ثالث). ب. ج.

– بابای، اعظم **(١٣٩٣)** باستانگرای**.** http://pajoohe.ir/Product.aspx?ProductID٢٨٢١٢&CategoryID=٩٢٦٢&strParent=٤٦٣٤٦,٩٢٦١ تاریخ دیدن **٢٠٢٤/١٢/٢١.**

– ثابت، حسین كریمی و اب برین، سیف الدین و جلیلی، فروغ (١٤٠٣). نگاهی تحلیلی و خاستگاههای باستانگرایی زبانی در شعر بهمن صالحی. نشریه علمی سبک شناسی نظم و نثر فارسی. ش: ٢.

– حیدری، فاطمه (١٣٩٤). (اركائسم واژگانی و نحوی در اشعار شمس لنگرودی).

– شفیعی كدكنی، محمد رضا (١٣٧٥). صور خیال در شعر فارسی. چاپ ششم. تهران: اگاه.

– شفیعی كدكنی، محمد رضا (١٣٨٤). موسیقی شعر. چاپ هشتم. تهران: انتشارات آگاه.

– صفری، جهانگیر و بنی طالبی، امین و گرجی، بهنام (١٣٩٧). باستانگرای واژگانی در اشعار قیصر این پور. نشریه ادبیات پایدار. شماره ١٨. دانشكده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه شهید باهنر كرمان.

– صفوی، كوروش (١٣٧٣). از زبانشناسی به ادبیات. ج، اول: نظم.تهران چشمه.

– عبدالله زاده، راحله (تابستان١٣٩٠). هنجارگریزی زمانی در شعر اخوان ثالث. مجله: نور. انتشار: وزارت اموزش و پرورش، سازمان پژهش برنامه ریزی اموزش. شماره چهارم، شماره ٩٨، تابستان.

– علی پور، مصطفی (١٣٨٧). ساختار زبان شعر امروز. چاپ سوم. تهران: فردوس.

– فتح الەزادە، سید محمد و شهبازی محمد (١٣٩٥). باستانگرای (اركایسم) در شعر شاملو. اردبیل: انشارات محقق اردبیلی.

– گرجی، حسین و جرفی، محمد و سجادی، سید ابوالفضل (١٤٠٠). برجسته سازی در اشعار محمد سعید الحبوبی با تكیه بر نظریه ی جفری لیچ. فصلنامه

علمى نقد ادبمعاصر عربى. ص: ٢٤٧.

– ياسينى، اميد و مدرسى، فاطمه (١٣٨٦). باستانگراى در شعر حميد مصدق. مجله علمى پژوهشى دانشكده ادبيات دانشگاه يزد. شماره ١٤. دانشگاه يزد.

– فتح، مهدى پورمجيدى و درخوش، سيد فايض (١٣٩٧). باستانگراى در اشعار حسين پناهى. فصل نامه اور مزد. شماره ٤٤.

ب ئنگليزى:

- aldick, Chris 2015. The Oxford Dictionary of Literary Terms. ٤th ed., Oxford UP.

- Harper, Douglas 2025. “Archaism.”Online Etymology Dictionary. https://www.etymonline.com/word/archaism.Accessed Jan.

ب عەرەبى:

– ابوبكر، ابوبكر ابراهيم (٢٠٢٢) الالفاظ المهجوره فى معجم العربى. مجلة العلوم و افاق المعارف، المجلد الثاني. العدد الاول. (دكتور...)

– حكمت، شاهرخ (١٤٤٤) دراسة الانزياح في قصيدة آرش كمانگير لسياوش كسرائي، بناء على نظرية جفي ليتش. مجلة آزلد الأسلامية في جيرفت السنة ١٥. العدد ٥٨.

## الملخص

بفعل التغيرات العامة التي تطرأ على الحياة، يصيب اللغات التَقادُم ويقل استخدامها، إضافةً إلى ذلك، فإنها تموت أيضاً بسبب الضغوط السياسية والاقتصادية والاجتماعية. إن موت لغة ما ليس مجرد زوال مجموعة من المفردات، بل هو فناء لهوية وتاريخ وتراث ثقافي وفكري. يلجأ الكتّاب في كثير من الأحيان إلى استخدام هذه الكلمات والتعابير القديمة في أعمالهم، وهي ممارسة تُعرف بالتقليدية (الأركيزم). إن استخدام هذه العناصر العتيقة لا يعود إلى كون النص قديماً، بل يكمن وراءه هدف فني. يستخدم الشعراء التقليديه ليضفوا سمة تاريخية على أعمالهم، أو يستفيدوا منه للحفاظ على الوزن والقافية وخلق نغم موسيقي خاص. بهذه الطريقة، يصبح التقليديه أداة مهمة لإثراء النص وإضافة عمق للمعنى، مما يربط القارئ بأجواء مختلفة. الأركيزم هو فن استخدام لغة الأمس في عمل اليوم لتحقيق أهداف محددة. أُجري هذا البحث لتحديد التقليد في الأسماء المستخدمة في قصائد (مشختي)، وذلك في إطار المنهج الوصفي التحليلي. وتُظهر النتائج التي تم التوصل إليها أن الأسماء التي استخدمها الشاعر كانت لأغراض الحنين (النوستالجيا) والافتخار بالحياة الكردية التقليدية القديمة. وقد أسهمت هذه الكلمات في إبراز اللغة الشعرية وخلق إيقاع وقافية للنص.

كلمات الرئيسية: الانزياح الزمنى، الانزياح الزمني من الاسم، كلمات ميتة، يتغير، تجسيد.

Abstract

Due to general changes in life, languages can become archaic and fall into disuse. Furthermore, they can also die out due to political, economic, and social pressures. The death of a language is not merely the loss of a collection of words, but the disappearance of an identity, history, and a cultural and intellectual heritage. Writers often resort to using these old words and expressions in their works, a practice known as archaism. The use of these archaic elements is not because the text itself is old, but rather because there is an artistic purpose behind it. Poets use archaism to lend a historical quality to their work, or it is utilized to preserve meter and rhyme and to create a specific musicality. In this way, archaism becomes an important tool for enriching the text and adding depth of meaning, connecting the reader to a different atmosphere. Archaism is the art of using the language of yesterday in the work of today to achieve specific objectives. This research has been conducted to identify the archaism of nouns in the poems of Mashexti, using a descriptive-analytical methodology. The findings indicate that the poet used these archaic nouns for nostalgic purposes and to express pride in the traditional Kurdish way of life. These words have served to enhance the poetic language and to create rhythm and rhyme for the text.

Keywords: archaism, archaism of the noun, Dead words, Change, embodiment.

وەرگرتن: ٢٠٢٥/٧/٢٧
پەسەندكردن: ٢٠٢٥/٨/٢٦

# تایبەتمەندییەکانی زمانی ئایینی
# لە پڕۆسەی بەکوردیکردندا وەک نموونە

کارا فاتیح عومەر
بەشی کوردیی فاکەڵتیی پەروەردە
زانکۆی کۆیە
karafateh@yahoo.com

پ.د. عومەر مەحمود کەریم
بەشی کوردیی
فاکەڵتیی پەروەردە
زانکۆی کۆیە
omar.mahmood@koyauniversity.org

پوختە

"تایبەتمەندییەکانی زمانی ئایینی لە پڕۆسەی بەکوردیکردندا وەک نموونە" ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەیە، لە پێناو زیاتر ناسینی زمانی ئایینی و دەسەڵاتی وەرگێڕاندا بەسەر ئەم زمانەدا کراوە. بواری لێکۆڵینەوەکە زمانی ئایینییە، لە ناو ئایینەکانیشدا بە دیاریکراوی مەبەستمان ئایینی ئیسلامە. ئەم زمانە دابەش دەبێت بۆ زمانی دەقی قورئان و کتێبەکانی سوننەت، دواتر پەیدابوونی چەندین ئایینزا و کۆمەڵەی جیاجیا کە هەریەکیان خاوەنی تایبەتمەندیی زمانیی خۆیانن، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە زمانی ئایینیی تێکستی پیرۆزی قورئانە. هەڵبژاردنی ئەم بابەتە جگە لەوەی پێویستییەکی ئەکادیمییە، هاوکات ئەم جۆرە توێژینەوانە لە زمانی کوردیدا زۆر پێویستن. لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەویی لە ڕێبازی شیکاریی پەیوەندی (Correlation Analysis Approach) کراوە بە پشتبەستن بە زمانەوانیی درکپێکردن کۆمەڵێک ئەنجام بەدەست بهێنێت، لەوانە ئاستی دەسەڵاتی وەرگێڕان بەسەر زمانی ئایینیدا. توێژینەوەیەکە لە سێ بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەم لە ژێر ناوی "زمانی ئایینی: وەک زمانی خودا" ئاماژە بۆ کۆمەڵێک سیفەتی خودایی زمانی ئایینی دەکرێت، لەوانە: پیرۆزی، پەرەجۆ، سرووش، نەگۆڕی، نادیار. "ڕواڵەتگەرایی زمانی ئایینی" ناونیشانی بەشی دووەمە و باس لە بابەتەکانی (جوانخوێندنەوە، لەبەرکردن) کراوە. لە بەشی سێیەمدا لە ژێر ناوی "ڕەوانبێژیی زمانی ئایینی"دا باس لە بابەتەکانی (تەمومژی، میتافۆڕ، وێنەی شیعری) لە زمانی ئایینیدا کراوە.

کلیلەوشە: زمانی ئایینی، پیرۆزی، میتافۆڕ، تەمومژ، نادیار

## پێشەکی

تایبەتمەندییەکانی زمانی ئاینی زۆرن و ئەم باسە گشتگیرە، بۆیە لێرەدا توێژینەوە لە سەر ئەو خاڵانە دەکەین کە گرنگترینن، دواتر دەسەڵاتی وەرگێران لە ڕێی ئەم تایبەتمەندییانەوە دیاری دەکەین و کێشەکانی وەرگێڕ نیشان دەدەین. بواری توێژینەوەکە پرۆسەی بەکوردیکردنە لە ناو زمانی ئایینیدا، بە تایبەت ئایینی ئیسلامدا، ئەم ئایینە زمانەکەی بۆ زمانی دەقی قورئان و کتێبەکانی سوننەت و دواتر پەیدابوونی چەندین ئایینزا و مەزهەب و کۆمەڵەی جیاجیا دابەش دەبێت، بۆیە ئەوەی مەبەستمانە زمانی ئایینیی تێکستی پیرۆزی قورئانە. جگەلەوەی پێویستییەکی ئەکادیمییە، هاوکات ئەم جۆرە توێژینەوانە لە زمانی کوردیدا پێویستن و پرۆسەی بەکوردیکردنی زمانی ئایینی ڕووبەری قسەلێنەکراوی زۆرە کە توێژینەوەی ئەکادیمیی بە زمانی کوردی لە سەر نەکراوە. لەم توێژینەوەیەدا پەیرەوی لە ڕێبازی شیکاریی پەیوەندی کراوە، بە پشتبەستن بە زمانەوانیی درکپێکردن. توێژینەوە لە زمانی ئایینی بە ناو تۆرێکی ئاڵۆزی زمانی پیرۆز و بابەتی هەستیار و هەڵگری لێکدانەوە و ڕاڤەی جیاجیادا دەڕوات، بۆیە بەکێشەکردنی ئەم بابەتە بۆ بواری توێژینەوەی زانستی گرنگیی خۆی هەیە. ئەو پرسیارانەی لەم توێژینەوەدا دەکرێن؛ بریتین لە ئەو تایبەتمەندییانە چین، زمانی ئاسایی لە زمانی ئایینی جیا دەکەنەوە؟ ئایا زمانی ئایینی هاوشێوەی زمانی ئاسایی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگوازرێتەوە؟ ئایا وەرگێڕان هەمان دەسەڵاتی بەسەر زمانی ئایینیدا هەیە، کە بەسەر زمانی ئاساییدا هەیەتی؟ ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێک هاتووە: لە بەشی یەکەمدا "زمانی ئایینی: وەک زمانی خودا"، ئاماژە بۆ کۆمەڵێک سیفەتی خودایی زمانی ئایینی دەکرێت، لەوانە: پیرۆزی، پەرەجۆ، سرووش، نەگۆڕی، نادیار. "ڕواڵەتگەرایی زمانی ئایینی" ناونیشانی بەشی دووەمە و باس لە بابەتەکانی (جوانخوێندنەوە، لەبەرکردن) کراوە. لە بەشی سێیەمدا؛ "ڕەوانبێژیی زمانی ئایینی" باس لە بابەتەکانی (تەمومژ، میتافۆڕ، وێنەی شیعری) لە زمانی ئایینیدا کراوە. لە کۆتاییشدا وەک ئەنجامی باسکردنی ئەم تایبەتمەندییانە، بە چەند خاڵێک دەسەڵاتی وەرگێڕان بەسەر ئەم زمانەدا خراوەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم
## زمانی ئایینی: وەک زمانی خودا

گرنگترین خاڵ وەک تایبەتمەندیی زمانی ئایینی باس بکرێت ئەوەیە زمانی ئایینی وەک زمانی خودا سەیر دەکرێت، واتە تایبەتمەندییەکی خودایی هەیە، ئەویش بە کۆمەڵێک بەڵگە، ئەو بەڵگانەش دەکەینە کۆمەڵێک سیفەت، کە لەم چەند خاڵەدا گرنگترینیان باس دەکرێت:

### ١-١. پیرۆزی

زمانی خودا سیفەتی پیرۆزیی هەڵگرتووە، زمانێکە دەبێت مامەڵەکردن لەگەڵیدا ئەدگاری فەرمی وەربگرێت و لە زمانی ئاسایی جیا بکرێتەوە. چەمکی پیرۆز بۆ هەموو شتێک بەگشتی لەو پێناسەیەدا بەرجەستە دەبێت: "هەمیشە خۆی وەک واقیعێک دەردەخات کە لە واقیعی سروشتی جیاوازە و بەرێزتر و سەرترە" (Eliade, 1963, 10). لەمەوە دەردەکەوێت پیرۆز پێچەوانە و بەرانبەر دەوەستێت لەگەڵ ئاساییدا. پێناسەی تر بۆ زمانی پیرۆز ئەوەیە: "ئەم زمانە بە شێوەیەکی باو لە سرووتە ئایینییەکاندا بەکار دێت و کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر زمانی ڕۆژانە هەیە" (بای ١٩٩٨: ٢٠٦). پێویستە ئاماژە بۆ

ئەوەش بکرێت "پیرۆزی پەیوەندیی بە خودی ئەو شتەوە نییە کە پیرۆزە، بەڵکوو هەستی تاکەکانە کە بە پیرۆز دەیانبینێت" (تۆفیق، ٢٠٢٠، ٨).

بە بۆچوونی "ڕۆجێ کایوا"، تێگەیشتنی قووڵ لە پیرۆزی هانی قسەکردنمان دەدات لە هەستکردن بە پیرۆزی، واتە لایەنی دەروونی و وردبوونەوە لە سایکۆلۆژیای پیرۆز یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتن لە پیرۆز. دواتر کایوا وای دەبینێت پیرۆزی جۆرێکە لە هەستیاری، هەستیارییەک باوەڕداری ئایینی لە بەرانبەر پیرۆزدا نوقمی ڕێز دەکات، هەر بۆیە کایوا پیرۆز وەک سیفەتێک نابینێت هێندە پێدراوێکی نهێنییە و بە بەرگی ئایدیا و شتەکاندا دەکرێت، ئەوانیش ڕەنگی ئەو پیرۆزییە دەگرن. "پیرۆز لە وێنە سادە و بنەڕەتی و سەرەتاییەکانیدا دەبێتە خاوەنی وزەیەکی ترسناک، دەستی تێگەیشتنی پێ ناگات، کێوییە و ماڵی ناکرێت، کاریگەر و پڕ چالاکییە" (کایوا ٢٠١٠: ٣٧-٤٠).

فەیلەسووف و تیۆلۆژیستی ئەڵمانی "ڕۆدڵف ئۆتۆ"، باس لە بنەماکانی ئایین و ئەزموونی پیرۆزی دەکات. لە دیدی ئۆتووە پیرۆز لە دەرەوەی گەردوون و زانین و لە سەروو سروشتەوەیە، باوەڕدار بچووکی و ملکەچیی خۆی لە بەرانبەر پیرۆزدا ئەزموون دەکات، بۆیە پرسیار لە چییەتیی پیرۆز ناکات و بیرکردنەوەی ڕەخنەییانە لە ئاستیدا ناخاتە کار. پیرۆز هەمیشە بە نهێنی، بڵندی و هەتاهەتایی دەمێنێتەوە و ستاییش دەکرێت، بەمەش پیرۆز تەنیا دەگێڕدرێتەوە و پیشان دەدرێت و بۆ ئەوی تر دەگوازرێتەوە، هەڵناسەنگێنرێت و ناگات بە دۆخێک هەڵبوەشێنرێتەوە. لەمەوە ئۆتۆ لە تێگەیشتن لە پیرۆزییەوە پەیوەندیی نێوان ئایین و هەستی مرۆڤ دەخوێنێتەوە و پێی وایە "پیرۆزی تەنیا وەک ڕاستییەکی سەروو سروشت لە ئەزموونی نۆمینۆسەوە سەرچاوە دەگرێت" (Otto 1924: 114).

مرۆڤ بە تایبەت مرۆڤی ئایینی، پیرۆزی و دواتر زمانی پیرۆز بە گرنگ دەزانێت، بۆیە ئەم زمانە وەرناگێڕێت، یاخود بە هەستیارییەوە هەوڵی وەرگێڕانی دەدات، چونکە پێی وایە گەر پیرۆزی نەبێت:

١-١-١. ژیان واتا و بەهای نامێنێت، بۆیە پیرۆزی یارمەتیی مرۆڤ دەدات واقیعی ماددی تێبپەڕێنێت، لەمەوە ئەرکی وەرگێڕان قورس دەبێت، چونکە وەرگێڕ دەکەوێتە بەردەم هەست و واقیعی نابەرجەستە.

١-١-٢. مرۆڤایەتی ئەخلاق و شکۆی نامێنێت، بۆیە پیرۆزی ڕێنمایی هەڵسوکەوت و پەیوەندییەکانی مرۆڤ دەکات. وەرگێڕان لێرەدا تەنها دەسەڵاتی بەسەر وشە و ڕستە و واتادا نییە، بەڵکوو دەبێت ئەم ئەرکەش جێبەجێ بکات.

١-١-٣. ئەگەر پیرۆزی نەبێت، مرۆڤ ئینتیمای بۆ هیچ شتێک نامێنێت و یەکڕیزی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا دەبێتە خەون. بۆیە پیرۆزی ئینتیمای مرۆڤ بۆ بەهاکان دەگەڕێنێتەوە. دەسەڵاتی وەرگێڕان لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەم ئینتیمایە بۆ زمانی دووەم بگوێزێتەوە.

١-١-٤. ئەگەر پیرۆزی نەبێت، مرۆڤ هەمیشە ناڕەحەت و غەمگین دەبێت. بۆیە پیرۆزی یارمەتیدەرە بۆ هەستکردن بە ئارامیی ڕۆحی. دەسەڵاتی دەقی وەرگێڕدراوی زمانی ئایینی کاتێک دەردەکەوێت ئەم هەست و ئاسوودەییە بۆ زمانی دووەم بگوێزێتەوە.

### ١-٢. پەرجوو (المعجزة)

زمانی ئایینی هەمیشە خۆی وەک پەرجوو دەناسێنێت. لە ئایینی ئیسلامدا قورئان بە ڕەهایی

وەکوو پەرجووی زمانی دانراوە. بڕواداران بە دڵنیایی پێیان وایە قورئان خۆی پەرجوویەکی ئاشکرایە، بە تایبەتی لە ڕووی ڕەوانبێژی و زمانی دەربڕینەوە. پەرجوو لە دیدی ئایینییەوە "ڕووداوێکی نائاساییە، لەلایەن پێغەمبەرێک یان نێردراوێکەوە دەردەکەوێت، بۆ سەلماندنی ڕاستیی پێشبینی و پەیامەکەی. پەرجوو ئاڵنگارییەکە بۆ گەلی پێغەمبەر، کە ناتوانن هەمان شت بکەن" (الرومي ٢٠٠٣، ٢٥٨). لە قورئانیشدا هاتووە: (قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا) (الإسراء: ٨٨)، "بێژە: ئەگەر مرۆ و جن، گش وەکۆ بن، وێنەی ئەم قورئانە بێنن، لە شبی ئەو دادەمێنن، با هەمووشیان پشتیوانی یەکتری بن." موسوڵمانان و لێکۆڵەران دەڵێن ئەم ئاڵنگارییانەی قورئان بۆ ئاستی بەرزی ڕەوانبێژیی ئەو دەقە ئایینییە دەگەڕێتەوە، دارشتنی قورئان هێندە بەهێزە هیچ کەسێک نەیتوانیوە و ناتوانێت دەقێکی هاوشێوە بنووسێت ئەگەرچی ئەدیب و زمانپاراو و ڕەوانبێژێکی لێهاتوویش بێت. ئەو خاسیەتەی قورئانیش بە لەتوانابەدەریی ڕەوانبێژی (الإعجاز البلاغي) ناسراوە.

شەرعناسانی ئایینی ئیسلام و پسپۆڕان لەم بارەیەوە قسەیان کردووە و بۆچوونی ناچوونیەک و پێچەوانەی یەکتریشیان دەربڕیوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی و بە نزیکی زۆربەیان لەگەڵ ئەمە کۆکن: "توانابەدەریی قورئان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەوانبێژییەکەی پێوەستە بە کۆی دەقەکانیەوە، لاوازی و بێهێزی لە هیچ شوێنێکی قورئاندا نابینرێت، کەس لە توانایدا نییە هاوشانی بێت و هاوشێوەی بهێنێت، گوزارشتی عەرەب و عەرەبیزمانان، زمانپاراوی و ڕەوانبێژییان فرە ئاستە، کرۆکی پاراوی و ڕەوانبێژییان لە بەشێک لە قسەکانیاندایە، هەندێک کاتیش بە پێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار بەها و جوانییان لاواز دەبێت و دەگۆڕدرێت، یاخود تەنیا لە هەندێک بەشی گوزارشتەکاندا دەمێنێتەوە. کەسی ڕەوانبێژ هەندێک جار ئاستی ڕەوانبێژییەکەی جۆرێک لە نەنگیی تێ دەکەوێت، نەوەک بەهۆی نەزانییەوە، بەڵکوو بەهۆی غەفڵەت، یاخود لێڵییەکی هزرییەوە، یاخود بەهۆی ئارەزوویەکەوە کە بەسەریدا زاڵ دەبێت هزر و بیری بەلایەکی تردا دەبات، واتە باش و کرچەکان لەخۆ دەگرێت، ئەم ئاریشەیە دووچاری هەر مرۆڤێکی باش دێت" (الزركشي ١٩٨٤: ١٠١). دەسەڵاتی وەرگێڕان لەوەدا دەردەکەوێت کە بتوانێت ئەم سیفەتی ڕەوانبێژییەی زمانی قورئان بگوێزێتەوە، تاوەکوو تایبەتمەندیی پەرجوویی ون نەکات.

### ١-٣. سرووش (الوحي)

لە دیدی ئایینییەوە؛ زمانی ئایینی سەرەتا گوتن بووە نەک نووسین، یەکەم جار بە شێوەی زارەکی دەستی پێ کردووە، قسەکردن و گوێگرتن ڕۆڵی هەبووە و دەروازەیەک بووە بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بە باوەڕی ئایینی، ئەم زمانەش ڕاستەوخۆ لە خوداوە بە گوێی پێغەمبەردا نەدراوە، بەو شێوەیە نەبووە کە خودا قسەکەر و پێغەمبەر گوێگر بووبێت، بەڵکوو خودا لە ڕێی فریشتەوە قسەی لەگەڵ پێغەمبەر کردووە. لە قورئاندا هاتووە: (وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحۡيًا أَوۡ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوۡ يُرۡسِلَ رَسُولٗا فَيُوحِيَ بِإِذۡنِهِۦ مَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ عَلِيٌّ حَكِيمٞ) (الشورى: ٥١)، واتە: "هەرگیز خودا هیچ کەسێکی لە ڕووبەڕوو نەدواندووە. یان فەرمانی لە ڕای دڵیەوە ناردووە، یان لە پشت پەردەوە بووە، یان قاسیدێکی ناردووە و ئیزنی داوە چی دەخوازێ بەدڵی ڕابگەیەنێ. هەر ئەو جێ بەرز و کارزانە."

لەم بارەیەوە ئیبن سینا دەڵێت: "پێغەمبەر بەهۆی هێزێکی پیرۆزەوە (قُدْسِيَّة) دەتوانێت پەیوەندی بە فریشتەوە بکات. فریشتەش عەقڵێکی پوختە (مُجَرَّد)، 'واتە پاکە لە مادده و شوێن و کات'، عەقڵیش تەنیا دەتوانێت شتەکان بە شێوەی پوخت (مُجَرَّد) لێک بداتەوە -واتە لە ڕووی چەمکییەوە (مَعْقُول)- بێ ئەوەی پەیوەستی کات بێت. بۆیە ئەم پەیوەندییە لەو حاڵەتەدا واتایەک دەگەیەنێت: پێغەمبەر شتەکان بە بێ گەڕانەوە بە کاتەوە دەبینێتەوە" (غرابة ٢٠١٣:١٣٦).

چەمکی سرووش لە زماندا ئاگادارکردنەوەیەکی نهێنییە، بە پێی سەرچاوەکانی کەلەپووری ئیسلامی سرووش هەموو ئەمانە دەگرێتەوە: ئاماژەکردن، نیشاندان، نووسین و نووسراو، نامە و پەیام، فەرمان، هاندان و ڕێنمانی، قسە و وتەی نهێنی و هەر شتێک کە بە شێوەیەکی نهێنی بە کەسێکی بگەیەنێت (الحنفي و أیوب ١٩٩٨: ٩١٨). هەروەها ڕاغیبی ئەسفەهانی دەڵێت: "سرووش ئاماژەیەکی خێرایە، چونکە سرووش خێرایی لەخۆ دەگرێت و پێی دەگوترێت فەرمانێکی خێرا، ئەمە دەکرێت بە شێوەی قسەکردن، یان نهێنی و ڕەمزی و ناڕاستەوخۆ بێت، یان دەکرێت تەنیا دەنگێک بێت بە ئاماژە بە بەشێک لە ئەندامەکانی لەش یان بە نووسین" (الأصفهاني ١٤١٢هـ ٥٥٨).

لە "لیسان العرب"دا هاتووە "واتە هێما و ئاماژەیەکی نهێنی. دەگوترێت 'أوحيت الی فلان' (وەحیم کرد بۆ فلان)، واتە بە قسەیەکی خێرا و شاراوە، لە قورئانیشدا بە واتای ئیلهامی غەریزی و وەسوەسە لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ و لە شەیتانەوە بۆ مرۆڤ و ئیشارە و ئاماژەپێکردن هاتووە" (إبنفارس :١٣٧١ ٩٣). لە زمانی عەرەبیدا سرووش واتای ئاماژەی خێرا و دواندنی نهێنی دەگەیەنێت، ئەمەش هێمائامێزە، وشەی سرووش چاوگە و ئاماژەیە بۆ دوو واتای سەرەکی: پەنهانی و دووەم خێرایی، بۆیە گوتراوە سرووش (وەحی) ئاگادارکردنەوەیەکی پەنهانیی خێرای تایبەتە بۆ ئەو کەسەی بۆی دێت، بە شێوازێک کەسی تر پێی نازانێت: ئاگادارکردنەوەی نهێنی و خێرا. گواستنەوەی سیفەتی سرووشی زمانی ئایینی بۆ زمانی دووەم بابەتێکی هەستیار و قورسە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە زۆر لە باوەڕداران خۆیان لە قەرەی وەرگێڕانی زمانی ئایینی نەداوە، تەنانەت دژیشی بوون، هەروەک نموونەی هاتنەخوارەوەی سرووش بۆ پێغەمبەر و دابەزینی فەرمانێکی نهێنی و خێرا: "اقْرَأْ". پێغەمبەر گوتی چی بخوێنم؟ خودا لە ڕێی سرووشەوە: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) (العلق: ١): "بخوێنە بە ناوی پەروەردگارتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە."

### ١-٤. نەگۆڕی

گۆڕان سیفەتی زمانە، هیچ زمانێک نییە وەک خۆی بمێنێتەوە و نەگۆڕێت، هەموو زمانێک لە هەموو ئاستەکاندا گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە زمان پێویستییەکی ژیانی مرۆڤە، هەلومەرجی ژیانی مرۆڤیش بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش دیارترین هۆیە بۆ گۆڕانی هەر زمانێک و هۆکاری تریش زۆرن کار دەکەنە سەر زمانێکی دیاریکراو و دەیگۆڕن، لەوانە کاریگەریی زمانەکان لە سەر یەکتر، گۆڕانی سەردەم و نەوەکان و... هتد، بەڵام زمانی ئایینی (لێرەدا بە دیاریکراوی تەنها مەبەستمان لە تێکستی قورئانە، چونکە جۆرەکانی تری زمانی ئایینی ناگرێتەوە)، خۆی لەم گۆڕانە دەپارێزێت و سروشتی وایە بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەشە ڕێگری و بەرهەڵستی دەکرێت لە وەرگێڕانی زمانی

ئەم تێکستە و گەڕ وەریشبگێڕدرێت، سروشتی ڕاڤەیی وەردەگرێت و باوەڕداران لە کاتی پێویستدا بەردەوام دەگەڕێنەوە بۆ تێکستە بنچینەییەکە و دەقەکانی ئەویش وەک خۆی بەکار دەهێننەوە.

"ئیدوارد ساپیر بۆ سەلماندنی ئەوەی کە زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، زمان بە شەپۆلی دەریا دەشوبهێنێت کە ناوەستێت و ئاراستەی هەیە، جیاوازیی کەسی دەبێتە هۆی ئەوەی زمان بەم لا، یان بەو لادا ئاراستەی خۆی وەربگرێت" (معاذ :٢٠٠٩ ١١٠). گۆڕانی زمان بابەتێکە ڕاستی و حاشاهەڵنەگریی بۆ ئەو زانستانەی دەرەوەی زمانناسییش سەلماوە، پەیوەندار بە زمانیشەوە وەک ڕاستییەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. کاتێک ژیار و ژیانی کۆمەڵێک دەگۆڕێت، هێدی هێدی زاراوەکان و شێوازی ئەو زمانەش دەگۆڕێت و لەگەڵ پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵەی خاوەنی زمانەکەن دەسازێنرێت، ئەوەش کاریگەریی بەرچاوی هەیە بۆ ئەم گۆڕانە: "ئـ گۆڕانی نەوەکان، ب. کاتێک زمانێک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانی تر، پ. هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و جوگرافی و کولتووری و... هتد، کە کار لە سەر لێکۆڵینەوە و گەشەپێکردنی زمان دەکەن، کاریگەرییان لە سەر گۆڕان و گەشەپێکردنی زمانێکی دیاریکراو هەیە" (وافي ٢٩٤:٢٠٠٤). بەڵام زمانی ئایینی لەو شوێنەدا کە وەک زمانی خودا دەناسرێت، ڕادەستی ئەم کاریگەرییانە نابێت، لەگەڵ گۆڕانی نەوەکاندا وەک خۆی دەمێنێتەوە، زمانەکانی تر کاری تێ ناکەن، لە بەردەم هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و جوگرافی و کولتووری و... هتد؛ خۆی دەپارێزێت و بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، هەرووەک ئەوەی چەندین سەدەیە زمانی بنچینەیی تێکستی قورئانی پیرۆز وەک خۆی ماوەتەوە، هەر ئەو خاڵەشە دەکرێت بە پەرجووی ئەم تێکستە.

١-٥. غەیب

لە ئایینی ئیسلامدا غەیب بە واتای ئەو شتانەیە کە لە بینین و زانینی مرۆڤ دوورن و تەنیا خودا زانیاریی تەواوی لە سەریان هەیە، لە ڕێی پەیامبەرەوە بە خەڵکیان دەگەیەنێت. لە قورئاندا هاتووە: (ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ) (البقرة: ٣)، واتە: "ئەو کەسانەی بڕوایان بە نەدیار هەیە و نوێژ دەکەن و لەو بژیوەش کە ئێمە پێمان داون؛ دەبەخشن."

زمانی قورئان بە هەمان شێوە وشەی "نبي"ی بەکار هێناوە. ئیبن تەیمیە لەم بارەیەوە دەڵێت: "وشەی 'نبوة' لە وشەی 'الإنباء' هاتووە، 'النبي' فەعیلە، هەندێک جاریش فەعیل بە واتای بکەر دێت، واتە 'منبيء: ئەو کەسەی هەواڵ دەدات'، بە واتای بەرکار، واتە: 'منبأ' هەردووکیان وەک یەکتری وان، پێغەمبەر ئەوەی هەواڵ دەدات بەوەی خودا هەواڵی پێ داوە، یاخود ئەوەی کە خودا هەواڵی پێ دەدات، گەیەنەری ئەو هەواڵەیە کە خودا پێی دەگەیەنێت، ئەوەی خودا هەواڵی لە بارەوە دەدات هیچ کات درۆ و ناڕاست نییە، ئەویش واتای پێغەمبەر دەگەیەنێت، لە هەواڵەکانی خودا بە هیچ شێوەیەک نە لە رووی هەڵە، نە بە ئەنقەست گریمانەی هەڵە و ناڕاستی تێدا نییە" (الطوبان :٢٠٠٠ ٨٧٣). بەم جۆرە گەیاندنی هەواڵەکانی خودا بە مرۆڤ دەبێتە تایبەتمەندییەکی بەهێزی پێغەمبەرایەتی.

ئەو هەواڵانەی خودا لە ڕێی پێغەمبەرانەوە بە مرۆڤیان دەگەیەنێت، هەندێکیان دەکەونە داهاتووە و هەندێکیان لە ڕابردوودان، هەیانە ڕوویان داوە و هەیانە ڕوویان نەداوە، بەڵام بە پێی ئەو باوەڕە ئایینییە ڕوو دەدەن. لە دیدی ئایینییەوە هیچ کەس جگە لە خودا ئاگاداری غەیب نییە، مەگەر کەسانێک خودا هەواڵی پێ دابن، ئەوانیش پێغەمبەرانن،

لەمەوە وا بیر دەکرێتەوە پەیامە ئاسمانەییەکان چەندین پێشبینیی گرنگ و چاوەڕواننەکراویان تێدایە، جگە لە پێغەمبەران زۆر کەس دەتوانێت چ لە ڕێی زانستییەوە یان توانا و زیرەکیی کەسییەوە هەندێک پێشبینی بکات، بەڵام دیدی ئاییني پێی وایە هەواڵدانی دروست لە بارەی داهاتوو، کاتێک وەک تایبەتمەندییەکی پێغەمبەرایەتی لێک دەدرێنەوە و دەبێتە غەیبزانی، کە بە دڵنیایی ئەو پێشبینییە ڕاست بێت و ڕوودانی ئەو بابەتەش تا ڕادەیەکی زۆر مەحاڵ بێت، چونکە بابەتی مەحاڵ پێشبینیی ڕوودانی ئەستەمە، بۆیە بەگشتی دەتوانین بڵێین زمانی ئاییني قسەکردن لە غەیب یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی، وەرگێڕان کاتێک دەسەڵاتی دەردەکەوێت کە بتوانێت کەشی نادیاریی زمانی ئاییني بۆ زمانی دووەم بگوێزێتەوە.

## بەشی دووەم
## ڕواڵەتگەرایی زمانی ئاییني

لە ڕووی ڕواڵـەت و فۆرمـەوە زمانی ئاییني خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، تا ڕادەیەک شێوازی لە شێوازی زمانی تر ناچێت، یان هەندێک جیاوازیی هەیە. مامەڵەی ڕووکـەش لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا بـەوانـە دەگـوتـرێـت کـە قـووڵایـیـەکـی ڕۆحـی و سۆزدارییـان نییە، بە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە دانانرێن، یان ناکرێت دابنرێن، چونکە هەر ساتێک ئەو مامەڵەیە هەر کۆتایی دێت و ئەو پەیوەندییە لە بەردەم پچڕاندایە، بەڵام مامەڵەی ڕووکەش و ڕواڵەتگەرایی لەگەڵ تێکستی زمانی ئایینیدا ناکرێت، پێی بگوترێت قووڵاییەکی مەعنەوی و سۆزداریی نییە، بەڵکوو پڕە لە قووڵایی ڕۆحی و سۆزداری. لـەم مامەڵەیەدا ڕێز دەگاتە دوا ترۆپکی خۆی، ناتوانین بڵێین ئەمە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکوو بە واتـای وشـە دەکرێت پەیوەندییەکی ڕاستەقینە بێت. ئەم پەیوەندییە هەر چەند لە سەر بنەمای بەرژەوەندییە، بڕوادار چاوەڕێی پاداشت و خۆبەدوورگرتن لـە سـزای دۆزەخ و بەزەیی خودایە، بەڵام ئەم بەرژەوەندییە زوو تێپەڕ و کاتی و لەرزۆک نییە، بەڵکوو دەکرێت بەردەوام و پتەو و هەمیشەیی بێت.

زۆر جار گوێمان لێ دەبێت ڕووکەشی وەک ئاوەڵناوێک دەخرێنە پاڵ ئەو کەسانەی ناتوانن بە قووڵی و جیاواز لە باو لە دیاردەیەک، کێشەیەک، بابەتێک بدوێن و بیر بکەنەوە، دیدێکی گرنگیان نییە، بەڵام سیما بە تایبەت سیمای زمانی ئاییني دەتوانێت هەم قووڵ و جیاواز، هەم گرنگ بێت، لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێک لەو خاڵانە دەکەین کە وەک ڕووکاری تێکستی زمانی ئاییني دەردەکەون:

### ٢-١. ڕەوانخوێندنەوە (التجويد)

زمانی تێکستی پیرۆزی ئاییني خوێندنەوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم خوێندنەوەش ناوێکی هەیە: تەجوید (جوانخوێندنەوە). جەلالەدینی سیوتی دەڵێت: "تەجوید جوانکارییە لە خوێندنەوەی قورئاندا، بریتییە لە مافپێدان بە پیتەکان و ڕیزبەندییان، گەڕاندنەوەی هەر پیتێک بۆ ڕێڕەوی دەرچوون و چاوگی خۆی، نەرمکردنی دەربڕینە تا ئەوپەڕی شێوەی خۆی، بە بێ زیادەڕۆیی، توندی، ڕادەبەدەری و سەختی" (السيوطي ١٩٧٤:٣٢٢).

لـە چـەنـد ئایەتێکدا بـاس لـەوە کـراوە دەبێت خوێـنـدنـەوەی قـورئـان بـە جـوانـی و ڕێکوپێکی بێت، چونکە خـوێـنـدنـەوەی قـورئـان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سـەر خوێنەر و گوێگر هەیە: (أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا) (المزمل: ٤)، یان: (وَقُرۡءَانا فَرَقۡنَٰهُ لِتَقۡرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكۡث وَنَزَّلۡنَٰهُ تَنزِيل۬ا) (الإسراء: ١٠٦)، دەبێت

گرنگی بە خوێندنەوەی قورئان بدرێت. "پێغەمبەری ئیسلام ئاماژەی بە جۆرێکی تایبەت لە خوێندنەوەی قورئان کردووە، تاوەکوو باشترین و کاریگەرترین ڕێ بێت بۆ کاریگەریی پەیامەکانی لە سەر دڵەکان" (کاشانی ١٣٨٧ق:١٢٠).

وشەی "تەرتیل" کە لەو ئایەتەی پێشتردا هاتووە، بە واتای هێمنی لە خوێندنەوە و جۆرێک لە ئیقاعی لەسەرخۆ دێت، بۆیە جوانخوێندنەوەی قورئان پێی دەگوترێت تیلاوەت (تلاوت). لە هونەری جوانخوێندنەوەی قورئاندا وەستان و دەستپێکردنی تایبەت هەیە، بەرزی و نزمیی دیاریکراو هەیە، ئەمانەش هەموو لە پێناو گەیاندنی واتا و جۆرێک لە کاریگەری لە ڕێی ئاواز و جۆرێک لە خوێندنەوەی مۆزیکئامێزی جیاواز لەو پەیامەی تێکستەکە دەیگەیەنێت، یان زیاتر خزمەتکردن و زووتر و کاریگەرتر گەیاندنی پەیامەکە. ئیبن فارس لە واتای تیلاوەت (تلاوت)دا دەڵێت: "واتای 'شوێنکەوتن' و 'بەدواداچوون'ە. دەگوترێت 'تَلَوَّتَ' کاتێک شتێک بەدوایدا دەچێت، یان شوێنی دەکەویت" (فارس ١٣٧١ش:١٠). تیلاوەت (تلاوت) زانست و شارەزایی تایبەتی لە خوێندنەوەی قورئاندا دەگەیەنێت، ئەم وشەیە بە شێوەیەکی دیاریکراو واتای خوێندنەوەی قورئان دەدات، خوێندنەوە "قیرائەت و گوتنە، دواتر گێڕانەوە و شوێنکەوتن و بەدواداچوونە. مەبەست لە شوێنکەوتن و بەدواداچوون بنەڕەتی واتای وشەکەیە لە زمانی عەرەبیدا، بۆیە پێی دەگوترێت تیلاوەت (تلاوت)ی قورئان، چونکە لە قورئاندا هەر ئایەتێک دوای ئایەتێکی تر دێت، واتە یەک لەدوای یەک و شوێنی یەکتر دەکەون." "تیلاوەت تەنیا وشەیەکە بۆ خوێندنەوەی قورئان و ئامانجی سەرەکیی گەیشتن بە گوێڕایەڵیی لە ناوەوە هەڵگرتووە" (اسماعیل ١٩٧٨:١٨). لە پێناسەیەکی تردا "تلاوت" واتای "تەرتیل" دەگەیەنێت. "تلاوت" لە نیمچەدوورگەی عەرەبیدا پێش ئیسلام بە واتای خوێندنەوەی شیعر بەکار هاتووە، ئەم جۆرە خوێندنەوانە بە دۆخی نزمخوێندن (زمزمة) هاوەڵ بوو کە پێی دەگوترا (تەرتیل). زەمزەمە جۆرێکە لە نەرمخوێندنەوە، دۆخێکی ئارام و هێمنە، ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ جۆرێک لە خەمناکی. هەندێک لە گێڕانەوەکان دەڵێن پێغەمبەر خۆی قورئانی بە شێوەیەکی خەمناک خوێندووەتەوە، خوێندنەوەیەک گوێگری غەمگین دەکرد، چونکە گێڕانەوە هەیە دەڵێت "قورئان بە خەمبارییەوە دابەزیوە، بۆیە بەو شێوەیەش دەخوێنرێتەوە، هەروەک چۆن گێڕانەوەکان ئەوە دەردەخەن کە پێغەمبەر خۆی بە غەمگینی قورئانی خوێندووەتەوە" (مجلسی ١٤٠٤ق:١٩١).

پێغەمبەر لە کاتی قورئانخوێندندا دەنگی خۆی دەکشاند و پیتەکانی درێژ دەکردەوە. "عەلیی کوڕی ئەبو تالیب دەڵێت، پێغەمبەر بە دەنگێکی خۆش و کشاو قورئانی دەخوێند" (سەخاوی بی تا، ٥٢٥). لە بارەی دەنگخۆشیی پێغەمبەریشەوە، عەلیی کوڕی ئەبو تالیب هەروەها دەڵێت: "پێغەمبەر لە خوێندنەوەی قورئاندا دەنگێکی خۆشی هەبوو" (طباطبایی ١٣٨٧ش: ٣١١). لەمەوە دەزانین کە شتێکی حاشاهەڵنەگرە خوێندنەوە بە ئاواز و کەشی موناجات و موزیکی، دەتوانن لە دەربڕینی چەمک و دەستەواژەی قورئانیدا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێت" (المهدی ١٩٩٣: ٣٠٤). ئەوەی گرنگە لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا بڕی کاریگەرییەتی بۆ سەر گوێگر، بە شێوەیەک "ئاستی سەرنجڕاکێشی و کاریگەریی بە تەواوی بەرز دەکاتەوە" (رحمانی ١٣٩٣ش: ٥٤).

ئایین پێویستی بە پەیوەستەگییەکی ڕۆحی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، بەو شێوەیە هەموو دەمێک

لەگەڵ مرۆڤدا دەژی و بێ ئەو ڕایەڵە مەعنەوییە بەو شێوەیە لە هەست و نەستی مرۆڤدا بە قورسی و قووڵی ناچەسپێت. زمانی ئایینیش مەرج نییە زمانی هەموو مرۆڤێک بێت، زۆر مرۆڤ هەن بە ڕوونی و تەنانەت بە ئاستێکی زۆر کەمیش ناتوانن لەو زمانەی ئایین تێبگەن، بۆیە ئایین پێویستیی بە دەروازەیەکی ترە بۆ ئەوەی بێتە ناو جیهانی ڕۆحیی مرۆڤەوە و کاریگەریی دەروونیی لە سەر هەبێت، یەک لەو دەروازانەش خوێندنەوەی زمانی ئایینی و تێکستی پیرۆزە بە ئاواز و دروستکردنی موناجاتێکی ڕۆحییە، بەو شێوەیە مرۆڤ تەنانەت بێ ئەوەی لە زمانی ئایینی تێبگات، کەچی ئەو زمانە لای پیرۆز دەبێت و باوەڕی پێ دەهێنێت، گوێڕایەڵی و پەیڕەویی لێ دەکات. موزیک و لەوێوە حوزن و گریان لە ڕێی جوانخوێندنەوەی قورئانەوە پەیوەندیی بەتینی نێوان زمانی ئایینی و ئاییندارانە، بە تایبەت ئەوانەی لەو زمانە تێناگەن. "ئەستەمە و نەبووە و ناکرێت ئایینێک هەبێت کە موزیک وەک دیاردەیەکی کولتوورەکەی لەخۆ نەگرێت، تا دەگاتە ئەوەی لە هەندێکیاندا گۆرانی و سەماش پێڕەو دەکرێت" (بنحدو :٢٠١٠ ٨٠).

گواستنەوەی کەشی ئاهەنگسازی و گۆرانیئامێزی زمانی ئایینی بۆ وەرگێڕ قورس و ئەستەمە، چونکە ئەم بابەتە ناچێتە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتی وەرگێڕەوە، بۆیە دەبێت بە توانای خۆی هەوڵ بدات لە زمانی دووەمدا خۆی ئەم کەشە دروست بکاتەوە و بە پێی ئەو زمانە جارێکی تر زمانی وەرگێڕدراو موزیکی بکاتەوە و ڕیتم و ئاوازی خوێندنەوەی بۆ بونیاد بنێتەوە.

## ٢-٢. لەبەرکردن (الحفظ)

لە سەر بناغەی ئەوەی زمانی ئایینیی خودا بە سرووش هاتووە، سرووشیش بە شێوەیەکی زارەکی و بە قسەکردن و گوێگرتن دروست بووە، بۆیە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم زمانەوە کردەی لەبەرکردن ڕۆڵی گەورەی هەبووە. موسوڵمانان لە ڕۆژگاری سەرەتای دەرکەوتنی ئایینەکەیاندا گرنگییان بە لەبەرکردن و فێربوونی قورئانی پیرۆز داوە، ئەوان هەر لە منداڵییەوە فێرکردن و لەبەرکردنی قورئان (ئەگەر چەند ئایەتێکی کەمیش بێت) دەخەنە چوارچێوەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، جگە لە بەهێزیی باوەڕ بە ئایینەکە و خێر و پاداشتی پرۆسەکە (ئەگەرچی بە ڕوونی قورئان داوای نەکردووە ئایەتەکانی لەبەر بکرێن)، بەڵام هۆکاری ئەم پرۆسەیە لەگەڵ ئەوەی فرە هۆکارە، زێدەتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وەک ئیبن خەلدوون دەڵێت: "قورئان وەک بناغەیەک گەشەسەندنی کارامەییەکانی دواتری مرۆڤی لە سەر بنیات دەنرێت، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە پەروەردە لە منداڵیدا توند دەچەسپێت و بناغەیە بۆ ئەوەی بەدوایدا دێت، سەرەتاکان بۆ دڵەکان وەک بناغەی تواناکان وان" (خلدون:٢٠١٤ ٢٧٥).

شارەزایانی موسوڵمان چەندین سوودی لەبەرکردنی قورئان بەدوای یەکدا ڕیز دەکەن:

٢-٢-١. لە نێو ئەو سوودە گەورانەی کە لەبەرکەرانی قورئانی پیرۆز بەدەستی دەهێنن، جگە لە پاداشتی گەورە، "فراوانیی زانست و سامانی زارەکی و شێوازی ئاخاوتنی باشە" (المغامسی ٢٠٠٤: ٨٧-١١٦).

٢-٢-٢. گوایە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز دەبێتە هۆی ئەوەی "یادەوەریی بەهێز و دەروون پتەو دەکات، شارەزایی لە خوێندنەوە باشتر دەکات، لەگەڵ ڕەوشتێکی جوان، ڕەفتاری ڕاستگۆ، قسەخۆشی و دەمولەفزی شیرین... هتد"(نواب الدين، ١٤١٣هـ ١٩٣). لەبەرکردنی قورئان موسوڵمان پەروەردە دەکات بۆ

"ژیانێکی ڕاستگۆ و لێهاتوویی دەروونی، فێرکردن، بەرزکردنەوەی هەستەکانی لە خوداپەرستی و ترس و خۆبەزلنەزانین و سەرسامی، جگە لە ئادابەکانی ڕەفتار وەک کزکردنی نیگا، هێواشکردنەوەی دەنگ و... هتد" (النحلاوي ٢٠١٠: ٨٦).

٢-٢-٣. بەهۆی لەبەرکردنی قورئانەوە ڕامان لە ئایەتەکان و تێفکرینیان، تا لەگەڵ خوێندنەوەیان بە شێوەی لەبەر، تەفسیر و واتایان بکەنەوە بیر و شاراوە نەبن.

٢-٢-٤. گەشەپێدانی بەهرەی بەڵگەهێنانەوە بەهۆی لەبەرکردنی قورئان، بە جۆرێک لە هەر هەڵوێستێکدا، یان لە هاتنەپێشی هەر دۆخێکی جیاوازیی، یان ئاڕاستەکردنی پرسیاردا، یان گومان و... هتد، توانای هێنانەوەی ئایەتی گونجاوت بۆ ئەو بارودۆخە هەبێت. ئەمەش زۆر گرنگە، بەڵکوو هەر خۆی گرنگترین مەبەستە.

٢-٢-٥. لە کردەی لەبەرکردنی قورئان و گوتنەوەی بە شێوەی لەبەر، ئاوازە (ئینتۆنەیشن) خۆی ئاشکرا دەکات و ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت. ئاوازەی دەنگ، یان بەرزی و نزمیی دەنگ لە کردەی قسەکردندا دەگەیەنێت. لێرەدا ئاوازی قسەکردن واتە چۆنێتیی بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ لەگەڵ تۆنی دەنگ بە واتای شێوەی دەربڕینی هەست بە دەنگەوە. هاوکات مۆزیکی زمان واتە ڕیتم و ئاهەنگی قسەکردن پێکەوە هەماهەنگی دەکەن بۆ ئەوەی کردە و خۆنمایشکردنی لەبەرکردن ڕۆڵی کاریگەریان دەربخەن.

٢-٢-٦. لەبەرکردنی قورئان و گوتنەوەی لەبەرخۆوە، یان دوای نوێژ، جۆرێک لە خشوعی (بێفیزی) دروست دەکات، هەستی پەشیمانی و داوای لێبوردن لە خودا و پشوویەکی ڕۆحی بە مرۆڤ دەبەخشن، وەک وێنەی سینەمایی ڕەفتاری پێچەوانەی دین دەهێننەوە یاد و لەبەرکەری قورئان بەدەم خوێندنی لەبەری قورئانەوە هەستی پەشیمانی دەردەبڕن و داوای بەخشین لە خودا دەکەن.

٢-٢-٧. لە هەمووی گرنگتر بۆ موسوڵمان شوێنپێهەڵگرتنی شێوازی خوێندنەوەی پێغەمبەرە بۆ ئایەتەکانی قورئان. سەبارەت بە بوارەکانی شارەزایی و کواڵتی بۆ لەبەرکەری کتێبی خودا، گرنگترینیان شارەزایی خوێندنەوە و ئاوازەکەیەتی بە شوێنکەوتنی نموونەی پێغەمبەری خودا. لەم بارەیەوە ئیبنولقیەم لە کاتی وەسفکردنی خوێندنەوەی پێغەمبەردا دەڵێت: "خوێندنەوەکەی سروودێک بوو نەک زۆر هێواش، نە بە پەلە، بەڵکوو خوێندنەوەیەکی هەماهەنگ بوو، پیت بە پیت، خوێندنەوەکەی ئایەت بە ئایەت دەبڕییەوە..." (إبن‌القیم ١٩٩٤: ٤٦٣). بۆیە لەبەرکەری کتێبی خودا دەبێت "خوێندنەوە و ئاوازەی دەقەکە شارەزا بێت و وریا بێت لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودا و هەڵە نەکات و بە ئاوازێکی نەشاز نەیخوێنێتەوە" (القرطبی٢٣:٢٠٠٣).

دەقی شیعر بۆ لەبەرکردن ئاسانە، بە تایبەت دەقێک کێش و سەرواى هەبێت، تێکستی قورئانیش هەر چەند شیعر نییە، بەڵام وێنەی شیعر بە ڕیتم و موزیکی شیعر چنراوە و ڕازێنراوەتەوە، بۆیە تێکستێکە بۆ لەبەرکردن دەشێت، بەڵام لەبەرکردنی ئەم تێکستە داواکراو نییە و خودی پرۆسەی لەبەرکردنیش لە پەروەردەی مۆدێرن پەسەندکراو نییە و بە گرفت بۆ زانین و گەشەکردنی هۆشیاری سەیر دەکرێت. دروستکردنەوەی ئەو ڕیتمە شیعرییەی زمانی ئایینی لە ناو زمانی دووەمدا، دەسەڵاتێکی شاعیرانەی بەرزی دەوێت کە ئەویش بۆ وەرگێڕ دەبێت بەهەند وەربگیردرێت، هەموو وەرگێڕێک ئەستەمە ئەو دەسەڵاتەی هەبێت.

لە سەرەتای دەسەڵاتداریێتیی ئیسلامەوە خەڵکانێکی موسوڵمانان هەبوون و ئێستاش هەن، قورئانیان لەبەر کردووە، تێیاندا هەیە بێ تێگەیشتن ئەم کارەی کردووە. نەک هەر ئەوە لەبەرکردنی قورئان کراوە بە پیشە و لە هەندێک بۆنەی کۆمەڵایەتی و پرسە و گۆڕستانەکاندا دەخوێنرێتەوە و لەبەرکردنی قورئان بە ئاستێک گەیشتووە ئێستا ناوەند و فێستیڤاڵ و پێشبڕکێی بۆ دەکرێتەوە و خەڵاتی بۆ دابین دەکرێت. لە کاتێکدا هیچ ئایەتێکی قورئان باسی لەبەرکردن و خێر و چاکەی لەبەرکردنی قورئانی نەکردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین کردەی لەبەرکردن لەم ئاستانەدا جگە لە کاتکوشتن و چەقبەستن؛ زانین بەرهەم ناهێنێت.

## بەشی سێیەم
## ڕەوانبێژیی زمانی ئایینی

زمانی ئایینی ڕەوانبێژییەکەی دەکرێتە بەڵگە و خاڵی بەهێزی سەلماندنی سیفەتی پەرجووبوونی، لەبەر چەند هۆکارێک ئاستی ڕەوانبێژیی ئەو زمانە دەکرێتە خاڵێکی بێهاوتا و جۆرێک لە داڕشتن و دەقێک پێک دەهێنن کە بە شێوەیەکی ڕەها توانای ئاڵنگاریی هەموو زمانێک و هەموو کەسێکی هەیە، بتوانن دەقێکی هاوشێوە بنووسن و ڕەوانبێژییەکی لەو جۆرە بەرجەستە بکەن. باوەڕداران پێیان وایە حیکمەتی ئیعجاز لە ڕەوانبێژیی قورئاندا لەلایەک لە پاراویی پەرجووئاسادایە لە هۆنینەوەی وشەکانی قورئاندا، کە جۆرێک سام و گەورەیی بە وشە و ڕستەکانی بەخشیوە و ڕوخسارێکی ناوازەیان پێ داوە، لەلایەکی تر ڕەوانبێژی لە توانای مرۆڤ بەدەر لە واتاکانی قورئاندا؛ ناوازەییەکی پەرجووئاسای تێدایە، کە ئەویش خاڵێکی تری بوونیەتی بە پەرجوویەکی زمانی و لەگەڵ زمانپاراویی لەئاساییبەدەری وشەکانی قورئان... هتد.

ڕەوانبێژی "مەیلی لەوەیە واتا بە دڵەوە بنیشێت، لە قووڵاییی دڵەوە لەزەت ببەخشیت، واتە لە ڕووکەشدا ناهێڵێتەوە و بەرەو ناو دڵ ئاڕاستەی دەکات" (العسكري١٤١٩هـ: ١٠). لێرەدا پێویستی نییە جارێکی تر باس لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بکرێت و نموونەکانی لە زمانی ئایینیی خودادا دەربهێنرێت، چونکە زۆر سەرچاوە ئەو کارەیان کردووە، تەنیا سێ خاڵی تایبەتمەندیی دیاری ڕەوانبێژیی زمانی ئایینی باس دەکەین:

### ١-٣. تەمومژی (الغموض)

تەمومژی، یان ناڕوونی و لێڵی، لە بواری نووسین، وشە و دەقدا ئاماژەیە بۆ حاڵەتێک کە تێیدا دەستەواژەیەک، ڕستەیەک یان دەقێکی تەواو دەکرێت بە چەند شێوازێکی جیاواز لێک بدرێتەوە و زیاتر لە یەک واتای هەبێت. تەمومژی فیکری و میتۆدی و زاراوەیی هەندێک جار دیاردەیەکن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ڕووکەشییە فیکرییە و ناکۆکییە میتۆدییەی ناو نووسینەکە، بەڵام تەمومژی ئایینی ئاماژەیە بۆ بوونی دەق، ئایەت، یان چەمکی ئایینی، کە ڕوون نییە و ڕێگە بۆ لێکدانەوەی جیاواز و هەندێک جار دژبەیەک خۆش دەکات. ئەم ناڕوونییە دەتوانێت لە چەندین ئاستدا دەربکەوێت: (زمانەوانی، مێژوویی، کولتووری، فەلسەفی...)، کە تەمومژ لە دەقە ئایینییەکاندا وەک خاڵێکی لاواز سەیر ناکرێت، بەڵکوو وەک سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندیی فیکری و مانایی ئایینەکە دادەنرێت کە ڕێگە بە شوێنکەوتووانی دەدات بە پێی کات و شوێن لێکدانەوەی نوێ بۆ دەقەکان بکەن (شحرور، ٢٠٠٨:٢٣٥).

زمانی ئایینی ڕوون و بێگرێیە، بەو پێیەی بۆ خەڵک و ڕێنمایی و ڕوونکردنەوەی ڕێگەی ژیان هاتووە و دەیەوێت هەموان گوێڕایەڵیی بکەن، بەڵام لە هەندێک شوێندا بارودۆخ و پێویستی وا دەکات تەمومژ و لێڵی بەرهەم بهێنێت.

زمانی ئایینیی خودا لە هەموو شتێکی پێوەست بە ژیان و گەردوون دەدوێت، باسی مردن و بوونی ژیانێک لەدوای مردن و گەڕانەوەی بۆ لای خودا دەکات، زۆر شت سەبارەت بە هەردوو دنیا دەڵێت، ئەو دنیا بۆ بەهەشت و دۆزەخ دابەش دەکات، پێوەرەکانی چوون بۆ هەریەکیان دەکات، ئەمە جگە لەوەی لە ڕۆژی لەدایکبوونی مرۆڤەوە سیستمێکی ڕەوشتی و دینی بۆ ژیان دادەنێت و داوا دەکات هەموان لە سەری بڕۆن. ئەگەر تێگەیشتن لە هەندێک لەم شتانە ئاسان و بێ گرێ و پێچوپەنا بن، ئەوا بابەتانێک لەمانە بەهۆی ئاڵۆزی و زۆر ڕوونەکردنەوەیان دەکەونە ناو تەمومژ و بەئاسانی بۆ تێگەیشتن هەرس ناکرێن، بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەوەیە چەندین بابەت و پرسی ژیان و گەردوون کە زمانی ئایینی خودا باسی کردوون، بوونە هۆی سەرهەڵدانی چەندین بۆچوونی جیاجیا و تەنانەت دژبەیەکیش، ئەم جیاوازییانە هێندە توند بوون سەریان کێشاوە بۆ سەرهەڵدانی چەندین ئایینزا، ڕێباز، مەزهەب، گرووپ و کۆمەڵەی ئایینی، ئەمەش لێکەوتی دابەشبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەبووە و بووەتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی توند و سڕینەوەی هەندێک گرووپ و کەسانی بیرکردنەوە جیاواز و کوشتن و پێکدادانی خوێناوی بە ناوی بەرگریکردن لە ئایینەوە. "لەبەرئەوەی ئایین لەلایەکەوە نەیتوانیوە ئەو دنیابینییەی ئەو ناوی ناوە ڕۆژی پەسڵان؛ بە شوبهاندن نەبێت ڕوونیان بکاتەوە، گەوهەری ئایینە یەکتاپەرستەکان بە دەوری بیری خودادا دەسووڕێنەوە، ئەمەش نەبینراو و نابەرجەستەیە و بە نادیار دادەنرێت، یان گیان (ڕۆح) لە خۆیدا لای مرۆڤ دنیایەکی پەنهانە. بۆیە ئەو زمانەی لەم چەمکە دەدوێت، بە پێویست دەبێت زمانەکەی ناڕۆشن بێت. زمانی ئایینی پڕە لە تەلمیح و ڕەمز و ئیحا، واتە لەبەرئەوە هەمیشە پێیەکی لە ناو ناڕوونیدایە، بۆیە بۆ گوزارشتکردن لەو دنیا ناکۆتا و ناڕوونە پێویستیی بە زمانێکی تەمومژاوی هەیە و بیەوێت یان نا، دەکەوێتە بەکارهێنانی ئەو جۆرە زمانەوە" (نەریمان ٢٠١٣: ٢٥).

تەمومژ تەنیا لە زمانی ئایینیدا نییە، بەڵکوو لە زۆر بواری تریشدا هەیە، چ وەک پێویستی بێت، یان بە ئەنقەست، یان بە هەر هۆکارێکی تر بێت مرۆڤ تووشی ئاڵۆزی دەبێت. ناڕوونی حاڵەتێکی نادڵنیاییە کە تێگەیشتن، یان ڕوونکردنەوەی شتێک بە شێوەیەکی تەواو و یەکلاکەرەوە زەحمەتە. بۆ نموونە لە زماندا ناڕوونی ئەوە دەگەیەنێت کە زیاتر لە یەک واتای گونجاو بۆ وشەیەک، یان دەستەواژەیەک هەیە، ئەمەش دیاریکردنی واتای مەبەست و بنچینەی ئەستەم کردووە، هەروەها لە ژیاندا ڕووبەڕووی کەسان و کەسایەتیی ئاڵۆز دەبینەوە کە تێگەیشتن، یان پێشبینیکردنی هەڵسوکەوتەکانیان لە هەر دۆخێکدا قورسە، لە ئەدەب و هونەریشدا بەردەوام دۆخی تەمومژاوی دێنە بەردەممان کە زۆر کات کاری ئەنقەست و پێویستی داهێنەرەکانیانە و بۆ دروستکردنی کەشی دوودڵی و لەزەت و جۆشوخرۆش، یان بۆ وروژاندنی بیرکردنەوە و ئاراستەی جیاوازی تێگەیشتن بەکار دێت، لە وەرگرتنی زانیارییشدا بەردەوام تووشی دۆخی ناڕوونیی زانیاری دەبینەوە، ئەوەش بڕیاردانی هۆشیارانە لە ڕووداو و دیاردەکان زەحمەت دەکات، لێرەوە تەمومژ لە

زمانی ئایینیدا جگە لە تایبەتمەندی و مەیلی زمانەکە بۆ ناڕوونی، بۆ وەرگریش دۆخێکی قەبووڵکراو و ڕێزلێگیراو بووە.

جگە لە ئامانج و گرنگییەکانی تەمومژ لە زمانی ئایینیدا بۆ خاوەنی زمانەکە و گەیەنەرانی ئەو زمانە، بۆ وەرگرانیش تەمومژ دەکرێت تیغێکی دوو دەم بێت، جارێک بونیادنەر بێت بەوەی ناڕوونی دەتوانێت هاندەر بێت بۆ بیرکردنەوە و داهێنان، هانی وەرگر بدات بۆ گەڕان بەدوای ئەگەرە جیاوازەکان و مەیلی دۆزینەوەی گەوهەرە پەنهانەکان بگەشێنێتەوە. دەمێکی تری ئەو تیغەی لێڵیی زمانی ئایینی ئەوەیە کە وێرانکەرە، ناڕوونی دەبێتە هۆی سەرلێشێوان و دڵەڕاوکێ، بە تایبەتی لەو بارودۆخانەی کە پێویستیان بە بڕیاری ڕەخنەگرانە هەیە. بۆ وەرگر نەک هەر لە بەرانبەر زمانی ئایینیدا، بەڵکوو بۆ هەموو کایەکانی تریش ناڕوونی قەبووڵکراوە، چونکە وەرگر دەزانێت نادڵنیایی سروشتێکی ژیانە و هیچ کەسێک لەم ژیانەدا هەموو وەڵامەکانی پێ نییە، نهێنیی بەشێکی دانەبڕاو و تەنانەت هەستبزوێنی ژیانە و دەشێت هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی هەبێت. بۆیە توانای مامەڵەکردن لەگەڵ تەمومژدا بە شێوەیەکی دروست گرنگە و مرۆڤ هەوڵ دەدات لەگەڵ هەموو بارودۆخەکاندا خۆی بگونجێنێت، یان هەر نا گوێی لێ بخەوێنێت. ئەوەش قابیلی پەنجەبۆڕاکێشانە، لە فیکری نوێدا تەمومژ بە شتێکی ئەرێنی دەبینرێت، ئەرێنی لەو ڕوانگەیەوە تەمومژ ڕێ نادات واتا و ئایدیاکان بە چەقبەستوویی بمێننەوە، بۆیە بیرمەندان لە فەلسەفە و هونەر و ئەدەبدا جەختیان لە سەر سروشتی فرەواتاییی دەق و ناتەواویی هەر لێکدانەوەیەک وەک تەنیا لێکدانەوە کردووەتەوە، ئەمەش وای کردووە تەمومژ لە پەیوەندیی نێوان زمان و واقیعدا زۆر جار وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە قووڵاییی ئەزموونی مرۆڤایەتی بەکار بێت.

ئەرکی وەرگێڕی کوردیی تێکستی پیرۆزی قورئان، وەک وەرگێڕی هەر زمانێکی تر، گەیاندنی واتایە لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم، بەڵام دەبینین کاتێک لە هەندێک شوێنی ئەم تێکستە لە زمانی یەکەمدا واتا پەنهان بێت و بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات، ئەرکی وەرگێڕی کوردی چەند هێندەی تر قورستر دەبێت، کاتێک بیەوێت لە زمانی دووەمدا واتای زمانی ئایینیی قورئان وەربگێڕێت و بە وەرگری زمانی دووەمی بگەیەنێت. بۆ نموونە لە قورئاندا هەندێک وشە یان وتە هەن کە بە "موتەشابهات" یان "وشەی ناڕوون" ناو براون. ئەوانەی ڕوون نین و تەنها خودا واتای گەورەییان دەزانێت، وەک وشەکانی سەرەتای هەندێ سوورەت. بۆ نموونە لە سەرەتای سوورەتی "البقرة"دا هاتووە: "الٓمٓ..."، لە وەرگێڕاوی کتێبی قورئاندا ئەم وشەیە بە "ئەلیف، لام، میم" هاتووە و ڕوون نەکراوەتەوە و نەکراوەتە کوردی، وەک ئاماژەیەک بە ناڕوونی و مانەوەی واتاکەی لەلای خودا.

### ٣-٢. میتافۆڕ (المجاز)

لەبەر زۆر هۆکار، زمانی ئایینی پەنا بۆ بەکارهێنانی میتافۆڕ دەبات. میتافۆڕ؛ بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ واتایەک جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی. لەوانەشە پەیوەندییەکی هاوشێوە لە نێوان واتای بنەڕەتی و مەجازیدا (خوازەیی) هەبێت، کە ڕێی بۆ ئەم بەکارهێنانە خۆش کردووە، واتە میتافۆڕ وەک جورجانی دەڵێت: "وشەیەکە لە چوارچێوەی زمانەکەدا ماناکەی دەناسرێت، دواتر لە چوارچێوەیەکی تردا جگە لەو چوارچێوەیەی خۆی بەکار دەهێنرێت و مانایەکی تری لێ بار دەکرێت" (الجرجاني ٢٠٠١: ٢٢).

زمانەوانیی درکپێکردنیش پێی وا نییە میتافۆڕ بەس شێوازێکی ئاخاوتن بێت، بەڵکوو ناواخنی کار و بیری مرۆڤە. مرۆڤ هەوڵ دەدات بۆ تێگەیشتن لە چەمکە ئەبستراکتەکان پەنا بۆ چەمکی کۆنکرێتی و بەرجەستە ببات، ئەویش بە پێی تیۆری میتافۆرە چەمکییەکان. سانتا ئانا لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆگنیتیڤەوە دەڵێت: "میتافۆڕی چەمکی توانای بەرهەمهێنانی میتافۆڕی نوێیان هەیە، میتافۆڕ لە هەموو بارەکاندا پڕۆسەیەکی بونیادنەرانە و خوڵقێنەرانەیە نەک جێگیر و چەسپاو" (Ana 2002: 202).

بەگشتی میتافۆڕ لە زمانەوانیی دێرین و زمانەوانیی کۆگنیتیڤ تەواو جیاوازن، زمانەوانیی دێرین میتافۆڕ وەکوو تایبەتمەندیی وشە و دیاردەیەکی زمانی دەبینێت، هەر چی زمانەوانیی کۆگنیتیڤە؛ میتافۆڕ وەک تایبەتمەندیی چەمکەکان لە ئاوەزی مرۆڤدا سەیر دەکات.

بە پێی زمانەوانیی دێرین، میتافۆڕ تەنیا لە هونەری ڕەوانبێژیدا بەکار هاتووە، ڕۆڵی هێنانەکایەی کەشێکی ئیستاتیکیی بینیوە، بەڵام بەلای زمانەوانیی کۆگنیتیڤەوە ڕۆڵی میتافۆڕ باشتر تێگەیشتنە لە هەندێک چەمکی دیاریکراو کە مەرجیش نییە لە سەر بناغەی بەراورد و لێکچواندن هاتبێتنە کایەوە. ئەم میتافۆرانە میتافۆڕی چەمکین و لە ناو ئاوەزی مرۆڤدا ڕەنگدانەوەیان هەیە، دواتر دێنە سەر زمانی مرۆڤ. بە بۆچوونی کەوڤیکسس، "زۆر جار میتافۆڕ لە سەر بنەما و پێشینەی کولتووری واتاکەی دیاری دەکرێت" (Kovecses 2005: 360).

میتافۆڕ بابەتێکی قووڵە، لە زمان، ئەدەب، هونەر، فەلسەفە، زانست و ژیانی ڕۆژانەشدا هەیە، ئەوەی لێرەدا بۆمان گرنگە ئەوەیە گرنگیی میتافۆڕ خۆی چییە و لە زمانی ئایینیدا دەبێت بە چی؟ میتافۆڕەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە زمان و بیرکردنەوە و پەیوەندیی مرۆڤدا، بەڵام میتافۆڕەکانی زمانی ئایینی زێدەتر خەرمانەیەک بە دەوری تێکستی ئایینیدا دروست دەکەن. بۆ ئەفسووناویکردنی مرۆڤ و سەرهەڵدانی هەستی سەرسامی و تەنانەت ترسیش. میتافۆڕەکانی بوارەکانی ژیان یارمەتیمان دەدەن تا جیهان بە شێوازێکی نوێ و داهێنەرانە ببینین، کەچی میتافۆڕەکانی زمانی ئایینی جیهانی پەنهان زیاتر تاریک دەکەن و هەستی بینین لە ئاستیدا کوێر دەکەن. میتافۆڕەکانی بوارەکانی ژیان یارمەتیی تێگەیشتن دەدەن لە چەمکە ئاڵۆزەکان، بەڵام میتافۆڕەکانی زمانی ئایینی بۆ مرۆڤی دەسەلمێنن کە ئاستی تێگەیشتنی لە بەردەم خودا و بوون و گەردوون و قیامەت... هتد؛ هەر زۆر سنووردارە و تێگەیشتنی تەواو لێیان زۆر ئەستەمە. میتافۆڕەکانی بوارەکانی ژیان وا دەکەن مرۆڤ هەست و بیرۆکەکانی پەرە پێ بدات و بە شێوەیەکی کاریگەرتر دەریانببڕێت، بەڵام میتافۆڕەکانی زمانی ئایینی هەست و بیرۆکەکانی مرۆڤ دەکاتە کۆپی و پەراوێزی خۆی. میتافۆڕەکانی بوارەکانی ژیان وا لە مرۆڤ دەکات پەیوەندیی سۆزداری و ناسک بە مرۆڤی ترەوە ببەستێتەوە، بەڵام میتافۆڕەکانی زمانی ئایینی هەست و سۆزداریی مرۆڤ دەخەنە خزمەت ئایین و پەیامەکانی. بە کورتی: میتافۆڕ ئامرازێکی کاریگەرە، هاوکاریمان دەکات بەهۆی بەکارهێنانی زمان و وێنە و چەمکەکانەوە بە قووڵی و کاریگەرتر بەر ژیان و جیهان بکەوین، بەڵام میتافۆڕەکانی زمانی ئایینی؛ قووڵی و کاریگەری بۆ خۆیان قۆرخ دەکەن و سەراسیمەبوونیش بۆ ئێمە. هەروەک ئەوەی خودا بە بێباوەڕان و تەنانەت باوەڕدارانیش دەڵێت، پرسیار لە فلان و فیسار بابەت مەکە، چونکە تێیناگەن و نازانن: (ٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ)

(البقرة: ٢١٦)، واتە: "خوا دەزانێ و ئێوە سەری لێ دەرناکەن." لە قورئاندا (يد الله، وجه الله، عين الله) بە ماناکانی (دەست، ڕوخسار و چاوی خودا) لەو میتافۆرانەن بەهایان لە واتای ناوەوە (باطن)دایە و لە ڕووکەشەوە دوورن. هەروەها وشەی "الروح" لەوانەیە کە زانیاریی تەواوی تەنها لای خودایە: (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِۖ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي...) (الإسراء: ٨٥)، واتە: "لە تۆ دەپرسن: گیان چییە؟ بێژە: گیان هەر لەوانەیە کە پەروەرندەم دەیزانێ، ئێوە کەمێکتان لە زانست پێ دراوە."

هەر زمانێک بە شێوەی خۆی میتافۆڕ بەکار دەهێنێت، بۆیە دەسەڵاتی وەرگێڕ لەوەدا دەردەکەوێت لەکاتی گواستنەوەی ئەم میتافۆڕانە بۆ زمانی دووەم، سەرلەنوێ بە پێی میکانیزمەکانی زمانی دووەم ئەو میتافۆڕانە دروست بکاتەوە.

٣-٣. وێنەی شیعری (الصورة الشعرية)

کاتێک زمانی ئایینی بە ڕەوانبێژییەکی بەرز داڕێژرابێت، لە ڕوانگەی ئایین خۆیەوە ڕەوانبێژیی زمانی ئایینی بێهاوتا و نموونەی نەبێت، حەتمەن دەبێت ئەو زمانە لە ڕێی ئەو ڕەوانبێژییەوە پڕ بێت لە وێنەی شیعری. وێنەی شیعری کۆڵەکەی زمانێکە کە ڕەوانبێژییەکەی لە ئاستێکی بەرزدا بێت. هونەرەکانی ڕەوانبێژی کاری سەرەکییان بەرهەمهێنانی زمانی شیعرییە.

وێنەی شیعری ئەو دەربڕدراوە هونەرییانەیە کە ڕەهەندی نوێ بە واتا دەبەخشن و کاریگەرتری دەکەن (کێشانی وێنەیە بە وشە، کە شاعیر لە ڕێیەوە هەستوسۆز و دەروونی خۆی دەردەبڕێت) (لاحطاب :٢٠١٨ ١٨٩). وێنەی شیعری یارمەتیدەرە لە وروژاندنی خەیاڵی وەرگر و وای لێ دەکات بە شێوەیەکی تایبەتی کارلێک لەگەڵ دەقەکەدا بکات. لە هەمووی گرنگتر وێنەی شیعری دەربڕینی هەستە. هەست و سۆز بە شێوازێکی هونەری و کاریگەر دەخرێنە چوارچێوەی تێکستەوە، ئینجا ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی جوانی. وێنە شیعرییەکان یارمەتیدەرن لە دروستکردنی جوانیی تێکست و سەرنجڕاکێشتر و چێژبەخشتری دەکەن. لە کاتی خوێندنەوەی تێکستەکەدا بەهۆی وێنە شیعرییەکانەوە هەست بە ڕیتمێک لە خوێندنەوە دەکەین. ئەو ڕیتمە موزیکی ناوەکیی دەقە و یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی کەشێکی گونجاو بەکاریگەریدانان لە سەر وەرگر. وێنەی شیعری ئامرازێکی هونەرییە کە جوانیخوازی و کاریگەریی تێکست بەهێز دەکەن و یارمەتیی شاعیر دەدەن بینین و هەستەکانی قووڵتر و داهێنەرانەتر دەرببڕێت، تێکڕا ئەم تایبەتمەندییانە لە زمانی ئایینی خودادا دەبینرێت. بۆیە لە سەرەتاوە باوەڕ بە پێغەبەرایەتیی پێغەمبەر نەکراوە و پێیان گوتووە و شاعیر و دەقی قورئانیشیان بە شیعر ناو بردووە.

لە هەر تێکستێکدا زمان بە شێوەیەکی قەشەنگ خۆی نمایش بکات، ڕیتمی ئاسایی ناو خەڵک تێبپەڕێنێت، ئەم دۆخە بە شێوەیەکی تایبەت لێی دەڕوانرێت و ناوێکی بۆ دەدۆزرێتەوە، یان لێی دەنرێت، کە هەرە بیستراوەکەی ئەوەیە بە نووسەرەکەی دەگوترێت شاعیر. هەر لەم سۆنگەیەوە ئەوانەی بەرهەڵستیی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیان دەکرد و کەوتنە دژایەتیی پێغەمبەری ئیسلام، قورئانیان وەک دەقێکی شیعری ناساند و دانیان بە پێغەمبەراتیی محەمەددا نەدەنا و بە شاعیر لەقەڵەمیان دەدات. قورئان و محەمەد و موسوڵمانانیش بە توندی دژی ئەم جۆرە ڕوانینە بوون و بە تۆمەت و ناڕەوا لێکیان دەدایەوە. لەم بارەیەوە ئەم ئایەتانە لە ناو قورئاندا تۆمار کراون:

(اَ بَلْ قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ بَلِ افْتَرَاهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ فَلْيَأْتِنَا بِآيَةٍ كَمَا أُرْسِلَ الْأَوَّلُونَ) (الأنبياء: ٥)، واتە: "گوتیان: خەونە درۆزنەیە، نەخێر خۆی هەڵیبەستووە، دەشبێ هەر خۆی شاعیرێک بێ. دەسا با نیشانەیەکمان نیشان بدات، وەک پێغەمبەرانی پێشوو.'' گوایە ئەم قورئانە خەو و خەیاڵی بێسەروبەرە، یاخود محەمەد خۆی هەڵیبەستووە، بەڵکوو ئەو کەسێکی شاعیرە دەبا بەڵگە و پەرجوویەک بهێنێت وەک پێغەمبەرانی پێشوو. (وَيَقُوْلُوْنَ اَىِٕنَّا لَتَارِكُوْٓا اٰلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُوْنٍ) (الصافات ٣٦)، واتە: "دەشیاندرکاند: ئێمە بۆ شاعیرێکی شێت؛ چۆن واز دێنین لەوانەی پەرستوومانن!"

قورئان و پێغەمبەر و کۆی سەرچاوەکانی کەلەپووری ئیسلامی بە توندی دژی ئەوە دەوەستنەوە کە دەقی قورئان شیعر و محەمەدیش شاعیر بێت، تەنانەت بە توندی پێداگیری لەوە دەکەن کە نەک هەر دەقی قورئان شیعر نییە، بەڵکوو خودی محەمەد پێشتر بە هیچ جۆرێک پەیوەندیی لەگەڵ شیعردا نەبووە. ئەگەرچی نە لەو سەردەمە و نە پێشتر و دواتر و ئێستاش بە هەر کەسێک بگوترێت شاعیر تۆمەت نییە و بەکارێکی نارەوا نایەتە حساب و هەر کەسێک دەقێک بنووسێت پێی بگوترێت ئەوە دەقێکی شیعرییە؛ تۆمەت نییە، بگرە جۆرێکیشە لە پێداهەڵدان، بەڵام قورئان و پێغەمبەر و موسوڵمان بۆیە بە تۆمەت و بڕیاری ناڕاستی نەیارانیان دەزانی، بۆ ئەوەی پەیامی پێغەمبەر وەک ئایین و پەیامی خودایی بگاتە ناو خەڵک و لە سەر زەوی بڵاو ببێتەوە، تا پێغەمبەر وەک نێردراو و هەڵبژێردراوی خودا و پەیامەکەی وەک ئایینێکی گەردوونی و قسەی یەزدان بناسرێت، نەک لە دەقێکی شیعریدا بچووک بکرێتەوە و خۆیشی وەک شاعیرێکی ئاسایی بناسرێت.

وەرگێڕانی شیعر بابەتێکی کێشەئامێزە و لە مێژە جێی مشتومڕە، زمانی ئایینیش کە هەڵگری ئەم زمانە شیعرییەیە؛ بۆ وەرگێڕ دەبێتە ئەرکێکی قورس، چونکە دروستکردنەوەی زمانی شیعری لە ناو زمانی دووەمدا کارێکی ئاسان نییە.

## ئەنجام

بەهێزترین تایبەتمەندیی زمانی ئایینی ئەوەیە کە زمانێکی خوداییە، زمانی وەرگێڕیش زمانی مرۆڤە، دروستکردنەوەی ئەم زمانە خوداییە بە دەست و هزری مرۆڤی وەرگێڕ لە زمانی دووەمدا کارێکی ئەستەمە ئەگەر نەکردەیش نەبێت. ڕواڵەتی زمانی ئایینی تایبەت و ناوازەیە، بەو واتایەی لە خودی واتای ڕواڵەتیش هەڵدەگەڕێتەوە و وەک ناوەڕۆک کاریگەری لە سەر وەرگر دادەنێت. کاتێک وەرگێڕ هەموو هەوڵی بۆ گەیاندنی واتا و ناوەڕۆکی زمانی ئایینی بێت، ئەستەمە بتوانێت ڕواڵەتی ناوازەی زمانی ئایینی بۆ زمانی دووەم بگوازێتەوە. ڕەوانبێژیی قورئان جودایە لە ڕەوانبێژیی هەر دەقێکی تر، دروستکردنەوەی ئەو ڕەوانبێژییە لە زمانی دووەمدا بەو ئاستە بەرزەی ڕەوانبێژی کە زمانی ئاینی ئاڵنگاریی پێ دەکات و دەڵێت مرۆڤ ناتوانێت دەقێکی وەها دروست بکات، بۆ وەرگێڕیش دەبێت بەکارێکی نەکردە و ئەوەی لە زمانی دووەمدا دروستی دەکاتەوە؛ دەبێتە لێکدانەوە و ڕاڤە و ڕوونکردنەوە، نەک وەرگێڕانی تەواو.

## سەرچاوەكان


- القرآن الكريم
- تێبینی: بۆ وەرگێڕانی دەقی ئایەتەكانی قورئان؛ سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

هـەژار، عـەبدوڕەحمان شـەرەفكەندی (٢٠٠) قورئانی پیرۆز بە كوردی. (وەرگێڕدراو).

پێداچوونەوە: محمدهادی مرادی و ماجد مردوخ روحانی، تاران: انتشارات تازه نگاه و نشر احسان.

به كوردی:

- تۆفیق، قەیس كاكل (٢٠٢٠) زمان و ئایین، تاران، چاپخانەی ماد.
- نەریمان، بەهمەن تاهیر. (٢٠١٣) كاریگەریی قورئان لە سەر زمانی كوردی.

نامەی ماستەر، سكوڵی زمان/ فاكەڵتیی زانسته مرۆڤایەتییەكان/زانكۆی سلێمانی.

به عەرەبی:

- إبنفارس، احمد. (١٣٧١). مقاییش اللغة، تحقیق: عبدالسلام هارون. قاهرة: دار احیاء الكتب.
- اسماعیل، شعبان محمد. (١٩٧٨) مع القرآن الكريم. قاهرة: دار الاتحاد العربي للطباعة.
- الأصفهاني، أبـو القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب. ١٤١٢هـ المفردات

في غريب القرآن، ط الأولى. دمشق-بيروت: دار القلم الدار الشامية.

- الجرجاني، عبد القاهر. (٢٠٠١) أسرار البلاغة تحقيق محمد رشيد رضاـ ط ٤ . بيروت: دار الكتب العلمية.
- الحنفي، أبـو البقاء، بن موسى أيـوب. ١٩٩٨. الكليات معجم في المصطلحات والفروق اللغوية.

بيروت: مؤسسة الرسالة.

- الدين، ع. نـواب. (١٤١٣) كيف تحفظ القرآن الكريم ط٣. المدينة: مكتبة إبن القيم.
- الرومي، فهد بن عبد الرحمن بن سليمان (٢٠٠٣) دراسـات في علوم القرآن الكريم. الطبعة: الثانية عشرة.

الرياض: كليه المعلمين بالرياض.

- الزركشي، محمد بن بهادر بن عبدالله. (١٩٨٤) البرهان في علوم القران، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم.

القاهرة: دار التراث.

- السيوطى، جلال الدين. (١٩٧٤) الإتقان في علوم القرآن/١. بيروت: دارالكتاب العربي.
- الطوبان، ابن تيمية، تحقيق: عبد العزيز بن صالح. (٢٠٠٠) النبوات. الرياض: أضواء السلف.
- العسكري، أبو هلال الحسن بن عبد الله بن سهل بن سعيد بن يحيى بن مهران. ١٤١٩هـ الصناعتين،

المحقق: علي محمد البجاوي ومحمد أبو الفضل إبراهيم. بيروت: المكتبة العصرية.

- القرطبى، إبو عبد الله محمد بن أحمد بن إبي بكر الأنصاري (٢٠٠٣) الجامع لإحكام القرآن، ج١، المحقق:

هشام سمير البخاري. الرياض: دار عالم الكتب.

- المغامسى، س. (٢٠٠٤) "أثر حفظ القرآن الكريم في التحصيل الدراسي بالمرحلة الجامعية.

"مجلة جامعة الملك سعود العلوم و التربوية الدراسات الإسلامية.

- المهدى، الصالح. (١٩٩٣) الموسيقى العربية. بيروت: دارالغرب الاسلامى.
- النحلاوي، ع. (٢٠١٠) أصول التربية الإسلامية وأساليبها. ط١. دمشق: دارالفكر المعاصر.
- الـنـووى، إبو زكريا محيى الدين بن شرف. (٢٠١١) التبيان في آداب حملة القرآن. بيروت: دار المنهاج.
- باي، ماريو. (١٩٩٨) أسس علم اللغة، ترجمة

وتعليق الدكتور أحمد مختار عمر. الطبعة الثامنة. الرياض: عالم الكتب.

– بنحدو، جمال الدين. (٢٠١٠) مدخل إلى تاريخ موسيقا الأديان. سورية: دار الأوائل.

– حطاب، طانية. (٢٠١٧) الصورة الشعرية في تصور الجاحظ وعبد القاهر الجرجاني، جسور المعرفة، العدد العاشر، صفحة ١٨٨-١٩١.

– خلدون، عبد الرحمن ابن. (٢٠١٤) مقدمة ابن خلدون. مصر: مطبعة مصطفى محمد.

– سەخاوی، علم الدين بن محمد. بی تا. جمال القراء و كمال الاقراء/٢. قم: كتابخانه آيةالله مرعشی.

– شحرور، محمد (٢٠١٨) الكتاب والقرآن– قراءة معاصرة .ديمشق–سورية: الأهالي للطباعة والنشر و التوزيع.

– طباطبایی، سيد محمد حسين. (١٣٨٧) سنن النبی، مترجم: سيد محمد حسين سجاد. بی جا: انتشارات نور ثامن.

– كايوا، روجية. (٢٠١٠) الأنسان و المقدس، ت، سميرة ريشا. بيروت: المنظمة العربية للترجمة.

– مجلسی، محمد باقر. (١٤٠٤) بحار الانوار. بيروت: موسسة الوفاء.

– معاذ، مها محمد فوزي. (٢٠٠٩) انثروبولوجيا اللغة. الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية، جامعة الاسكندرية.

– وافي، علي عبدالواحيد. (٢٠٠٤) علم اللغة. الطبعة التاسعة. القاهرة: نهضي مصر، للطباعة والنشر و التوزيع.

– غرابة، حمودة. (٢٠١٣) ابن سينا بين الدين والفلسفة. تقديم: د. محمد البهي. القاهرة: دار الطباعة والنشر الإسلامية.

– فارس، احمد ابن. (١٣٧١) مقاييش اللغة، تحقيق: عبدالسلام هارون. قاهرة: دار احياء الكتب.

فارسی:

– رحمانی، سعيد. (١٣٩٣) بررسی تطبيقی روش های آموزش قرآن كريم. تهران: مركز طبع ونشر قرآن كريم.

– كاشانی، محمد بن شاه مرتضی فيض. (١٣٨٧) تفسير صافی/١. تهران: انتشارات نويد اسلام.

به ئینگلیزی:

-Ana, Otto Santa. 2002. Brown Tide Rising: Metaphors of:Latinos in Contemporary American public discourse. Austin: University of Texas press.

-Eliade, Mircea. 1963. The Sacred and The Profane: The Nature of Religion. New York: A Harvest Book -Harcourt, Brace & World, Inc.

- Kovecses, Zoltán2. 2005. Metaphor in Culture. Cambridge: Universality and Variation - Cambridge University Press.

- Otto, Rudolf. 1924. The Idea of the Holy. England: printed in England.

الملخص

خصائص اللغة الدينية- إن عملية التكريد هي مثال على ذلك يتناول هذا البحث فهم اللغة الدينية بعمق أكبر وتحليل تأثير الترجمة على هذه اللغة، مع التركيز على الدين الإسلامي كنموذج. يسلط الضوء على تقسيمات اللغة الإسلامية بين النص القرآني وكتب السنة، وما تبعه من ظهور التفاسير والتأويلات التي أدت إلى تشكيل جماعات وفرق مختلفة. كل منها يتميز بخصائص لغوية فريدة، مما يجعل نص القرآن الكريم محور التركيز الأساسي في هذا العمل. أما أهمية البحث، فهي لا تقتصر على كونه ضرورة أكاديمية؛ بل يكتسب أهمية إضافية لندرته في الأبحاث الكردية وعدم استكشاف العديد من جوانبه باللغة الكردية. منهجية البحث اعتمدت بشكل رئيسي على المنهج الإرتباط التحليلي، مع الاستفادة من علم اللسانيات المعرفية لتحقيق نتائج ملموسة، من بينها تأثير سلطة الترجمة على اللغة الدينية. هيكل البحث يتكون من ثلاثة أقسام: القسم الأول، اللغة الدينية – لغة إلهية يتناول هذا القسم خصائص اللغة الدينية، مثل القداسة، الخلود، الإلهام، الثبات، والغموض، مسلطا الضوء على صفاتها الإلهية. القسم الثاني: طقوسية اللغة الدينية يركز هذا القسم على طقوس اللغة الدينية ويعرض موضوعات مثل جمال التلاوة والحفظ كجزء من هذه الطقوس. القسم الثالث: بلاغة اللغة الدينية يناقش هذا القسم عناصر البلاغة كالرمز، الاستعارة، والصورة الشعرية في سياق اللغة الدينية.

الكلمات المفتاحية: اللغة الدينية، القداسة، الاستعارة، غامض، الغيب.

Abstract

This research, conducted as an academic necessity and simultaneously for a deeper understanding of religious language, focuses on the field of religious language. Among religions, our specific subject is the Islamic religion. Notably, the language of Islam is divided into the textual language of the Quran and the books of Sunnah, followed by the emergence of numerous sects, schools of thought, and diverse groups, each of which may possess its own linguistic characteristics. Therefore, our focus here is the religious language of the sacred text of the Quran. The selection of this topic and the determination of its title, (Characteristics of Religious Language- The process of Kurdization is an example), is not only an academic necessity but also addresses a noticeable scarcity of such research in the Kurdish language. Religious language is a vastly underexplored subject, with little academic research conducted in Kurdish. In this study, a Correlation Analysis Approach has been followed, and by relying on cognitive linguistics, an effort has been made to conduct the research and derive a set of conclusions. This research consists of three sections: The first section, titled Religious Language: The Divine Language, refers to a set of divine attributes of religious language, including holiness, miracle, revelation, immutability, and invisibility. The second section, titled (The Musicality of Religious Language), discusses topics such as (euphony, and memorability) as features of religious language. The third section, titled (The Rhetoric of Religious Language), examines topics such as (vagueness, metaphor, and poetic imagery) in religious language.

Keywords: Religious language, sacredness, metaphor, obscure, uncertain.

وەرگرتن: ٢٠٢٥/٧/٦
پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٨/٢٦

# پەند وەک هونەری ئاخاوتن و ڕازیکردن
# درامای ”کەوەکانی قەرەچووغ“ بە نموونە

پ. ی. د. ڕۆژان نوری عەبدوڵا
مامۆستا لە بەشی زمانی کوردی
فاکەڵتی پەروەردە/ زانکۆی کۆیە

شاخەوان یەحیا
بەشی کوردی
فاکەڵتیی پەروەردە
زانکۆی کۆیە

پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە بارەی ڕۆڵی پەندی پێشینانە وەک ئامرازێکی کاریگەری پەرەپێدانی هونەری ئاخاوتن، لە زنجیرەدرامای ”کەوەکانی قەرەچووخ“ دەخاتە ڕوو. بە شیکردنەوەی پەندەکان لە دیالۆگە سیناریۆییەکاندا دەردەکەوێ پەندەکان بە شێوەیەکی هونەری و پراگماتیکی بەکار هاتوون، ئەمەش پەیوەندییەکی نزیکی لەنێوان ئاخاوتن و کارلێکی کۆمەڵایەتیدا دروست کردووە. پەندەکان وەک ڕێگایەکی کولتووری کاریان کردووە بۆ ڕێکخستنی گفتوگۆ و گەیاندنی پەیامە کۆمەڵایەتییەکان، لە کاتێکدا بە باشترین شێوە نەریت و بەهای مرۆڤایەتییان پاراستووە. سەرەتا لە پێشەکییەکەدا توێژینەوەکە دەناسێنرێت، دواتر پێویستیی توێژینەوەکە لەگەڵ تاوتوێکردنی هەندێک لە توێژینەوەکانی پێشوو لەم بوارەدا ڕوون دەکرێتەوە. پاشان پێناسەی پەند و پەیوەندیی بە زمانەوانی دەکرێت و دیالۆگ وەک جۆرێکی تایبەتی ئاخاوتن ڕوون دەکرێتەوە، هەروەها هونەری ڕازیکردن لە ئاخاوتن باس دەکرێت کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پەنددا هەیە، بەڵام پێویستی بە هاوبەشی و لەبەرچاوگرتنی دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە کە لە توێژینەوەکەدا ڕوون کراوەتەوە. لە کۆتاییدا بە شیکردنەوەی دیالۆگەکان و نیشاندانی ڕۆڵی پەند لە ناویاندا، دەریخستووە کە پەند بە شێوەیەکی کاریگەر بەکار هاتووە بۆ جڵەوکردنی بیر و ڕەفتاری گوێگر.

کلیلەوشەکان: پەند، هونەری ڕازیکردن، کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، دەوروبەر، ئاخاوتن

### ١. پێشەکی

پەندەکان تەنیا کۆکراوەیەکی ناو فەرهەنگەکانی پەندنامەیی نین، بەڵکوو ڕیشەیەکی زیندووی زمانی کۆمەڵایەتین، کە خۆیان لە ناو گفتوگۆی ڕۆژانەدا دەنوێنن. ئەگەرچی توێژینەوە ئەدەبییەکان و کۆمەڵایەتییەکان پەندەکانیان کردووە بە کەرەستە بۆ هەڵێنجانی مێژوو و بەهاکانی فەرهەنگی هەر نەتەوە و کۆمەڵێک، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە پەندەکان پێش هەموو شتێک زمانێکی زیندوون لە ناو کۆمەڵگەدا. چەقی توێژینەوە زمانەوانییەکانیش بریتییە لەو ناوەندە.

ئەم یەکە زمانییە توانیویەتی بە درێژایی مێژوو بە شێوەیەکی نائاگایی خۆی بگوازێتەوە و لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگەدا بچێتە پێشەوە و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ سەردەمدا، هەروەها وەکوو فۆرمێکی جێگیری زمان لە ئاخاوتنەکانی فەرمی و نافەرمی ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگ دەگێڕێت و دەتوانێت ببێت بە سەردەستە لە قسەکانی نێرەر، چونکە وەک دەزانرێت پەندەکان هەڵگری ئەزموون و ژیریی باپیرانمانن، زۆربەیان ڕاستییە سروشتییەکان نیشان دەدەن. نموونە: "مانگی چواردە حەوجە بە ئەنگوستان نییە''، یان "جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێت''، ئەمانە ڕاستیی سروشتی نیشان دەدەن و حاشاهەڵنەگرن، بەڵام هەندێک لە پەندەکانی تر بەهۆی ڕووداوەکانەوە دروست بوون و باپیرانمان بەهۆی گونجاوی و هەنگاوە ڕێکوپێکەکانی ڕووداوێکەوە وای کردووە کە وێنای ڕووداوەکە بکەن بە ڕووناکییەک بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوە هاوشێوەکان لە ئاخاوتنەکاندا، وەکوو "مار بە قسەی خۆش لە کون دێتە دەر''، یان "چی بچێنیت؛ ئەوە دەدووریەوە''. هەندێک پەندی تر بە شێوازی تر دروست بوون، گرنگ ئەوەیە پەندەکان کۆدەنگیی کۆمەڵیان لە سەرە و دەماودەم دەگوترێنەوە و وەکوو بارانی بەهار هێز و جوانی بە ئاخاوتنەکانمان دەدەن. بەم هەموو کۆنییەی خۆیان نوێترین بیرۆکەکانمان بۆ دەگوازنەوە، بە کەمترین وشە و زۆرترین واتا.

پەندەکان ئەو دەستەواژە جێگیرانەن دەتوانرێت بە شێوەی هونەری لە ئاخاوتنە سیناریۆییەکانی دراماکان بەکار بهێنرێن بۆ نیشاندانی ڕەسەنایەتیی فەرهەنگی ناوچەکە. ئەرکی دراماکان نیشاندانی ئارێشە و دیاردەکانی ناو کۆمەڵە بە ڕێگایەکی هونەری و سەرنجڕاکێش، پەندەکانیش میراتێکی زمانین و دیالۆگەکان نزیکتر دەکەنەوە لە ژیانی ڕاستی و گفتوگۆکان ڕێک دەخەن. توێژینەوەکە دیالۆگەکانی زنجیرەدرامای "کەوەکانی قەرەچووغ''ی کردووە بە مەیدانێک بۆ شیکردنەوەی پەندەکان، لەبەرئەوەی ئەو درامایە لە هەموو ڕوویەکەوە نائومێدیی هونەری درامای کوردی ڕەواندەوە، بە تایبەت لە ڕووی شێوازی هونەری ئاخاوتنەوە دیالۆگەکان بە تەواوی چوونەتە قووڵایی ڕەسەنایەتیی شێوەزاری دەشتی هەولێر، کە ئەم شێوەزارە یەکێکە لە شێوەزارە هەرە دەوڵەمەندەکانی دیالێکتی ناوەڕاست لە وشە و زارەوە و دەستەواژە مێتافۆرییەکانی وەکوو ئیدیۆم و پەند.

وەک دەزانرێت دەرهێنەری دراماکە (تەلعەت سامان) لە ژیاندا نەماوە، لە ساڵی ٢٠١٩دا کۆچی دوایی کردووە، کە یەکێک بوو لە دەرهێنەرە ئەکادیمییەکان، لەبەرئەوە بە باشمان زانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز "ئیبراهیم حەکیم'' بکەین، کە لە دراماکەدا ڕۆڵی "سەیدە"ی هەبوو کە ئەکتەرێکی کارا بوو لە دراماکەدا. پرسیارم لە سەر ڕۆڵی بەکارهێنانی پەندەکان کرد لە دراماکەدا، کە ئایا مەبەست چی بووە لە بەکارهێنانی ئەم پەندانە لە دایالۆگەکاندا؟ بەڕێزیان لە وەڵامدا پێی

گوتم هەموو دیالۆگەکان لەلایەن دەرهێنەرەوە نووسرابوونەوە، بەڵام مەبەست لە بەکارهێنانی پەندەکان لە دیالۆگەکەدا ئەوە بووە، کە دیالۆگەکان جوانترین هونەری ئاخاوتنی شێوەزاری دەشتی هەولێر نیشان بدەن. بەڕێزیان گوتی ئێوە دەزانن من بەخۆم بە شێوەزاری خۆشناوەتی قسە دەکەم، بەڵام لە دیالۆگەکاندا هەوڵم دەدا بە تەواوی ئاوێتەی شێوەزاری دەشتی هەولێر بم و بتوانم ئەوەی بۆم دانراوە وەک خۆی ئەدای بکەم. لێرەدا دەردەکەوێت کە هیچ مەبەستێک نەبووە بۆ ئەوەی پەندەکان بە شێوەی هونەری بکرێن بە هێزێک و قورساییەک بۆ ئەوەی بەرانبەرەکانی پێ ڕازی بکرێت، بەڵکوو وەک پێشتر باسمان کرد تەنیا وەکوو فۆرمێک گوزارشتکردن لە ڕەسەنایەتیی ناوچەکە بەکار هاتووە. ئینجا لێرەدا توێژینەوەکە دەیەوێت بە شێوەیەکی سروشتی ئەو هێز و قورساییەی لە پەندەکاندا هەیە بۆ باشترکردنی هونەری گفتوگۆ و ڕازیکردنی گوێگر بیاندۆزێتەوە. توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی نێوان پەند و ئاخاوتن لە دیالۆگەکانی درامای "کەوەکانی قەرەچووغ" دەکۆڵێتەوە. ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە و لە ئاستی پراگماتیکدا کار دەکات، بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی پەندەکان و کاریگەرییە پەیوەندیدارەکانیان لە ڕێکخستنی گفتوگۆ و ڕازیکردنی بەرانبەر.

توێژینەوەکە ئامانجیەتی ئایا پەندەکان لە درامای کەوەکانی قەرەچووغدا ڕێگایەکی کاریگەرن بۆ کۆتاییهێنان بە گفتوگۆکان و ڕازیکردنی بەرانبەر؟ هەروەها، توێژینەوەکە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە پەندەکان چۆن وەک ئامرازێکی پراگماتیکی کار دەکەن بۆ گەیاندنی ژیریی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لە ژیانی ناو دراماکەدا. بەگشتی ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر هونەری ڕازیکردن و کاریگەریی زمانی پەندەکان لە دیالۆگی درامایی کەوەکانی قەرەچووغ، کە نموونەیەکی ڕوونە لە بەکارهێنانی زمانی ڕەسەن و پەندە کۆنەکان بۆ گەیاندنی ئەزموون و ژیریی کۆمەڵایەتی.

## ٢. توێژینەوەکانی پێشوو

زنجیرەدرامای کەوەکانی قەرەچووغ وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە درامای کوردیدا ڕووی دا. دوای ٣٣ ساڵ ئەم گەنجینە پێی نەزانراوە، تاکوو ئێستا تەنیا دکتۆر هیمداد عەبدولقەهار محەمەد لە کتێبی "شەکسپیر: تراژیدیا و بەهلوول‘‘، ساڵی ٢٠١١ بەراوردێکی لە ژێر ئەم ناونیشانەدا کردووە: "تێرامانێک لە بەهلوولەکانی شەکسپیر و سەیدەی تەلعەت سامان‘‘.

بەهلوول کارەکتەرێکی شەمولەیە و گێلۆکەیە، جلێکی شەپرێو، کڵاوێکی لە سەرە، ڕێگای پێ دراوە ڕەخنە بگرێت و ئامۆژگاری بکات، تا ڕادەیەکی سنووردداریش گاڵتەکردن بە کەسە پایەدارەکان بکات. بە کورتی: کارەکتەرێکە سەرچاوەی پێکەنینە، دەرخستنی گەندەڵی و کەمکورپییەکانە، بەپێکەنینهێنانی پاشاکەیەتی لە کۆشکدا. لێکچوونێکی زۆر لە نێوان سەیدە و بەهلوول هەیە، چ لە شێوە و چ لە ناوەرۆکدا.

لە گرتەیەکدا سەیدە لەگەڵ خەڵکی گوندی دانیشتووە، جەوهەر ئاغا و پیاوەکانی دێن، هەرکە گەیشتن سەیدە بە زمانێکی مێتافۆر و بە شێوەی توانج گوتی "ئۆی لەو هەورە ڕەشەی هات‘‘، هەروەها لە دیمەنێکی تردا دەڵێت: "کاکی مەیموون ئەو جەوهەراغەی دەبینی ئەوی ڕۆژێ هەندی کەرەکی لەو کاکلە بەستەزمانەی دا"، دیمەنێکی تردا دەڵێت: "جەعفەر ئەتو وەکی جەوهەری برات خراپ

نەبی دوایە خەرک ڕکیان لێت دەبێتەوە". هەروەها توێژەر چەندین دەقی تری دایالۆگەکانی سەیدەی بە نموونە هێناوەتەوە (محەمەد ٢٠١١، ٣٧ –٤٧).

بەڵام ئەگەر سەرنجێک بدەینە پەندەکان کە کرۆکی توێژینەوەکەی ئێمەیە، دەچنە ناو زانستی فۆلکلۆری زارەکی. ئەم بەشەی فۆلکلۆر ئەمانە لەخۆ دەگرێت: چیرۆکی ئەفسانە، ئەفسانە، نوکتە، مەتەڵ، پەندەکان پوختترینن، بەڵام مەرج نییە سادەترین فۆرم بن. لێکۆڵینەوەی بەرفراوان لە سەر پەندەکان کراوە، بەگشتی تەمەنی لێکۆڵینەوە لە پەندی پێشینان بە بۆچوونی "میدەر" (Meider) وەکوو یەکێک لە دیارترین کەسایەتییەکانی زانستی پەندناسی (Paremiology)، بە شێوەیەکی ئەکادیمی زیاتر لە ١٥٠() ساڵە، لە بەرانبەردا زانستی کۆکردنەوەی پەندەکان (Paremiography) مێژوویەکی درێژخایەنتری هەیە (محمد و احمد و محمد ٢٠٢٤: ٩٩) کە لە ناو کوردا بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە کە لەلایەن زانای کورد "مەلا مەحموودی بایەزیدی" دەستنووسێکی پەندەکانی زمانی کوردی نووسراوتەوە (علی ٢٠٢٤، ٢٠).

توێژینەوەکانی پێشوو لە سەر پەندی پێشینانی کوردی زۆرن، بەگشتی لە سێ ڕەهەندەوە بووە، فۆلکلۆر وەکوو بەشێک لە ئەدەبیاتی زارەکی، کۆمەڵناسی وەکوو پەیوەندی بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی فەرهەنگی هەر نەتەوەیەک یان کۆمەڵێک، زمانەوانی وەکو ڕوخساری پەند لە ڕووی فۆرم و پێکهاتەوە، هەروەها ناوەڕۆکی پەند لە ڕووی واتا و ئەرکەوە، ئەمەیان گرنگیی زۆرە و ئاقارێکی فراوانتری هەیە. لە گرنگترین توێژینەوەکانی ئەم بوارە دەگەڕێتەوە بۆ دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، کە لە ساڵی (١٩٧٠) کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی ١٦٤ لاپەڕەیی لە سەر بەشەکانی فۆلکلۆر بە ناوی "لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی"ی چاپ کرد. ٤٢ لاپەڕەی تایبەت کرد بە پەندی پێشینان، کە ئێستاش سەرچاوەیەکی بەنرخە. لە توێژینەوەکەیدا جگە لە ڕیزکردنی مێژووی کۆکردنەوەی پەند، ئەوا لە گرنگترین تایبەتمەندییە زمانییەکانی پەندەکانی نیشان داوە، وەک: فێرکردنی خوو و ڕەوشت، چارەسەری کەموکوڕیی مرۆڤەکان، گرنگیی وێنە گاڵتەییەکانیان لە ئاخاوتنەکاندا. جیاوازیی نێوان پەند و قسەی نەستەقی دیاری کردووە، فۆڕمی شیعری و سەرواداری پەندەکانی باس کردووە، بەراوردکردنی پەندی کوردی بە پەندی هەندێ لە زمانەکانی تر، هەروەها دەرخستنی فۆڕمی جیاوازی پەندەکان لە دیالێتەکانی زمانی کوردی و هاوبەشی لە ناوەڕۆک. نموونە: "مارانگەستی لە خشەی مێروولە دەترسێت"، "مارانگەستی لە خشەی گوریس دەترسێت"، "مارانگەستی لە گوریسی ڕەش دەترسێت"، لە گەڵ دەرخستنی چەندین تایبەتمەندیی تری ناوەڕۆکی پەندەکان.

جەلال محمود عەلی، لە ساڵی (١٩٨٢)، لە کتێبی "ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا"دا باسی لەوە کردووە کە نابێت پەند و قسەی نەستەق تێکەڵ بە ئیدیۆم بکرێن. بۆ نموونە: "شیردا لۆ داپیردا"بەشێکە لە پەندێک و وەک ئیدیۆم بەکار دێت. لە گرنگترین جیاوازییەکانی پەند و ئیدیۆم، ڕەچاوی بیرۆکەکانی دکتۆر ئەورەحمانی مارفی کردووە کە ئیدیۆمی لە ژێر ناوی فریزیۆلۆژی ناو بردووە.

کەریم شارەزا، (١٩٨٣)، توێژینەوەیەکی بە ناوی "پەندی بەراوردکاری" نووسیوە و پەندەکانی ئینگلیزی و عەرەبیی بەراورد کردووە. لە توێژینەوەکەیدا پێناسەی پەند و جیاوازیی لەگەڵ قسەی نەستەق و نموونەی بەراوردی خستووەتە ڕوو.

دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ، (١٩٨٤)، کتێبی ”ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی“ی چاپ کردووە، پێناسەی پەندی کردووە و تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینانی وەک کورتیی فۆرم، ئاهەنگداری و ناوەرۆکی چیرۆکی و سەرگوزشتەیی پەندەکانی ڕوون کردووەتەوە. لە گرنگترین کارەکانی؛ باسی جۆرەکانی پەندی کـردووە، لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی کۆنترین پەندەکانی زمانی کوردی.

هەروەها دوای ساڵی نەوەدەکان، لە گرنگترین توێژینەوە زانکۆییەکانی پەند، وەک: توێژینەوەی نەجم خالید نەجمەدین (١٩٩٢)، ”پەند و قسەی نەستەقی کوردیی شاری خانەقین“، کۆلێژی ئاداب، زانکـۆی سـەڵاحـەدین. تـوێژینـەوەی عەبدولباقی ئیکرام، (٢٠١٢)، ”واتا و مەبەست لە پەندی پێشینانی کوردیدا“، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین. توێژینەوەی د. صافیە محەمەد ئەحمەد، (٢٠١٥)، ”کۆتوبەندی ئایینی لە دارشتنی پەندی پێشیناندا“، گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن، ژمـارە ٢، لاپـەڕە: ٢٠١-٢٢٠. توێژینەوەی سیروان سەمین ئەحمەد، (٢٠٢١)، ”تابۆ لە پەندی پێشیناندا“، گۆڤاری زانکۆی کەرکووک، ژمارە ٢، لاپەڕە: ٤٤٧-٤٥٨. توێژینەوەی بەختیار ئیبراهیم فەتاح، (٢٠٢١)، ”کەسێتیی کوردی لە پەندی پێشیناندا لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە“، گۆڤاری زانکۆی جیهان، سلێمانی، ژمارە ٢، لاپەڕە: ٤٦-٦٦. توێژینەوەی سدیق ئەورەحمان، (٢٠٢٣)، ”بنەمای بیری و هونەری لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

ڕاڤـەکـردن و بـەراوردکـردنـی هـەنـدێ لـەو توێژینەوە نوێیانەی لە سەر پەندی پێشینانی کوردی کراون: شێرکۆ حەمەئەمین قادر (٢٠٢١)، پەندی پێشینان، ”تێروانینێکی سینتاکسی، پراگماتیکی، تـوێژیـنـەوەیـەکی شیـکـارییـە“، گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٣، لاپەڕە: ١-١٩. ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی بزانێت پەندەکان چ جۆرێکی ڕستەن، ئایا پتر سادەن یان ئاوێتە و لێکدراون، پاشان نیشانە پراگماتیکییەکان و چۆنیەتیی کارکردنیان لە پەندی پێشیناندا بە هێنانەوەی نموونەی چەند پەندێک شی کراونەتەوە دوور لە دەوروبـەری ئاخاوتن. ئەم توێژینەوەیە کارێکی گرنگی ئەنجام داوە کە پەندەکان بەگشتی فۆرمی ڕستەیان هەیە لە هەموو جۆرەکانی ڕستە، بەڵام ڕستەی ئاوێتە زۆرینەیان پێک دەهێنن. ئامانجی دووەمی کە کارکردنی نیشانە پراگماتیکییەکانە لە پەندی پێشیناندا، توێژەر خۆی دەڵێت نیشانە پراگماتیکییەکان ئەرکیان گەیاندنی زانیارییە لە بارەی هاوبەشەکانی ئاخاوتن، نیشانە پراگماتیکییەکان بەها و نرخی جێگیریان نییە، بەڵکوو نرخیان لە گوتنێکەوە یان لە دەوروبەرێکەوە بۆ دەوروبەرێکی تر دەگۆڕێت، چونکە هەر جارە ئاماژە بە کەسێک، شوێنێک... هتد؛ دەکەن (قادر، ٢٠٢١، ١٥). کەوایە ئێمە چۆن دەتوانین ئەنجامێکی سادە و ڕوون بخەینە بەردەست ئەگەر پەندەکان لە ناو ئاخاوتنەکاندا وەرنەگرین، واتە دەبێت نیشانە پراگماتیکییەکان لە دەوروبـەری ئاخاوتندا ساغ بکەینەوە، نەک لە دەرەوەی دەوروبەرێکدا.

شیکردنەوەی نموونەکانی بەم شێوەیە کردووە: نیشانە پراگماتیکییەکانی شوێن: ”ماڵ لە خۆیدا نەبوو، میوانیش ڕووی تێ کرد“، بەکارهێنانی وشەی ”ماڵ“ وەک نیشانەیەکی پراگماتیکیی شوێن بەکار هاتووە، واتە ئاماژەکردنەکەی دەگۆڕێت، هەر جارە و بە پێی شوێنی قسەکەر دەگۆڕێت (سەرچاوەی پێشوو، ١٤). لە ڕاستیدا شیکردنەوەکە ئەنجامی ڕوون بەدەستەوە نادات دەربـارەی نیشانە پراگماتیکییەکان، چونکە پەندەکان پتریان مێتافۆرین و بەکارهێنانیان بە پێی مەبەستی قسەکەر دەبێت و بە پێی کۆنتێکستی جیا

واتاکەیان دەگۆڕێت. بۆ نموونە؛ ئەگەر ئەم پۆستەی فەیسبوک شی بکەینەوە: "بۆ هەوادارانی ئەندۆمی، ماڵ لە خۆی نەبوو، میوانیشی هات، ئەندۆمی بۆ خۆی زۆر پەسەند نەبوو، بەرگەکەشی هاتە سەرێ کە لە نایلۆنی ڕیساکلین دروست دەکرێت. لێرەدا بە پێی ئاماژەی قسەکەر ئەم پەندە بۆ نیشانکردنی شوێن بەکار نەهاتووە، چونکە واتای پراگماتیکی واتای شاراوە و قووڵ دەگرێتەوە، پابەندی بنەما و یاساکانی زمان نییە و دەیانبەزێنێت، واتایەکی تاکەکەسییە و مەرج نییە ڕێککەوتنی کۆمەڵی لە سەر کرابێت، بەڵام بەندە بە دەوروبەرەوە (دزەیی، ٢٠١٤، ٧٨). بۆ نیشانەی کەسییەکان بەم شێوەیە شی کراونەتەوە: "ئێستا تۆ سەلکی سیری، قنچکی پیازی؟"، جێناوی سەربەخۆی کەسی دووەمی تاک (تۆ) "بە پێی گوتن و دەوروبەرەکەی هەر جارەی ئاماژە بە کەسێک دەکات". "ئەوەی لە مشک بێت، جەواڵ درە"، (ئەو، ێت، ێت) هەرسێکیان نیشانەی پراگماتیکن، "بە پێی دەوروبەر دەگۆڕێت و هەر جارەی ئاماژە بە کەسێک دەکات". شیکردنەوەی چوار نموونەی تریش هەمان دەستەواژەی دووبارە کردووەتەوە. ئینجا مەبەستی ئێمە ئەوە بوو ئەگەر پەندەکانی لە کۆنتێکستی ئاخاوتندا وەرگرتبایە، تووشی ئەو لێڵییە نەدەبوو، دەیتوانی بڵێت "تۆ" دەبوو بە فلانە کەس، بەڵام لە کۆنتێکستێکی تردا بووەتە فلانە کەسی تر.

توێژینەوەی هێمن عەبدولحەمید شەمس، (٢٠١٣)، بە ناونیشانی "هەژموونی زمان لە سەر کەسێتیی کورد، پەندی پێشینان بە نموونە"، تێزی دکتۆرای زانکۆی کۆیەیە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تیۆروانینەی کە "زمان سنووری بیرکردنەوەی کۆمەڵ دیاری دەکات"، تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە زمان چەندە کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لە سەر کولتوور و بیروبۆچوونە نەریتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگای شیکردنەوەی پەندەکان. ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە؛ ناسینەوەی کەسایەتیی تاکی کوردی و ڕۆڵی پەند لە نواندنی فەرهەنگی کوردی، دیاریکردنی هەژموونی زمان بەسەر بیروبۆچوونە کولتورییەکاندا و چۆنیەتیی گواستنەوەی بەها نەریتییەکان بۆ نەوە نوێکان. هەروەها دەرخستنی هەژموونی ڕەگەز و تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی لە ئاخاوتنی تاکدا. بە پشتیوانیی ئەو زانیارییانەی بەدەستی هێناون، پێشنیاز دەکات لە بواری بەڕێوەبردندا کار بە ناوەرۆکی پەندە کارگێڕییەکان بکرێت، چونکە کارگێڕییەکی نموونەیی بەرهەم دەهێنن کە دوور بێت لە هەموو سیماکانی گەندەڵی.

توێژینەوەی ڕەنجدەر فەتاح ساڵح، (٢٠٢٤)، "پەند و پیر بەرەو سۆسیۆلۆگیای پەندی کوردی"، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٥٩، ل٣٤٧-٣٦٥. توێژینەوەکە ئەو پەندانە شیکار دەکات کە پێگەی پیر بەرز دەنرخێنن و پیر وەکوو ئەزموون و ژیری پیشان دەدەن. هەروەها ئەو ئامانجانەی بەدوایدا دەگەڕێت بریتییە لەوەی کە خەڵک بۆچی پەندەکان لە گفتوگۆدا بەکار دەهێنن؟ پەندەکان چۆن دەتوانن خەڵک بجووڵێنن و کاریگەری لە سەر بیرکردنەوەی دابنێن؟ پەندەکان چۆن دروست دەکرێن؟ هێزی دادوەریکردنی پەندەکان چۆن دەستەبەر کراوە؟ ئەنجامی گرنگی بەدەست خستووە وەکوو ئەوەی پیری بەئەزموون پێناسە دەکرێت و جۆرێکی کۆمەڵایەتییە، دەتوانێت ڕێنموونیی نەوەی نوێ بکات و وەکوو پارێزەری گرووپ ڕۆڵ دەگێڕێت. پرسیارێکی تری توێژینەوەکە دەڵێت: پەندەکان چۆن خەڵک دەجووڵێنن؟ بۆ ئەوەی بگەین بە ئەنجامی ئەوە پەندەکان چۆن ئەم کارە دەکەن، ئەوا پێویستە

پەندەکان لە کۆنتێکستەکان وەربگرین و کاردانەوەی گوێگر ببینین و بیخەینە ڕوو. ئایا دوای گەیشتنی پەیامەکان لە ڕێگەی پەندەوە، بیرکردنەوەی گوێگر چۆن دەبێت؟

توێژینەوەکانی پێشوو لە بواری پەنددا لە ناوخۆی کورددا پتر سەرنجیان خستووەتە سەر پەندەکان وەک ژانرێکی ئەدەبی فۆلکلۆر، هەروەها کەمتر توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان و زمانەوانییەکان ئەنجام دراون. لە ناو توێژینەوە زمانەوانییەکانیش پەندەکان پتر بە شێوەیەکی سەربەخۆ یان لە دەرەوەی کۆنتێکستی ڕاستەقینەی گفتوگۆ شیکاری کراون، کە ئەمەش وای کردووە پەندەکان تەنیا وەکوو کەرەستەیەکی فۆلکلۆری یان نموونەیەکی بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەڵێنجانی هەندێ زانیاری مێژوویی یان ڕوخساری ڕستەسازییان، بە بێ گەڕانەوە بۆ کاریگەرییە پراگماتیکییەکانیان لە نێویاندا میتافۆر، ئیرۆنی، توانج، جووڵاندنی وێنەیی... هتد لە ڕێکخستنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و گفتوگۆدا، واتە دەتوانین بڵێین پەندەکان ئامرازێکی زمانەوانیی زیندوو و پڕ دینامیکین، نەک تەنیا میراتێکی فۆلکلۆری. وەک گوتمان لە ناو توێژینەوە ئەدەبی و زمانەوانییەکانیشدا پەندەکان پتر وەک فۆرمێکی سەربەخۆ دەبینرێن، بۆ ئەمەش دەتوانرێت بگوترێت پەندەکان بوونێکی سەربەخۆی بەهێزیان نییە، وەک چۆن لە حیکایەت، هۆنراوەی... هتد، فۆلکلۆردا هەیە، ئەمەش بەو واتایەی لەوانەیە زۆر جار نەتوانرێت بە شانوباڵی پەندێک وەک ژانرێکی ئەدەبی یان فۆرمێکی کاریگەری زمان هەڵبدەین، چونکە پەندەکان تەنیا کاتێک دێنە ژیانەوە کە وەک بەشێک لە چوارچێوەیەکی فراوانتر، بە تایبەت کۆنتێکستی گوتاری گۆ بکرێن، بە پێچەوانەی بارودۆخی چیرۆکی فۆلکلۆری، بۆ نموونە: مرۆڤەکان بە ڕوونی هەست بە جوانیی چیرۆکێک یان هۆنراوەیەکی فۆلکلۆر دەکەن (Amende, 2013, 13).

ئەم توێژینەوەیەی ئێمە جیاوازییەکی بنەڕەتیی هەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوانەی پێشوو، لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر توانای سەرسوڕهێنەری پەندەکان لە ناو کۆنتێکستە جیاوازەکاندا لە ڕوانگەی زمانەوانی لە ئاستی پراگماتیکدا، کە پەندەکانی وەک یەکەیەکی زمانیی کاریگەر ناو بردووە، چونکە پەندەکان وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی پەیامی ڕەسەن کار دەکەن و توانای گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە، هەروەها ئەو توێژینەوە شیکردنەوەی میکانزمی کاریگەری سایکۆلۆجیی پەندەکان لە سەر گوێگر دەکات، کە کاریگەریی خۆیان جێگیر دەکەن لە گفتوگۆکاندا. پەندەکان وەکوو فۆرمێکی زمانەوانیی پراگماتیکی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا پێویستە کاری پتریان لە سەر بکرێت.

٣. درامای کەوەکانی قەرەچووخ

خوالێخۆشبوو "تەلعەت سامان"؛ دەرهێنەری درامای "کەوەکانی قەرەچووخ"ە. سەرەتای بیرۆکەی ئەم درامایە بۆ سەرەتای ساڵی هەشتاکان دەگەڕێتەوە، دەهێنەر هەر لە ساڵی هەشتاکاندا دەقەکان دەنووسێت و هەروەها لە ناوەندی هونەر و وێژەی کوردی لە هەولێر تاوتوێی دابەشکردنی ڕۆڵەکانیش دەکرێت، بەڵام بەهۆی هەندێک هۆکار ئەم کارە دوا کەوت، دواتر شەڕی عێراق و ئێرانی بەسەردا هات، ئەکتەرەکان پەرتەوازە بوون و هەندێکیان بوون بە سەرباز و هەڵاتن و ڕۆیشتن بۆ شاخ و ئەورووپا. دواتر دوای ڕاپەڕین تەلعەت سامان لە ساڵی ١٩٩٣دا دووبارە هونەرمەندانی کۆ کردەوە

و دەستی بەکارەکەی کردەوە، بە سپۆنسەریی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان (شێخانی، ٢٠٢٥)، بە هەموو سنووردارییەک و نەبوونی ئامێری پێویست، لە گوندی "پیرەش"ی سەر بە ناحیەی کەسنەزان دەست کرا بە تۆمارکردنی دراماکە. دواتر بەهۆی کێشەیەکەوە نەتوانرا هەموو زنجیرەکان لەم گوندە تۆمار بکرێن. دوای وەستانی کارەکان بۆ ماوەیەک، دواتر بە ناچاری لە شارۆچکەی بەحرکە و سەر زێی گەورە وەکوو قفلێک لە دراماکە درا، واتە بە ناچاری زنجیرەی کۆتایی تۆمار کرا، ئەگەرچی خۆی (١٣) ئەڵقە بوو، بەڵام (٨) ئەڵقەی لێ تۆمار کرا، کە لە ساڵی (١٩٩٤) لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان پێشکەش کرا (احمد ٢٠٢٥).

فەرهەنگی هەر نەتەوەیەک لە زمانیدا ڕەنگ دەداتەوە، شەقڵ و زمانی هەر نەتەوەیەکیش بریتی نییە لە وشە سادەکانی ڕۆتینی ڕۆژانە کە فەرمان و کردارەکانی ڕۆژانەی پێ ڕادەپەڕێنرێت، بەڵکوو وشە و دەستەواژە ڕیشەییەکانی زمان وەکوو پەند و ئیدیەم و وشە میتافۆرییەکان دەگرێتەوە. ئەمانە وەک کۆدێک کار دەکەن، لە دیالۆگی هەر درامایەکی ئەکادیمی گرنگیی زۆریان پێ دەدرێت، چونکە وا دەکەن دراماکە بە نەمری بمێنێتەوە و هەستەکان دەگوازنەوە و چێژی دراماکە پتر دەکەن، کە پەندی پێشینانیش لە گرنگترین ئەم کۆدانەی زمانی کوردین لە دیالۆگەکانی دراماکەدا سەرنج ڕاکێشن و هەستیارییان لەلای بینەران دروست کردووە.

## ٤. پێناسەی پەندی پێشینان

پەندی پێشینان فۆرمێکی کولتووریی زمانە، هەر نووسەر و ڕۆشنبیرێکی ئەم بوارە لێی کۆڵیبێتەوە پێناسەیەکی بۆ کردووە، ئێمەش هەوڵ دەدەین گرنگترین پێناسەکانی لێکۆڵەرە بەتواناکانی ئەم فۆرمە گرنگە بخەینە ڕوو. "ئیبن ساکیت"؛ زانای زمانەوانی دەڵێت: "ڕستەیەکە لە وشەسازیدا دژبەیەک و لە واتادا یەک دەگرێتەوە" (زولفەقار، ١٣٨٧: ١١٤).

"میدەر" (Mieder) دەڵێت: ڕستەیەکی کورتی پڕ حیکمەتە و لەدایکبووی ئەزموونن.

"ستوارت ئەی گالاچەر" (Stuart A. Gallacher) دەڵێت: پەند قسەیەکی پوختە، پێک دێت لە ڕواڵەتێک و ڕاستییەک کە لە نێو خەڵکدا هەبووە و دەبێت (Mieder 2004:3-4).

زانای فۆلکلۆر و نەریتە زارەکییەکانی ڕووسیا "یوری میخایلۆڤیچ سۆکۆلۆڤ" (Yuri Mikhailovich Sokolov) دەڵێت: پەند وتارێکی کورت و پوختە کە پێشنیارێکی گشتی یان ڕێنماییەکی ژیانی تێدایە، زۆر جار ڕەهەندێکی فەلسەفییان هەیە و بۆ زانین و پەندوەرگرتن بەکار دەهێنرێن (Sokolov 1950: 258).

شێخ محەمەدی خاڵ دەڵێت: "پەندی پێشینان: بیرێکی جوان و پوڕتەوێکی دەروونە، هێندێ جار هەڵئەقوڵێ لە دڵێکی ئاوەدانەوە، بۆ سەر دەم و زمانێکی ڕەوان لە کاتی دوان. یا دوای ڕووداوێک کە ڕوو بدات، لە پاشا زۆر بە خێرایی دەماودەم ئەکەوێ و بڵاو ئەبێتەوە، وە پشتاوپست ئەگێڕێتەوە، لەبەر جوانی و ڕێکوپێکیی خۆی، تا نموونەی ئەو شتەی کە پەندەکەی تیا وتراوە ڕوو ئەداتەوە، ئەو حەلە خاوەن مەبەس پەندەکە ئەخوێنێتەوە بۆ بەهێزکردنەوەی قسەکەی، یا ڕوونکردنەوەی باسەکەی" (خاڵ، ٢٠٠٧، ٨).

لە ژێر ڕۆشنایی پێناسەکانی سەرەوەدا، پێناسەی پەندی پێشینان پەیوەست بە توێژینەوەکەمان دەکەین، واتە لە ڕووی بەکارهێنانی لە ئاخاوتنەکان وەک یەکەیەکی زمانی پەندی پێشینان: داڕشتنێکی

میتافیزیکییانەی بیری مرۆڤە بۆ دەستکەوتنی زۆرترین واتا بە بیرێکی قووڵ و ئابووریکردن لە وشە. یان وردتر بڵێین: وتەیەکی کۆنی پوخت و پڕ واتایە، کە لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی و ژیریی پێشیناندا سەرچاوەی گرتووە و بە زمانێکی ورد و هونەری ڕێگای ڕازیکردن و کاریگەری لە ئاخاوتن دەخاتە ڕوو، پەند بە ڕواڵەت دەردەکەوێت ڕیزکردنی نادادپەروەرانەی وشەکانە و هەستی پێ دەکرێت واتایەکی ئینسکلۆپیدی و پەنگخواردووی تێدایە، بەڵام لە ئاخاوتنەکاندا تاکوو نەگاتە دۆخە هاوشێوەکانی خۆی، دادپەروەرییەکەی دەرناکەوێت.

٥. ئاخاوتن

ئاخاوتن بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی بیرۆکە یان زانیاری لە نێوان دوو کەس یان پتر، لە ڕێگەی هەموو بەشەکانی زمانەوە. مەبەستمان لە ئاخاوتن ئەو یەکە زمانیانەیە کە لە شێوەی ڕستە و پارستە و گرێدا دەگوترێ بۆ ئامانجێکی تایبەتی (دزەیی، ١٩٩٩، ٨). ئاخاوتن: قسەیەکە لە نێوان دوو هاوبەش یان پتر کە بە ئازادی بەڕێوە دەچێت (Levinson 1983: 284)، دایەلۆگیش لە نێوان دوو هاوبەش یان پتر لە پرۆسەیەکی ڕێکوپێکدا بەڕێوە دەچێت، وەک چوارچێوەیەکی ئاسایی کە تێیدا گۆڕەپانێکی ڕێزمانی هەیە بۆ گواستنەوەی ئارگومێنتەکان لە نێوان بەشداربوواندا (Walton 1998: 31)، بەڵام دیالۆگ ئاخاوتنێکی فەرمیترە و هونەرییە، یان بە شێوەیەکی تر هەموو دایەلۆگێک ئاخاوتنە، بەڵام هەموو ئاخاوتنێک دایەلۆگ نییە.

٥-١. هونەری ڕازیکردن لە ئاخاوتندا

هونەر بریتییە لە دەبڕینی ئەندێشە و هەستەکان بۆ بەجێگەیاندنی کارێک. هونەر کردەیەکە بە مەبەستی دەرخستنی کارامەیی و سەلیقە و توانایییەک، یان بۆ دەربڕینی هەست و بۆچوون (کەریم ٢٠١٦:٣٠٢) بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لەو کردانەی کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئامانجێکی باڵاتر (علی ٢٠٢٣:١٧) ڕازیکردنیش هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج و شارەزایییەکی گەیاندنە و یەکێکە لە بنەماکانی سەرکەوتن. هەروەها کەسایەتیی مرۆڤ لە زمانەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە، هەر بۆیەش زمان دەبێتە ناسنامە و دیارخەری تاک و بۆ زۆر مەبەستی جیاجیا سوودی لێ وەردەگیرێت، لەوانەش ڕازیکردن کە هونەرێکە لە ڕێگای فێربوون و ڕاهێنان و پیادەکردنەوە وەردەگیرێت و بۆ ئەم مەبەستە چەندین پێناسەی جیاجیا کراوە، وەک:

- کردەیەکی زمانییە لەلایەن قسەکەرەوە ئاراستە دەکرێت بە ئامانجی گۆڕینی ڕەفتاری کەسانی تر.
- ئامانجێکە بۆ گۆڕین و ڕازیکردنی بەرامبەر، جا ڕەفتار بێت یان ئاراستە یان بیروباوەڕ، لە هەمان کاتدا پێویستی بە گفتوگۆ و شارەزایییەکیشە لە گەیاندن (دزەیی ٢٠١٥: ١٢٦-١٢٧).
- هونەری بەکارهێنانی وشەیە لە دەوروبەری ئاخاوتندا، بەو ئامانجەی لە کاتی گفتوگۆ، وتار، گوتاردان، لە تەلەڤیزیۆن و شانۆکاریگەری لەسەر بینەران دروست بکات. (عەبدولحەمید و فەرید ٢٠٠٧: ٧).
- ڕازیکردن کردەیەکی ئۆتۆماتیکی نییە، سەرکەوتنی دەکەوێتە سەر بەردەوامی و بە دروستی ئەنجامدانی کێشمەکێشمی گفتوگۆکە (Booth 2009: 226).
- "ئەرستۆ" دەڵێت: ڕازیکردن لە گوتارێک بەردەست دەبێت کە سێ فۆرمی هەیە: یەکێکیان لە کەسایەتیی قسەکەردا هەیە، دووەمیان لە مەیلی گوێگر، ئەوی تریان لە خودی گوتارەکە (Aristotle

(11 :2019)، لە کاتێکدا چەندین جۆری ئاخاوتن هەیە وەک: ڕازیکردن، هەواڵگەری، دانوستان. Walton (31 :1998) ئامانجی بەکارهێنانی ئارگومێنت لە ئاخاوتنی ڕازیکردندا ئەوەیە کە یەک لایەن بە شێوەیەکی عەقڵانی هەوڵ بدات لایەنەکەی دیکە ڕازی بکات بۆ پەسندکردنی بڕیارەکەی، ئەمەش بە دوو ڕێگای سەرەکی ئەنجام دەدرێت:

– ڕێگای پۆزەتیڤ: پێشکەشکردنی ئارگومێنتێکی پشتیوانیکەر بۆ پشتیوانی لە باوەڕی سەرەکیی قسەکەر.

– ڕێگای نێگەتیڤ: ڕەخنەگرتن لە ئارگومێنتەکانی بەرانبەر کە پشتیوانی لە باوەڕی بەرانبەر دەکەن (سەرچاوەی پێشوو: ٤١). دایالۆگی ڕازیکردن جیا لە هەموو دایالۆگەکانی تر ڕکابەرییەکی زۆری تێدایە، چونکە تیایدا دوو لایەن بە شێوەیەکی چەقبەستوو و ڕکابەرانە هەوڵ دەدەن یەکتری ڕازی بکەن. لەم جۆرە گفتوگۆیانەدا هەر لایەنێک بە ئارگومێنتی پشتیوانیکەر باوەڕەکانی خۆی بەهێز دەکات و بە ئارگومێنتی ڕەتکەرەوە باوەڕەکانی بەرامبەر دەشکێنێت. ئەم ڕکابەرییە وای لێ دەکات دایالۆگی ڕازیکردن زیاتر وەک مەیدانێک بێت کە تیایدا براوە و دۆڕاو هەیە.

## ٥-٢. ئاخاوتن و پەند، تێڕوانینێک بۆ دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کولتووری

دەوروبەر چەمکێکی فراوانە و هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە کاریگەرییان لە سەر زمان هەیە، لە ئێستا و لە ڕابردووشدا. هۆکارێکە کە تەمومژ لە سەر هێما زمانییەکان لا دەبات و لە تاریکییەوە بۆ ڕوونی دەیانگوازێتەوە (سەعید و ئەحمەد ٢٠٢٠: ١١٩)، واتە یارمەتیدەرە لە تێگەیشتنی ڕوونتر و کاریگەرتری زمان. ئاخاوتن وەکوو کردەیەکی زمانی کە لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا ڕوو دەدات، لەبەرئەوە گرنگە کاریگەریی ئەو دەوروبەر و دیاردە کۆمەڵایەتییانە بزانین (عەلی ٢٠١٩: ٤٩). هەر قسەکەرێک پێویستە کولتوورەکەی خۆی بناسێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئاخاوتنەکانی کاریگەر و واقعی دڵی بەرانبەرەکەی بێت، کولتوور وەک نەخشەیەکی پەیوەندیی ئاخاوتنەکان کار دەکات، چونکە هەر دەربڕاوێکی زمانی و نازمانی زادەی فەرهەنگ و دابونەریت و بیرکردنەوە و ژیانی کۆمەڵایەتییە. بە بۆچوونی هالیدای دەوروبەری کولتووری پێویستی بە باروودۆخێکە تا دروست بێت و ڕەنگ بداتەوە لە ئاخاوتنەکاندا، ئینجا دەوروبەری باروودۆخ واتا دەبەخشێت، چونکە لە ناو قاڵبێکی گەورەتردایە، ئەویش دەوروبەری کولتوورییە، ئەمەش پەیوەندیی بەهێزی نێوان ئەم دوو جۆرەی دەوروبەر دەردەخات (احمدامین ٢٠٢٤: ٥١).

پەندەکانیش لە دەوروبەری ئاخاوتندا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر، پتر لە هەر ئارگومێنتێکی عەقڵی، کاتێک قسەکەرێک ناتوانێت بیرۆکەیەکی مێشکی بە ڕێکی دەرببڕێت (محمد امین ٢٠٢٣: ١٧). پەند وێنایەکی کاریگەر دەبێت بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستە، وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت.

نموونە: (١)

– شینە: وەرە کابرا ئەتو نەتانی زەلامەکی ببینییەوە!

– سەرپان: باشە هەوکە چ بەئاغەی دەرێی؟ ئەتو مامۆستات لۆ نەهیناوە؟

– شینە: وەڵڵا ئەگەر جەوهەراغە دەزانی، بە دەسبەتاری هاتیەوە!

– سەرپان: سەت بەرچیغت لە سەر دەشکێنی.

– حەمە: ئێ کاکە هەنکە خۆ قابیلە نایکوژم...، ئەوەندەی کردم و کردم مەلا نەگەڕاوە و نەگڕاوە.

– سەرپان: کورە پیلم دەگرت و دەمهاویشتە سەر پشتی وراغی ئاییی!

– شینە: ئەوجا لۆ ئەوها، دەمدا پێشە خۆم، هەتا ناو گوندی بە پاران دەمهێنا.

– حەمە: ئێ کورە بابم "هەموو شت بە خێ و خێش بە مەعنا"، ئەییی!

دیمەنەکە کۆتایی هات (سامان، ١٩٩٤).

واتـای پـەندەکـە: خـوێ بۆ هـەمـوو خواردنێک پێویستە، بەڵام ئەگەر پتر لە پێویست بەکار هات ئـەوا ئـەوا ناهاوسەنگی دروسـت دەکـات و تامی خواردنەکە تێک دەدات.

واتای ئاماژە: واتە ئێوە لە دابونەریتی کوردەواری تێنەگەیشتوون، نابێت هـەڵسوکـەوتی ناشرین بەرانبەر مامۆستایەکی ئایینی بکرێت.

میانەی پەندەکە: هۆکاری دەرکەوتنی پەندەکە بریتییە لە پێشنیازی نابەجێ و نادروست.

ڕازیکردن: پەندەکە توانیی هەموو ئەو بژاردانەی ئـەوان بۆ "حـەمـە"یـان پێشنیاز کـرد پووچـەڵ بکاتەوە، لەبەر ئەم هۆکارانەیە و چەندان گرنگیی تـری پەندەکانە لە ئاخاوتنەکاندا . "کوینتیلیان" (Quintillian) هەست بەوە دەکات لە ناو هەموو ئارگیومێنتەکاندا پەندێک دەتوانێت هێزێکی گەورەی هەبێت، ئەگەر بتەوێت بەرانبەرەکەت ڕازی بکەیت و بیروباوەڕی پووچەڵ بکەیتەوە، یان تەنانەت بەرگری لە هەڵوێستەکەت بکەیت :Gandara 2004 (347). هەر لەبەرئەوەشە کە وا پەندی پێشینان کراوە بە سەربازی نادیار، تا هەموو کەسێک بتوانێ لە لاوە، چ ڕەخنەیەک بگرێ؛ بیگرێ (خاڵ ٢٠٠٧: ٨-٩). واتای ئاماژەیی پەندەکە لە شێوەی مێتافۆری وێنەیی هەڵەکانی ئەوانی ڕاست کـردەوە، چونکە ئەم پەندە "هەموو شتێک بە خێ، خێش بە مەعنا"؛ ئاداب و نەریتی کۆمەڵگای پیشان دان کە بە هیچ شێوەیەک ئەو ڕێگایانەی ئەوان پیشانیان دا ڕاست نییە و لـەگـەڵ فەهەنگ و کولتووری کۆمەڵگای کوردی ناگونجێت مامۆستایەکی ئایینی بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێ، هەر بۆیە پەندەکە کۆتایی بە بابەتە هێنا و "شینە و سەرپان" بێدەنگ بوون. دوای پەندەکە؛ دیمەنەکە کۆتایی هات.

نموونە: (٢)

– جەوهەراغە: ئەوە کا حەمە؟ ئەرێ کاکە حەمە یاریدەی ئەو زەلامانە نادەی، حەی ئەوە حەمە دەگرییی...! وەڵا لە کاکلی نەدەی هەوکە دەتکوژم.

– حەمە: قوربان، خۆ ئەمن نەمگوت یەکجارییش ئەوها، ... بەخوت دەزانی کاکل خزممە.

– جەوەراغە: وەی وەی وەییی، کاکل خزممە، ئیش ئەوها بروا عارمان باش دەبیتن!

– جەوهەراغە: لێی دەن!

– حەمە: ئایی وەی بابە ڕۆ!

– جەوهەراغە: هههههه

– حەمە: قوربان، تۆبە!

– جەوهەراغە: بەسە لێی گەڕێن، حەمە وەرە بزانم... بزانم شتۆ غەزامان لۆ دەکەی فەرموو، یەڵلا!

– کاکل: ئئائاییی

– جەوهەراغە: ئەوها، "کوتک دەزانی قۆناغ لە کێیە"!

– جەوهەراغە و شینە و سەرپان: هههههه هههههه (سامان ١٩٩٤).

واتای پەندەکە: زۆر جار بەرزەوڵاغ یان گوێدرێژ لە هەندێک ئیش ترساوە و نەچووەتە ژێر بار، بۆیە خاوەنەکەی بە زەبری لێدان بردوویەتە ژێر بارەکە یان کارەکەی پێ کردووە، ئینجا ئەم پەندە گوتراوە:

" کوتک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە''.

واتای ئاماژە: واتاکەی زۆر دوور نییە لە واتا وشەییەکەی، کەمتر شاراوەیی تێدایە، بەڵام قسەکەر لەم بارودۆخ و دەوروبەرانەدا بەدوای شێوازێکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی کاردانەوەی گاڵتەجاڕانە دروست بکات (مەجید، ٢٠٢٤، ٢٥٥)، چونکە پەندەکان ئاماژەن بۆ دروستیی واتا و جێبەجێکردنی ئامانج، ئەمە لە ڕووی واتاوە، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەوە بە کورتی و ڕەنگینی لە فۆرم و جوانی و قسەخۆشی لە ئاخاوتنەکان ناسراون (ابراهیم ١٩٧٤: ١٣٩).

میانەی پەندەکە: بنەمای هاتنی پەندەکە بریتییە لە نە سەلماندن و نەهاتنە ژێر بار و دواتر سەلماندن و تۆبەکردنی بەدوا داهات. پەند لە دیالۆگەکەدا پەیوەستە بە سێ ڕەهەندەوە: گونجاندن لەگەڵ کات و شوێن، پێگەی کەسیی قسەکەر و کۆدی نهێنیی کولتووری. ئەم قسەکەرە لە سەر ئەم سێ بنەمایە پەندێکی زیرەکانەی بە پێی بارودۆخ و کات و شوێن و کەسەکە پێشکەش کردووە، چونکە کەسێکی خاوەن پێگە، وەک ئاغا بیڵێت، جیاوازە لە کەسێکی ئاسایی.

ڕازیکردن: جەوهەر ئاغا بە شێوەیەکی پێکەنیناوی سەرکەوتنی خۆی لە ڕازیکردنی حەمە نیشان دەدات، پەندەکە چێژ و کەیفێکی خۆشی بۆ جەوهەراغە دروست دەکات، چونکە گرنگیی پەند لە ئاخاوتنەکان لەوەدایە قسەکەر کاتێک پەندەکە دەچرپێنێ کە ئەو ڕووداوەی پەندەکەی تیا گوتراوە ڕوو بداتەوە، بەمەش باڵادەستیی قسەکەر دەردەکەوێت، بە دڵنیاییەوە وا دەکات بەرانبەر ڕووناکتر بەڵگەکان ببینێت بۆ باوەڕهاتنی (خاڵ ٢٠٠٧: ٨). هەروەها دوای ئەوەی حەمە ڕازی بوو لە کاکل بدات، جەوهەر ئاغا بە پەندێکی کاریگەر وەک "کوتک دەزانێت قۆناغ لە کوێیە''؛ پشتیوانی لە لێدانەکە دەکات. ئەمە کاریگەریی دەروونیی درێژخایەنی دەبێت، چونکە حەمە دەترسێنێت کە دەڵێت: "کوتک دەزانێت قۆناغ لە کوێیە''، لەمەودوا حەمە پتر لە ژێر دەسەڵاتی جەوهەراغەدا دەمێنێتەوە. هەروەها جەوهەر ئاغا بەهۆی پەندەکەوە توانیی "شینە و سەرپان'' بخاتە پێکەنینێکی زۆرەوە، چونکە پەندی نوکتەئامێز دەتوانێت سۆز و گەرمی و کاریگەریی مەبەست زیاد بکات (دزەیی، ٢٠١٥: ١٣٩).

نموونە: (٣)

– جەوهەراغە: ئێ کاکل بڕوات هەبێتن ئەمن ئەتووم هەندی جەعفەری برام خۆش دەوێ، ئەرێوەڵڵا.

– کاکل: بەرێ... بەرێ، ... بەران قوربان، دە وەڵاهی ئەوجارەیان هەر لە بەلاش بوو، ئاخر چم کردبوو؟

– جەوهەراغە: دەیدەی کاکل "کەونەکایان بەبا مەکە'' مە، سەلامەت بی.

– دایکی کاکل: ڕاست دەکا کوڕم، ملی شەیتانی بشکێنە.

– کاکل: باشە دایە، باشە (سامان، ١٩٩٤).

واتای پەندەکە: کاتێک قرشە کۆ دەکراوە و بە جەنجەڕ دەشکێنرا، چەند جارێک قرشە هەڵدەدرایەوە بەر جەنجەڕ تا دەبووە هوردە، ئینجا هوردە چەندین جار بەبا دەکرا، بەڵام بە ڕەشەبا بەبا نەدەکرا، چونکە دانەکەشی دەبرد و تێکەڵی کایەکەی دەکرد، بەڵکوو چەندین جار بە کزەبا و شنەبا بەبا دەکرا، تاکوو دڵنیا دەبوون کە هیچ دانی تیادا نەماوە. کایەکەش کە با دەیبرد، کەمێک لەو لاتر دەگیرسایەوە. پاشان ئەو کایە بەلاش بوو ئەگەر خۆتی پێوە ماندوو بکەیت، بۆ ئەوەی بتەوێ دانت لێ دەست بکەوێت، چونکە پێشتر ئەوەندە بەبا کراوە دانی تیا نەماوە، بۆیە هیچت لە کۆنەکا دەست ناکەوێت.

واتای ئاماژە: قسەی کۆن سوودی نییە و هیچت لێ دەست ناکەوێ، هەر چەند بیڵێیتەوە سوودی نییە، بۆیە با بچینە سەر باسێکی نوێ و لاپەڕەی نوێ بکەینەوە. بەکارهێنانی ڕەوانبێژی و زمانی ئاماژە و نیشانە، دەبێتە هۆی دروستکردنی کاریگەری لە سەر بەرانبەر و بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لە سەلماندندا بەدەستەوە دەدەن (ساڵح و سدیق ٢٠٢٤: ٦١).

میانەی پەندەکە: زەمینەی هاتنی پەندەکە بریتییە لە گلەیی و گازندە و بەهانەهێنانەوە لەلایەن بەرانبەرەوە. ئەم پێگەیە و لێهاتوویی قسەکەر لە ڕووی پراگماتیکی و شارەزایی کولتووری زمانەکە، وا لە پەند دەکات کە کاریگەرتر بێت و کردەی ڕازیبوون ئاسانتر بکات، هەروەک چۆن Sperber (and Wilson) ”سپێربەر و ولسن“ لە بنیادنانی تیۆریی ”پەیوەندیدار“یدا پێیان وایە دەوروبەری ئاخاوتن بۆ هەموو ئاخێوەرێکی زمان وەک یەک نییە (Toews 2019: 72).

ڕازیکردن: ئەم پەندە بە مێتافۆری شاراوە کار دەکات، کە بە شێوازێکی زیرەکانە و کاریگەر ڕەفتاری کاکل ڕێک دەخات، کاریگەرییەکی خێرای پەندەکە (دایکی کاکل)یش ڕادەکێشێتە ناو گفتوگۆکەوە، کە بە ”کورم ملی شەیتانی بشکێنە“ ڕەفتاری کاکل ڕێک دەخات. بەم شێوەیە پەند وەک ئامرازێکی بەهێز لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیکردنی بەرانبەردا دەردەکەوێت، چونکە پەندەکان تەنیا وشە نین، بەڵکوو تەژییە لە قسەی دابێژراو و نوکتەی ئاکاری و کۆمەڵایەتی، بیسەران لە دوور ئەیقۆزنەوە و ئەیخەنە ناو گیرفانی بیر و مێشکیان و دواتر لە کاتی قسەکردنا ئەیکەن بە پشتیوانی بۆ خۆیان (محەمەدی ١٣٦٢هەتاوی، ٢٢). وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت کە پەندەکە چۆن وەڵامێکی کاریگەر و پڕ بە پێست دروست دەکات و کۆتایی بە باسەکە دەهێنێت. "دە وەڵاهی ئەو جارەیان هەر لە بەلاش بوو، ئاخر چم کردبوو؟" "کاکل" بە هێنانەوەی ئەم ئەرگومێنتە لۆجیکی و گونجاوە لەگەڵ کەتواری بارودۆخەکە؛ ویستی کاریگەریی سۆزداری لە سەر "جەوهەر ئاغا" دروست بکات، بەڵام جەوهەر ئاغا بە هێنانەوەی ئەرگومێنتێکی گەنجاوتر لە هیی کاکل لە ڕێگەی پەندێک بە ئاوازەیەکی کەوت، واتە بە دەنگێکی سۆزدارییانە پەندەکە دەردەبڕێت. جەوهەر ئاغا: "کەونەکایان بەبا مەکە مە، سەلامەت بی"، کاکل بە وەڵامی "بەرێ وایە" ڕازیبوونی خۆی نیشان دا. ئینجا کاکل دواتریش باسی ئەم کێشەیەی نەکردەوە، ئەگەرچی دیمەنەکە کۆتایی نەهات، بەڵام پەندەکە کۆتایی هێنا بە بابەتەکە و هاتنە سەر بابەتێکی تر.

نموونە: (٤)

– قادراغە: دەترسێم... مەتەسریف گۆڕابی!

– جەوهەراغە: بەرێ بابە گۆڕایە، بەرانەکینی هەر کەسەک قسەم لە قسەی بداتن، ئەژدادی دەسووتێنم!

– قادراغە: ”هاتیەوە سەر یاسینی گۆلکێ“، کورم ئەوڕۆش ئەگەر لەبەر دەوت قیت نەبنەوە، سبەینێ لەبەر دەوت قیت دەبنەوە. کۆتایی دیمەن بێ وەڵامی جەوهەر ئاغا (سامان، ١٩٩٤).

واتای پەندەکە: دەڵێن: کەسێک چەند جاری مەلای لادێیەکەیانی بینیوە، گوتویەتی ئەگەر زوو بهاتبای یاسینت بخوێندبایە لە سەر گۆلکەکەم ئەوا نەدەمرد، زۆر ئەم قسەیەی گوتووەتەوە. واتە واتای پەندەکە ئەوەیە کە قسەکەی زۆر دووبارە کردووەتەوە، کە هیچ سوودێکیشی نەبووە، چونکە گوێرەکەکە مردووە.

واتای ئاماژە: واتە دووبارەکردنەوەی کارەکانی پێشوو کە سوودت لێ نەبینیوە بۆ دووبارەی دەکەیەوە. قسەکەر توانیی بە جوانترین شێوە ئاماژە بدات بە دووبارەکردنەوەی کارێکی هەڵە، چونکە بەکارهێنانی مێتافۆر و پەند ڕێگایەکی زیرەکانەن بۆ گەیاندنی پەیامێک بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ. لە زۆر کولتووردا ڕەخنەگرتن یان باسکردنی

بابەتی هەستیار ڕاستەوخۆ نابێت، چونکە دەکرێت شەرمەزارکەر یان ناخۆش بێت، لە بریی ئەوە خەڵک پەیامەکە بە ناڕاستەوخۆ یان بە نموونەیەکی نهێنی دەگەیەنن (Troike 2003: 29).

میانەی پەندەکە: بنەمای گوتنی پەندەکە بریتییە لە زۆر ڕۆیشتن لەسەر کارەکە و دووبارەکردنەوەی.

ڕازیکردن: جەوهەر ئاغا هیچ وەڵامێکی بۆ ئەم پەیامەی قادر ئاغا پێ نەبوو، چونکە پەندەکە پۆخڵەواتەکانی جەوهەر ئاغای نیشان دا. چاکییەکەی پەند ئەوەیە شتێکی بچووک دەڵێت، بەڵام ناوەرۆکێکی گەورە دەگەیەنێت (سەجادی :١٩٥٢، ١٠٧). هەروەها کۆتایی دیمەنیش بوو، چونکە قادر ئاغا پەیامێکی بەهۆی پەندەوە ڕاگەیاند:"هاتیەوە سەر یاسینی گۆلکێ"، واتە جاری دیکەش ئاوا لە خەڵکی گوندیت داوە و توندڕەو بوویت بەرانبەر خەڵک، بەڵام قازانجمان نەبووە. قسەنەکردنی جەوهەر ئاغا نیشانەی ڕازیبوونیەتی، چونکە پەندەکە ڕەفتارە خراپەکانی بیر خستەوە، کە چەندین جاری تر ئەنجامی دابوون.

نموونە: (٥)

– جەوهەراغە: جەنابی مەئموور، فەرموو بخۆ!

– مەئموور: کاک جەوهەر ئەزیەت مەکێشە، خۆ شەرمی ناکەم!

– جەوهەراغە: نۆشی گیانت بێ یاخووە.

– کانەبی:با ئاوەزەیەکی کەوت و لە بن سمێریەوە بە نهێنی گوتیە ساڵحی: "خەنجەر لە کایە".

– ساڵح: ئەشەدوو (سامان، تەلعەت).

واتای پەندەکە: کا وەک ئسفەنج سووک و بۆشە، ئەگەر خەنجەریش لە فەردەیەکی پڕ کا بدەیت نە هێز و بازوویەکی زۆری دەوێت، نە هیچ مەترسییەکیشت تووش دەبێت، بەڵام ئەگەر گیانداریک بکوژیت، تووشی مەترسی دەبیت و بارەکەی دەکەوێتە ئەستۆتەوە.

واتای ئاماژە: واتە جەوهەر ئاغا هیچ مەسرووفێکی نەکردووە و هیچ بەم داوەتکردنەی مەئموورەوە ماندوو نەبووە، بەڵکوو هاتووەتە سەر حازری، بۆیە ئاوا تەکلیفی مەئموور دەکات، چونکە هیچی هی خۆی نییە.

میانەی پەندەکە: بنەمای هاتنی پەندەکە بریتییە لە پیاوەتیکردن بە ماڵی خەڵک. لە مەجلیسەکەدا ناشرین بوو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەگەر دوو کەس بە نهێنی قسە بکەن، بەڵام کورتیی پەندەکە بووە هاوکار، چونکە لە قسەکردندا تێگەیشتن لە بەکارهێنانی مێتافۆڕی پەندەکان ئاسانترە لە تێگەیشتن لە بەکارهێنانی وشەیی (Kemper, 1981, 197)، ئەمەش بەهۆی هاوبەشیی کولتوورییەوە کەمترین کات و تێچووی وشەیی، زۆرترین واتای کاریگەر.

ڕازیکردن: پەندەکە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە، ئاگادارکردنەوەی ساڵح لەوەی کە جەوهەر ئاغا هیچ ئەرک و تێچوویەکی نەکەوتووەتە سەر تەنیا قسەی گەورە نەبێت، چونکە خواردنەکە پەلەوەری کرمانجان بوو، بۆیە ساڵح هەر زوو شاهێدیی بۆ دا، گوتی: "ئەشەدوو"، واتە قسەکەت سەددا سەد ڕاستە و هاوڕاتم.

نموونە: (٦)

– سەیدە: کاک مەئموور، ئەتو ئەو جەوهەراغەی دەبینی خۆ؟

– مەئموور: ئا دەیبینم.

– سەیدە: ئەوێ ڕۆژێ، ئەوێ ڕۆژێ هەندی کەرەکی لەو کاکلە بەستەزمانەی دا.

– مەئموور : کاکل وەیە؟

– کاکل (بە شێوەی مەنەلۆج لەبەرەخۆی، بێ ئەوەی کەس گوێی لێ بێت): قوربان، پڕی زگم قسەیە، بەران سەری زمانم بقەیە.

– مەئموور: کاکل شتی وا ڕووی دایە؟

– کاکل: نەخێر، قوربان (سامان، تەلعەت).

واتای پەندەکە: واتە قسەم زۆر پێیە، بەڵام سەر زمانم دێشی، یان سووتاوە ناتوانم دەریببڕم.
واتای ئاماژە: واتای ئاماژە لەگەڵ واتای پەندەکە زۆر لێک دوور نین و زۆر بە شاراوەیی گۆ نەکراوە، قسەکەر بە خۆی دەڵێت قسەم زۆر پێیە، بەڵام ناوێرم دەریانبڕم، چونکە دەبێت باجەکەی بدەم.
میانەی پەندەکە: بنەمای هاتنی پەندەکە بریتییە لە نەتوانینی دەربڕینی ڕاستییەک لە ترسی کەسی بەرانبەر. پەندەکانیش یەکەیەکی زمانیی دەروونی و کۆمەڵایەتین، کە پەیوەندیی نزیکیان بە ئاخێوەری تایبەتی زمانەوە هەیە (Ndiribe 2020: 632).
ڕازیکردن: لەم دەقی دیالۆگەدا بەهۆی یارمەتیی پەندێک؛ قسەکەر دەرگایەکی ئارامی بۆ خۆی دەکاتەوە، کە باوەڕی بە خۆی هێنا کە وەک چارەسەرێکی ناچاری پیشانی دا، کاریگەریی پەندەکە لە سەر خودی خۆی هەڵبژاردەیەکی دروستە، کە قسەکەر ئامانجی ئەوە بوو قەناعەت بە خۆی بهێنێت، بۆیە لەم پەندەی کاریگەرتر نەدۆزییەوە.

نموونە: (٧)
– کاکل: ئەو دوو زالامە بمگرن دەمکوژن!
– شورتە: لۆ دەتکوژن، دزیت لێیان کردیە؟
– کاکل: نەخێر...
– ... کاکل: کاکی پۆلیس لە ڕاهی ئەو خودایە ڕێم بدە بچمە کن مەئمووری... دەمکوژن!
– پۆلیس: دەتکوژن!
– کاکل لەبەرەخۆی سەرێکی با دا: هەتا کاکی پۆلیس لە من دەگا، "ئەمن پیستەم دەچتە دەباخانەی".
کاکل بێ گوێدانە پۆلیس ڕۆیشت بۆ لای مەئموور.
کۆتایی دیمەن (سامان، ١٩٩٤).
واتای پەندەکە: کاتێک ئاژەڵ سەر دەبڕا یان دەمرد، پێستەکەیان دەبردە کارگەیەک کە پێستەی تێدا خۆش دەکرا، واتە پێستەکە ئامادە دەکرا بۆ ئەوەی شتی بەکەڵکی لێ دروست بکرێت.

واتای ئاماژە: دەبێت خۆم مشووری خۆم بخۆم، ئەگەرنا هەتاوەکوو کاکی پۆلیس شتێکم بۆ دەکات ئەوا من دەکوژرێم و کفنودفنیش دەکرێم، ئەو بەئاگا و وریا نابێتەوە. لەم دەورووبەرەدا بە کورتی مێتافۆرەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەگەر پەلە نەکەم و گوێ لە پۆلیس بگرم ئەوا درەنگ دەکەوێت، چونکە پۆلیسەکە گوێی هەندێک قورسە و درەنگ تێدەگات، هەروەها هەندێک فەقیرحاڵیشە.
میانەی پەندەکە: بنەمای هاتنی پەندەکە بریتییە لە لێکتێنەگەیشتن و بێسەروبەریی کەسی بەرانبەر.
ڕازیکردن: قسەکەر دوای دواندنی خۆی، باوەڕی بە خۆی هێنا و بڕیاری دا گوێ لە پۆلیس نەگرێت و بڕوات بۆ لای مەئموور بێ ئەوەی پۆلیس ڕێی بدات. ئەم بڕیارە بەهۆی وێنەیەکی مێتافۆری بوو کە لە مێشکیدا دروست بوو: "هەتا کاکی پۆلیس لە من دەگا، ئەمن پیستەم دەچتە دەباخانەی". لە کاتی تەنگانەدا پەند وەک ڕستەیەکی کورت و واتایەکی زۆر؛ باشترە لە گفتوگۆی درێژ لەگەڵ خود، ڕۆڵ و کاریگەریی پەندەکان باوەڕێکی وا دروست دەکەن کە گوێگر بە خێرایی کردارەکانی جێبەجێ بکات. وەک لەم نموونەدا پەندەکە بووە کلیلێکی سایکۆلۆژی بۆ کردنەوەی قفڵی بڕیاردان و ڕێکخستنی ڕەفتاری خۆی، چونکە پەندەکان بە هۆی ناوەرۆکی پەندێتی و دەستەواژەییەوە یارمەتیی باشتر تێگەیشتن و هەڵگرتنی پێکهاتە ئاڵۆزەکانی زمان دەدەن (Babazade 2024: 78).

## ئەنجام

گەیشتین بەم ئەنجامەی کە پەندەکان لە دراماکەدا بە هونەری و زیرەکی بەکار هێنراون، بە تەواوی لەگەڵ کۆنتێکستەکان گونجێنراون، ڕۆڵی پەندەکان وەک ئامرازێکی ڕازکردن لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی دراماکەدا دەردەکەوێت کە بە شێوەیەکی هێمنی و بێ فشاری ڕاستەوخۆی دەروونی جێگای هێز و وزەیەکی زۆری زمانی گرتووەتەوە، زۆر بە ڕێکی پەیامەکانیان گەیاندووە و کردەی ڕازیبوونیان دروست کردووە بە گەیاندنی هەستی ترس یان خۆشەویستی و هاوسۆزیبوون... تاد، ئەمەش وا دەکات کاریگەریی پەندەکان بۆ زۆرتر لە مێشک بمێننەوە، چونکە گوێگر خۆی بڕیاری گۆڕانی داوە، نەک بەهۆی زۆرلێکردنەوە، وەک لە شیکردنەوەی نموونەی سێیەم و پێنجەمدا دیارە. دوای بیستنی پەیامی قسەکەر، گوێگر ملکەچی داوایەکانی قسەکەر دەبێت و ڕازیبوونەکەی بەم وەڵامانە (ڕاست دەکەی، باشە، ئەشەدوو) نیشان دەدات، واتە پەندەکان بێگومان ئەو فۆرمە کاریگەرانەی زمانن کە ڕازیکردن دێننە ئاراوە. هەروەها ڕۆڵی پەند لە گۆڕینی ئاراستەی بیر و ڕەفتاری خودی قسەکەر خۆی کە وەک مەنەلۆج باوەڕ بە پەندەکان دەهێنێت و دوای گوتنی پەندەکە لەبەرەخۆیەوە؛ ڕاستەوخۆ بیر و ڕەفتاری گۆڕا، وەک لە نموونەی شەشەم و حەوتەم. ئینجا نموونەی یەکەم و دووەم و چوارەم دوای پەندەکە کۆتایی مەشهەدەکە بوو بێ هیچ وەڵامێک، واتە پەندەکان بە کۆمێنتی کۆتایی دانرابوون، چونکە لە بنی کودییان دا و هیچ شتێکیان نەهێشتەوە بۆ گوتن، ئەگەر وەڵام درابانایەوە، ئەوا دیالۆگەکە دوور دەبوو لە هونەری گفتوگۆی سروشتی. وەک دەزانرێت ئامانج لە هونەری دیالۆگ ئەوەیە کە وەک ئاخاوتنێکی سروشتی دەربکەوێت و بێ کەموکوڕی بێت.

## سەرچاوەکان

بە کوردی

گوندی دۆڵەدزێ سەر بە کەرتی (٣٧)ی سەر بە شارەدێی هەڵشۆیە، بە دووریی (١٢کم) دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری قەڵادزێوە. بە پێی بەڵگەئاماری سەرژمێریی عێراقیی ساڵی ١٩٥٧ی زایینی، سەر بە شارەدێی قەڵادزێی قەزای پشدەر بووە (غەفوور ٢٠٠٥: ١٣٨). لە باکوورەوە هاوسنووری گوندەکانی کەستانە و خرەبەردانە، لە باشوور گوندی هورێوە و دێگەیە، لە ڕۆژهەڵات گوندی ئاڵاوەیە، لە ڕۆژئاواشەوە گوندەکانی بادەڵیان و کۆلارەیە، لە ئێستادا ڕێژەی دانیشتووان لەم گوندەدا زۆر کەمی کردووە، کە تەنها چوار ماڵی تێدا ماوە.

سەبارەت بە ناوی "دۆڵەدزێ" دوو بۆچوون هەیە؛ بۆچوونی یەکەم: هەڵکەوتەی گوندەکەیە کە لە دۆڵێکدا هەڵکەوتووە و ڕووبارێکی پێدا تێدەپەڕێت، ئاوی ئەم ڕووبارە لە ڕابردوودا زۆر لە ئێستا



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (٢)

گۆڕستانی داوودیە (توێژەر)

ڕێژەکەی زیاتر و بەخوورتر بووە، بە ڕادەیەک ئەوەندە زۆر بووە پێی گوتراوە "زێ"، بۆیە لەوانەیە ناوی گوندەکە لە هەڵکەوتەی جوگرافیاکەیەوە هاتبێت و پێی گوتراوە "دۆڵەزێ"، دواتریش بە پێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار بووەتە "دۆڵەدزێ". بۆچوونی دووەم: لە دەوروبەری ئەم ناوچەیەوە، بە دیاریکراوی لەو دۆڵەی کە گوندەکەی لێ دروست کراوە، جۆرە ڕووەکێکی درکاویی لێ دەڕوێت پێی دەڵێن "زێ"، لە کۆن و ئێستاشدا وەک پەرژین بە دەوری باخچە و کێڵگەکاندا بەکار هاتووە، یاخود کراوە بە پەرژینی ماڵەکان و کۆزی مەڕوماڵات، لەوانەیە زۆریی ئەم ڕووەکە لەم سنوورەوە وای کردبێت ناوەکەی ببێت بە "دۆڵی زێ"، دواتریش بە تێپەڕبوونی کات گۆڕابێت بە دۆڵەدزێ (حەمزە ٢٠٢٥: چاوپێکەوتن).

بە ڕوونی مێژووی گوند و گۆڕستانەکە دیار نییە، لەبەر نەبوونی هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نووسراو یان ئاماژەیەک بە بوونی ڕێکەوتی ساڵی لەدایکبوون و مردن لە سەر کێلەگۆڕەکانی گۆڕستانەکە. بۆیە لەبەر نەبوونی هیچ جۆرە بەڵگەیەکی زانستی، بە پشتبەستن بە بەڵگەی بەراوردکاری لە نێوان نەخشی سەر کێلەگۆڕەکانی گوندی دۆڵەدزێ و کێلەگۆڕەکانی گوندەکانی داوودیە و سیکەنە، کە تا ڕادەیەکی زۆر نەخشەکانیان هاوشێوەی یەکترن، لەوانەیە کێلەگۆڕەکانی دۆڵەدزێش بە هەمان شێوەی کێلەگۆڕەکانی داوودیە و سیکەنە مێژووەکەیان بۆ سەدەی ١٧، ١٨ی زایینی بگەڕێتەوە.

لە لایەکی ترەوە مێژووی گوندی دۆڵەدزێ بە پێی بەڵگەئاماری سەرژمێریی عێراقی ساڵی ١٩٥٧ ئاوەدان بووە، ڕێژەی دانیشتووانی ٥٩ کەس بووە (غەفوور ٢٠٠٥: ١٤٠). هاوشێوەی گوند و ناوچەکانی دیکەی کوردستان، ڕووبەڕووی چەندین گۆڕانکاریی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی بووەتەوە، هەروەها بوونی شوێنەواری جیاوازی وەک ئاشی ئاو.

گوند و شوێنەکانی دەوروبەری پەنایان بردووەتە ئەم گوندە، هەتا باراشەکانیان بهاڕن، کارکردنی ئەم ئاشانە بەردەوام بووە تا هاتنی عوسمانییەکان. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە بێت گوندی دۆڵەدزێ پێش فەرمانڕەوایەتیی عوسمانییەکان لە کوردستان بوونی هەبووە. هاوکات لەگەڵ عوسمانییەکاندا بابانەکانیش دەسەڵاتداری ئەم شوێنە بوون، بەهۆی ئەوەی ئەم دەسەڵاتدارانە خاوەنی هێزی سەربازی بوون، ئەمە لە ناوچەکەدا کێشەی دەنایەوە، ئەمەش بەگشتی بەهۆی هەڵکەوتەی پشدەرەوە، ئەم گوندەش بە تایبەتی کە تێیدا بوو، چونکە خاوەنی زەویی کشتوکاڵیی بە پیت و بەرەکەت و ئاووهەوایەکی خۆش و دڵگیری هەیە. ئەم ناوچەیە شوێنی بنەماڵەی میرانی بابانی لێ بووە، وای کردووە بەردەوام ببێتە جێگەی چاوتێبڕین لەلایەن عوسمانی و سەفەوییەکانەوە، بۆیە ویستوویانە دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن بۆ لەناوبردنی

میرانی بابان. هەروەها چۆمی گوندەکە لە زستانان و بەهاراندا ئاستی ئاوەکەی زۆر بەرز بووەتەوە، بەهۆی ئەوەی لە دۆڵێکیشدا بووە، وای کردووە لافاو پاشماوەیەکی زۆر لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و چەندین جار کارەسات تێیدا ڕوو بدات. یەکێک لە ڕووداوەکان کە ڕووی داوە، باس لەوە دەکرێت بەو هۆکارەی ئاوەکە لە گوندی بێگلاسەوە دێت، زۆر جار کەسێک بە سواری ئەسپ و هێسترەوە بەرەو ئەم گوندە هاتووە و خەڵکەکەی ئاگادار کردووەتەوە لە هاتنی لافاو و ئاوی زۆر، هەتا لە نزیک ڕووبارەکە دوور بکەونەوە، خۆیان و ئاژەڵەکانیان لە لافاو بپارێزن، سەرەڕای ئەوەش کارەساتی هەر لێ کەوتووەتەوە. وەک باس دەکرێت لە یەکێک لە ساڵەکاندا ٨ کەس بەهۆی لافاوەوە خنکاون (وەتمان ٢٠٢/١/١٥: چاوپێکەوتن).

لە مێژووی ئەم گوندەدا چەندین نەخۆشیی وەکوو تاعوون، لەرزوتا، سوورێژە و مێکوتە بڵاو بووەتەوە و بووەتە هۆی مەرگەساتی گەورە بۆ خەڵک، تەنانەت کاریگەریی لە سەر خەڵکی کردووە کە ناچار بن گوندەکە چۆڵ بکەن و مردووەکانیان لەم گۆڕستانەدا بنێژن. زۆر جار ناچار دەبوون پەنا ببەنە بەر "ئەسحابەی بێتۆل"، کە مەزارگەی ئیماندارێکی کۆنە لەو سنوورەدا (حەمزە، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن).

"مام وەتمان" ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێت: "ئەوەی بیستوومە؛ بەهۆی منداڵبوونەوە زۆر لە دایکان مردوون، چونکە ژیانی سادەی ئەوکات و هەژاری و نەهامەتی مرۆڤی ماندوو دەکرد، لە ژوورێکدا ماڵ و منداڵ و ئاژەڵ پێکەوە بوون، بە چەپەر نێوان خۆیان و ئاژەڵەکانیان دەکرد، واتە نێوان خۆیان و ئاژەڵەکان لە ژوورێکدا تەنها چەپەر بووە، بۆیە نەخۆشیی جۆراوجۆر بوونی هەبووە،



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (٣)

گۆڕستانی داوودیە (توێژەر)

مردنی ئازیزان بە شێوەی کۆمەڵ هاتووەتە کایەوە. بەردە کێلە نەخشکراوەکانی ئەو گۆڕستانە لە چیای 'سوێسنێ'وە هێنراون، هونەرمەندی جوانکردنی کێلەکان لە گوندی 'سیکەنە'وە هاتوون، تا ئێستا بنەماڵەی ئەو هونەرمەندانە لەم گوندە ماون، نازناوی کێل دروستکەریان پێ دەڵێن، وەک ئەوەی لە باوباپیرانمەوە وەرمانگرتووە، مێژووی ئەو کێلانەش بۆ سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە" (وەتمان ١٥ /٢٠٢/١: چاوپێکەوتن).

بە شێوەیەکی گشتی گۆڕەکانی گۆڕستانی دۆڵەدزێ بۆ سێ جۆر گۆڕی جیاواز دابەش دەکرێن:

١. گۆڕە نەخشکراوەکان: ژمارەیان ٨ دانەیە، مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکەمانە کە بە نەخشی ئەندازەیی، ڕووەکی و نووسین نەخشێنراوە، بەڵام بەشێک لە کێلەگۆڕەکانی ئەم گۆڕستانە تووشی تێکچوون و دزین بوونەتەوە، ئەوەی ماوە هەندێکی شکێنراوە و بەشێکی کێلەکان بە تەواوی ماوەتەوە.

٢. گۆڕە سادەکان: بەشی زۆری گۆڕستانەکە پێک دەهێنێت، بە سادەیی لە دوو بەردی سادە دروست کراون کە لەلای سەر و لای پێی گۆڕەکە دانراوە، هەندێکیان بەردی لاگۆڕیان هەیە، بەشێکی بەردێک، یان هیچی نەماوە.

شیکاریی کێلی گۆڕستانی دۆڵەدزێ: ژمارەیان هەشت کێلە، ئەو گۆڕستانە زیانی زۆری بەرکەوتووە، بەهۆی کاریگەرییە مرۆیی و سروشتییەکانەوە، بەشێکی کێلەکان زیانیان پێ گەیشتووە، بەشێکی شکاون، هەندێک لە کێلەکان تووشی دزی و تالانی بوونەتەوە، بۆیە تەنها هەشت لە کێلەکان ماونەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی نەخشەکانی لە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی و نووسینەکی پێک هاتووە. کاری شیکاری بۆ هەر کێلێک دەکەین، لەگەڵ دانانی ژمارەی شیکاری بۆ کێلەکان.

٣. گۆڕە تازەکان: لە بەشی باکووری گۆڕستانەکە، تا ئێستا مردووی تێدا دەنێژرێت.

## باسی یەکەم:
## هێما و نەخشی کێلەگۆڕەکانی گۆڕستانی گوندی داوودیە.

### ١-١. کێلی گۆڕی یەکەم

ئەم کێلە دەکەوێتە لای سەری مردووەکەوە، نەخشەکانی بە تەواوی نەماون بەهۆی شکان بە هۆکاری مرۆیی. بەشی خوارەوەی شکاوە، بەشی سەرەوەی بە تەواوی ماوەتەوە، لە شێوەی نیوکەوانەیی دروست کراوە. لە بەردی مەرمەڕی ڕەنگسپیی شێوە لاکێشەیی دروست کراوە، پێوانەکانی بەم شێوەیە، بەرزی: ٤٥سم، بەهۆی شکانەوە بەرزیی ڕاستەقینەی نازانرێت، پێوانەی پانی: ٣٨سم، ئەستووری: ٦سم. یەک ڕووی نەخشکراو هەیە: ڕووی پشتەوە، گومان دەکرێت بە چەند بەشی نەخشکراو ڕازابێتەوە، تەنها یەک بەش لە نەخش و ڕازاوەکانی ماوە، نەخشەکانی لە جۆری ڕووەکی و ئەندازەیی پێک هاتووە کە بە شێوەی ڕووچاڵی تەنک هەڵکۆڵراوە، بریتییە لە بازنەیەکی گەورە، ناو بازنەکە بە نەخشی ڕووەکی ڕازاوەتەوە، لە یەک جۆر گوڵ بە شێوەی دووبارەبووەوە و پێچەوانە و هەڵگەڕاوە کێشراوە، چوار گوڵی لەخۆ گرتووە، لە ژێرەوەی هەر چواریاندا، لە خاڵێکدا بە یەک دەگەن و ناوەوەی بازنەکەیان پڕ کردووەتەوە (وێنە و هێڵکاریی ژمارە ٢).

### ١-٢. کێلی گۆڕی دووەم

ئەم کێلی گۆڕەی لای سەری مردووەکە نەخشەکانی بە تەواوی نەماوە، بە هۆکاری شکانی بەشی خوارەوەی. بەشی سەرەوەی بە تەواوی ماوەتەوە، لە شێوەی نیوکەوانیدا دروست کراوە، ڕەگەزی بیناسازیی پێوە دیارە. لە بەردی مەرمەڕی ڕەنگ سپیی شێوە لاکێشەیی دروست کراوە، پێوانەی بەرزی: ٦٠سم، بەرزیی ڕاستەقینەی بەهۆی شکانەوە نازانرێت و پانی: ٤١سم، ئەستووری: ٤سم. گومان دەکرێت بە چەند نەخشێک ڕازابێتەوە، تەنها یەک یەکە لە نەخش و ڕازاوەکانی ماوە.

نەخشەکانی لە جۆری ڕووەکی و ئەندازەیی، لە یەک ڕووی نەخش کراوە ئەویش ڕووی دەرەوەیەتی کە بریتییە لە چوار بازنە کە لە ناو یەکتریدا بە شێوازی دووبارەبوونەوە بە تیرەی جیاواز دروست کراون، نێوان بازنەکانی یەکەم و دووەم بە هێڵێکی بچووکی دووبارەبووەوە، بە شێوەی یەک لەدوای یەک، شێوەی ژمارە ٧ و ٨ی کوردییان بە پاڵ یەکەوە وەرگرتووە، نێوان بازنەی دووەم و سێیەم بە بەتاڵی ماوەتەوە، نێوان بازنەی یەک و دوو بە گوڵێکی شەشپەڕی شێوە دەنکۆڵەیی، لای ڕاستی خوارەوەی بازنەکان دوو شوێنی هەڵکۆڵراو هەیە، نازانرێت چییە، بەهۆی شکانەوە کاریگەریی بیناسازیی شارەکانی هەولێر و موسڵی پێوە دیارە (وێنەی و هێڵکاریی ژمارە ٣).

### ١-٣. کێلی گۆڕی سێیەم

ئەم کێلی گۆڕە لای سەری مردووەکەیە، بە شێوەی نیوکەوانەیی دروست کراوە، نەخشەکانی بە تەواوی نەماون و وشکاون، بە هۆکاری زیانگەیاندنی مرۆیی، بەشی خوارەوەی شکاوە. لە بەردی مەرمەڕی ڕەنگسپیی شێوە لاکێشەیی دروست کراوە. پێوانەکانی بەرزی: ١٣٣سم، بەهۆی شکانەوە بەرزیی ڕاستەقینەی نازانرێت، پانی: ٣٥سم، ئەستووری: ٨سم. نەخشەکانی بۆ سێیەکی نەخش و ڕازاوەی نایەکسان لەگەڵ کێشرانی ٨ هێڵدا دابەش کراون، بە پانیی کێلەکە هێڵەکان بە شێوەی ئەندازەیی تا ڕادەیەک نارێک کێشراون (وێنەی و هێڵکاریی ژمارە ٤).

نەخشی یەکەم دەکەوێتە بەشی سەرەوەی کێلەکە. بەشی سەرەوەی کێلەکە بە سێ هێڵی نارێک کێشراون، ناوەڕاستی نەخشەکە بە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی دروست کراون، لە شێوەی ئەندازەیی، لە یەک بازنە و دوازدە سێگۆشە پێک هاتوون، شەش دانە سێگۆشە لە ناوەوەی بازنەکەیە، شەش دانە لە دەرەوەی بازنەکە، بنکەی سێگۆشەکان کەمێک کەوانەیی دێنە بەرچاو، بەهۆی دروستکردنی لە سەر هێڵی بازنەکە. شەش دانەی دەرەوەی بازنەکە لەگەڵ هێڵی بازنەکە شێوەی گوڵێکی شەشپەڕییان دروست کردووە، شەش دانە سێگۆشەکەی ناوەوەی بازنەکە لەگەڵ هێڵی بازنەکە شێوەی گوڵێکی شەشپەڕیی دروست کردووە

نەخشەکان بە شێوازی دووبارەبوونەوە و هەڵگەڕاوە کێشراون.

نەخشی دووەم دەکەوێتە بەشی ناوەڕاستی کێلەکە، بە سێ هێڵی نارێک لەگەڵ نەخشی یەکەمدا لە یەکتری جیا کراونەتەوە، نەخش و ڕازاوەکان بە شێوەی ئەندازەیی و ڕووەکی کێشراون. نەخشی ئەندازەیی لە سێ بازنە و هەژدە سێگۆشە پێک هاتووە، هەر بازنەیەک شەش دانە سێگۆشەی تێدایە، شێوە گوڵێکی شەشپەڕیی کراوەیان دروست کردووە، هاوشێوەی بازنە و سێگۆشەکانی ناوەوەی یەکەی یەکەم و دووەم کە بە شێوە دووبارەکردنەوە کێشراون.

نەخشی سێیەم دەکەوێتە بەشی خوارەوەی کێلەکە، بە دوو هێڵی نارێک لەگەڵ نەخشی دووەمدا لە یەکتری جیا کراونەتەوە، نەخش و ڕازاوەکانی بە شێوەی ئەندازەیی و ڕووەکی کێشراون. بەشی خوارەوەی شکاوە. نەخشی ئەندازەییەکان لە دوو بازنە و دوازدە سێگۆشە پێک هاتوون، هەر بازنەیەک شەش دانە سێگۆشەی تێدایە، شێوە گوڵێکی شەشپەڕیی کراوەیان دروست کردووە، هاوشێوەی بازنە و سێگۆشەکانی ناوەوەی نەخشی یەکەم و دووەم کە بە شێوەی دووبارەکردنەوە کێشراون. بوونی وێنەی شمشێرێک لە نێوان هەر دوو بازنەکەدا کێشراوە کە دەسکی لە سەرەوە و لەشەکەی لە خوارەوەیە، بە هۆکاری شکانی کێلەکە بە تەواوی بەدیار نەکەوتووە.



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (٤)

گۆڕستانی داوودیە (توێژەر)



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (٥)
گۆڕستانی (تویژەر)

## ١-٤. کێڵی گۆڕی چوارەم

ئەم کێڵی گۆڕە لای سەری مردووەکە، بەشی خوارەوەی بە هۆکاری شکاندنی؛ نەخشەکانی بە تەواوی نەماوە. بەشی سەرەوەی لە شێوەی هێلکەییدا بە تەواوی ماوەتەوە، لە بەردی مەرمەڕی ڕەنگسپیی شێوە لاکێشەیی دروست کراوە، پێوانەکانی بەرزی: ١٢٢سم، بەرزیی ڕاستەقینەی نازانرێت، بەهۆی شکانەوە و پانی: ٥١سم، ئەستووری: ٦سم. گومان دەکرێت بە چەند یەکەیەک نەخش کێشرابێت، تەنها یەک لە نەخش و ڕازاوەکانی ماوە، بە شێوەی چاڵی تەنک هەڵکۆڵراوە.

نەخشەکانی لە جۆری ڕووەکی و ئەندازەیی پێک هاتوون. یەک ڕووی نەخش کراوە، ڕووی دەرەوەیەتی، بریتییە لە چوار هێڵی کێشراو لەگەڵ دوو بازنە کە بە تیرەی جیاواز دروست کراون، بە شێوازی دووبارەبوونەوە. ناوەوەی هەریەکەیان بە شەش سێگۆشە پڕ کراوەتەوە، لە ناوەڕاستی شێوەی گوڵێکی کراوەدا دروست بووە.

ئەم کێڵە زۆر گرنگە، وەکوو لە سەرەوە باس کراوە بەهۆیەوە مێژووی گۆڕستانەکە زانراوە، بە کێشرانی وێنەی دەمانچەیەکی باروتی لەگەڵ تووڕەکەی گوللە و باروتەکەیدا نەخشێنراوە، ئەندازەیی بازنەیی و لاکێشەیی بە شێوەی ڕیز و دووبارەبوونەوە و پێچەوانە (وێنەی و هێڵکاریی ژمارە ٥).

## ١-٥. کێڵی گۆڕی پێنجەم

ئەم کێڵی گۆڕەی لای سەری مردووەکە، بە هۆکاری شکانیەوە، بەشی سەرەوەی نەخشەکانی بە تەواوی نەماوە. بەشی خوارەوەی بە تەواوی ماوەتەوە. بەشی سەرەوەی پانترە لە بەشی خوارەوەی. لە بەردی مەرمەڕی ڕەنگسپیی شێوە لاکێشەیی دروست کراوە، پێوانەکانی بەم شێوەیەیە: بەرزی: ١٤١سم، بەرزیی ڕاستەقینەی نازانرێت، بەهۆی شکانەوە و پانی:٤٠سم، ئەستووری: ٧سم. بە سێ یەکە نەخش کێشراوە، تەنها یەکەی یەکەم نەخش و ڕازاوەکانی زیانی پێ گەیشتووە، بە هۆکاری مرۆیی. بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراوە. ئەو کێڵە جیاواز لە کێڵەکانی تر، بنکەکەی بە تەواوی لە سەر شێوەی دەم یان نووکی خەنجەر ماوەتەوە. هیچ نەخش و ڕازاوەی بۆ نەکراوە، چونکە ئەو بەشەی لە زەوی دەچەقێت؛ کێڵەکە بە بەرزی ڕادەگرێت. بەرزیی بنکەکەی: ٤٠سم (وێنە و هێڵکاریی ژمارە ٦).

نەخشی یەکەم دەکەوێتە بەشی سەرەوەی کێڵەکە، نەخش و ڕازاوەکانی زیانی پێ گەیشتووە، بەهۆی شکانی بەشی سەرەوەی. بە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی جوان کراوە، تەنها بە نزیکەیی نیو بازنەی لە نەخشەکەی ماوە، لەگەڵ سێ سێگۆشە و پەڕێک لە گوڵی ناو بازنەکە.

نەخشی دووەم بە چوار هێڵی نارێک لە یەکەی یەکەم جیا کراوەتەوە، لە دوو بازنە و دوازدە سێگۆشە دروست کراوە، هەر بازنەیەک شەش سێگۆشە، گوڵێک لە ناوەڕاستیدا کێشراوە، بە

شێوەی دووبارەبوونەوە پێچەوانەی دروست کراوە.
نەخشی سێیەم دەکەوێتە خوارەوەی کێلەکە، بە پێنج هێڵی نارێک لە یەکەی دووەم جیا کردووەتەوە، بە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی جوان کراوە، لە بازنەیەکی گەورە و دوازدە سێگۆشە دروست کراوە. شەش سێگۆشە لە ناوەوەی بازنەکە کێشراوە، بە شێوەی دووبارەبوونەوە و پێچەوانە دروست کراون، شێوە گوڵێکی شەشپەڕییان دروست کردووە، شەش لە ڕووی دەرەوەی بازەکە و سەر هێڵی بازنەکە کێشراون. بە شێوەی دووبارەبوونەوە و پێچەوانە دروست کراون و شێوەی گوڵێکی شەشپەڕییان دروست کردووە.

١-٦. کێلی گۆڕی شەشەم

ئەم کێلی گۆڕە لای سەری مردووەکە، بەشی سەرەوەی کێلەکە و نەخشەکانی بە تەواوی ماوە، بەشی خوارەوەی کێلەکە بە هۆکاری مرۆیی شکاوە. لە بەردی مەرمەڕی ڕەنگسپیی شێوە لاکێشەیی دروست کراوە. پێوانەکانی بەم شێوەیە: بەرزی: ١٢٠سم، بەرزیی ڕاستەقینەی کە بە هۆکاری مرۆیی زیانی پێگەیشتووە نازانرێت، پانیی: ٥٧سم، ئەستووری: ٧سم. بە یەک یەکە نەخشی کێشراوە. نەخش و ڕازاوەکانی بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراون، نەخشەکانی لە جۆرەی ڕووەکی و ئەندازەیی پێک هاتوون. لە یەک ڕووی نەخش کراوە کە ڕووی دەرەوەیەتی.

نەخشەکەی لە شێوەی لاساییکردنەوەی پەنجەرەی خانوودا دروست کراوە. لە سێ بازنە و شەش سێگۆشەی دووبارەدا، کە بە پێچەوانەی یەکتری دروست کراون. سێ بازنەکە بە هەریەکەیان هەشت سێگۆشە پڕ کراونەتەوە، بە شێوەی دووبارەبوونەوە پێچەوانەی یەکتری، شێوە گوڵێکی



وێنە و هێڵکاریی (٦)

گۆڕستانی داوودیە (توێژەر)

هەشتپەڕییان دروست کردووە.
لە خوارەوەی بازنەکان نەخشی هاوشێوەی کەتیبەی پەنجەرەیەک دێتە بەر چاو. لە چوارگۆشەیەکی گەورە پێک دێت، بە چوارگۆشە و سێگۆشە پڕ کراوەتەوە، بە شێوەی دووبارەبوونەوە و هەڵگەڕاوە.

لە سێ لای هاوشێوەی کەتیبەکە لاکێشە نەخشێنراو هەیە، دوو دانەیان، هەریەکەیان دەکەونە لایەکی، سێیەم دانە لە ژێرەوەی کێشراوە. لە دوو لای لاکێشەی سێیەمدا دوو لاکێشەی بچووک هەیە (وێنە و هێڵکاریی ژمارە ٧).

## باسی دووەم:

## هێما و نەخشی کێلی گۆڕەکانی گوندی دۆڵەدزێ

### ٢-١. کێلی گۆڕی یەکەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەدایە، بەشی سەرەوەی کەوانەییە، بە تەواوی ماوەتەوە، لە بەردی ڕووخامی ڕەنگسپیی دروست کراوە، بەڵام بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە، وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە ڕەنگەکەی



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (٨)
دۆڵەدزێ (تویژەر)

داپۆشیوە. پێوانەکانی بەرزی: ١٢٠سم، پانی: ٣٦سم، ئەستووری: ٦سم. چێوەی کێلەکە ڕێک و لووس کراوە. ئەم کێلە تەنها یەک ڕووی نەخش کراوە، ئەویش ڕووی دەرەوەیە. ئەم کێلە تەنها نەخشی ئەندازەیی لەخۆ گرتووە، کە بە شێوەی چاڵ ئەنجام دراون.

نەخشی یەکەم دەکەوێتە بەشی سەرەوەی کێلەکە، کەمێک لە ناوەڕاستەوە نزیکە، لە شێوە لاکێشەیەکی گەورە پێک هاتووە کە ناوەوەی لاکێشەکە بە چوارگۆشەی بچووک پڕ کراوەتەوە، کە ژمارەیان سیی چوارگۆشەیە. ناوەوەی چوارگۆشەکان هەڵکۆڵراون، بۆ ئەوەی چێوەکەیان بە شێوەی دیار (بارز) دەربکەوێت. ئەم جۆرە نەخشە لە شێوەی تۆڕ یان پەنجەرە دەچێت، هەندێک جار کار و پیشەی مردووەکان لە سەر کێلەگۆڕەکەی هەڵکۆڵراوە. ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەگەر ئەم جۆرە نەخشە شێوەی تۆڕ بنوێنێت، لەوانەیە کەسی مردوو پیشەکەی ڕاوکردن بێت، یان لە شێوەی پەنجەرەدا بێت، یان تەنها بۆ جوانکاری نەخشەکە ئەنجام درابێت (وێنە و هێڵکاریی ژمارە ٨).

نەخشی دووەم دەکەوێتە بەشی خوارەوەی کێلەکە کە لە ژێر نەخشی یەکەمدایە. بریتییە لە سێ شێوە بازنە کە ناوەوەی هەڵکۆڵراوە، لە ئەنجامدا شێوە ئەستێرەیەکی دروست کردووە، تیشکەکانیان هاوشێوەی یەکترن، ژمارەیان هەشت تیشکە. بوونی شێوەی مانگ، ئەستێرە و خۆر لە فۆلکلۆری بابەتە ئایینییەکانە، لە سەر بیناسازیی کەلوپەلەکانی ڕۆژانە دەردەکەون. کێلەگۆڕیش یەکێکە لەو پێویستییانەی دوای مردن بەکار دەهێنرێن، کە پەیوەندیی بە ئایین و ڕۆژی دواییەوە هەیە. ئەم کێلە تەنها نەخشی ئەندازەیی لەخۆ گرتووە کە بە شێوەی چاڵ ئەنجام دراوە.

٢-٢. کێلی گۆڕی دووەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییدایە، بەشی سەرەوەی کەوانەییە، بە تەواوی ماوەتەوە، لە بەردی ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە، بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە، وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە، سێ درزی تێدا پەیدا بووە. پێوانەکانی بەم شێوەیەیە، بەرزی: ٦٧سم، پانی: ٢٦سم و ئەستووری: ٥سم. چێوەی کێلەکە ڕێک و لووس کراوە. ئەم کێلە تەنها یەک ڕووی نەخش کراوە، ئەویش ڕووی دەرەوەیە. ئەم کێلە تەنها نەخشی ئەندازەیی لەخۆ گرتووە کە بە شێوەی چاڵ؛ قووڵ ئەنجام دراوە، لەگەڵیدا هێڵکاری خەنجەر و شمشێر کێشراوە، لە سێ یەکەی نەخشێنراو پێک هاتووە کە هەرسێکیان بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراون (وێنە و هێڵکاریی ژمارە ٩).

نەخشی یەکەم لە بەشی سەرەوەی کێلەکەیە،



وێنە و هێڵکاریی (٩)

(تویژەر)

بە نەخشی ئەندازەیی کێشراوە، لە دوو لاکێشەدا لە ناو یەکتردا کێشراون، یەکیان گەورە و ئەوەی تریان بچووک، نێوانیان بە شێوەی سێگۆشە پڕ کراوەتەوە، یەک لەدوای یەکتری.

نەخشی دووەم لە ناوەڕاستی کێلەکەدا دروست کراوە، کە وێنەی خەنجەرێکی ڕاست کێشراوە، دەمی خەنجەرەکە بە ئاراستەی خوارەوەیە.

نەخشی سێیەم هێڵکاریی دوو دانە شمشێر کێشراوە، دەمەکەیان بە شێوەی نیوە دروستکراوە. هەردووکیان هاوشێوەن، بە پێچەوانەی یەکتر دروست کراون. کێلەکە زیانی مرۆیی پێوە دیارە، بەشی خوارەوەی شکاوە، کاریگەریی سروشتی پێوە دیارە تووشی شکان بووە.

## ٢-٣. کێلی گۆڕی سێیەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییە، بەشی سەرەوەی نازانرێت، بە تەواوی نەماوەتەوە. لە بەردی ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە. بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای لێ کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە. کاریگەریی مرۆییشی بەسەرەوەیە. بەشی خوارەوە و سەرەوەی شکاوە. پێوانەکانی: بەرزی: ٥٠سم، پانی: ٤٥سم و ئەستووری: ٤سم. چێوەی کێلەکە ڕێک و لووس کراوە. ئەم کێلە تەنها یەک ڕووی نەخش کراوە، ئەویش ڕووی دەرەوەیە. ئەم کێلە تەنها نەخشی ئەندازەیی لەخۆ گرتووە کە بە شێوەی چاڵی تەنک هەڵکۆڵراوە. (وێنە و هێڵکاریی ١٠).

بە هۆکاری کاریگەرییەکانی سەری، نەخشەکانی بە تەواوی نازانرێت، تەنها ئەو بەشەی لە کێلەکە ماوەتەوە. هێڵکاریی دوو دانە لە خرخاڵی (پاوانە) لێکچوو هەیە، بە بوونی جیاوازییەکی کەم لە نێوانیاندا، یەکێکە لە کەرەستەکانی جوانکاری، بە تایبەتی لەلایەن ئافرەتانەوە بەکار هاتووە، کە لە سەرووی گۆزینگەوە لە پێیان کردووە.

## ٢-٤. کێلی گۆڕی چوارەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییدایە، بەشی سەرەوەی کەوانەییە، بە تەواوی ماوەتەوە، لە



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (١٠)

گۆڕستانی دۆڵەدزی (تویژەر)

بەردی ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە. بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە. پێوانەکانی بەم شێوەیە: بەرزی: ١٧٨سم، پانی: ٣٩سم و ئەستووری: ٥سم. چێوەی کێلەکە ڕێک و لووس کراوە. ئەم کێلە تەنها یەک ڕووی نەخش کراوە، ئەویش ڕووی دەرەوەیە. ئەم کێلە نەخشی ئەندازەیی، ڕووەکی و نووسینی لەخۆ گرتووە کە بە شێوەی چاڵی تەنک هەڵکۆڵراوە. لە چوار بەشی نەخشێنراو پێک هاتووە.

نەخشی یەکەم بە شێوەی قووڵ هەڵکۆڵراوە، بە شێوەی لاکێشەیی لە ناویدا بە دوو دێڕ لە نووسین، بە ڕێنووسی "نەسخ" بە تێکەڵاوی لەگەڵ "کوفی"دا بەکار هاتوون، بە مەبەستی ئایینی"لا اله الا الله محمد رسول الله" تەواوکەری هێنانی شەهادەیە لە ئیسلامدا. لە سەر کێلەکە بە شێوەی پێش و پاش نووسراوە، لە دێڕی یەکەمدا نووسراوە "محمد رسول الله"، وشەی "الله" بە تەواوی نەنووسراوە، تەنها نووسراوە "لە"، لە دێڕی دووەمدا کە مەبەست لێی "لا اله الا الله"یە، بە هەڵە نووسراوە "لا اله لله الهلا..."، کۆتاییەکەی ڕوون نییە.

نەخشی دووەم بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراوە، لە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی، لەگەڵ هێڵکاریی وێنەی دوو خەنجەر، لەلای چەپی نەخشی ئەندازەیی پێک هاتووە، لە نەخشی لاکێشەیەک و پێنج لایەکی لا نارێک، لە ناوەڕاستی ئەم یەکەیەدا وێنەی دوو خەنجەر کێشراوە، بە ئاڕاستەی خوارەوە جیاوازییان هەیە لە دەسک و دەمەکەی. لە یەکەم هێڵێکدا کە تێیدا کێشراوە، لای ڕاستی وێنەی بازنەیەک کراوە، ناوی بە شێوە گوڵێکی شەشپەڕ پڕ کراوەتەوە (وێنە و هێڵکاریی ژمارە ١١).

نەخشی سێیەم بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراوە،



وێنە و هێڵکاریی (١١)
گۆڕستانی دۆڵەدزێ (تویژەر)

لە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکیدا لەگەڵ هێڵکاریی وێنەی شمشێرێک. بەشی سەرەوەی ئەم یەکەیە لە دوو بازنەی هاوشێوە دروست کراون، ناویان بە شەش سێگۆشەی لێکچوو پڕ کراوەتەوە کە شێوە گوڵێکی شەشپەڕی وەرگرتووە. بەشی خوارەوەی یەکەکە وێنەی شمشێرێک کێشراوە، دەمەکەی بە ئاڕاستەی لای چەپ کێشراوە.

نەخشی چوارەم بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراوە، لە نەخشی ئەندازەیی لەگەڵ وێنەی دوو شمشێردا بە هەڵگەڕاوی بەرانبەر یەکتری دروست کراون. دەمی شمشێرەکان هاوشێوەن، بەڵام دەسکەکانیان جیاوازە لەگەڵ کێشرانی دوو سێگۆشەی هاوشێوەدا، بە شێوەی هەڵگەڕاوە، بە شێوەی چاڵی قووڵ هەڵکۆڵراون.

## ٢-٥. کێلی گۆڕی پێنجەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییدایە، بەشی سەرەوەی گۆییە، بە تەواوی ماوەتەوە. لە بەردی ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە، بە هۆکاری

ئاووهەوای ناوچەکە، وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە. پێوانەکانی بەرزی: ١٩٢سم، پانی: ٣٤سم و ئەستووری: ٤سم. چێوەی کێلەکە ڕێک و لووس کراوە. ئەم کێلە تەنها یەک ڕووی نەخش کراوە، ئەویش ڕووی دەرەوەیە. ئەم کێلە نەخشی ئەندازەیی، ڕووەکی و نووسینی لەخۆ گرتووە، کە بە شێوەی چاڵی تەنک هەڵکۆڵراوە. لە سێ بەشی نەخشێنراو پێک هاتووە، تووشی داخوران و کەشکاری بووەتەوە (وێنە و هێڵکاریی ژمارە ١٢).

نەخشی یەکەم بە شێوەی چاڵی تەنک هەڵکۆڵراوە، لە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی پێک هاتووە، دەکەوێتە بەشی سەرەوەی کێلەکە. نەخشە ئەندازەییەکانی لە جۆری بازنە و سێگۆشەن، یەک بازنە لەگەڵ بیست و چوار سێگۆشەدا، دوازدە دانەی لە ناوەوەی بازنەکەدایە، دوازدە دانەی لە دەرەوەیەتی. بنکەی سێگۆشەکان لە سەر هێڵی بازنەک کێشراون، شێوەی گوڵێکیان دروست کردووە، سەرجەم سێگۆشەکان هاوشێوەن، بە کۆپیکراوی لە تەنیشت یەکتری ڕیز کراون.

نەخشی دووەم بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراوە، وێنەی دوو خەنجەر بە لاری کێشراوە، بە ئاڕاستەی لای ڕاست، قەبارە و شێوەیان جیاوازە، دانەیەکیان گەورە و ئەوی تر بچووکترە.

نەخشی سێیەم بە شێوەی تەنک هەڵکۆڵراوە. وێنەی دوو شمشێری هاوشێوە کێشراون. شێوەیەکی پێچەوانی وەرگرتووە، دەمەکانیان بە ئاڕاستەی خوارەوەیە.

## ٢-٦. کێلی گۆڕی شەشەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییدایە، بەشی سەرەوەی گۆییە، بە تەواوی ماوەتەوە. لە بەردی



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (١٢)
گۆڕستانی (تویژەر)

ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە. بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە، وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە. بە هۆکاری مرۆیی بەشی خوارەوەی کێلەکە شکاوە. پێوانەکانی بەم شێوەیەیە: بەرزی: ١٢٩سم، پانی: ٣٩سم و ئەستووری: ٦سم. چێوەی کێلەکە ڕێک و لووس کراوە. ئەم کێلە تەنها یەک ڕووی نەخش کراوە، ئەویش ڕووی دەرەوەیە. ئەم کێلە نەخشی ئەندازەیی لەخۆ گرتووە، کە بە شێوەی چاڵ قووڵ هەڵکۆڵراوە، لە یەک بەشی نەخشێنراو پێک هاتووە. تووشی داخوران و کەشکاری بووەتەوە.

نەخشەکەی لە بازنەیەک و هەشت سێگۆشە لە ڕووی ناوەوەی بازنەکە دروست کراوە، بنکەکان لە سەر هێڵی بازنەکەن، هاوشێوەن، بە پێچەوانەی یەکترەوە کێشراون، بە شێوەی قووڵ هەڵکۆڵراون، شێوەی ئەستێرەی وەرگرتووە (وێنە و هێڵکاریی ١٣).

## کێلەگۆڕی حەوتەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییدایە، بەشی سەرەوەی گۆییە، بە تەواوی ماوەتەوە. لە بەردی



وێنە و هێڵکاریی ژمارە (١٣)
گۆڕستانی دۆڵەدزێ (تویژەر)

ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە. بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە، وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە. بە هۆکاری مرۆیی بەشی خوارەوەی کێلەکە شکاوە. پێوانەکانی بەرزی: ١١٩سم، پانی: ٣٧سم و ئەستووری: ٦سم. یەک ڕووی نەخش کراوە، ڕووی دەرەوەیە. نەخشەکانی لە جۆرەی ئەندازەیی و ڕووەکی، لە سێ بەشی نەخشێنراو پێک هاتووە. کێلەکە بە تەواوی نەماوەتەوە. هۆکاری سروشتی و مرۆیی بەسەرەوەیە، تووشی داخوران و کەشکاری بووەتەوە (وێنە و هێڵکاریی ١٤).

نەخشی یەکەم بە شێوەی قووڵ هەڵکۆڵراوە، لە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی پێک هاتووە، دەکەوێتە بەشی سەرەوەی کێلەکە. نەخشە ئەندازەییەکانی لە جۆری بازنە و سێگۆشەن. یەک بازنە لەگەڵ سێزدە سێگۆشەدا لە دەرەوەی بازنەکەن. بنکەی سێگۆشەکان لە سەر هێڵی بازنەکە کێشراون، شێوەی گوڵێکیان دروست کردووە. سەرجەم سێگۆشەکان هاوشێوەن، بە کۆپیکراوی لە تەنیشت یەکتری ڕیز کراون، ناوەوەی بازنەکە بە گوڵێکی شەشپەڕ پڕ کراوەتەوە، هەموویان وەکوو گوڵێکی گەورە بەدیار کەوتوون.

نەخشی دووەم دەکەوێتە بەشی ناوەڕاستی کێلەکە، بە چوار هێڵی یەکسان بە تەریبی یەکتر لەگەڵ یەکەی یەکەمدا جیا کراونەتەوە، بە شێوەی قووڵ هەڵکۆڵراون. لە نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی پێک هاتوون. نەخشە ئەندازەییەکەی لە جۆری بازنە، ناوی بە گوڵێکی هەشتپەڕ پڕ کراوەتەوە.

نەخشی سێیەم دەکەوێتە بەشی خوارەوەی کێلەکە، بە پێنج هێڵی یەکسان بە تەریبی یەکتر، لەگەڵ یەکەی دووەمدا جیا کراونەتەوە. بەهۆی شکانی کێلەکە، نەخشەکەی بە تەواوی لەناو چووە.

## ٢-٧. کێلی گۆڕی هەشتەم

ئەم کێلی گۆڕە لە شێوەی لاکێشەییدایە، بەشی سەرەوەی کەوانەییە، بە تەواوی ماوەتەوە، لە بەردی ڕووخامی ڕەنگسپی دروست کراوە. بە هۆکاری ئاووهەوای ناوچەکە وەک باران و بەفر و شێ و بوونی ڕووەکی قەوزە وای کردووە ڕەنگەکەی داپۆشیوە. بە هۆکاری مرۆیی، بەشی خوارەوەی کێلەکە شکاوە. پێوانەکانی



وێنە و هێلکاریی ژمارە (١٤)
گۆڕستانی دۆڵەدزێ (تویژەر)



وێنە وهێلکاریی ژمارە (١٥)
گۆرستانی دۆڵەدزێ ( توێژەر)

بەم شێوەیەیە: بەرزی: ١١٦سم، پانی: ٣٩سم و ئەستووری: ٧سم. یەک ڕووی نەخش کراوە، ڕووی دەرەوەیە. نەخشەکانی لە جۆری ئەندازەیی و ڕووەکی، لە چوار بەشی نەخشێنراو پێک هاتووە. کێلەکە بە تەواوی نەماوەتەوە. هۆکاری سروشتی و مرۆیی بەسەرەوەیە، تووشی داخوران و کەشکاری بووەتەوە، بەشێک لە بنکەی کێلەکە شکێنراوە.

نەخشی یەکەم لە بەشی سەرەوەی کێلەکەیە، شوێنی بۆ دیاری کراوە، بە بەتاڵی جێ هێڵراوە، هیچ نەخشێکی تێدا نەکراوە (وێنە و هێڵکاریی ١٥).

نەخشی دووەم دەکەوێتە بەشی ناوەڕاستی کێلەکە، بەشی هێڵی یەکسان بە تەریبی یەکتر لەگەڵ یەکەی یەکەمدا جیا کراونەتەوە. بە شێوەی قووڵ هەڵکۆڵراون، لە نەخشی ئەندازەیی پێک هاتووە. نەخشە ئەندازەییەکەی لە چوار لاکێشەی گەورە دروست کراوە، دانەیەکیان زیانی بەر کەوتووە. هەر لاکێشەیەک بە هەشت سێ گۆشە پەڕ پەڕ کراوە. بە شێوەی کۆپی و پێچەوانە.

نەخشی سێیەم دەکەوێتە بەشی خوارەوەی کێلەکە، بە سێ هێڵی یەکسان بە تەریبی یەکتر لەگەڵ یەکەی دووەمدا جیا کراونەتەوە. نەخشەکەی لە ئەندازەیی و ڕووەکی پێک هاتووە. لە دوو بازنە تێکهەڵکێش کراون، هەر یەکەیان بە گوڵێکی شەشپەڕ پڕ کراوەتەوە، لە بازنەیەکیاندا سێ پەڕ دیتە بەرچاو، هونەرمەند وا پیشان دەدات هاوشێوەن، بەس لە سەر یەکتری دروست کراون، لە ژێرەوەی بە دوو هێڵی تەریب کۆتایی هاتووە، لە نەخشی چوارەم جیا کراوەتەوە.

نەخشی چوارەم نازانرێت چ جۆرە نەخشێک کێشراوە، بەهۆی شکانی.

## ئەنجام

سنووری هەرێمی کوردستان، سنووری میرنشینە کوردییەکان، ڕابردوو و گۆڕستانی هاوشێوە زۆرن، کێلەکانیان سادە نین، بەرزاییەکانی هەندێکیان چەند مەترێکن، مێژوویەکی کۆنیان هەیە، بە شێوەی هونەریی بەرز ڕازاونەتەوە، چەندین هێما، نەخش و نووسینی مەبەستداریان بۆ کراوە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بوونەتە پاشماوەی شوێنەواری گرنگ بۆ توێژەران، لێکۆڵەروان و سەرنجی گەشتیاران. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە: لە ڕوویی مێژووییەوە گرنگیی تایبەتییان هەیە بۆ مێژوونووسان، بۆ زانینی مێژووی چاخەکانی ناوەڕاست، بەهۆی شیکاریی نەخش و هێماکانی سەر کێلی گۆڕەکان. لە ڕووی شوێنەوارەوە زۆر گرنگن، دەتوانرێت بەشێکیان لە مۆزەخانەکان نمایش بکرێن، یان لە شوێنی خۆیان بکرێنە مۆزەخانەی تایبەت. لە ڕووی هونەرییەوە دەستڕەنگینیی هونەرمەندی کوردمان بۆ دەخاتە ڕوو لە ڕابردوودا. لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە یارمەتیمان دەدات بزانین ژیان و ئاستی ڕابردوو لە کوردستاندا چۆن بووە. لە ڕووی گەشتیارییەوە دەتوانرێت سوودی لێ ببینرێت، بکرێن بە شوێنی شوێنەواری گەشتیاری.

## سەرچاوەکان

به کوردی:

١. بەرزنجی، مەهدی جەلال مستەفا (٢٠٢٤)، هونەری نەخش و نووسینی سەر بەرد لە ناوچەکانی نێوان زێی بچووک و ڕووباری سیروان، لە سەدەکانی (١٢-١٤ک، ١٨-٢٠ز). نموونەی هەڵبژێردراو توێژینەوەیەکی شیکاریی مەیدانییە، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.

٢. جەمیل ڕۆژبەیانی (٢٠٢١)، لە بارەی مێژوو و کولتووری کوردییەوە، چ١، ناوەندی چاپخانەی تاران، سلێمانی.

٣. جسیکا (٢٠١٧). ڕووپێویی ناوچەی پشدەر و بتوێن، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار و کەلەپوور، ئەرشیف ژمارە ٦-٨.

٤. حەسەن، هەرێم و باوەزێیی، عومەر ئیسماعیل (٢٠٠٩). گەشتێک بە گوندی داوودیە، گۆڤاری پشدەر، ژمارە ٧.

٥. حەمزە، محەمەد بابەکر (٢٠٢٥/١/١٤). لەدایکبووی ١٩٦٥، پیشەی پێشمەرگە، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن.

٦. زەستی، خاتوو (٢٠٠٩)، داوودیە زێدی شێخ فەرخ، گۆڤاری مێرک، ژمارە ٤٥.

٧. شوێنەوارناس، محەمەد عەلی (٢٠٢٠)، هونەری نەخشی سەر کێلە بەرد لە ناوچەکانی پشتدەر، بتوێن، دوکان،

٨. غەفوور، عەبدوڵا (٢٠٠٥)، گوندەکانی کوردستان لە سەرژمێریی دانیشتووانی عێراق - ١٩٥٧، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

٩. مارف، عومەر ئیسماعیل (٢٠١٢)، شێخ فەرخ و ئەستی (٥٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا، گۆڤاری کەپر، ژمارە ١١.

١٠. وەتمان، ئەحمەد وەتمان ٢٠٢٥/١/١٥، چاوپێکەوتن. لەدایکبووی ١٩٥١، پیشە: پێشمەرگەی دێرین، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن.

١١. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵ و سەرچاوەکان. ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی پشدەر، هۆبەی زەویزار.

١٢. یاسای ژمارە ٥، ساڵی ٢٠٢١، پەرلەمانی کوردستان، هەولێر.

سەرچاوە عەرەبی

١. البرلسی، صلاح الدين (١٩٩٠م)، التعريف على الأسلحة النارية ومقذوفاتها، دار النشر بالمركز العربى للدراسات الامنية و التدريب بالرياض، رياض.

## ملخص

تقع مقبرتا الداودية و دولەدزى في منطقة پشدر ضمن إدارة ڕاپرين بمحافظة السليمانية. تقع مقبرة الداودية (الشيخ فرخ) تحديدا في قرية الداودية، في القطاع الزراعي (٢٢)، التابع لناحية هلشو (٥)، شمال شرق مدينة قلادزه، في حين تقع مقبرة دولـەدزى في قرية دولـەدزى، في القطاع الزراعي (٣٧) التابع لناحية هالشويا، على بعد ١٢ كيلومترا شرق مدينة قلادزه .يعد تاريخ هاتين المقبرتين غير واضح في ظل غياب المصادر أو الأدلة التاريخية الموثوقة بشأنهما. لذا، تستند هذه الدراسة إلى تحليل النقوش والزخارف المنحوتة على شواهد القبور بهدف تتبع الأبعاد التاريخية للموقعين. ومن بين الشواهد اللافتة، يبرز شاهد قبر نقشت عليه صورة بندقية يعتقد أنها تعود إلى عام ١٤٤٦م، ما يشير إلى صلة محتملة بالعصور الوسطى .تتناول هذه الدراسة تحليلا شاملا للرسوم والنقوش المثبتة على الشواهد، والتي لم تنشر علميا من قبل. وتظهر إحدى الشواهد إهداء صريحا إلى الإسلام. أما الزخارف، فتتنوع بين أشكال هندسية كالدوائر والمثلثات والمستطيلات والنجوم اللامعة، إضافة إلى نقوش تمثل أسلحة تقليدية قديمة مثل الخناجر، والسيوف، والبنادق البدائية (البارود)، ما يعكس ڕموزا ثقافية ودينية وتاريخية ذات دلالات غنيةالكلمات.

الكلمات المفتاحية: المقابر، شواهد القبور، الزخرفة الجنائزية، النقوش، التاريخ المحلي.

Abstract

This study examines the tombstones found in the Dawoodiyya and Douladzi cemeteries, located in the Pashdar region of the Raparin district, within the Sulaymaniyah Governorate. Specifically, the Dawoodiyya (Sheikh Farkh) cemetery is situated in the village of Dawoodiyya, Agricultural Sector 22, in the Halshuya subdistrict (5), northeast of Qaladze. In contrast, the Douladzi cemetery lies in the village of Douladzi, Agricultural Sector 37, approximately 12 kilometres east of Qaladze. Due to the absence of historical records or documented evidence regarding these cemeteries, the study relies on the inscriptions and decorative motifs carved on the gravestones to determine their historical significance. One notable gravestone, which features a depiction of a rifle, dates back to 1446 CE, indicating a possible origin in the medieval period.

This paper presents a systematic analysis of the visual elements and inscriptions found on these gravestones, many of which are documented here for the first time in academic literature. Among the findings is a gravestone explicitly dedicated to Islam. The gravestone decorations primarily consist of geometric patterns such as circles, triangles, rectangles, and radiant stars, as well as surface engravings depicting traditional weaponry, including daggers, swords, and firearms. These elements offer valuable insights into the symbolic, cultural, and historical contexts of the cemeteries.

Keywords: cemeteries, tombstones, grave decorations, inscriptions, medieval history, .Raparin, Sulaymaniyah

وەرگرتن: ٢٠٢٥/٦/٣٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٨/٨/١١

# ئوروکاگینا و زمانی چاکسازی و یاسایی سەرەتایی

**هاوژین کمال اومر**
زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی ئاداب
.بەشی شوێنەوار
Hawzhin.omar@su.edu.krd.

**پ.ی.د ئاری خلیل کامیل**
زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی ئاداب
بەشی شوێنەوار.

پوختە

ئوروکاگینا کۆتا پاشای بنەماڵەی یەکەمی لەگەشە، کە بە یەکێک لە بەهێزترین بنەماڵە سۆمەرییەکانی نیوەی دووەمی سەردەمی سێیەمی سەرهەڵدانی بنەماڵە سۆمەرییەکان (B٢٥٠٠–٢٣٥٠پ. ز) لە باشووری وڵاتی دوو ڕووبار دادەنرێت. نووسەری سەرەتاییترین دەقی چاکسازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە. بە یەکێک لە کۆنترین نموونەکانی بنەمای یاسا و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە مێژوودا هەژمار دەکرێت، دەقە چاکسازییەکانی لە تۆماری پێنج کۆپیی جیاواز، لە ناوەڕۆک و مێژوودا دەردەکەوێت. لە سەر نزیکەی ١٠ ڕوونووس پارێزراون. شێوەی زۆربەیان قووچەکی گڵێنەیە و قاپی گڵێنەیی شێوە هێلکەیی نووسراون. لە ڕووی زانیارییەوە هەموو کۆپییەکان بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن. ئوروکاگینا کاری بۆ گێڕانەوەی ئازادیی هاووڵاتیانی خۆی کردووە، کە ڕووبەڕووی ستەم و دەستدرێژیی زۆر بوونەتەوە، مافە خوراوەکانی بۆ گێڕاونەتەوە، قۆناغی چاکسازیی ڕیشەیی لە بنیادی کۆمەڵگە و دەوڵەتدا دەست پێ کردووە، هەروەها دەقە چاکسازییەکانی ئوروکاگینا بە کۆنترین دەقی نووسراو دادەنرێت کە تێیدا وشەی سۆمەری ”ama-gi“ (ئازادی) هاتبێت، ئاماژەیەکە بۆ ئازادیی هاووڵاتیان لە بارودۆخە نادادپەروەرییەکاندا، ئەمەش وای کردووە ئەم پاشایە ببێتە هێمایەکی سەرەتایی بۆ بیری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و چاکسازیی شارستانی لە مێژوودا.

کلیلەوشە: ئوروکاگینا، چاکسازی، یاسا، دەق و لەگەش، مێژووی کۆن. شوێنەوارناسی.

## پێشەکی

دەوڵەتەشاری لەگەش بە یەکێک لە بەهێزترین و گرنگترین دەوڵەتەشارە سۆمەرییەکانی نیوەی دووەمی سەردەمی سێیەمی سەرهەڵدانی بنەماڵە سۆمەرییەکان (B٢٥٠٠–٢٣٥٠پ. ز) لە باشووری وڵاتی دوو ڕووبار دادەنرێت. ناوەندێکی کاریگەری بوارەکانی سیاسی، کولتووری، کارگێڕی، هونەری و یاسایی وڵاتی سۆمەر بووە. شاری لەگەش پایتەختی بووە، لە ئێستادا بە یەکێک لە گەورەترین ناوەندە شوێنەواری و شارستانیەتەکانی وڵاتی ڕافیدەین هەژمار دەکرێت. پاشماوەکەی ناوچەیەکی گەورەی شوێنەوارییە، بە دووریی (٢٤کم) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای شەترە لە پارێزگای زیقار، لە باشووری عێراق، ئابوورییەکی سەربەخۆ و پێشکەوتووی هەبووە. دەوڵەتەشاری لەگەش ڕووبەرێکی گەورە و فراوانی هەیە، نزیکەی ٣٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە کە لە چەند شارێک پێک دێت. شاری لەگەش ناوە تازەکەی "تلول الهبة"ە، لە نزیکیەوە پاشماوەی شوێنەواری دوو شاری تری گرنگ هەیە، دیارترینیان لە دورریی (٢٥کم) لە باکووری ڕۆژئاوای لەگەش، ئەویش شاری گرسۆ "تەلۆ"یە، لە باشووری ڕۆژهەڵاتیشدا بە دووریی (١٠کم). شاری نینا ناوە تازەکەی "سورگول"ە، چوارەم شاری گوئەبا (GÚ-AB-BA[ki])یە، دەکەوێتە سەر لقی ڕووباری دیجلە لە باشووری شاری گرسۆ بە دووریی (٤٥کم) لە سەر کەنداو. یەکێک لە بەهێزترین بنەماڵە سۆمەرییەکان فەرمانڕەوایەتییان تێدا کردووە، ئەویش بنەماڵەی یەکەمی لەگەشە، ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەریان لە سەر مێژووی سیاسیی وڵاتی دووڕووباردا گێڕاوە. بە شێوەیەکی بەرچاو زۆربەی زانیارییەکان لە نیوەی دووەمی سەردەمی سێیەمی سەرهەڵدانی بنەماڵە سۆمەرییەکاندا، یاخود سەردەمی پێش سەرجۆن دەگەڕێتەوە بۆ تۆمارە مێخییەکانی ئەم بنەماڵەیە، کە لە شارەکانی "لەگەش و گرسۆ نینا و گوئەبا"دا لە ماوەی سەدەیەکی مێژووی بنەماڵەکەدا نووسراون، بە شێوەیەک لە شێوەکان وەک پاشخانێکی مێژوویی و جوگرافی و ئایدیۆلۆژیایی بۆ مێژوو و شارستانیەتی وڵاتی دوو ڕووبار سەیر دەکرێت. تۆمارێکی گەورەیان لە نووسراوە مێخییەکاندا هەیە کە کراونەتە دوو جۆر، یەکەمیان دەقی نووسراوە شاهانەیەکانە، کە مێژووەکانیان لە نێوان سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ئورنانشە (٢٤٩٤پ. ز)، کۆتا فەرمانڕەوای لەگەش "ئوروکاگینا" (٢٣٦٥-٢٣٥٧پ. ز) دەبێت، ناوەرۆکی دەقەکان لە باسی دەستکەوت و چالاکیی فەرمانڕەواکانی لەگەش لە هەڵمەتە سەربازییەکان و دروستکردن و فراوانکردنی کەناڵە ئاوییەکاندا، ژمارەیان نزیکەی ١٥٠ ڕوونووسی مێخی دەبێت. دووەم جۆری سەرچاوەکان تۆماری نووسراوە مێخییە کارگێڕییەکانە، کە ژمارەیان نزیکەی ١٨٠٠ ڕوونووسی مێخی دەبێت، مێژووەکانیان بۆ سێ فەرمانڕەوای کۆتایی بنەماڵەکە (٢٣٣٧-٢٣١٥پ. ز) دەگەڕێتەوە. توێژینەوەکە قووڵبوونەی زیاتری لایەنە جیاواز و نادیارەکانی ژیان و مێژووی ئوروکاگینایە، پەیوەندیی دەقە چاکسازییەکانی بە وەرگرتنی دەسەڵاتەوە هەبووە، یاخود کارەکانی لە دانانی دەقی چاکسازییەکە سروشتێکی ڕیفۆرمخوازانانە و دانانی سیستمێکی نوێ و چاککردنی کۆمەڵگە بووە. ئامانجی توێژینەوەکە ناساندنی زیاتر و تیشکخستنەسەر ژیان و فەرمانڕەوایەتیی ئوروکاگینایە لە توێژینەوەیەکی کوردیدا. توێژەر لە توێژینەوەکەدا بۆ شیکاری و شرۆڤەکردنی باسە جیاوازەکانی مێژووی ئوروکاگینا، پشتی

بە پێداچوونەوە بە بەڵگە و توێژینەوەكانی شیكردنەوەی تایبەت بە بابەتەكە بەستووە، بە پێڕەوكردنی میتۆدی شیكردنەوە و بەراوردكاری. سنووری توێژینەوەی بابەتەكە دەبێتە لێكدانەوە و سەرنجدان لە مێژووی سیاسیی بنەماڵەی یەكەمی لەگەش و مێژووی ئوروكاگینا. سنووری توێژینەوەكە سەردەمی ”Pre-Sargonic“ (پێش سەرجۆن) لە سەدەی بیست و چواری پێش زایینda. سنووری شوێن بریتییە لە دەوڵەتەشاری سۆمەری لەگەش.

## ١.١ مێژووی سیاسی و فەرمانڕەواكانی بنەماڵەی یەكەمی لەگەش

لە پێشەكیدا ئاماژەمان پێ دا دەوڵەتەشاری لەگەش یەكێك لە بەهێزترین دەوڵەتەشارە سۆمەرییەكان بووە، پاشماوەكەی ناوەندێكی گەورەی شوێنەوارییە لە باشووری وڵاتی ڕافیدەین (نەخشەی ژمارە ١). تێیدا ژمارەیەك فەرمانڕەوا كە بە نزیكەی ١٠ فەرمانڕەوا دادەنرێن، فەرمانڕەوایەتییان تێدا كردووە. هەندێكیان بەهێز بوون و دەسەڵاتیان بۆ ماوەیەكی زۆر درێژەی كێشاوە. بۆ بەڕێوەبەری نێو خۆی دەوڵەتەشارەكان بە زۆری ناسناوی شاهانەیی "$ENSI_2$“ لەلایەن فەرمانڕەواكانی بنەماڵەی یەكەمی لەگەشەوە بەكار هاتووە، بەڵام هەندێك لە فەرمانڕەواكان لەدوای ئەوەی توانیویانە دەسەڵاتیان بگەیننە دەرەوەی سنووری لەگەش، ناسناوی شاهانەیی "LUGAL“یان لە خۆیان ناوە (Cooper 2002:9). دەوڵەتەشاری لەگەش لە سەرەتادا دەسەڵاتێكی سەربەخۆ نەبووە، بەڵكوو ژێردەستەی دەوڵەتی كیش بووە، دەستپێكی مێژووی ڕاستەقینەی سیاسیی بنەماڵەی یەكەمی لەگەش بە فەرمانڕەواتیكردنی ئورنانشە (Ur-NANŠEK,Ur-$^d$NANŠE) (٢٤٩٤پ. ز) دەستی پێ كردووە، هەروەها بە دامەزرێنەری بنەماڵەكە دادەنرێت (Selz.G.J, 2015, p. 431). پێش سەردەمی ئورنانشە لە دەوروبەری (٢٥٠٠ پ. ز)دا، لە تۆمارە مێخییەكاندا ئاماژە بۆ چەند فەرمانڕەوایەكی تر هەبووە، وەك ئینخیگال (EN-ḪI-GAL) و لوگال-شاگینگور (-LUGAL $ŠAG_4$-DAGAL) (Sánchez-Climent.Á, 2024)، گونیدۆ (GU-NI-DU) باوكی ئورنانشە بووە (Ingo Scharkamp 2015 :68). بە دەستپێكردنی فەرمانڕەوایەتیی ئورنانشە، مێژووی سیاسی و حوكمڕانیی لەگەش ڕووكەشێكی تەواو سیاسی و ئەزموونێكی بەرچاوی لە بواری ئابووری و كولتووریدا بەخۆیەوە بینیوە، لەبەرئەوەی لەگەش وەكوو ژێردەستەی دەوڵەتەشارەكانی تری سۆمەری كاری نەكردووە، سەربەخۆیی خۆی وەرگرتووە. لە ماوەی ٣٠ ساڵی دەسەڵاتیدا كۆمەڵێك كاری بیناسازیی لە دروستكردنی كەناڵی ئاودێری و پەرستگەدا كردووە، بە ڕێكخستنی ژێرخانی گشتیی لەگەش گەشەی سەندووە، توانیویەتی پەرە بە بازرگانیكردن لەگەڵ ناوچە دوورەكانی وەكوو دلمون بدات، هەروەها لە ڕووی سەربازییەوە توانیویەتی بەسەر ئوما و ئوردا سەر بكەوێت (Mesihović.S 2022: 6). دواتر ئاكورگال A-KUR-GAL ) (٢٤٧٥پ. ز)، كوڕی ئورنانشە بووە، لەدوای باوكی درێژەی بەكارەكانی داوە (Romano.L. 2014:188-190).

لەدوای فەرمانڕەوایەتیی ئورنانشە، یەكێك لە بەهێزترین فەرمانڕەواكان لە مێژووی سیاسیی بنەماڵەكەدا ئی-ئەنناتو (E-ANATUM, EN-An-Na-TUM2) (٢٤٦٥پ. ز) بووە، توانیویەتی هەژموونی دەسەڵاتی لەگەش لە ماوەی ٣٠ ساڵی

فەرمانڕەوایەتیدا فراوان بکات، دەسەڵاتی بەسەر هەموو وڵاتی سۆمەردا هەبێت، ناسناوی پاشای کیش (Lugal-Kiš) وەربگرێت، هەروەها دەسەڵاتی بەرەو ناوچەکانی دەرەوەی وڵاتی دوو ڕووبار وەک عیلام فراوان بکات و پایتەختەکەی وێران بکات (Arias. J,Marta Estela 2009: 5).

دوای دەسەڵاتی "E-ANATUM"، برا بچووکەکەی ئی-ئەنناتومی یەکەم (E-ANATUM I) (٢٤٣٥پ. ز) بووەتە فەرمانڕەوای لەگەش، بەڵام مێژووی فەرمانڕەوایەتییەکەی بۆ ماوەیەکی کەم بووە و لە شەڕەکانی نێوان لەگەش و ئومادا کوژراوە (Marchesi. G, 2015:148).

کۆتا فەرمانڕەوای بەهێزی بنەماڵەی یەکەمی لەگەش ئینمیتینا (EN-METENA) (٢٤٢٠پ. ز) بووە، ئەویش بۆ نزیکەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتی هەبووە. دەستکەوتەکانی (EN-METENA) لە ئاوەدانکردنەوەی لەگەش و هەڵکەندنی کەناڵی ئاو لە نێوان ڕووباری دیجلە و فوراتدا بووە (Schrakamp.I, 2012:1). لەدوای فەرمانڕەوایەتی "EN-METENA"، ژمارەیەک فەرمانڕەوای لاوازی بەخۆیەوە بینیوە، بە شێوەیەک لە ماوەی دەسەڵاتیاندا لەگەش تووشی کێشەی ناوخۆیی ئابووری و کۆمەڵایەتی بووەتەوە، چونکە دەسەڵاتداران و خێزانەکانیان بۆ سەپاندن و فراوانکردنی دەسەڵاتیان دەستیان بەسەر ماڵ و موڵکی خەڵکی هەژاردا گرتووە (جاسم، 2021، ص٣٩٢). فەرمانڕەواکانیش وەک ئین-ئەنناتومی دووەم (E-ANATUM II) بۆ ماوەی ٥ ساڵ دەسەڵاتی هەبووە، ئینن-تارزی (EN-ENTARZI) کە لە کۆتا ساڵەکانی دەسەڵاتی "EN-METENA" و سەردەمی "E-ANATUM II" کاهینی گەورەی پەرستگەی ننگرسۆدا بووە بۆ ماوەی ٥ ساڵ فەرمانڕەوایەتیی کردووە، دواتر لوگال-ئەندا(LUGAL-AN-DA) بۆ ماوەی ٦ ساڵ و ١ مانگ فەرمانڕەوایەتیی لەگەشی کردووە (Marchesi. G, 2015:148).

ئەگەر لێکدانەوەیەکی مێژوویی لە دەستپێکی فەرمانڕەوایەتی "UR-NANŠE"دا تا سەردەمی فەرمانڕەوا ئوروکاگینا کۆتا فەرمانڕەوا بکەین، ئەوا ٦ بۆ ٧ نەوە دەکات. تێکڕای گشتیی ساڵەکانیان بە نزیکەیی لە نێوان ١٤٠ بۆ١٧٠ ساڵ دەکات (Sallaberger.W ,Ingo Scharkamp, 2015: 75-85).




نەخشەی (١)

پاشماوەی شوێنەواری لەگەش لە عێراقی ئێستا وەرگیراوە لە (MacMahon .A , et al, 2023: 3)

### ٢.١. ئوروکاگینا (URU-KA-GI-NA) و مێژووی کۆتا فەرمانڕەوای بنەماڵەی یەکەمی لەگەش

ئوروکاگینا کۆتا فەرمانڕەوای بنەماڵەی یەکەمی لەگەش بووە، لە هەمان کاتدا پاشایەک بووە

بە هێمای یەکەم و نووسەری سەرەتاییترین چاکسازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە مێژوودا دەناسرێت. لە سەدەی بیست و چواری پێش زایینیدا، لەدوای نەمانی دەسەڵاتی "LUGAL-ANDA"دا، بۆ ماوەی ١١ ساڵ فەرمانڕەوایەتیی کردووە (Mesihović.S, 2022:15). لێکۆڵینەوەکانی مێژووی فەرمانڕەوایەتیکردنی ئوروکاگینا جیاوازە لە فەرمانڕەواکانی تری بنەماڵەی یەکەمی لەگەشدا، ئەویش بەهۆی نەبوونی بەڵگەی دڵنیاکەرەوە و ناڕوون لە بەڵگەکاندا، وای کردووە ببێتە ئوروکاگینا کە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی تایبەتە کە بوونەتە جێگەی پرسیار و دروستکردنی تێبینی لای زۆربەی توێژەران، وەک بوون و مانای ناوی "Urukagina"، باوکی کێ بووە و پەیوەندییە خێزانییەکانی چۆن بووە، هەروەها یاسایی و ڕەوایەتیبوونی گرتنەدەستی دەسەڵات و بوون بە فەرمانڕەوای لەگەش (Everest-Phlilips.M, 2018: 18).

### ١.٢.١. ناوی باوکی و پەیوەندییە خێزانییەکەی

لەبەرئەوەی هیچ تۆمارێکی نووسراوی مێخی زانیاری لەبارەی خێزانی ئۆروکاگینادا تا ئێستا پشتڕاست نەکردۆتەوە. هەروەها پەیوەستبوونی بە فەرمانڕەواکانی پێش خۆی، بە بەڵگەی تۆمارکراو، نەسەلمێنراوە، بۆیە ناوی باوکی و خێزانەکەی بۆ ماوەی سەد ساڵە مشتومڕی زۆری لای توێژەرانی وەک: (Dhorme, Genouillac, Deimle, Steinkeller, Kobayashi, Schakamp, Sallaberger, Selz) دروست کردووە (Schrakamp.I, 2015, p. 16). لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژە بە ناوی باوکی ئوروکاگینا دراوە، بە کوڕی ئینگیسا(En-ge$_{16}$-sa) دانراوە، کەسێک بووە پێش فەرمانڕەواا "EN-ENTARZI"دا "ENSI$_{2}$" بووە، ئەم بۆچوونەش لە ڕوانگەی ئەو بەڵگەیەوە هاتووە کە لە تۆمارێکی قوربانیدا پێشکەش بە خوداوەند "$^{d}$NIN-MAR-KI" " کچی "$^{d}$NANŠ" کراوە، لە تۆمارەکەدا ناوی ئینگیسا (EN-GE$_{16}$-SA) لە پاڵ ناوی "šaša"ی خێزانی ئوروکاگینادا هاتووە، ئەم بەڵگەیەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە توێژەران؛ "En-ge$_{16}$-sa" بە باوکی ئوروکاگینا هەژمار بکەن (Steinkeller.P, 2023: 5)، بەڵام یەکێک لەو بەڵگانەی بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی توێژەران زیاتر جەخت لەوە بکەنەوە ئوروکاگینا کوڕی "EN-GE$_{16}$-SA" بووە، ئەویش بوونی ناوی هەردووکیان بووە لە ڕیزی شایەتحاڵانی کۆڵەکەی مانیشتوشو (MANIŠTUŠU-OBELISK)دا؛ یەکێک بووە لە کۆڵەکەکانی تۆماری کڕینی زەوی (Schrakamp.I, 2015: 16). لە سەرەتادا بەهۆی دەگمەنیی ناوی ئینگیسا و ئوروکاگینا، هەروەها نەبوونی کەسانی تر بەم ناوانەوە بە گونجاو دەزانرا، بەڵام هەندێک لە توێژەران تانەیان لە سەر گونجاویی ئەم بۆچوونە داوە، چونکە بوونی ناوە هاوشێوەکانی نموونەی دوو فەرمانڕەوا بە ناوی "E-ANATUM" لە بنەماڵەی یەکەمی لەگەش؛ گومانی بوونی دوو ناوە هاوشێوەکانی یەکتر زیاتر کرد، ئەم هۆکارەش وای کرد پشتگیرییان بۆ ئەم بۆچوونە "کە گوایە 'EN-GE$_{16}$-SA' باوکی ئوروکاگینا نەمێنێت" (Schrakamp.I, 2015:15-18).

ساڵی ١٩٨٥، بۆ یەکەمین جار لەلایەن توێژەر "Kobayashi"ەوە بۆچوونێکی تر لە سەر باوکی ئوروکاگینا خراوەتە ڕوو، بەوەی کەسێک بە ناوی ئور-ئوتو (UR-$^{d}$UTU) باوکی ئوروکاگینایە، دواتر

لەلایەن کۆمەڵێک لە توێژەرانەوە پشتگیریی ئەم بۆچوونە کراوە، هەروەها زانیاری و وردەکاریی زیاتریان لە سەری خستووەتە ڕوو. ئەم بۆچوونە نوێیەش لە سەر بنەمای ئەو بەڵگەیە سەرچاوەی گرتووە کە لە نێو تۆمارەکانی قوربانیدا بۆ ڕۆحی باوباپیران و فەرمانڕەواکانی پێشووی لەگەشدا کراوە، مێژووەکانیان بۆ سەردەمی ئوروکاگینا دەگەڕێتەوە، تێیدا ناوی ئور-ئوتو ((UR-$^{d}$UTU وەک باوکی شازادەی شار هاتووە (Kobayashi.T, 1985:13) .

### ٢.٢.١. ناوی ئوروکاگینا (URU-KA-GI-NA)

ناوی ئوروکاگینا یەکێکە لە تێبینییەکان کە دەیان ساڵە مشتومڕی زۆری دروست کردووە، بە خوێندنەوە و ڕێنووسی جیاوازی وەک (URU-KA-GI-NA، ERI('E)NIM-GEN-NA، IRI-KA-GI-NA، URU-INIM-GI-NA) لە توێژینەوەکاندا هاتووە. لە توێژینەوەکانی سەدەی بیستدا بە "URUKAGINA"، کورتکراوەی "UKG" نووسراوە، هاوکات تا ئێستاش کورتکراوەی "UKG" بۆ ئاماژەپێکردن بە نووسراوە تایبەتەکانی ئوروکاگینا، لە توێژینەوەکاندا بەکار دێت (Schrakamp.I. 2015: 304) لە سەردەمی پێش سەرجۆندا، یاخود لە سەدەی بیست و چواری پێش زایینیدا بە ڕێنووسی "URU-KA-GE-NA" لە سەدان بەڵگەنامە و نووسراودا ناوی هاتووە. لە سەردەمی بابلی کۆندا لە (٢٠٠٤-١٥٩٥پ. ز)، لە بەڵگەنامەیەکی سەرەتاییدا بە ڕێنووسی "URUki-KA-GE-NA" هاتووە، تازەترین و تاکە ڕێنووسە، بەم شێوەیە لە نووسراوە مێخییەکاندا هاتبێت (Schrakamp.I, 2015: 494). بەهۆی بوونی ئەم بەڵگەیەوە، بە دوور نازانرێت ناوی "URU-KA-GE-NA" وەرگێڕانی ناوێکی ئەکەدی بووبێت، چونکە بەکارهێنانی وشەی "URU" لە زمانی سۆمەریدا بۆ دروستکردنی ناوە کەسییەکان دەگمەن بووە، لەبەرئەوە گریمانە دەکرێت نموونەی ناوی (URUKAGINA، URU-DUG$_4$-GE-NA) لە ناوە ئەکەدییەکاندا بووبێت، بەڵام لەلایەن سۆمەرییەکانەوە بەکار هاتبێت، یان بە پێچەوانەوە ڕەنگە ناوی "URU-KA-GE-NA" یەکێک بووە لە ناوە سۆمەرییەکان، تا سەردەمانێکی زۆر درەنگتر لەدوای سەردەمی سۆمەرییەکانەوە مابێتەوە، دواتر لە سەردەمی ئەکەدییەکانەوە، لە ژێر شێوەی "URU$^{ki}$" بەکار هاتبێتەوە (Stenkeller.P, 1995: 541).

ئەو وشانەی وای کردووە ناوی ئوروکاگینا ببێتە جێگەی تێبینی و دروستکردنی پرسیار و بۆچوونی جیاوازی توێژەران، وشەکانی "IRI/URU" و وشەکانی "INIM/KA" ناوەکەیەتی. ئەم وشانە وای کردووە بە شێوازی جیاواز خوێندنەوە بۆ ناوەکەی بکرێت (Everest-Phlilips.M, 2018, p. 18). بە پێی فەرهەنگە سۆمەرییەکان، مانای "URU/IRI" بە مانای "شار" دێت (Sallaberger.W, 2006, p. 689). "ālu" وشە ئەکەدییەکەی بووە (CAD,Vol.A: 13)، بەڵام Edzard، بەکارهێنانی "IRI/ERI" لە ناوی ئوروکاگینا بە مانای شار بێت، بەراورد بە بەکارهێنانی وشەی "URU" بە شیاوتر دەزانێت (Edzard.D, 1991, p. 77). هەر چی "Selz"ە، بۆچوونێکی جیاوازتری دەربارەی "ERI URU" هەیە، پێی وایە ئەم وشەیە بۆ دروستکردنی جۆرێک لە ناوی کەسی "کۆیلە" یان "خزمەتکار" لە سۆمەریدا بەکار هاتووە، بۆچوونەکەشی لە سەر بنەمای بوونی نموونەی ناوی ((ERI(URU)-KEŠE$_2$، ERI(URU)-E)، کە لە نووسراوێکی

فەرمانڕەوا "E-ANATUM"دا وەک ناوی جۆرێک لە خزمەتکار یان کۆیلەدا بەکار هاتووە، سەرچاوەی گرتووە (Selz.G, 1998: 313).

وشەی "INIM" لە فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا بە مانای "وشە" هاتووە (Sallaberger.W, 2006, p.315). "aw-mātu" وشە ئەکەدییەکەیەتی (CAD,Vol.A:14)، لە تۆمارە ئایینییەکانی سۆمەریدا بە واتای (بڕیار، ڕێنمایی) هاتووە، بەیەکەوە لەگەڵ "IRI/URU" مانای "بڕیاری شارێک" دەدەن. بەم پێیەش ئەگەر لە بنەڕەتدا ناوەکە سۆمەری بووبێت، ئەوا پێچەوانە و چەمکێکی نامۆ دەبێت بە ئایینی سۆمەری، چونکە لە ئایینی سۆمەریدا شارێک ناتوانێت بڕیار بدات، بەڵکوو بڕیاردان تەنها لە دەست خوداوەنددا بووە (Stenkeller.P, 1995, p. 541). تاکە وشە کێشەی نەبێت و ماناکەی جێگیر لە ناوی ئوروکاگینا بێت، وشەی "ka"یە، بە مانای "دەم" و "گوتن"، یاخود "پاڕانەوە" و هاوشێوەکانی دێت. "epsd, p274" بە ئەکەدی بە "pù" دێت (CAD, Vol. :277). ئەوەی لە ناوەکەی ئوروکاگینا دەمێنێتەوە، وشەی "GI-NA"یە لە بنەڕەتدا لە "GEN، GIN$_6$+-AK،" پێک هاتووە، کە لە فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا بە واتای "جێگیر"، "دامەزراو" دێت (Foxvog.D.A, 2016, p. 22)، لە ئەکەدیدا وشەی "kânu,kīnu"ی (CAD,Vol.K:146) بۆ بەکار هاتووە.

ئەگەر مانای وشەکانی "ka" لەگەڵ "GI-NA " وەربگرین، بە واتای "دەمی متمانەپێکراو" یاخود "دەمی جێگیر/ڕاست" دێت، لەم بارەیەوە توێژەر "Edzard" ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەکارهێنانی دەستەواژەی "دەمی متمانەپێکراو" لە زمانی ئەکەدیی کۆندا زۆر بڵاو بووە، وەک نموونەی ناوی کەسی "pūsu-kin (pi-su)" بە واتای "دەمی خوداوەندی متمانەپێکراو" بووە (Edzard.D, 1991:78-79).

کەواتە لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین مانای گشتیی ناوی "UURKAGINA" بە واتای (شاری وشە/قسەی -/جێگیر/ڕاست) هاتووە (Schrakamp.I, 2015: 494).

### ٣.٢.١. گرتنەدەستی تەختی پاشایەتی

لە نوێترین توێژینەوە شوێنەوارییەکاندا، ئاماژە بەوە دەدەن ئوروکاگینا بەر لەوەی وەک فەرمانڕەوای لەگەش دەربکەوێت، پلەی "UGULA-UKU$_3$" کە پلەیەکی باڵای فەرماندەیەکی سەربازیی ئەفسەری سەد سەربازییە لە دەوڵەتدا، "UGULA-UKU$_3$" بە واتای وشە بە مانای "سەرپەرشتی خەڵک" دێت، لەبەرئەوەی بە پێی فەرهەنگە سۆمەرییەکان وشەی "UGULA"(aklu/šāpiru) بە واتای "سەرپەرشت" (epsd:.29)، وشەی "UKU$_3$(nišu)" بە واتای "خەڵک" هاتووە (epsd:.27). هەر بەهۆی ئەم پلە بەرزەی ئوروکاگینا کە هەیبووە، توێژەران پێیان وایە کورتکراوەی ناوی "URU-KA" کە لە بەڵگەی تۆمارە کارگێڕییەکانی ساڵەکانی ٢-٦ سەردەمی فەرمانڕەوا "LUGAL-ANDA" هەبووە؛ ئاماژەدان بە کەسایەتیی ئوروکاگینا بووە، بۆچوونەکەشیان لە سەر ئەو بنەمایە هاتووە ئەفسەری باڵای سەربازی بە هەمان ناوی "URU-KA"، جارێکی تر لە تۆمارە کارگێڕییەکانی سەردەمی ئوروکاگینادا دەرنەکەوتووەتەوە(Schrakamp.I, 2015: 310) .

وەرگرتن و چۆنێتیی هاتنە نێو کایەی دەسەڵات لەلایەن ئوروکاگینا و بوون بە فەرمانڕەوای لەگەش بە هەمان شێوەی لایەنەکانی تری ژیان و مێژووی فەرمانڕەوایەتییەکەی، جێگەی بایەخ و مشتومڕی جیاوازیی توێژینەوەکان بووە. توێژەرانی دابەشی دوو لایەنی دژبەیەکی جیاواز لە بۆچوونەکانی

دەربــارەی وەرگـرتـنـی دەســەڵاتــەکـەی کــردووە، چونکە هەندێکیان دەسەڵاتەکەی بە یاسایی دەزانن، هەندێکیش بە نایاسایی و قۆرخکاریی وەرگرتنی دەسەڵاتی دەزانن. ئەوەی لە ژیانی ئیرکاگینادا ڕوون و ئاشکرا بێت، مێژووی هاتنەسەرتەختی دەسەڵات بووە. لە مانگی یەکەمی حەوتەمین ساڵی "Lug.7/1" فەرمانڕەوایەتیی "LUGAL–ANDA"دا بـووە، چونکە لە بەڵگە تۆمارەکاندا هیچ بۆشاییەکی کاتی لە نێوان سەردەمەکانی ئەو دوو فەرمانڕەوایەدا نییە، پێدەچێت "LUGAL–ANDA" لە یەکەم مانگی ساڵی حەوتەم ولە کۆتا مانگی ساڵی شەشەم ساڵی دەسەڵاتەکەیدا مردبێت (Steinkeller.P, 2023, p. 5).

ئـەوەی جێگەی باسکردن بێت، لە هیچ تۆمار و بەڵگەیەکدا باس لە بوونی جێنشین یان منداڵی کــوڕی "LUGAL–ANDA" نـەکـراوە، ڕەنگە بێ جێنشین مردبێت. تەنها کەس باس کرابێت و پەیوەست کرابێت پێیەوە، براکەی بە ناوی "UR–SILA–SIR$_2$–SIR$_2$–RA" بووە، لەوانەیە ئەویش لە یەکەم ساڵی دەسەڵاتی ئوروکاگینادا مردبێت، یاخود لەو کاتەدا تەمەنی گەورە بووە و توانای ئەوەی نەماوە هاوشێوەی فەرمانڕەوایەک کارەکانی ڕاپەڕێنێت، بۆیە بە ویستی خۆی دەسەڵاتی ڕادەستی ئوروکاگینا کردووە. هەر لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ بۆچوونێکی تر هەیە، بەوەی ئوروکاگینا لەبەرئەوەی خێزانەکەی "Šaša" یەکێک بووە لە ئەندامانی بنەماڵەی "LUGAL–ANDA"، لەم ڕێگەیەوە سوودی لە پەیوەندیی خوێنیی خێزانەکەی وەرگرتووە، بووەتە جێنشینی یاسایی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات (Steinkeller.P, 2023: 5). بەڵام بە بۆچوونی "Bauer"، ئوروکاگینا لەبەرئەوەی پلەیەکی بەرزی هەبووە؛ سەر بە دەوڵەت بووە، بۆیە دەسەڵات و ئەزموونێکی زۆری لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە فەرمییەکانی دەوڵەتدا پەیدا کردووە، ئەمەش هۆکار بووە "LUGAL–ANDA"؛ ئوروکاگینا بە جێنشینی خۆی دەستنیشانی بکات (Bauer.J, 1998: 477). هەروەها لە بۆچوونێکی تردا دەڵێت، لەبەرئەوەی ئوروکاگینا کوڕی ئێنگیسا بووە، کەواتە لە بنەماڵەی "UR–$^d$NANŠE"یە، دەسەڵاتی لە باوک و باپیرەگەورەیەوە بە یاسایی بۆ ماوەتەوە، بەڵام هیچ کامێک لە بۆچوونەکانی سەرەوە بە بەڵگەی نووسراوەوە نەسەلمێنراون، ئەمەش ڕەنگە تەنها بۆ بەیاساییکردن و ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتەکەی ئوروکاگینا بووبێت (Steinkeller.P, 2023: 5-6).

تـوێـژەرانـی دەسـەڵاتـەکـەی ئـوروکـاگـیـنـا بە نایاسایی دەزانـن، بـاس لـەوە دەکـەن ئوروکاگینا دەقی چاکسازیی وەک بەهانەیەک و ڕێگەیەک بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیی خەڵک و وەرگرتنی دەسەڵات بەکار هێناوە، لەبەرئەوەی لە چاکسازییەکەدا بە خراپە باس لە فەرمانڕەواکانی پێشووتری لەگەڵ دەکات، تاوانباریان دەکات بەوەی موڵک و سامانی خوداوەند و پەرستگەکانیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار هێناوە (Schrakamp.I, 2015: 314-215). تەنانەت "Deimel" پێی وایە ئوروکاگینا؛ "LUGAL–ANDA" و خێزانەکەشی کوشتبێت. لە هەمان کاتدا چاکسازییەکانی بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی کاهینەکان و خەڵک بووە، بۆ ئەوەی بە گێڕانەوەی موڵک و سامانی خوداوەند بۆ پەرستگە و لابردنی کەسانی گەندەڵ و نەهێشتنی باجە زۆرەکان، بتوانێت ناوبانگی فەرمانڕەواکانی پێشووتر لەکەدار بکات، کارئاسانی بکات بۆ گێڕانەوەی باردۆخی ڕابردووی لەگەڵ کە تێیدا کاهین و پەرستگەکان دەسەڵاتی یەکەم بوون (Deimel.P, 1920, p. 3).



وێنەی ژمارە (١)

لەبەرگرتنەوە (کۆپی)ی دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا، وەرگیراوە لە (CDLI: RIME 1.09.09.01 (Reforms of Urukagina) composite (P431154))

### ٤.٢.١. ناسناوە شاهانەییەکانی ئوروکاگینا

ئوروکاگینا تا کۆتا ساڵەکانی دەسەڵاتی لە تۆمارە نووسراوەکاندا بە چەند ناسناوێکی شاهانەیی جیاواز ناو براوە، هاوشێوەی هەموو فەرمانڕەواکانی تری لەگەش لە سەرەتادا ناسناوی "$ENSI_2$" (فەرمانڕەوا)ی هەبووە، بەڵام لە دەقە چاکسازییەکانیدا (وێنەی ژمارە ١). کاتێک باس لەوە دەکرێت لەلایەن ننگرسۆوە هەڵبژێردراوە، بە ناسناوی "LUGAL LAGAŠ$^{ki}$" باس کراوە. ناسناوی "LUGAL" (پاشا) جێگەی ناسناوی "$ENSI_2$" دەگرێتەوە. لوگال ناسناوێکی زۆر گرنگ بووە، بە جۆرێک ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی لە بەڵگەنامە کارگێڕییەکاندا ناسناوی وەک "UKG. (E1)$ENSI_2$" بۆ ناسناوی "UKG. Lugal (L1)" گۆڕاوە، هەژمارکردنی دەسەڵاتەکەی لە یەکەم ساڵەوە بە ناسناوی لوگال لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا نووسراوەتەوە، هەر چەندە وەرگرتنی ناسناوی پاشا لەلایەن توێژەرانەوە مشتومڕی زۆری لە سەر کراوە، هەریەکە و ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لە سەری هەیە، تا ئێستا ڕوون نییە و نازانرێت بە چ هۆکارێک و بە چ کارێک ئوروکاگینا ناسناوی شاهانەیی "LUGAL"ی پاشای وەرگرتووە (Schrakamp.I, 2015:342). هەروەها ئوروکاگینا لە هەشتەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا بەهۆی لەدەستچوونی دەسەڵاتی بەسەر لەگەشی پایتەخت و وێرانکردنیدا لەلایەن فەرمانڕەوای ئوما (LUGAL-ZAG-GE-SI) و مانەوەی دەسەڵاتەکەی، تەنها لە شاری گرسۆدا، ناسناوەکەی لە نووسراوەکاندا بۆ "پاشای گرسۆ" گۆڕاوە. لێرەوە ئوروکاگینا لە بەڵگە نووسراوەکاندا تا کۆتا ساڵەکانی بە ناسناوی "پاشای گرسۆ" ناو براوە. لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین کۆی گشتیی مێژووی فەرمانڕەوایەتیی ئوروکاگینا نزیکەی ١١ ساڵ دەکات، ساڵێک لە ژێر ناسناوی "$ENSI_2$" (فەرمانڕەوا)، هەروەها دە ساڵ لە ژێر ناسناوی "LUGAL" (پاشا) لە دەسەڵات بەردەوام بووە (Seminara.S, 2015:407).

### ٥.٢.١. کۆتایی دەسەڵاتی ئوروکاگینا

بێگومان هەر سەرەتایەک بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆتاییەکی دەبێت، ئوروکاگیناش هەر

لە سـەرەتـاوە لـە کاتێکی نـەگونـجاودا بـووەتـە فەرمانڕەوا، کە بارودۆخی ناوخۆی لەگەش بەهۆی دەسـەڵاتدارەکـانی پێشوو و دەستگرتن بەسەر موڵک و سامانی خەڵک و زۆری شەڕەکانیانەوە لەگەڵ دەوڵەتەشارەکانی تری سۆمەری، بە تەواوی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بێهێز بووە (العکیلی، ٢٠٠٦ :٦٦)، ئەمە جگە لـەوەی لـەدوای ڕاگەیاندن و بڵاوبوونەوەی دەقە چاکسازییەکانی بـاردۆخی نـاوخۆی لـەگـەش لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە خراپتر بووە، چونکە لایەنە زەرەرمەندەکان، یاخود بەرپرس و دەسەڵاتدارەکان، ڕاستەوخۆ بە گۆڕانکارییەکان ڕازی نەبوون، دەقی چاکسازییەکەیان لە بەرژەوەندیی خۆیان نەزانیوە و بەرەنگاریان بوونەتەوە (العکیلي ٢٠٠٦: ٦٧).

هـەروەهـا ئەنجامدانی هـەر گۆڕانکارییەک بە شێوەیەکی تەواو، بە کاتێکی کەم و لەناکاو ناکرێت، جگە لەوە سەرکەوتووش نابێت، چاکسازییەکانی ئوروکاگیناش پێویستی بە کاتێکی زۆر زیاتر بووە بۆ ئەوەی بتوانرێت دەقی چاکسازییەکەی جێبەجێ بکات (عبدالأمیر، ٢٠١٥: ٥)، چونکە بە پێی ئەو بەڵگە کارگێڕییانەی لە پێنجەمین ساڵی UKG.G.4 دەسەڵاتی ئوروکاگینا هەبووە. لەگەش کەوتووەتە بەر گەمارۆ و هێرشەکانی وەرکا، لەبەرئەوە بۆچوونەکان ئاماژە بەوە دەکەن ڕێکەوتی دروستکردنی کۆشک و پەرستگەکان و کارە ئاوەدانییەکان کە لە دەقی چاکسازییەکەی ئوروکاگینادا هاتووە، کەوتوونەتە سەرەتای ساڵەکانی دەسەڵاتییەوە (Schrakamp.I, 2015:347).

لەگەڵ ئـەوەشدا بـاردۆخـە خراپەکەی لەگەش، هـاوکـاتـی دەرکـەوتـنـی دەسـەڵاتـێـکی بـەهـێزی وەک دەسـەڵاتـی "LUGAL-ZAG-GE-SI"؛ فـەرمـانـڕەوای دەوڵـەتـەشـاری ئوما بـووە، کە توانیویەتی دەست بەسەر زۆربەی شارە گرنگەکانی سۆمەریدا وەک: وەرکا، ئاداب و نیپور بگرێت، ناسناوی "LUGAL-KIŠ" (پاشای کیش) وەربگرێت، هەروەها بووەتە پاشای وەرکا، بۆیە لەگەش وەک هەر شارێکی سۆمەری لە هێرشەکان بێبەری نەبووە. لە هەمان کاتدا بارودۆخی خراپی لەگەش هەلێکی ڕاستەقینە بوون بۆ "LUGAL-ZAG-GE- SI"، بـۆ ئـەوەی لـە ٨م ساڵی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا بتوانێت گەمارۆی شاری لەگەش بدات، هەروەها ئەو پەیماننامەیەی نێوان لەگەش و ئومای لە سەردەمی "EN-TEMENA" بەسترابوو؛ هەڵبوەشێنێتەوە، بۆ کۆتا جار سنوورێک بۆ گرژییەکانی نێوان ئوما و لەگەش دابنێت، شاری لەگەش وێران بکات (Schrakamp.I, 2013:1).

بـەڵام داگیـرکـردنی شـاری لـەگـەش شێوەیەکی ئاسایی نـەبـووە، بەڵـکوو شـارەکـە بە تـەواوی کۆشک و پەرستگە گەورەکانی خوداوەند ننگرسۆ سووتێنراوە. وێرانکردنی لەگەش بە جۆرێک بووە بووەتە بیرەوەری و یادگارییەکی ناخۆش بۆ خەڵکی شارەکە، هەروەها کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر بیروباوەڕی نووسەرانی سۆمەریدا جێ هێشتووە (الجبوري ٢٠٢٣: ٦٥) وەک نموونەی بەڵگەتۆماری ئەدەبیی ناسراو بە "ماتەمینی ئوروکاگینا"، دەقەکە ساڵی ١٩٠٣ لە شاری گرسۆ دۆزراوەتەوە (محمود ٢٠٢٢: ٣٨٢)

### ٣.١. دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا

بە سەرەتاییترین بەڵگەی تۆمارکراوی چاکسازیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی ئازادی لە مێژووی شارستانیەتی وڵاتی دوو ڕووبـاردا دادەنرێت، مێژووەکەی بۆ نزیکەی (٢٣٦٥-٢٣٥٧پ. ز) دەگەڕێتەوە، بە یەکێک لەو ئەرشیفە شاهانەیانە

دادەنرێت کە لە پاشماوە شوێنەوارییەکانی شاری گرسۆ، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا دۆزراوەنەتەوە (R.Foster.B, 1995:168). بە دەستپێکی دەرکەوتنی کۆمەڵێک یاسا و بڕیار دادەنرێت کە لە سەردەمەکانی دواتردا بوونەتە بنەمایەک لە نێو سەرچاوە یاسایی و مێخییەکانی وڵاتی دوو ڕووباردا، هەروەها جێگەیەکی بەرچاوی لە داڕشتن و نووسینی یاساکاندا گرتووە (Steinkeller.P, 1991: 277). شیکردنەوەی خوێندنەوەی دەقەکەش بۆ یەکەم جار لایەن "François Thuren- Dangin" بۆ کراوە (Molina.M, 1995).

دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا لە پێنج کۆپیی جیاواز لە ناوەڕۆک و مێژوودا تۆمار کراون، لە سەر نزیکەی ١٠ ڕوونووس پارێزراون، شێوەی زۆربەیان قوچەکیی گڵێنەیین (Clay Cone)، یاخود لەسەر قاپی گڵێنەیی (وێنەی ژمارە ٢)، یاخود ڕوونووسی شێوە هێلکەیی نووسراون (وێنەی ژمارە ٣). کۆپیی یەکەم (UKG.4/5,60) بە دەقی سەرەکی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا دەناسرێت، لە سەر چوار ڕوونووسی قوڕین پارێزراوە (Schrakamp .I, Gabor Zolyomi, 2025, pp. 4-5). شێوەکەی قوچەکیی قوڕینە، بەرزییەکەی (٢٧-٢٨سم)، بنکەکەی (١٥-١٦سم) دەبێت، لە ڕووی مێژووی تۆمارکردنیەوە کۆنترینە، بۆ یەکەم ساڵی دەسەڵاتی ئوروکاگینا (UKG. L1) وەک پاشا (٢٣٥٠پ. ز) دەگەڕێتەوە (وێنەی ژمارە ٤). ئەوەی جێگەی باسکردن بێت، دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا بوونی وەک تۆمارێکی چاکسازی، گفتوگۆی زۆری لە سەرە و یەکلا نەبووەتەوە کە ئایا ئاماژە بۆ چاکسازیکردن بێت، یاخود بە پێچەوانەوە کارەکانی ئوروکاگینا لە دانانی دەقی چاکسازییەکەدا سروشتێکی ڕیفۆرمخوازانە بووە. هەروەها دانانی سیستمێکی نوێ و چاککردنی کۆمەڵگە بووە (Schrakamp. I, Gabor Zolyomi, 2024: 3).

لەم بارەیەوە "Steinkeller" پێی وایە ناساندنی دەقە تۆمارکراوەکان بە چاکسازی هەڵەیە، لەبەرئەوەی بەڵگەی لەو شێوازە بوونی نەبووە، بەڵکوو ئەو دەقانە تەنها تێکەڵکردن و لێکدانی سێ بەڵگەنووسراوی بیناسازی بوون، بە ناوی خوداوەندە جیاوازەکان لە شاری لەگەشدا دروست کراون، لە هەمان کاتدا تاوان و نەریتە باوەکانی نێو کۆمەڵگە و چارەسەرەکانی بۆ نەهێشتنی ئەو تاوانانەی تێدا باس کراوە. ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە لە کاتی وەرگرتنی دەسەڵاتدا دەقەکانی نێو چاکسازییەکەی ئەنجام داوە (Steinkeller.P, 2023, p. 12). یاخود هەندێک لە توێژەران باس لەوە دەکەن ناتوانرێت زیادەڕەوی لە گرنگیدان بە دەقەکە بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار بە کۆنترین چاکسازی نایناسێنن، چونکە دەقەکان بە هاوشێوەی بەڵگە و مامەڵەی ئابووری و تۆمارە ئەرشیفییەکانی هاوسەردەمی خۆی دەیبینن، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا بە ڕوانگەیەکی دووانەیی و بە پێی ڕەچاوکردنی بارودۆخی خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی ئەوکاتی کۆمەڵگەی لەگەش نووسراوە (Schrakamp. I, Gabor Zolyomi, 2024: 2).




وێنەی ژمارە (٢)

دەقە چاکسازییەکانی ئوروکاگینا وەرگیراوە لە (Everest-Phlilips.M, 2018: 60)

ڕووی پشتەوە ڕووی پێشەوە



وێنەی ژمارە (٣)

دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا وەرگیراوە لە ( Foxvog.D.A, 1994:11)



وێنەی ژمارە (٤)

دەقە چاکسازییەکانی ئوروکاگینا لە سەر ڕوونووسی شێوەی قوچەکیی گڵێنەیی وەرگیراو لە (Everest-Phlilips.M, 2018: 23)

١.٣.١. هۆکارەکانی دانانی دەقی چاکسازییەکە

ئەگەر مانای گشتیی وشەی چاکسازی وەربگرین، بە مانای دانانی یاسایەکی تازە نایەت، بەڵکوو پرۆسەی پێداچوونەوەی باشترکردنی ئەو یاسا و ڕێنماییانەیە کە لە ئێستادا لە نێو کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت نەریتی خراپ و تاوانی تاکەکان بەرەو ڕێگەیەکی ڕاست و گونجاو لە نێو کۆمەڵگەدا بگۆڕدرێت (Black.H, 1968: 1446). توێژەر "Steinkeller" پێی وایە دەقی چاکسازییەکە لە سەرەتادا ڕاگەیاندنی بۆ خەڵکی گشتی نەبووە، بەڵکوو تایبەت بە خوداوەندەکان بووە، بەڵام هۆکارێک هەبووە وای کردووە ئەم نووسراوە بۆ هەموو خەڵکی لەگەش ئاشکرا بکرێت، ئەویش بوونی ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەیە کە گوایە لەلایەن ئوروکاگیناوە بۆ بەدەستهێنانی مافی خەڵکی گشتی دانراوە، هەر بەم هۆکارەش ئاماژەکان بۆ ئەوەیە ئەم دەقانە بە کردار ڕاستەوخۆ پێش دەستبەکاربوونی ئوروکاگینا وەک پاشا دەرچووبێت و کاری پێ کرابێت، مەبەستی سەرەکییشی لێرەدا ڕاکێشان و بەدەستهێنانی سۆز و دەنگی خەڵک بووە، بەڵێن و ڕێکارییەکانی نێو چاکسازییەکە بنەمایەکی چارەنووسساز و ستراتیژیەتێکی سەرەکیی هەڵبژاردنی ئوروکاگینا بووە (Steinkeller.P, 2023:12-13) . هۆکاری سەرەکیی دانانی دەقی چاکسازییەکان ئەوە بووە خەڵکی لەگەش لە بارێکی خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ژیاون، چونکە دەسەڵاتداران و کاهینەکان دەستیان بەسەر موڵک و سامانی خەڵکی هەژار و پەرستگەکاندا گرتووە، بە ئارەزووی خۆیان بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە. بار و گوزەرانی ژیانی خەڵکی لەگەش بەهۆی سەپاندنی باجی زۆر و فەرمانبەرانی گەندەڵ و دەستدرێژییە بەردەوامەکانی بەرپرسانەوە گران بووە (Diakonoff I, 1985:12)، ئەم هۆکار و کێشانە هەموویان بەیەکەوە بوونەتە هۆی ئەوەی گۆڕانکاریی ئابووری و کۆمەڵاتی ڕوو بدات، هاوکات چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە نێو کۆمەڵگەی لەگەشدا دروست بکات، بەڵام ئەو کاتەی دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی جیا کرانەوە، ئەم کێشانە زۆر ڕوونتر دەرکەوتن، لەبەرئەوەی وای کرد لە یەک کاتدا دوو دەسەڵات لە کاهین و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان لە کۆمەڵگەی لەگەشدا دروست بێت، بە جۆرێک هاوبەشییان لە چەوساندنەوەی خەڵکی هەژار و بێدەسەڵاتدا کردووە، لە هەمان کاتدا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و سامانی زیاتر پێشبڕکێیان کردووە، ئەمەش وای کرد کێشەکان وا گەورە بن نارەزایی خەڵکی لەگەشی لێ بکەوێتەوە، هەروەها هەوڵی ڕێگریکردنی هەر کارێکیان داوە کە بووەتە هۆی ئەوەی بەهای ئازادی و ئابوورییان دابەزێنێت (خضر٢٠١٩: ٦٤٤-٦٤٥) بۆیە داوای پاراستنی مافی هەژاران و کەسانی بێدەسەڵات و بێوەژن و منداڵە هەتیوەکانیان کردووە، هەروەها بەرەنگاربوونەوە بەرانبەر بە باجی زۆری وەک ڕاوەماسی، تەڵاق و هاوسەرگیری و ناشتنی مردوو سەری هەڵداوە (Tatlow.E, 2004:8-9). ئەم کێشانە بەیەکەوە هاندانێک بوون بۆ ئوروکاگینا، بۆ ئەوەی کار بۆ چاککردن و نەهێشتنی گەندەڵی و کێشەکان بکات، هەروەها بڕیاری چاکسازیکردن و گۆڕانکاری و بەدەستهێنانی ئازادیی تاکەکان و گێڕانەوەی موڵک و زەوییەکانی خوداوەند بۆ پەرستگە بدات، ڕێگری لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتداران و کاهینەکانەوە بکات (Everest-Phlilips.M, 2018: 27-63).

٢.٣.١. نـاوەرۆکـی دەقـی چاکسازییەکەی ئوروکاگینا

ئێمە لێرەدا باس لە ناوەرۆکی یەکێک لە کۆپییەکانی چاکسازیی ئوروکاگینادا دەکەین کە ئەویش ناسراو بە کۆپی "RIMI 1.09.09.01"، یاخود کۆپیی یەکەم (UKG.4/5,60)، ناوەرۆکی دەقەکە هاوشێوەی هەر نووسراوێکی تری شاهانەیی، ناوەرۆکەکەی لە چەند بەشێکی جیاوازدا لە: دەستپێک، ناوەرۆک و کۆتایی پێک دێت. دەستپێکی دەقەکە بریتییە لە باسکردنی چالاکییە بیناسازییەکانی ئوروکاگینا لە دروستکردنی کۆشک و پەرستگە بۆ خـوداوەنـدە جیاوازەکان لـە شـاری لـەگـەش (Schrakamp.I,Gabor Zolyomi,2025: 94). لــەدوای دەسـتـپـێـک، نـاوەرۆکـی دەقـی چاکسازییەکە لـە چـوار بـەشـی جیاواز لە یەکتر پێک دێت، لە بەشی یەکەمدا باس لەو تاوان و پێشێلکارییانە دەکات کە فەرمانڕەواکانی پێشووتری لەگەش کردوویانە، ($be_6$-$lu_5$-da $u_4$-bi-ta) "دابونەریتەکان لـە سـەردەمـی پێشوودا هەبوون''، وەک تاوانی چەوساندنەوەی خەڵک بە باجی زۆر، هەروەها تاوانی فەرمانبەرانی گەندەڵ لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خەڵکدا، پیشاندان و باسکردنی چۆنێتیی دەستبەسەرداگرتنی موڵک و زەوییەکانی پەرستگە لەلایەن خێزانی فەرمانڕەواکان و دەســەڵاتـدارانـی لـەگـەشـەوە (Wilckes.C, 2003:22). بەشی دووەم لە نـاوەرۆکـی دەقی چاکسازییەکە لەو پارچەیە پێک دێت کاتێک ننگرسۆ جەنگاوەری خوداوەند ئەنلیل پاشایەتیی لەگەشی بە ئوروکاگینا بەخشیوە، لە نێوان ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییانی لەگەشدا بە "LUGAL'' (پاشا) هەڵبژاردووە، ئەم بەشەی ناوەرۆکیش بە هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان بەشی تاوان و چاکسازییەکان دەبینرێت، هاوکات هـەردوو بەشەکەش بەیەکەوە پەیوەست دەکات (Steinkeller.P, 2023:13).

سێیەم بەشی ناوەرۆک؛ باسکردنی چاکسازی و چارەسەرەکانە، ئەویش بەو ئامانج و مەبەستەی دابونەریتەکانی پێشوو بە سیستمێکی نـوێ و گونجاو بۆ هەمووان بگۆڕدرێت، وەک ئازادکردنی زیندانییەکان، لێخۆشبوونی لـە قـەرزەکـانـیـان و پاکبوونەوە لە تاوانەکانیان، هەروەها خوداوەندەکان وەک سەرۆکی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان دەستنیشان کـردووە (Schrakamp.I, Gabor Zolyomi, 2024:4-5). چوارەم بەش و کۆتایی، ناوەرۆکی دەقەکە بە ڕێککەوتنی نێوان ئوروکاگینا و خوداوەند ننگرسۆ دادەنـرێـت، تێیدا ئـوروکـاگـیـنـا داوا لە خوداوەند ننگرسۆ دەکات پەیمانی ئەوەی پێ بدات، بێوەژن و منداڵە بێباوکەکان ڕادەست بە کەسانی بەهێز و دەسەڵاتدارەکانیان نەکات و بیانپارێزێت (Wilckes.C, 2003, p. 22). کۆتایی دەقی چاکسازییەکە بە باسکردنی کارە ئاوەدانییەکانی پاشا ئوروکاگینا دەبێت، تێیدا باس لە دروستکردنی کەناڵێکی ئاو لە شاری گرسۆ بۆ خوداوەند ننگرسۆ دەکـات، هـەروەهـا گـۆڕینی نـاوی کـۆنی کـەناڵەکە بە ناوێکی تازە، دەڵێت: "لە ناوەڕاستی ئەم ساڵدا ئوروکاگینا کەناڵێکی بچووکی بۆ شاری گرسۆ تایبەت بە ننگرسۆ دروست کردووە، ناوی پێشووی گۆڕی و ناوی لێ نا 'ننگرسۆ دەسەڵاتی لە نیپور هەیە''' (Schrakamp.I,Gabor Zolyomi,2025: 94).

٣.٣.١. دەقی چاکسازییەکانی ئیریگینا

دەقە چاکسازییەکانی ئوروکاگینا کۆپی "RIMI 1.09.09.01'' لە ١٢ ستوون پێک هاتووە، نزیکەی ٣٣٥ دێڕ لە نووسراوی مێخی، بەڵام لێرەدا تەنها بەشێکی کەم لە نـاوەرۆک و بەشە جیاوازەکانی دەقەکە دەخەینە ڕوو (Frayne.D, 2007: 259-

265).

سەرەتای دەقەکە وەک دەستپێکێک کارە بیناسازییەکانی ئوروکاگینا لە لەگەش خراوەتە ڕوو، دەڵێت:

1. $^{d}$nin-gir$_{2}$-su: بۆ ننگرسۆ
2. ur-sag$^{d}$en-lil$_{2}$-la$_{2}$-ra: پاڵەوانی ئینلیل
3. IRI-KA-gi-na: ئوروکاگینا
4. Lugal: پاشای
5. Lagaš ki -ke$_{4}$: لەگەش
6. e$_{2}$-gal ti-ra-a: کۆشکی تیراشی
7. mu-na-du$_{3}$: دروست کردووە
8. an-ta-sur-ra: (هەروەها) ئەنتاسوڕای
9. mu-na-du$_{3}$: دروست کردووە
10. e$_{2}$$^{d}$ba-ba$_{6}$: پەرستگەی بابای
11. mu-na-du$_{3}$: دروست کردووە

لە بەشێکی تری دەقەکەدا باس لە تاوانەکانی ڕۆژانی پێشتووتر کراوە، دەڵێت:

1. u$_{4}$ ul-li$_{2}$-a-ta: لە سەردەمی پێشوودا
2. numun e$_{3}$-a ‘‘ژیان" ئەو کاتەی تووی چەکەرەی کردووە:
3. u$_{4}$-bi-a: لەو ڕۆژانەدا
4. lu$_{2}$ ma$_{2}$-laḫ$_{5}$-ke$_{4}$لەلایەن بەلەمەوانی سەرەکی:
5. ma$_{2}$ e-dab$_{5}$ دەست بەسەر بەلەمەکاندا گیراوە:
6. anše u$_{2}$-du-leگوێدرێژەکان لەلایەن شوانی مێگەلەوە:
7. e-dab$_{5}$ دەستی بەسەردا گیراوە:
8. udu u$_{2}$-du-l مەڕەکان لەلایەن بەرپرسی مێگەلەوە:
9. e-dab$_{5}$: دەستی بەسەردا گیراوە

لە بەشێکی تردا باس لە هەڵبژاردنی ئوروکاگینا وەک پاشای لەگەش دەکات، دەڵێت:

1. u$_{4}$ $^{d}$nin-gir$_{2}$-su: کاتێک ننگرسۆ
2. ur-sag $^{d}$en-lil$_{2}$-la$_{2}$-ke$_{4}$: پاڵەوانی ئینلیل
3. IRI-KA-gi-na-ra: ئوروکاگینا
4. nam-lugal: پاشایەتی
5. lagaš$^{ki}$: لەگەشی
6. e-na-šum$_{2}$-ma-a: پێ داوە
7. ša$_{3}$ lu$_{2}$ 3600 -ta: لە نێو (٣٦٠٠) هاوڵاتیدا
8. šu-ni e-ma-ta-dab$_{5}$-ba-a: دەستی گرتووە

دواتر بەشی چاکسازییەکان و چاککردنەوەی تاوانەکانی پێشوو هاتووە، دەڵێت:

1. ma$_{2}$-ta: بەلەمەکان
2. lu$_{2}$ ma$_{2}$-lah$_{5}$ لە بەلەمەوانی سەرەکی:
3. e-ta-šub: (گەڕێنرایەوە) وەرگرتەوە
4. anše-ta گوێدرێژەکان:
5. udu-ta مەڕەکان:
6. u$_{2}$-du-biلە بەرپرسی مێگەلەوە:
7. e-ta-šub (گەڕێنرایەوە) وەرگرتەوە:

هەروەها دەڵێت:

1. dumu lagaš$^{ki}$: سەبارەت بە) هاوڵاتییانی) لەگەش
2. ur$_{5}$-ra ti-la:(ئەوانەی) لە قەرزدا دەژین
3. gur gub-ba: (ئەو کەسەی) پێوەری گوری (درۆی) داناوە
4. še si-ga: وە (بڕی) گوری جۆی دابەزاندووە
5. nig$_{2}$-zuh-a:(کەسێکی) دز
6. sag geš ra-a: وە کەسێکی بکوژ
7. e$_{2}$-eš$_{2}$-bi: زیندانی دەکرێن
8. e-luh: (تاوانیان) پاک دەبێتەوە
9. ama-gi4-bi: ئازادییان

10. e-gar: وەردەگرن
11. nu-siki nu-ma-kuš$_2$: بێباوک و بێوەژنەکان
12. lu$_2$ a$_2$-tuku: بۆ بەهێزەکان (دەسەڵاتداران)
13. nu-na-ga$_2$-ga$_2$: ژێردەستە نابێت
14. $^{d}$nin-gir$_2$-su-da: ننگرسۆ لەگەڵ
15. IRI-KA-gi-na-ke$_4$: ئوروکاگینا
16. inim-be$_2$ ka e-da-keš$_2$: ڕێککەوتنی پاندبوونیان بۆ ئەو فەرمانە کردووە

لە کۆتایی دەقەکەدا باس لە دروستکردنی کەناڵی ئاو دەکرێت، دەڵێت:

1. ša$_3$ mu-ba-ka: لە ناوەڕاستی ئەو ساڵەدا
2. i$_7$ tur gir$_2$-su: کەناڵێکی بچووک لە شاری گرسۆ
3. i$_3$-tuku-a: بەدەستی هێناوە
4. $^{d}$nin-gir$_2$-su-ra: بۆ خوداوەند ننگرسۆ
5. al mu-na-du$_3$: هەڵیکەندووە
6. mu u$_4$-bi-ta-bi: وە ناوەکەی پێشووی
7. e-še$_3$-gar: (بۆ گەڕاندەوە)
8. i$_7$ $^{d}$nin-gir$_2$-su nibru$^{ki}$-ta nir-gal$_2$: کەناڵی ننگرسۆ دەسەڵاتی لە نیپور هەیە

## ئەنجام

ئوروکاگینا بە نووسەری یەکەم نموونە و سەرەتاییترین چاکسازیکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەستەبەرکردنی ئازادیی تاک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەژمار دەکرێت. دەقە چاکسازییەکانی بە بنەمایەکی سەرەتایی بۆ نووسینی یاسا نووسراوەکانی وڵاتی دوو ڕووبار دادەنرێت. نموونەیەکی سەرەتاییە بۆ پەیوەندیی نێوان زمانی یاسایی و دادپەروەری. لە ڕووی زمان و کاریگەریی لە سەر مێژووی زمانی سۆمەرییەوە، بە ئەرشیفێکی ڕوونی پەرەسەندنی زمانی سۆمەری و دەرکەوتنی دەستەواژەی یاسایی و فەرمی دادەنرێت. نابێت زیادەڕەوی لە گرنگیدان بە دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستادا زۆر جار هەندێک لە توێژەران بە کۆنترین چاکسازی نایناسێنن، لەبەرئەوەی هاوشێوەی بەڵگە و مامەڵەی ئابووری و تۆمارە ئەرشیفییەکانی هاوسەردەمی خۆی دەبینن. بەڵام جیاوازیی دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا لەگەڵ دەقەکانی تردا ئەوەیە بە ڕوانگەیەکی دووانەیی و ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاساییانەی لەو کاتەدا لە کۆمەڵگەی لەگەشدا هەبوون نووسراوە، لەبەرئەوەی هۆکاری سەرەکیی دانانی دەقی چاکسازییەکان ئەوە بووە خەڵکی لەگەش لە بارێکی زۆر خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ژیاون، چونکە دەسەڵاتداران و کاهینەکان تەنها بۆ پڕکرنەوەی ئارەزوو و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان کاریان کردووە، ژیانی خەڵکیان بە دانانی باجی زۆر و دەستگرتن بەسەر موڵک و سامانی خەڵکی هەژار و پەرستگەکاندا گران کردووە.

-

## سەرچاوەکان

بە ئینگلیزی:

- Arias.J, Marta Estela.2009., la tension politico-militar enter Lagash y sus vecinospor el control de espacios fronterizos, XII Jornadas Interescuelas /Departmentos de Historia, Universidad Nacioal del Comahue, San Carlos de Barilooche.

- Bauer.J,.1998.,Der Vorsargonische Abschnitt Der Mesopotamischen Geschichite, Mesopotamien Späturuk -Zeit und Frühdynastische Zeit,Annäherungen 1, OBO,160/1, Universitätsverlag Freiburg Schweiz Vandenhoeck &Rupercht Göttingen.

- Campbell Black.H,. 1968., Black's Law Dictionary, Fourth edition, Saint Paul, Minnesota.

- Cooper.J.2002. Reconstructing History from Ancient Inscriptions: the Lagash-Umma Border Conflict, IIMAS, Vol.2, No.1, Malibo.

- Deimel.P,. 1920. Die Reformtexte Urukaginas ", Orientalia, No.2.

- Diakonoff I.M,.1958.,Some Remarks on the. Reforms of Urukagina,RA, Vol. 52, No.

- Edzard.D,. 1991., Urukagina.Urukagina. AulaOr, Vol.9, No.1-2, Barcelona.

- Everest-Phlilips.M,. 2018., The Passionate Bureaucrat: Lessons for the 21st Century from 4,500 Years of public Service Reform, Singapore.

- Foxvog.D A,. 2016., Elementary Sumerian Glossary, Guerneville, California USA.

- Foxvog.D A,.1994.,A new Lagaš Text Bearing on Uruinimgina's Reform, JCS, Vol.46, The University of Chicago Press.

- Frayne.D,.2007.,PreSargonic Period.2700-2350 BC., RIME, Vol.1, University of Toronto Press, Toronto, Buffalo&London.

- Hansen.D P,.1980-1983"،.Lagaš,B. Archäologie",RLA,Vol.6,Wlter de Gruyter ,Berlin &New York.

- Kobayashi.T,.1985.,The Ki-A-NAG of Enetarzi, Orient, Vol.21.

- Marchesi.G,.2015.,Chronology and Historical Geography of the 3rd Millennium, ARCANE History &philology, Vol.3, Berpoles.

- McMahon.A, Holly Pittman , Zaid al-Rawi, Darren Ashby, Katherine Burge ,Reed Goodman, Emily Hammer, Sara Pizzimenti,.2023.,Dense Urbanism and economic multi-centrism at Third - Millennium BC Lagash, Antiquity, Vol.97, No.393.

- Meier Tatlow.E,.2004. , Women, Crim, and Punishment in Ancient Law and Society, The Ancient Near East, Vol.1, New York&London.

- Mesihović. S,.2022., URUKAGINA Sloboda i Pravda, Bosnia. Sarajevo.

- Molina.M,.1995.,La ley más Antigua Textos Legales Sumerios, Universitat de Barcelona. Pliegos de Oriente.

- Nadali.D,. 2020., Area B: Stratigraphy and Architecture of the Temples Mound at Tell Zurghul, Ancient Nigin, Iraq the Italian Archaeological Excavations at Tell Zurghul Ancient Nigin ,Iraq,Final Report of the Seasons 2015-2017, Quaderni di Vicino Oriente, Vol.16,

Encyclopedia of Ancient History, First Edition by Roger S. Bager, et al, Blackwel.

- Schrakamp.I. 2018. "Irrigation in 3rd Millennium‹Southern Mesopotamia: Coniform Evidence from the Early Dynastic IIIb City-State of Lagash.2475-2315BC., Water Management in Ancient Civilazation, Vol.53, Berlin Studies in the Ancient World.

- Schrakamp. I, Gabor Zolyomi,.2024. Reevaluation.1. the So-called Reform of Urukagina: Social Justic, Vertical Solidarity and Reciprocity, ZAR, Vol.30, Germany.

- Schrakamp.I ,.2015. URUKAGINA und die Geschichte von Lagash am Ende der frühdynastischen Zeit, It's a Long Way to a Historiography of the Early Dynastic Period.s, AVO, Vol.15, Ugarit-Verlag, Münster.

- Schrakamp.I,.2015., Urukagina, Sohn des Engilsa, des Stadtfürsten von Lagaš ": Zur Herkunft des Urukagina, des letzten Herrschers der,1. Dynastie von Lagaš , Altorientalische Forschungen , Vol. 42, No1, Germany.

- Schrakamp.I. 2015. Urukagina. Herrscher der1. Dyn. von Lagas, Reallexikon der Assyriologie und Vorderasiatischen Archäologie, Vol.14, No.5/6, Berlin.

- Selz. G J.2015. Ur-Nanše, RIA, Vol.14.

- Selz.G,.1998.,du$_{11}$-ga-ni-mu-gi-na, aber steht die Lesung von URU-KA-gi-na. -k. fest ? Ein Beitrag zum Problem des göttlichen Wortes in Sumerischen Personennamen , Altorintalische Forschungen, Vol.25, No.2.

- Seminara.S ,.2015.,Die Rede Des Königs. Die Sogenanten ,Refomen UruKAginas Roma.

- Nadali.D, Andera Polcaro,Lorenzo Verderam ,.2016.,New Inscription of Gudea from Tell Surghul/Niĝin, Iraq, Zeitschrift für Assyriologyie ,Vol.106, No.1, Roma, p16.: Huber Vulliwt.F,2009, Sirara ", RA, Bb.12, No7/8.

- Pittman.H ,.2023.,Back to Lagash, Greetings from Lagash, Expedition, Vol.65, No.1, Pen Museum, Birmingham.

- R.Foster.B,.1995., Social Reform in Ancient Mesopotamia ", Social Justice in the Ancient World, ed. K.D Irani and Morris Silver,London.

- Romano.L,.2014.,Urnanshe 's Family and the Evolution of Its Inside Relationshipes as Shown by Images, La Famille danse le Proche-Orient ancient:realites ,Smbolismes, et images, ed. Lionel Marti, Indiana.

- Sallaberger.W,. 2006., SumerIscher Zettelkasten,Leipzing-Münchener.

- Sallaberger.W ,Ingo Scharkamp,.2015. Philological data for a Historical Chronology of Mesopotamia in the 3rd Millennium ,ARCANE History &philology, Vol.3,Brepoles.

- Schrakamp.I,.2012. , Ur-Nanshe and the First Dynastic of Lagash, the Encyclopedia of Ancient History, First Edition by Roger S. Bager, et al, Blackwell.

- Schrakamp.I, Gabor Zolyomi.2025."Reevaluation.2. the So-called Reform of Urukagina, Altorientalische Forschungen, Vol.52, No.1.

- Schrakamp.I. 2013. Lugalzagesi, The

Zwischen Politik und Theologe, It's a Long Way to a Historiography of the Early Dynastic Period.s., AVO, Vol 15, Ugarit-Verlag. Münster.

- Steinkeller.P.1991. The Reforms of UruKAgina and an Early Sumerian Term for Prison, Aula Or, Vol.9, No.1-2, Univesitat de Barcelona-IPOA.

- Steinkeller.P. 2023. Urukagina' s Rise to Power,The IOS Annual, Vol.23, Boston.

- Stenkeller.P,.1995.,Rievew work: Altsumerische Verwaltungstexe aus GIRSU/ LAGAŠ Joachim Marzahn ", JAOS, Vol.115, No.3.

-ePSD: The Electronic Pennsylvania Sumerian Dictionary..https://oracc.museum.upenn.edu/epsd2/.

- CDA: A Concise Dictionary of Akkaian.,.2000., Edited byJermyBalck, Andrew George, Nicholas Postagate, Harrassowitz Verlag. Wiesbaden.

- CDLI:.https://cdli.earth.

بە عەرەبی:

الجبوري، جاسم شهد وهد، (٢٠٢٣)، تدمير وحرق المدن في بلاد الرافدين (٢٨٠٠-٥٣٩ق. م)، مجلة القادسية في الاداب والعلوم التربوية، مج٢٣، ع٣، الجزء ١.

•داليا حنفي محمود، (٢٠٢٢) المعبود لوجل أورو-كر في مصادر ملوك أسرة لجش الأولى، مجلة كلية الاداب، ع٧١، كلية الاداب، جامعة المنصورة، مصر.

•الأنصاري، داليا فوزي،(٢٠٢٠) الأسرة العراقية القديمة في ضوء النصوص المسمارية، رسالة ماجستير(منشورة)، كلية الاداب، جامعة بغداد.

•العكيلى، رجاء كاظم عجيل، ((٢٠٢٦) سلالةلجش الاولى ]٢٥٥٠-٢٣٧٠ق.م] والثانية [٢٢٥٠-٢١١٤ق.م] دراسة تاريخية، رسالة ماجستير، جامعة بغداد.

•جاسم، فارس عجيل، (٢٠٢١) دراسة تاريخية في نهب الآثار العراقية لكش أنموذجا، مجلة أبحاث البصرة للعلوم لإنسانية، ع١، مج ٤٦، جامعة البصرة.

•عبدالأمير، محمد، (٢٠١٥) أوروكاجينا ملك المظلوم، مجلة الفنون وألادب وعلوم الانسانيات والاجتماعات، ع١، جامعة المستنصرية، بغداد.

الملخص

أوروكاجينا، آخر ملوك السلالة الأولى في لجش، يعتبر أحد أقوى الملوك السومريين في النصف الثاني من عصر فجر السلالات السومرية (٢٥٠٠-٢٣٥٠ق.م) في جنوب بلاد ما بين النهرين. يعد أيضا كاتبا لأقدم نص للإصلاح الاجتماعي والاقتصادي، والذي يعتبر أحد أقدم الأمثلة على التشريعات والتنظيمات الاجتماعي في التاريخ، ظهرت نصوص إصلاحاته في خمس نسخ مختلفة من حيث المحتوى والتاريخ، وقد حفظت على حوالي (١٠) مخاريط،دونت أغلبها على معظمها على مخاريط فخارية و أوان بيضاوية الشكل، جميها تكتمل بعضها البعض من حيث المعلومات، وقد عمل ئيريكاجينا على استرداد حرية المواطنين الذين تعرضوا لشتى صنوف الظلم والاضطهاد، فأعاد إليهم حقوقهم التي سلبت وبدأ مرحلة من اللإصلاحات الجذرية في بنية الدولة ومجتمعها، ويعد نص إصلاحات أوروكاجينا من أقدم النصوص التي ذكر كلمة سومرية (ama-gi) "الحرية"، في إشارة إلى تحرير المواطنين من الأعباء الجائرة مما يجعل من هذا الملك رمزا مبكرا لفكرة العدالة الاجتماعية و اللإصلاح المدني في التأريخ.

Abstract

URU-kagina, the last king of the first dynasty of Lagash, is considered one of the most powerful Sumerian rulers during the Early Dynastic IIIb or Pre-Sargonic Period (2500–2350 BCE) in southern Mesopotamia, He is also recognized as the author of the earliest known text on economic and social reform, regarded as one of the oldest examples of legal and social regulations in history, Records of his reforms appear in five different versions ,varying in content and historical context, preserved on around ten inscriptions—mostly on clay cones or oval-shaped clay tablets, In terms of information they all complement each other, Urukagina worked to restore freedom to citizens who had suffered various forms of oppression and injustice, returning radical reforms in the structure of the state and society. his reform text contains the earliest known written use of the Sumerian word (ama-gi) "Freedom referring to the liberation of citizens from unjust burdens, this made him an early symbol of social justice and civil reform in .history

Keywords: Uru-Kagin, Reformation, ,Legal, Text

وەرگرتن: ٢٠٢٥/٧/٢٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٩/٧

# پێوەرەکانی پۆلێنکردنی ستراتیژیی گوتار

م. ی. عدنان حمدامین یونس
بەشی کوردی
کۆلیژی زمان
زانکۆی سەلاحەدین
adnanshekhani2@gmail.com

پ. د. عبدالله حسین رسول
بەشی کوردی
کۆلیژ زمان
زانکۆی سەلاحەیدن
abdulla.raswl@su.edu.krd

پوختە

ئەم توێژینەوەیە باسی ئەو پێوەرانە دەکات کە نێرەری گوتار دەبێت لە دارشتنی ستراتیژییەکانی گوتاردا ڕەچاویان بکات. پێوەرەکان سێ پێوەری سەرەکین: پێوەری کۆمەڵایەتی، پێوەری زمانی و پێوەری ئامانجی گوتار. نێرەر هەر ستراتیژییەک هەڵبژێرێت؛ دەبێت ئەم پێوەرانە لەبەرچاو بگرێت، بۆ ئەوەی گوتارەکەی ئامانجەکانی بە باشی بپێکێت. بەشی یەکەم: لە پێوەری کۆمەڵایەتیدا باس لە بیردۆزە نوێیەکانی شێوازی گەیاندن و پەیوەندیی گوتار کراوە. لەم بارەیەوە بۆچوونەکانی پاول گرایس، ڕۆبین لاکۆف، جیوفری لیچ، پێنیلۆپ براون و ستێیگن لیڤنسۆن باس کراون، کە سنوور و شێوازی پەیوەندیی نێوان هەردوو لایەنی گوتار دەستنیشان دەکەن. بەشی دووەم: باس لە پێوەری شێوەی گوتار دەکات، کە چ کاریگەرییەکی لە سەر هەڵبژاردنی ستراتیژیی گونجاو بۆ گوتار هەیە. ئەو ئاستانەی زمان کە نێرەر دەبێت بیانکاتە بنەما بۆ دارشتنی ستراتیژییەکەی؛ باس کراون، وەک: ئاستەکانی وشەسازی، ڕۆنان، واتا، ئاستی دەنگی و ئاوازە. بەشی سێیەم: پێوەری ئامانجی گوتار، کە دەبێت نێرەر ئامانجێکی ڕوونی لە گوتارەکەیدا هەبێت، چونکە ئامانج کاریگەریی زۆری هەیە، ستراتیژییەکانیش بۆ ئەوەن کە گوتار بە سەرکەوتوویی ئامانجەکانی بپێکێت.

کلیلەوشە: گوتار، ستراتیژییەکانی گوتار، پێوەرەکانی ستراتیژی، بنەماکانی ڕێزداری، ئامانجەکانی گوتار

## پێشەکی

ستراتیژییەکانی گوتار یەکێکە لە بابەتە گرنگ و سەردەمییەکان، ئامادەکردن، یان پێشکەشکردنی گوتار. بە بێ بوونی ستراتیژیی دیاریکراو، نێرەر ناتوانێت مەبەستەکانی بگەیەنێتە وەرگر. جۆری ستراتیژییەکە دەوەستێتە سەر رەوتی رووداوی گوتار. ستراتیژییەکان جۆراوجۆن، لەوانە: ستراتیژییەکانی ئاراستەکردن، ئاماژەپێکردن، هاوسۆزی، ڕازیکردن و... لە هەڵبژاردنی هەر ستراتیژییەتێکدا نێرەر دەبێت رەچاوی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، زمانییەکان و ئامانجی گوتار بکات کە دەبنە پێوەری هەڵبژاردنی ستراتیژییەکان. ئەم توێژینەوەیە لە سنووری دارشتنی ستراتیژیی گوتاردایە، نموونەکانیش لە چوارچێوەی دیالێکتی ناوەڕاستدان. گرنگیی دارشتنی ستراتیژیی گوتار روون دەکاتەوە، ئەو پێوەرانە دەخاتە روو کە پێویستن بۆ پەیرەوکردنی هەر ستراتیژییەکی گوتار. ئامانجەکەی بەرچاوڕوونی و زانیاریبەخشینە بە نێرەری گوتار، بۆ ئەوەی ئەو ڕەهەندانەی لە دەوروبەری گوتاردا پێویستن؛ لەبەرچاو بگیرێن. توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی "پەسنی شیکاری"دا ئەنجام دراوە، ئەو بنەمایانە خراونەتە روو کە لە پەیوەندیی نێوان هەردوو لایەنی گوتاردا پێویستن. جگە لە پێشەکی و ئەنجام، توێژینەوەکە لە سێ بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەم پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵبژاردنی ستراتیژیی گوتارە. لە بەشی دووەمدا پێوەرە زمانییەکان باس کراون. لە بەشی سێیەمدا پێوەری ئامانجی گوتار باس کراوە. مەبەست لە پێوەرەکانی دارشتنی ستراتیژییەکانی گوتار، نواندنی ستراتیژیی کردەوەی مرۆڤە، واتە: رەفتاری ئاراستەکراو، مەبەستدار، هۆشیارانە و کۆنترۆڵکراو. ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری لە جیهاندا.

ستراتیژییەکان ئەم گۆڕانکارییانە دەهێننە ئارا، یان ڕێگری لە ڕوودانیان دەکەن. واتە ڕێگەی تایبەتن بۆ گۆڕینی بارودۆخی کردەکان، لە حاڵەتێکدا بۆ حاڵەتێکی تر. لە بەرانبەردا کردارەکان لەلایەن زانیاریيە مەعریفییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، وەک: ئامانج و ئارەزووە بنەڕەتییەکان، خواستەکان و بڕیارەکان بۆ دۆخی کۆتایی وەک ئەوەی بکەر مەبەستیەتی(Van Dijk, Kintch١٩٨٣:٦٥) بۆ دارشتنی هەر ستراتیژییەکی گوتار، دەبێت ئەم پێوەرانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن:

- پێوەری کۆمەڵایەتی، واتە پەیوەندیی نێوان بەشداربووان.
- پێوەری زمانی، واتە شێوەی گوتار لە گەیاندنی مەبەستەکانی نێرەر بە ڕاستەوخۆ یان ئاماژەکردن.
- پێوەری ئامانجی گوتار (خیون ٢٠٢٢: ١٨)

### ١-١. پێوەری پەیوەندیی نێوان هەردوو لایەنی گوتار

لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا چەندین جۆری پەیوەندی هەن. ئەم پەیوەندییانە لەوانەیە کۆمەڵایەتی، یان پەیوەندیی کارکردن، یان هەر جۆرە پەیوەندییەکی تر بن. پێشوەختە کار لە بەرهەمهێنانی گوتاردا دەکەن و دەبن بە توخمە کاریگەرەکانی ڕەوتی گوتار. واتە هەموو پەیوەندیکردنێک دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕەوتەوە. ڕەوتیش بریتی دەبێت لە جۆری پەیوەندیی نێوان تاکەکان: "بێگانەن، هاوڕێن، هاوپیشەن، کوڕ و باوکن..." بەمەش پەیوەندییەکانی دەرەوە و ناوەوەی ڕەوتی گوتار دیار دەکەون. پەیوەندیی ناوەوە: دەوەستێتە سەر کاتی ڕووداو و چۆنێتیی کارلێککردنی بەشداربووان. پەیوەندیی دەرەوە، بریتییە لە: زانیاریی پێشوەختەی هەر لایەنێکی گوتار لە سەر لایەنەکەی تر و هەڵسەنگاندنی

بارودۆخ (condition). لە هەموو بارودۆخێکیشدا نێرەر پێویستی بە ستراتیژیی تایبەت دەبێت، بۆ ئەوەی گونجانێک لە نێوان بەشداربووان و ڕەوت و باری بەرهەمهێنانی گوتاردا دروست بکات (خطابی ١٩٩١: ٣٠٢). پەیوەندیی نێوان بەشداربووانی گوتار لە سەر دوو ئاست دەوەستێت:

ئـ ئاستی پەیوەندیی ئاسۆیی: ئەم پەیوەندییە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە: ئایین: موسوڵمان، مەسیحی، جوولەکە و... ڕەگەز: نێر، مێ... تەمەن: منداڵ، گەورە، پیر و... پیشە: مامۆستا، قوتابی، ئەفسەر، کرێکار و... نەتەوە: کورد، عەرەب، فارس و... هەروەها چەندین پەیوەندیی تر دەگرێتەوە، وەک: باری کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی سۆزداری، هەژار و دەوڵەمەند و...

ب. ئاستی پەیوەندیی ستوونی: ئەم جۆرە پەیوەندییە لە پلە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەدا بەدیار دەکەوێت، پلەبەندی دەداتە تاکەکان، بە جۆرێک هەریەکە لە بەشداربووانی گوتار سەر بە پلەیەکن، چ پلەی کۆمەڵایەتی بێت، یان پلەی پیشەیی. دەبێت نێرەری گوتار ئەم ڕاستییە لە بارەی وەرگران و باری گوتارەوە بزانێت، دەبێت بزانێت کێ پلەی لە نێرەر بەرزتر و کێ لە هەمان پلەی نێرەرە و کێ پلەی نزمترە؟ (مطروش ٢٠١٩: ٤٣)

پەیوەندییەکان دابڕاو نین. دەکرێت لە هەر چوارچێوەیەکی پەیوەندیکردن (communication) دا هەردوو جۆری پەیوەندییەکە تێکەڵاو بن. لەوانەیە نێرەر لە پلەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا بێت، لەگەڵ وەرگردا هەمان ئایین یان پیشەیان هەبێت، یان جیاواز بن، چونکە جۆری پەیوەندییەکان بەناو یەکدا چوون و لە نێوان پلە کۆمەڵایەتییە نزم و بەرزەکاندا ڕیزبەندییەک پلەی بەیەکەوەبەستراو هەن کە تۆڕی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنن. بۆیە: هەریەکە لە بەشداربووانی گوتار دەکەوێتە پلەیەک و لەوانەیە ڕیزبەندییەکی نزمتر، یان بەرزتر، یان لەگەڵ لایەنەکەی تری گوتاردا هاوتای هەبێت. ئەم پەیوەندییانە نێرەر هان دەدەن بۆ داڕشتنی ستراتیژییەکی گونجاو، لە ڕووی زمان و ڕەوت و باری بەرهەمهێنانەوە. بە فەرامۆشکردنی هەریەک لە پەیوەندییەکان، جۆری پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگریش دەگۆڕێت، لەوانەیە گوتارەکەی بچێتە چوارچێوەی بەکارهێنانی هێز، یان سەپاندنی دەسەڵاتەوە (الشهری ٢٠٠٤: ٨٩).

لە توێژینەوە نوێیەکانی زمانەوانیدا، بۆ داڕشتنی ستراتیژیی گوتار و ئاخاوتن، توێژەران هەوڵیان داوە شێوەی پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگر لە یاساکانی گوتاردا جێگیر بکەن. سەرەڕای جۆراوجۆری و جیاوازیی توێژینەوەکان، زۆربەیان لە ژێر دیاردەی "ڕێزداری" (التأدب)دا جێگەیان دەبێتەوە. هەندێکیان لە گوتاردا ڕۆڵێکی گرنگیان بە یاساکان داوە، وەک: "لاکۆف". هەندێکی تر مەرجی یەکەمی بەرهەمهێنانی گوتاریان پێ دا، وەک: "لیچ". لەلای "براون و لیڤنسۆن" لە ڕێگەی هەندێک هێمای زمانی شێوەیەکی گشتییان پێ دراوە. ئەوەی هەموو ئەم توێژینەوانە کۆ دەکاتەوە، ئەوەیە کە خاڵی دەستپێکی هەموویان بنەماکانی هاریکاریی "گرایس"ە (راموس ٢٠١٤: ٨٤).

### ١- ٢. بنەماکانی هاریکاریی گرایس

گرایس گەیشتە ئەو بڕوایەی پێویستە سنوورێکی ژیربێژی (Logic) بۆ ئاخێوەر دابنرێت کە گوتارەکەی ڕێک بخات، بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاخاوتنەکە سەرکەوتوو بێت، بۆ ئەمەش چوار بنەمای بۆ ئاخاوتن داناوە. بنەماکان وەک چەند یاسایەکی ئاخاوتن ڕۆڵی گرنگیان هەیە

بۆ لێکدانەوەی ئاخاوتن و شیکردنەوەی گوتار. گرایس خۆی دان بەوەدا دەنێت کە ئەم بنەمایانە بنەمای کۆتایی نین، لەوانەیە بنەمای تر هەبێت وەک بنەمای: ڕەوشتی، کۆمەڵایەتی، زمانەوانی و جوانکاری. لەگەڵ ئەوەشدا بنەماکان بنەمای گرنگن. بە دارشتنی ئەم بنەمایانە، گرایس دەرگای ئەوەی کردەوە کە دەکرێت بنەماکان زیاد بکرێن یان ڕێک بخرێنەوە (Grice, ١٩٨٩: ٢٧).

لە شیکردنەوەی ئاخاوتندا گرایس ئەوە دەکاتە دەستپێک کە قسەکەران لە گفتوگۆکانی ڕۆژانەدا پشت بە ڕەوشتی هاریکاری دەبەستن، ژیانی هەماهەنگیی ناو کۆمەڵگەش ئەو بنەمایە دەسەپێنێت. گرایس ئاماژە بەوە دەکات کە گفتوگۆ کردەیەکی هاریکارییە، هەر بەشداربوویەک تا ڕادەیەک لە مەبەستێک یان مەبەستەکانی بەرانبەر تێدەگات. بە شێوەیەکی پەسەند ئاخێوەران هێڵی هاوبەشی پەیوەندیکردن دروست دەکەن و چارەسەری ئەو بابەتانە دەکەن کە بەلایانەوە گرنگە. ئەگەر ئەم هێڵە هاوبەشە بپچڕێت، گتفوگۆ کۆتایی دێت ,Bach) Harnish١٩٧٩:١٠٤)

کەواتە گرایس لە بنەمای هاریکاریدا لێپێچینەوە لەوە دەکات کە ڕاستیی پەیوەندی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی چەند بنەمایەکی کۆمەڵایەتییەوە کە چالاکیی گشتگیریان هەیە. بۆیە گرایس بڕیار دەدات کە چەند یاسایەکی ئاوەزی (mental) هەن؛ جێبەجێکردنیان لە هەر کردەیەکی پەیوەندیکردندا پێویستە. بەمە گرایس هەوڵ دەدات کە بۆچوونە نەریتییەکانی ئۆستن پەیوەست بە مەرجەکانی خاوەنداریی گوتار؛ شی بکاتەوە و ڕاست بکاتەوە. ئەم ڕاستکردنەوەیەی "کردەی قسەیی"، لە ڕەوتێکی تایبەتدا بەو یاسایانەوە دەبەستێتەوە کە دەست بەسەر گوتارێکی زارەکیدا دەگرن. هەر ڕەفتارێکی هاریکاریی مرۆییش بەرەو ئامانجێک ئاڕاستە دەکرێت (Grice ١٩٨٩:٤٥)

بنەماکانی هاریکاریی گرایس بۆ زنجیرەیەک لقی لاوەکی دابەش دەبێت، کە پێویستە ئاخێوەران پەیڕەوی بکەن ئەگەر بیانەوێت گوتارەکانیان کاریگەریی هەبێت. ئەم یاسایانە بۆ بەهێزکردنی ڕەوشتی هاریکاریی نێوان نێرەر و وەرگر بە ستراتیژییەکانی هاریکاری دادەنرێن و یاساکان دەبن بە پلانی پێشوەختە بۆ نێرەر.

### ١-٢-١. یاساکانی ئاخاوتن

گرایس بنەماکانی بە شێوەی فەرماندان داڕشتووە، ئەم شێوە فەرماندانە لە کەسێکی دیاریکراوەوە بۆ کەسی بەرانبەری نییە، بەڵکوو ئاڕاستەی هەموو کۆمەڵگە و قسەکەران کراوە. شیلتۆن Chilton١٩٨٧) پێی وایە دیار نییە کێ فەرمان بە کێ دەکات و کێ ئەو یاسایانە دەسەپێنێت، بەڵکوو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژینگەی پەیوەندیکردن ئەو بنەمایانە بەسەر قسەکەراندا دەسەپێنن (راموس، ٢٠١٤: ٨٣).

#### ١-٢-١-١. بنەمای چەندێتی (maxim of quantity)

ئـ با قسەکانت ئەوەندە بن کە وەرگر پێویستیەتی.
ب. با زانیارییەکانت لە بری پێویست زیاتر نەبن.

گرایس پێی وایە بەشی دووەم ئەوە دەگرێتەوە کە هەندێک زانیاری هەن پێویست ناکات هەموویان بگوترێن، بۆ ئەوەی گوێگر بیر بکاتەوە و خۆی ئەنجامێک بەدەست بهێنێت. لەوەشدا ئاماژە بە ئەنجامی هەندێک چیرۆک و گێڕانەوە دەکات کە دەبێت وەرگر خۆی ئەنجامەکە هەڵبهێنجێت. هەروەها هەندێک هۆکاری تر هەن، وەک: گوتنە تابۆکان، هەندێک هەواڵ کە نابێت هەموو کەس

وردەکاریی بزانێت، هەندێک یاسای ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی هەن کە دەبێت قسەکەر لەبەرچاویان بگرێت، ناکرێت لە هەموو بارودۆخێکدا بگوترێن (راموس ٢٠١٤: ٨٩).

١-٢-١-٢. بنەمای چۆنێتی (maxim of quality)

هەوڵ بدە کە گوتنەکانت ڕاست بن:

ئـ ئەوە مەڵێ کە وا دەزانیت هەڵەیە.

ب. ئەوە مەڵێ کە ناتوانیت بیسەلمێنیت.

بە پێی ئەم بنەمایە، شاردنەوەی ڕاستییەک بە درۆ دادەنرێت. لە دۆخی یەکەمدا لەوانەیە لە چەندێتیی هەواڵدا ڕووبەڕووی کێشەیەک ببینەوە، نەک چۆنێتییەکەی. درۆی بەمەبەست پێشێلکردنی بنەمای چۆنێتییە، چەندین هۆکار هەن کە درۆی تێدا دەکرێت، وەک: ئارەزووی قسەکەر، کە نایەوێت زانیارییەکان بە وردی و ڕوونی بگەیەنێت.

١-٢-١-٣. پەیوەندیدار بە (Be relevant)

ئـ زانیارییەکانت پەیوەندیدار بن.

ب. لە دەربڕینە تەمومژاوییەکان دوور بکەوە.

گرایس پێی وایە ئەم بنەمایە گرنگیی کەمترە لە بنەماکانی تر، چونکە زیاتر پەیوەستە بەوەی چۆن گوتن دەردەبڕدرێت نەک چی دەگوترێت. گرنگی لە بنەمای چۆنێتی کەمترە، چونکە بنەماکە باس لە چۆنێتیی گوتن دەکات. لیچ پێی وایە هۆکارەکە ئەوەیە بنەمای شێواز سەر بە بنەمای هاریکاری نییە و زیاتر سەر بە ڕەوانبێژیی دەقە (Grice ١٩٨٩:٢٧).

١-٢-١-٤. گونجان (manner)

ئـ پابەند بە بەوەی گوتنەکانت گونجاو بن.

ب. ئەوە بڵێ کە سەرنجی گوێگر ڕابکێشێت، ئەوە بڵێ کە بەلایەوە گرنگە.

گرایس دان بەوەدا دەنێت کە پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایە گەلێک کێشەی گوتن بزر دەکات. "گاردار" پێي وایە هیچ هەوڵێک بۆ جێبەجێکردنی بیردۆزی واتایی لە سەر ئەم چەمکە سەرنەکەوتووە، بۆ ئەوەی وەک نموونەیەک لە مەبەستزانی (pragmatic) بەکار بێت (راموس ٢٠١٤: ٩٣). بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە، چەمکی گونجان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای نەوەدەکاندا لەلایەن توێژەرانی مەبەستزانییەوە گرنگیی زۆری پێ درا، بە تایبەتی "سپێربر و ویلسۆن‘‘، کە هەوڵیان دا هەموو بنەماکانی گرایس لە بیردۆزی گونجاندا کۆ بکەنەوە، لە چوارچێوەیەکی جیاوازدا، کە بریتی بوو لە چوارچێوەی دەروونناسیی کۆزانینی (Cognitive Psychology). لە جیاتیی بنەما کۆمەڵایەتییەکان، کە گرایس پەیڕەوی دەکرد. گرنگیی بنەمای گونجان لەوەدایە بۆ لێکدانەوەی هەندێک گوتن بەکار دێت، کە هیچ پەیوەندیی بە دەربڕینەکەوە نییە (راموس ٢٠١٤: ٩٤).

١. – کاتژمێر چەندە؟

+ شەمەندەفەرەکە تێپەڕی.

١-٣. بنەمای ڕێزداری

لاکۆف پێی وایە بۆ خوێندنەوەی ڕەوتی گوتار، بارە کۆمەڵایەتییەکان و بارە ئاڵۆزەکان، ڕستەکان و دەربڕینەکان ڕەنگدانەوەی ئاڕاستەی نێرەر دەنوێنن. بە تایبەتی پێشبینییەکانی لە بارەی ئەو کەسانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. هەستیان چۆنە؟ پایەی کۆمەڵایەتییان چییە؟ پایەی خۆی بەرانبەر وەرگران لە چ ئاستێکدایە؟ هەڵوێستی ڕاستەقینەی بەرانبەر دەوروبەری پەیوەندیکردن، ئەو زانیارییانەی کە دەیەوێت بیانگەیەنێت، ئەو بڕیارانەی کە دەیدات، ئەو ئامانجانەی کە لەم کردەی پەیوەندیکردنەدا

دەیەوێت بەدەستیان بهێنێت. ئایا نێرەر دەیەوێت جیاوازیی پلەبەندی لەگەڵ وەرگردا نیشان بدات؟ یان دەیەوێت جیاوازییەکان کاڵ بکاتەوە و خۆی لە وەرگر نزیک بکاتەوە، یان دەیەوێت لە بەردەم وەرگردا مەرایی بکات؟ هەموو ئەمانە ئەنجامێکی گرنگ دەبن بۆ نیشاندانی ناوەرۆکی مەبەستزانیی کردەی قسەییدا، کە لە دیارکردنی جۆری پەیوەندیی نێوان هەردوو لایەنی گوتاردا بەشدارە، واتای تەواو بە گوتار دەدات و مەبەستەکانی نێرەر دیار دەکات (عەبدولڕەحمان ١٩٩٨: ٢٤٢). بۆ نموونە:

٢. بە یارمەتیت پەنجەرەکە دابخە!

ئەم دەربڕینە بە گوتارێکی لاوەکی دادەنرێت، بەو پێیەی نێرەر پلەیەکی هەیە، یان هاوتایە لەگەڵ وەرگر و نزیکایەتییان لە نێواندا نییە. لەم بارەدا "بە یارمەتیت" واتە: من داوات لێ دەکەم ئەم کارەم بۆ بکەیت، هەر چەندە تۆ پابەند نییت کە کارەکە بکەیت. بەڵام ئەگەر نێرەر پلەی بەرزتر بوو، ئەوا واتای "بە یارمەتیت" دەگۆڕێت و دەچێتە چوارچێوەی ڕێزدارییەوە، چونکە نێرەر توانای ئەوەی هەیە وەرگر ناچار بکات، یان فەرمانی بەسەردا بکات بۆ ئەوەی کارەکە ئەنجام بدات. دەربڕینی "بە یارمەتیت" ئەوە دەگەیەنێت کە نێرەر دەیەوێت ڕێزداری بنوێنێت. جیاوازییەکەش ئەوەیە لە هەڵوێستی یەکەمدا وەرگر دەتوانێت داواکارییەکە ڕەت بکاتەوە، بەڵام لە هەڵوێستی دووەمدا باشتر وایە بە بێ هۆکار داواکارییەکە ڕەت نەکاتەوە. بۆ نموونە:

٣. ئۆو، ئێرە زۆر گەرمە!

بۆ ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە لە هەڵوێستی یەکەم گونجاوە، بەڵام ڕەنگە بۆ هەڵوێستی دووەم گونجاو نەبێت. لاکۆف دەیەوێت جۆرێک لە لێکچوون لە نێوان یاساکانی ڕستەسازی و لێکدانەوەی مەبەستزانیی گوتاردا دروست بکات، وەک ئەوەی گوتارێک لە ڕووی مەبەستزانییەوە چۆن دارێژراوە؟ تا چ ڕادەیەک لە یاساکانی گوتار لا دەدات؟ بۆیە سێ بواری ڕەفتاری مەبەستزانی بۆ گوتار دیار دەکات: (Lakoff١٩٧٣:٢٩٥).

- گریمانەکانی نێرەر لە بارەی پەیوەندی لەگەڵ وەرگردا.

- بارودۆخی قسەکەر لە جیهانی ڕاستەقینە (real-world)دا کاتێک قسە دەکات.

- تا چ ڕادەیەک نێرەر دەیەوێت یەکێکیان یان هەردووکیان بگۆڕێت، یان پەرەیان پێ بدات؟

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕەوشتە مەبەستزانییانەدا، لاکۆف دوو ڕێسای بنچینەیی دەهێنێتە ئاراوە کە هەندێک جار هاوکات دەبن و هەندێک جار یەکتر تەواو دەکەن، هەندێک جاریش بە پێی باردۆخ لە ململانێدا دەبن. ئەم دوو ڕێسایە بریتین لە: ڕێساکانی توانستی مەبەستزانی (Rules of Pragmatic Competence).

١. ڕوون بە (Be clear)

٢. بەڕێز بە (Be polite) (Lakoff١٩٧٣: ٢٩٦)

ستراتیژیی نێرەر لە پەیڕەوکردنی هەردوو ڕێسادا بە پێی ئامانج دەگۆڕێت. هەندێک جار دەیەوێت یەکێک لە ڕێساکان لە گوتارەکەیدا زاڵ بێت. هەوڵ دەدات ڕوون بێت کاتێک ئامانجی سەرەکی پەیوەندیی ڕاستەخۆیە لەگەڵ وەرگراندا. بۆیە مەبەستەکان بە ڕوونی دەگەیەنێت، بۆ ئەوەی هەڵەتێگەیشتن لای وەرگران ڕوو نەدات. لە هەمان کاتدا بنەمای ڕێز زیاتر پەیڕەو دەکرێت ئەگەر ئامانجی نێرەر ئەوە بێت کە هەستەکانی بەرانبەر وەرگر دەربڕێت. بۆ نموونە: ئەگەر وەرگر پێگەی کۆمەڵایەتیی لە نێرەر بەرزتر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕوونی، گەلێک جار ڕێزیش دەنوێنێت. ئامانجی

گوتار؛ زاڵبوونی یەکێک لە بنەماکان دیار دەکات. لە گوتاری نافەرمی بنەماکانی ڕێزدا زیاتر پێڕەو دەکرێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەش بنەماکانی هاریکاریی گرایس ڕەت ناکاتەوە، بەڵکوو کردوویەتی بە بنچینە بۆ هەردوو بنەماکە. لە پەیوەندییە فەرمییەکانیشدا بنەمای هاریکاری زیاتر پەیڕەو دەکرێت، بە تایبەتی لە گوتاری زانستی و وانەگوتنەوەدا، چونکە ئەم هەڵوێستانە بۆ گوتنی زیادە و هەستبزواندن لەدوای بنەماکانی توانستی مەبەستزانییەوە گونجاو نین. لاکۆف سێ لقی تری لە بنەمای ڕێزدا دارشت، بە ناوی بنەماکانی "ڕێزداری" لە گوتاردا (الشهری، ٢٠٠٤: ١٠٠).

R1. خۆسەپێن مەبە (Don't impose).

R2. بژاردە بدە (Give options).

R3. هەستێکی باش دروست بکە - دۆستانە بە.
(Make A feel good - be friendly.)

هەندێک جار دوو یان زیاتر لەم بنەمایانە پێکەوە جێبەجێ دەکرێن و یەکتری بەهێز دەکەن. دەبێت نێرەر ئەوە بزانێت لە چ بارێکدایە؟ کام بنەما هەڵدەبژێرێت، "R1" یان "R3"، چونکە لەوانەیە یەکێکیان ئەوی تر هەڵبوەشێنێتەوە یان جێگەی بگرێتەوە. بۆ نموونە:

"R١" واتە ستراتیژیی دوورکەوتنە، خۆت لە کاروباری کەسانی تر هەڵمەقورتێنە. داوای مۆڵەت لە کەسی بەرانبەر بکە، پێش ئەوەی لەگەڵیدا بچێتە ناو گفتوگۆیەکی تایبەتەوە. بۆ نموونە:

٤. دەتوانم بپرسم چەند پارەت بۆ ئەو گوڵدانە داوە، بەڕێز؟

"R٢" واتە بژاردەکان لە بەردەم وەرگردا کراوە بن، خۆی بڕیارەکان وەربگرێت، ئەمەش گەلێک جار لەگەڵ "R١" لە یەک نزیک دەبنەوە و شوێنی دەگرێتەوە، ئەگەر "R١" لەگەڵ ڕەوتی گوتاردا نەگونجا. ئەم بنەمایە پێگەی وەرگر بەرز دەنرخێنێت، وەک لایەنێکی گوتار.

٥. ڕات چییە ئەگەر پیاڵە چایەک بخۆینەوە؟

"R٣" واتە ستراتیژی خۆنزیکردنەوە و هاوڕێیەتی، نێرەر هەوڵ دەدات هەستێکی دەروونی وا لای وەرگر دروست بکات کە یەکسانن (ئەگەر هاوڕێیەتییەکی ڕاستەقینە لە نێوان نێرەر و وەرگردا نەبوو)، بە چەند دەربڕینێک خۆی لە وەرگر نزیک دەکاتەوە، وەک: هاوڕێم، برام، یان بە نازناوەکەی بانگی دەکات. ئەمە ئەگەر نێرەر پایەی لە وەرگر بەرزتر بوو، بەڵام ئەگەر پایەی نزمتر بوو، ئەوا گوتارەکەی دەچێتە قاڵبی پاڕانەوەوە یان داواکردنی یەکسانی (Lakoff ١٩٧٣: ٣٠٣).

لاکۆف دەگاتە ئەو ئەنجامەی لە دوو لایەنەوە پەیوەندی لە نێوان بنەماکانی هاریکاری و بنەمای ڕێزدا هەیە:

یەکەم: ڕێککەوتنە، بنەمای "R١" تایبەتە بە ڕێککەوتن، لە میانی بەرهەمهێنانی گوتار بە شێوەی فەرمی کە پێویستە ڕوون بێت، ئەمەش وا دەکات بنەمای هاریکاری بکەوێتە ژێر ئەم بنەمایەوە. بەو پێیەی کە نێرەر کورتترین ڕێگە دەگرێتە بەر بۆ گەیاندنی زانیارییەکانی و کات بەفیڕۆ نادات.

دووەم: ڕێکنەکەوتنە کە خۆی لە بەرهەمهێنانی گوتاردا دەبینێتەوە، بە پێی بنەماکانی "R٢" و "R٣"، کە بە پێشێلکردنی بنەماکانی هاریکاری دادەنرێن (الشهری، ٢٠١٥: ١٤٦).

## ٤-١. بنەمای ڕوخسار

براون و لیڤنسون (١٩٧٨) گرنگییان بە بنەمای ڕێزداری دا و فراوانیان کرد، پێیان وا بوو بنەماکانی هاریکاریی گرایس بە تەواوی مەرجەکانی کردەی

پەیوەندیکردن ناگەیەنێتە ئامانج، چونکە تەنها چوارچێوەیەکی گشتیی گۆڕینەوەی زانیارین. کارلێکە کاریگەرەکان ئەوانەن کە لە بنەماکان لا دەدەن. لە ڕاستیدا "ڕێزداری" کاتێک دێتە ئاراوە کە نێرەر پشت بە ڕەهەندی پەیوەندیکردن دەبەستێت کە لە سەر بنچینەی لادان بونیاد نراوە. بۆیە ئەم دوو توێژەرە بۆچوونەکانیان لە بارەی ڕێزداری (التأدب)یەوە لە دوو ڕەهەندەوە خستە ڕوو:

ڕەهەندی یەکەم: گرنگییان بە سروشتی "ڕێزداری" و چۆنێتیی کارکردنی لە کردەی پەیوەندیکردن دا.

ڕەهەندی دووەم: کۆمەڵێک ستراتیژیی ڕێزدارییان خستە ڕوو (المیساویم، ٢٠٢١: ٢٤٩).

لای براون لیڤنسون بنەمای ڕێزداری لە سەر سێ چەمکی بنچینەیی دامەزراوە:

١-٤-١. ڕوخسار (Face)

براون و لیڤنسون چەمکی ڕوخساریان لە گۆفمان (١٩٦٧) خواستووە، کە لە فۆلکلۆری ئینگلیزییەوە وەریانگرتووە. ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو ڕوخسار بە چەمکەکانی شەرمەزاربوون، یان ڕیسوابوون یان لەدەستدانی ئابڕوو دەبەستنەوە. کەواتە ڕوخسار لە ڕووی سۆزدارییەوە بەرهەم هاتووە، دەکرێت لەدەست بدرێت، بپارێزرێت، یان بەهێز بکرێت. دەبێت بەردەوام لە کردەی کارلێکدا گرنگیی پێ بدرێت. بە شێوەیەکی گشتی، لە کارلێک و پەیوەندیدا، بەشداربووانی گوتار هاوکاریی یەکتر دەکەن لە پاراستنی ئابڕووی یەکتردا. ئەم جۆرە هاوکارییە لە سەر بنەمای هەستیاریی پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان بەشداربووان بونیاد دەنرێت. واتە پاراستنی ئابڕووی هەر بەشداربوویەک بەندە بە پاراستنی ئابڕووی ئەوانی ترەوە، بۆیە چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێت هەر بەشداربوویەک بەرگری لە ئابڕووی خۆی بکات ئەگەر هەڕەشەی لێ کرا. بە شێوەیەکی گشتی لە بەرژەوەندیی هەموو بەشداربوویەکدایە کە ئابڕووی یەکتر بپارێزن ( Brown & Levinsin ١٩٧٨: ٦١) بۆ شیکردنەوەی بنەمای ڕێزداری، براون و لیڤنسون دوو ڕوخسار جیا دەکەنەوە:

ڕوخساری ئەرێنی (positive face): وێنەیەکی ئەرێنییە کە هەر کەسێک لە بارەی خۆیەوە هەیەتی، ویستی هەر تاکێکە بۆ ئەوەی ئارەزووەکانی لەلای ئەوانی تر ڕێزیان لێ بگیرێت.

ڕوخساری نەرێنی (negative face): ویستی هەر تاکێکە بۆ خۆگەورەگرتن و پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندییە کەسییەکانی، کە ئارەزووەکانی لەلایەن ئەوانی ترەوە لەمپەریان بۆ دروست نەکرێت.

ڕوخساری ئەرێنی دەبێت پەسەند و خۆشەویست بێت، ئارەزووی هاوبەشیی لەگەڵ ئەوانی تردا هەبێت، بەڵام ڕوخساری نەرێنی دەبێت سەربەخۆ و دابڕاو بێت، فەرمان لە کەسانی تر وەرنەگرێت، چونکە چەمکی ڕوخسار بە پاراستنی ئابڕووی وەرگر بەستراوەتەوە. لە کردەی پەیوەندیکردن و کارلێککردندا، هەموو کەسێک هەوڵ دەدات لە میانەی چەمکی ڕوخساردا، بە هەردوو ڕووی ئەرێنی و نەرێنی، بە پشتبەستن بە دووریی کۆمەڵایەتیی نێوان بەشداربووان، یان سروشتی پەیوەندیی نێوانیان، وێنەی خودی خۆی نیشان بدات. هەر چەندە پەیوەندییەکە بەهێز بێت، دووریی نێوانیان کەم دەبێتەوە و ڕوخسار ئەرێنی دەبێت. بە پێچەوانەوە، چەندی دووریی نێوان بەشداربووان فراوان بێت، پەیوەندییەکە فەرمی دەبێت و ڕوخسار نەرێنی دەبێت (المیساوی ٢٠٢١: ٢٥٠).

### ١-٤-٢. ئەو كردارانەی هەڕەشەن بۆ ڕوخسار FTA (Face Threaten Actions)

براون و لیڤنسون چوار جۆر كردار دیاری دەكەن، كە هەڕەشەن بۆ سەر ڕوخسار:

١. ئەو كردارانەی هەڕەشەن بۆ ڕوخساری ئەرێنیی وەرگر، وەك: ڕەخنە، تاوانباركردن، یان ڕیسواكردن، بە شێوەیەك كە وێنە گشتییەكەی بشێوێنێت.

٢. ئەو كردارانەی هەڕەشەن بۆ ڕوخساری نەرێنیی وەرگر، وەك: فەرماندان، داواكاری، یان هەر كەسێك پێشێلی سەروەری و شكۆمەندی بكات، سەربەخۆیی بخاتە ژێر مەترسییەوە.

٣. ئەو كردارانەی هەڕەشەن بۆ ڕوخساری ئەرێنیی نێرەر، وەك: ڕەخنەلەخۆگرتن، دانپێدانان، داوای لێبوردن.

٤. ئەو كردارانەی هەڕەشەن بۆ ڕوخساری نەرێنیی نێرەر، وەك: ئەو پێشنیار و بەڵێنانەی كە خۆی دەیاندا و پێویستیان بە تەرخانكردنی كات و كەلوپەل هەیە (المیساوی، ٢٠٢١: ٢٥٠).

### ١-٤-٣. ستراتیژییەكانی ڕێزداری (Politeness strategies)

بۆ خۆپاراستن لەو كرادارانەی دەبنە هەڕەشە لە سەر ڕوخسار، براون و لیڤنسون چەند ستراتیژییەكی گونجاویان بۆ كردەی پەیوەندی و كارلێك پێشنیار كردووە، بۆ ئەوەی ئابڕووی هیچ لایەنێك نەكەوێتە ژێر هەڕەشە، یان ڕێژەی هەڕەشەكە كەم بكرێتەوە، چونكە هەر بكەرێكی ژیر هەوڵ دەدات خۆی لەو كردارانە دوور بگرێت كە ئابڕوو دەتكێنن. بۆیە پەیڕەوی ستراتیژییەكی دیاركراو دەكات، ستراتیژییەكان بۆ پێنج پلە پۆلێن كراون كە پلیكانەی ڕێژەی ڕێزداری دەنوێنن. نێرەر گوتارەكەی بە پێی یەكێك لەم ستراتیژییانە بەرهەم دەهێنێت، بە گوێرەی باروودۆخ تەنها یەكێك لەم ستراتیژییانە هەڵدەبژێرێت، لەمەشدا ڕەچاوی سێ گۆڕاوی دەوروبەر (circumference) دەكات:

١. ڕەهەندی كۆمەڵایەتیی نێوان نێرەر و وەرگر (پەیوەندیی هاوتایی) (symmetric relation)

٢. ڕەهەندی دەسەڵات لە نێوان هەردوو لادا (پەیوەندیی ناهاوتایی) (assymmetric relation)

٣. ئەو كۆتوبەندانەی كولتووریكی دیاركراو بەسەر نێرەردا دەسەپێنن (Cultural dimension)

هەریەك لەم ڕەهەندانە بە گۆڕاو دادەنرێت، بە پێی گۆڕان و جۆراوجۆریی دەوروبەر، چونكە پەیوەندیی كۆمەڵایەتی، دووری و نزیكایەتی و پەیوەندیی دەسەڵاتیش بە پێی پلەبەندی دەگۆڕێن. هەر كات و شوێنێكیش كۆتوبەندی دیاركراوی خۆی هەیە. هەر یەكێك لەم سێ گۆڕاوە سەرەكییانە بەشدار دەبن، بۆ ئەوەی نێرەر ستراتیژییەكی گونجاو بۆ گوتارەكەی دیار بكات و بتوانێت ئابڕووی خۆی و وەرگر بپارێزێت. دیاركردنی ئەم ستراتیژییانە لە میانەی كردەیەكی هزریدا ئەنجام دەدرێت كە لە سەر توانستی مەبەستزانیی نێرەر دەوەستێت، بۆ ئەوەی بتوانێت هاوسەنگییەك لە نێوان گۆڕاوەكاندا دروست بكات (van dijk, ١٩٩٧: ٥٢).

بڕوانە هێڵكاریی ژمارە (١)

#### ١-٤-٣-١. ستراتیژیی ڕاشكاوی (Explicit strategy)

ستراتیژیی ڕاشكاوی، واتە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ، بە بێ بەكارهێنانی هیچ گوتنێك كە هەڕەشەی سەر ڕوخساری وەرگر كەم بكاتەوە، چونكە نێرەر پێی وایە گوتارەكەی هەڕەشە لە ڕوخساری وەرگر ناكات، ئەگەر هەشبێت زۆر




هێڵکاریی ژمارە (١) (Brown & Levinsin1978: 69)

کەم و لاوازە، بۆیە نێرەر لە ئەنجام ناترسێت و گوتارەکەی ڕوون و ڕاستەوخۆیە. ئەم ستراتیژییە لەگەڵ بنەمای هاریکاریی گرایس و بنەمای یەکەمی لاکۆفدا یەک دەگرێتەوە (الشهری، ٢٠١٥: ١٥١). بۆ نموونە:

٦. برا لە خوشک و زاوکەی دەپرسێت. ئێوە کێشەتان چییە؟

١-٤-٣-٢. ستراتیژیی ڕێزداریی ئەرێنی

ستراتیژیی ڕێزداریی ئەرێنی، پێداویستییە ئەرێنییەکانی ڕوخساری قسەکەر بەهێز دەکەن، بە ئامرازەکانی وەک: چاودێریی گوێگر، جەختکردنەوە لە سەر ئاڵوگۆڕ، نیشاندانی بیروبۆچوونێکی هاوبەش و نیشاندانی گەشبینی. بۆ نموونە: گرنگیدان بە ئارەزوو و پێداویستییەکانی گوێگر؛ ستراتیژییەکی ئەرێنییە، کە دەکرێت بۆ پێشەکیی داواکاری و کەمکردنەوەی ڕێژەی فەرماندان بەکار بهێنرێت. بۆ نموونە: سەرتاشێک ئەم گوتنە ئاراستەی کڕیارێکی دەکات، کە چاویلکەی لەچاو کردووە:

٧. با چاویلکەکەمان دابکەنین!

ستراتیژییەکانی تری ڕێزداریی ئەرێنی بریتین لە بەکارهێنانی زمانی بازاڕی، نوکتە، خۆشەویستی و نازناو، خۆنزیککردنەوە و خۆهاوتاکردن و... (Van Dijk١٩٩٧: ٥١)

١-٤-٣-٣. ستراتیژیی ڕێزداریی نەرێنی (Negative Politeness Strategies)

ئەم ستراتیژییە بۆ پاراستنی ڕوخساری نەرێنیی وەرگر ئاراستە دەکرێ. واتە ئازادبوونی وەرگر لە سەپاندن، بە پرسیارکردن لە بارەی هاریکاری و پێدانی بژاردە و سەربەستبوونی لە کردن، یان نەکردنی کارێک، کە لە ئەنجامی هەڵوێستێکی ڕەشبینانەوە پەیدا بووە. پێشکەشنەکردنی داواکاری بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ. وەک:

٨. ئایا دەتوانیت ئەم لاپەڕەیەم بۆ بخوێنیتەوە؟

نێرەر بژاردەی ئەوە دەدات بە وەرگر کە داواکارییەکە ڕەت بکاتەوە، بەمەش ڕووی ئەرێنیی خۆی دەپارێزێت و لە هەمان کاتدا بە پرسیارکردن ڕوخساری نەرێنیی وەرگر بەهێز دەکات. گریمانەی ئەوەش دەکات کە ڕەنگە وەرگر گوێڕایەڵ نەبێت. بەگشتی ستراتیژییەکانی تری ڕێزداری نەرێنی

بریتین لە پاراستنی ڕوخسار و کەمکردنەوەی سەپاندن بەسەر وەرگردا، هەروەها هەندێک دەستەواژەی ڕێزداری بەکار بێت.

٩. ئەگەر زانیاریتان هەبێت، ئایا کاروان لێرە بوو؟

١٠. لەوانەیە خاوەنشکۆ حەز بکات... (Van Dijk١٩٩٧:٥٢)

١-٤-٣-٤. ستراتیژی بەشدارینەکردن (Opting out Strategy)

بەشدارینەکردن یان بێدەنگی، ئەم ستراتیژییە بۆ کاتێکە ئەگەر مەترسییەکە زۆر گەورە بێت. نێرەر بڕیار دەدات هیچ شتێک نەڵێت. بۆ نموونە: گلەییکردن لە دراوسێیەک سەبارەت بە دەنگی ئەو مۆسیقایەی کە لە کاتژمێرە ناوەختەکاندا لە ماڵەکەیەوە دێت، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە مەترسیی پچڕانی پەیوەندیی دۆستانە هەیە، لە ڕێگەی هەڕەشە بۆ سەر ڕوخساری ئەرێنیی وەرگر.

١-٤-٣-٥. ستراتیژی ئاماژەپێکردن (Off record strategy)

لەم ستراتیژییەدا دەرفەتی زۆر بە وەرگر دەدرێت، کە بە ئارەزووی خۆی گوتارەکە لێک بداتەوە. لە هەمان کاتدا نێرەر دەرفەتی ئەوەی هەیە کە نکوڵی لە گوتنەکەی بکات ئەگەر وەک داواکاری لێک بدرایەوە. واتە گوتارەکەی ناڕاستەوخۆ و گشتییە، بە جیاوازیی باروودۆخ مەبەستەکەی دەگۆڕێت. بۆ نموونە:

١١. ئێرە هەندێک ساردە.

نێرەر خۆی دەپارێزێت ئەگەر گوتنەکەی بووە هەڕەشە لە سەری، لە هەمان کاتدا کەس ناتوانێت لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، چونکە ڕاستەوخۆ هیچ داواکارییەکی پێشکەش نەکردووە (Brown & Levinsin١٩٧٨: ٦٩)

١- ٥. بنەمای ڕێزداریی باڵا

لای لیچ (Leech)؛ خود خۆی دەبێتە ئەو تەوەرەی کە گوتاری ئاڕاستە دەکرێت. واتە بنەمای ڕێزداریی ڕەوشت و ئاکارە جیاوازەکانی نێرەر و وەرگر دەگرێتەوە. لیچ لە بنەماکانی هاریکاریی گرایس دەست پێ دەکات، گرنگییەکانی دیار دەکات و ڕەخنەشیان لێ دەگرێت. گرنگییەکەی لەوەدایە کە بنەمای هاریکاریی بنچینەیی پێویستە بۆ ئاڕاستەکردنی هەردوو لایەنی گوتار، لەبەرئەوەی مەبەستی نێرەر و واتای دەربڕاو بەیەکەوە دەبەستێتەوە. کەموکورتییەکانی لەوەدایە ڕۆڵی تەنها لە ڕێکخستنی پەیوەندی و ئاستی پێڕاگەیاندن (تبلیغ)ی گوتاردایە، بنەما مەبەستزانییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان فەرامۆش دەکات. بنەماکانیش بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک گشتگیر ناکرێن (Leech١٩٨٣:٦٧).

لیچ بۆ پڕکردنەوەی کەلەبەرەکانی بنەمای هاریکاری، بۆ ئەوەی بنەماکە ببێتە بەشێکی پێوستی گوتار، پێشنیازی دارشتنی بنەمای ڕێزداری دەکات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەندێک ئامراز و میکانیزمی زمانی لە گوتاردا، چونکە ڕۆڵی ڕێزداری تەنها لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکاندا سنووربەند ناکرێت، هاوڕێیەتییش دادەمەزرێنێت کە دەبێتە بنچینەی هاریکاری، بۆیە دوو بنەمای پێکهێنی ڕەوانبێژیی تایبەت بە گوتار کۆ دەکاتەوە، بە ڕەچاوکردن و لەپێشگرتنی پێگەی نێرەر. لەمەدا بنەمای ڕێزداری هۆکارێکە بۆ دەربڕینی ناڕاستەوخۆ، هەر چەندە ئەم جۆرە دەربڕینە ناکۆکە لەگەڵ ڕاستەوخۆیی و ڕاشکاویی بنەمای هاریکاریدا. بۆ نموونە: خاوەنماڵێک ئۆتۆمبێلی دراوسێکەیانی لە پێش دەرگای ماڵەکەیدا بینی.

١٢. خاوەنماڵ: خوا یارمەتیی دانیشتووانی ئەم

گەڕەکە بدات، شەقامەکان زۆر تەنگن و شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلیش دەگمەنە!

دراوسێ: هیوادارم دڵتەنگ نەبیت، ئێستا شوێنێک بۆ ئۆتۆمبێلەکەم دەدۆزمەوە.

خاوەنماڵ: ئێستا مەیجووڵێنە، من مەبەستم ئەوە نەبوو.

دراوسێ: هەتا ئەگەر مەستیشت بێت، مافی خۆتە. (الشهری، ٢٠١٥: ١٥٥)

خاوەنماڵ ستراتیژی ناڕاستەخۆی بەکار هێناوە، هەر چەندە ماف و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە ئۆتۆمبێلەکەی بۆ لا بدات، بەڵام شێوازێکی ڕیزداری بەکار هێناوە و بە گوتنی ئەم دەربڕینەی خوارەوە پاساوێک بە دراوسێکەی دەدا:

١٣. شەقامەکان زۆر تەنگن و شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلیش دەگمەنە.

لە گوتنی دووەمدا دراوسێکەی پابەند دەکات کە دوایی ئۆتۆمبێلەکەی لا بدات.

١٤. ئێستا مەیجووڵێنە!

لیچ کردەی دەربڕینە (illocutionary) گوتارەکانی بۆ چەند پلەیەکی پلیکانی پۆلێن کردووە، بە پێی جۆر و پەیوەندیی هەر پۆلێک، بە ئامانجی کومەڵایەتیی گوتار، کە بریتییە لە خۆشگفتی (المجاملە) و پارێزگاریکردن. کردەکان بۆ ئەم چوار جۆرە دابەش کراون:

١. پێشبڕکێکاری (Competitive): ئامانجی گوتار پێشبڕکێ لەگەڵ ئامانجی کۆمەڵایەتیدا دەکات، وەک: فەرماندان، پرسیارکردن، داواکاری، دەرۆزەکردن و... هتد.

٢. بۆنە (Convivial): ئامانجی گوتار هاوتا دەبێت لەگەڵ ئامانجی بۆنەی کۆمەڵایەتیدا، وەک: پیرۆزبایی، سڵاوکردن، بانگهێشتکردن، سوپاسکردن، پێشکەشکردن و... هتد.

٣. هاریکاری (Collaborative): ئامانجی گوتار کاریگەر نابێت بە ئامانجی کۆمەڵایەتی، وەک: ڕێنماییکردن، پێراگەیاندن، لێدوان و... هتد.

٤. دژیەکی (Cinlictive): ئامانجی گوتار دژیەکە لەگەڵ ئامانجی کۆمەڵایەتیدا، وەک: هەڕەشەکردن، تاوانبارکردن، سەرزەنشتکردن و... هتد (Leech١٩٨٣:١٠٤).

دوو جۆری یەکەم بە شێوەیەکی سەرەکی ڕێزدارییان تێدایە، لەو شوێنانەی کە کردەی دەربڕین ڕکابەرییە. خاڵی یەکەم ڕێزدارییەکە تایبەتمەندییەکی نەرێنیی هەیە، ئامانجی کەمکردنەوەی ئەو ناتەباییەیە کە لە کێبڕکێی نێوان ئامانجی بەدەستهاتوو و "ڕەوشتی باش"دایە. ئامانجی کێبڕکێ لە بنەڕەتدا بێڕێزین، وەکوو ڕازیکردنی کەسێک کە پارەت بە قەرز پێ بدات. جۆری دووەم، جۆری ئەرکە هاوسۆزییەکانە بە پێچەوانەوە، لە بنەڕەتدا بەڕێزە، ڕێزداری لێرەدا شێوەیەکی ئەرێنیتر وەردەگرێت لە گەڕان بەدوای دەرفەتی جوانبێژی. بۆ نموونە: ئەگەر دەرفەتێک ڕەخسا، بۆ ئەوەی پیرۆزبایی سەد ساڵەی لەدایکبوون لە کەسێک بکەیت، پێویستە ئەوە بکەیت. لە سێیەمدا پەیوەندیی بە دەربڕین و جوانبێژییەوە نییە. زۆربەی گوتاری نووسراو دەکەونە ئەم پۆلەوە. لە جۆری چوارەمدا نێرەر لە دەربڕینی جوان و بەرجەستەکردنی بنەمای ڕێزدارییەوە زۆر دوورە، چونکە دەربڕینە دژیەکەکان بە سروشتی خۆیان بۆ ئەوە دانراون کە ببنە هۆی سەرپێچیکردن، هەڕەشەکردن، یان جنێودان بە کەسێک بە شێوەیەکی ڕێزداری، کە خۆی لەگەڵ زاراوەکاندا دژیەکە (المیساوی، ٢٠٢١: ١٤٨).

لەدوای ئەم چوار جۆرەی کردەکانی دەربڕین، لیچ کردە قسەکانی "سێرل"ی بە پێی ئەرکەکانیان

دارشتەوە (Leech١٩٨٣: ١٣١). جیاوازیی لە نێوان دوو جۆری ڕێزداریدا کرد کە بریتین لە: ڕێزداریی ڕێژەیی و ڕێزداریی بـاڵادا. تیشکی خستە سەر ڕێزداریی باڵا و لە شێوەی بنەمای دوو وێنەییدا دایرشت و شەش بنەمای لێ هاتە بەرهەم:

١. بنەمای لێهاتوویی (Tact maxim):
ئـ تێچووی ئەوانی تر کەم بکەوە.
ب. سوودی ئەوانی تر زیاد بکە.
٢. بنەمای بەخشندەیی (Generosity maxim):
ئـ سوودی خۆت کەم بکەوە.
ب. تێچووی خۆت زیاد بکە.
٣. بنەمای چاکەکاری (Approbation maxim):
ئـ زەمی ئەوانی تر کەم بکەوە.
ب. ستایشی ئەوانی تر زیاد بکە.
٤. بنەمای لەخۆبووردوویی (Modesty maxim):
ئـ ستایشی خۆت کەم بکەوە.
ب. زەمی خۆت زیاد بکە.
٥. بنەمای هاوڕایی (Agreement maxim):
ئـ ناکۆکیی نێوان خۆت و ئەوانی تر کەم بکەوە.
ب. ڕێککەوتنی نێوان خۆت و ئەوانی تر زیاد بکە.
٦. بنەمای هاوسۆزی (sympathy maxim):
ئـ کەمکردنەوەی ڕق لە نێوان خۆت و ئەوانی تردا.
ب. زیادکردنی هاوسۆزی لە نێوان خۆت و ئەوانی تردا (Leech١٩٨٣:١٣٢).

لیچ ئـەم بنەمایانەی لە سـەر بنچینەی یاسای سوود و زیان دامەزراندووە، واتە سوودی ئەوانی تر بەرانبەر زیانی خود. بنەمای لێهاتوویی (Tact maxim) کـردووەتـە سـەرەکی و بنەماکانی تر وەکـوو لقی ئـەم بنەمایەن، چونکە دەبێت نێرەر ڕەچاوی خۆی و ئەوانی تر بکات، لە کاتی دەبڕینی گـوتـارەکـەیـدا، بـەو پێیەی ڕێـزداری پێوەرێکی هاوبەشە لە نێوان هـەردوو لایەنی گـوتـاردا. لە ڕاستیدا ڕێزداری دوو ڕووی هەیە: ڕێزی وەرگر، واتە کەمکردنەوەی ڕێزی خود، بە پێچەوانەشەوە. بۆیە دارشتنی یاسا لاوەکییەکانی بنەما سەرەکییەکە بۆ لێکدانەوەی زانیارییەکان پێویستن. بە پێی ئەم بنەمایە دەربڕینـەکـان ڕێـژەی ناکۆکی لـە نێوان هـەردوو لایەنی گـوتـاردا کـەم دەکـەنـەوە، ڕێـژەی هاریکاری لە نێوانیاندا زیـاد دەبێت (Bach & Harnish١٩٧٩:٦٥).

٢. پێوەری شێوەی گوتار (Shape)

لە نێوان هەردوو زاراوەی "گوتار" و "وتار"دا جۆرێک لە جیاوازی و تێکەڵبوون هەیە، هەندێک جار لە بریی یەکتر و هەندێک جار جیا لە یەکتر بەکار دێن. هەر چەندە زاراوەکـان یەک چاوگیان هەیە (گوتن/وتن)، بەڵام ئێستا وەک چەمکی جیاواز بۆ دوو مەبەستی جیا بەکار دێن.

وتار: لە زمانی کوردیدا بۆ دوو مەبەست بەکار دێت:

١- ئەو وتارەی پێشکەش دەکرێت، وەک وتاری ڕامیاری، ئاینی و...، کە لە بەرانبەردا لە زمانی ئینگلیزیدا "Speech" بۆ وتـاری ئـاسـایی و "Sermon" بۆ وتاری ئایینی بەکار دێت. لە زمانی عەرەبیدا "خطابة"، یان "کلمة" بۆ وتاری ئاسایی و "خطبة" بۆ وتاری ئایینی بەکار دێت.

٢- بەکارهێنانی دووەمی زاراوەی وتار بۆ ئەو نووسینانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکاندا بڵاو دەکرێتەوە بەکار دێت، کە لە زمانی عەرەبیدا "مقالة" و لە زمانی ئینگلیزیدا "Article" بۆ وتار و لێکۆڵینەوەی کورت و ئاسایی و "Essay" بۆ وتاری ئەدەبی بەکار دێت (عصاف، ٢٠٢٢: ١٤٧).

گوتار: لە زمانی کوردیدا بۆ یەک مەبەست بەکار دێت، لەم توێژینەوەیەشدا هەر ئەم چەمکە مەبەستە. گوتار لە زمانی ئینگلیزیدا ”Discourse“ی پێ دەگوترێت، لە بنچینەدا لە زاراوەی ”Discoursus“ی لاتینی داڕێژراوە کە بە واتای گفتوگۆ دێت. لە زمانی عەرەبیدا ”خطاب“ی پێ دەگوترێت. لە زمانی کوردییشدا گوتار بەکار دێت. گوتار لای زمانەوانان بریتییە لە ڕستەیەک یان زنجیرە ڕستەیەکی بەدواییەکداهاتوو (نووسراو یان گوتراو) کە لە نێرەر (قسەکەر)ەوە بۆ وەگر (گوێگر) دەگوازرێتەوە، لە پێناوی گەیاندنی پەیامێکدا لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، ئینجا پەیامەکە ڕاست بێت یان ناڕاست، یان ئەندێشە، بۆ ئەوەی کاریگەرییەک لای وەرگر دروست بکات. چەمکی گوتار لە زمانەوانیی هاوچەرخدا شوێنێکی فراوانی گرتووەتەوە، چالاکیی ئەو چەمکەش لەوەوە هاتووە کە بەناویەکداچوونێکی تەواوی لە نێوان زمان و بوارەکانی تری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا دروست کردووە، لەوانە: تیۆری ڕەخنەیی، زمانەوانی، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، دەروونناسی کۆمەڵایەتی. (Mills١٩٩٧: ٣) گوتار لە سەر ئاستی زمانی ڕۆشنبیران، میدیا، ڕاگەیاندن و سیاسەت، بریتییە لەو ناوەڕۆکانەی کردەی گوتن دەیانگرێتەوە، بە نووسراو و گوتراوەوە. بەگشتی هاوتایە لەگەڵ ناوەڕۆکی بیرۆکەی سەرەکیی گوتندا. لای زمانەوانان، کۆمەڵناسان و فەیلەسووفان گرنگییەکی زۆر بە چەمکی گوتار دراوە. لای فۆکۆ پانتاییەکی فراوانی هەیە و لە تۆڕێکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و فەلسەفی و کولتووریدا پێک دێت، بوارێکە پرۆگرام و دەسەڵات و قووڵایی مێژوویی هەیە (بوغرە: ٢٠٠٠:٩٤). لای ”ڤان دایک“ گوتار بریتییە لە بونیادی گەورەی واتای دەق بە نووسراو و گوتراوەوە، ئەمەش لە وردەکاریدا واتە بنچینەی ئایدیۆلۆژیی بیرۆکەی سەرەکیی دەق (Van Dijk١٩٩٧:٥٢). پێناسە و ڕاوبۆچوونی تر لە سەر چەمکی گوتار زۆرن، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان شێوە (Shape)ی دەربڕاو، یان نووسراوەکەی گوتارە، کە کاریگەریی لە سەر هەڵبژاردنی ستراتیژییەکی تایبەتیی گەیاندنی گوتار هەیە.

گوتار لە شێوە زمانییەکەیدا بەرجەستە دەبێت، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان شێوە و واتادا هەیە. بە ڕەچاوکردنی ڕەوتی گوتن، پێویستە بەیەکەوە گرێدانێکی پتەو لە نێوان دەربڕینە زمانییەکان و مەبەستی گوتاردا هەبێت، شێوەکان هەڵگری واتاکان بن، واتە هەر مەبەستێک شێوەیەکی زمانیی هەیە. بە پێی ڕێککەوتنی بەکارهێنەرانی هەر زمانێک، هەر شێوەیەکی زمانی ئامرازی تایبەتیی خۆی هەیە کە دەینوێنێت. لە هەموو بارەکاندا بە شێوەیەکی گشتی نێرەر یەکێک لەم ئەرکانە ئەنجام دەدات:

١- یان هەواڵ و زانیاری دەدات.

٢- یان داواکاری و فەرمان دەدات (ڕەسووڵ، ٢٠١٥: ١٤٢).

بەم جۆرە ستراتیژییەکانی گوتار بۆ بەجێگەیاندنی هەر یەک لەم کردانە جۆراوجۆرە. نێرەر یەکێک لەم ستراتیژییانە هەڵدەبژێرێت: یان گوتارەکەی بە شێوە ڕەسەنەکەی (واتا و مەبەستی کەرەستە زمانییەکان یەک بن) پێشکەش دەکات، یان دەستکاریی شێوە ڕەسەنەکەی دەکات، واتە دەکرێت بە دوو شێوە بگەین بە مەبەستی گوتن: دەربڕینی ڕاستەوخۆ و خواستن. بۆ نموونە: فەرمانبەرێک داوا لە بەڕێوەبەرەکەی دەکات مۆڵەتی پێ بدات:

١٥- ئەم داواکارییەم بۆ واژۆ بکە.

لە ڕواڵەتدا گوتنەکە فەرماندانی تێدایە، فەرمانبەرەکە کردارێکی زمانیی ئەنجام داوە،

پێشێلی پەیڕەوی ڕێساکانی ڕێزمانیی زمانی کوردیی نەکردووە، بەڵام ڕەوتی گوتن ئەمە دووپات ناکاتەوە. پلەی فەرمانبەرەکە لە پلەی بەڕێوەبەرەکە نزمترە، جیاوازیی پلەی نێوان هەردوو لایەنی گوتاریش ڕۆڵێکی گرنگی لە هەڵبژاردنی ستراتیژیی گوتاردا هەیە، بۆیە نەگونجانێک لە نێوان شێوە دەربڕاوەکە و مەبەستی گوتارەکەدا هەیە. لە ڕەوتی گوتارەکەدا نەبێت؛ مەبەستەکە ڕوون نابێت، لەبەرئەوەی نێوان نێرەر و وەرگر پلەبەندیی تێدایە و داواکارییەکە لە پلەی نزمەوە بۆ پلەی بەرزترە، نێرەر دەتوانێت ستراتیژیی تر پەیڕەو بکات و یەکێک لە بنەماکانی ڕێزداری بەکار بهێنێت.

١٦- بەڕێزتان ئەگەر بە گرانی نازانن ئەم داواکارییەم بۆ واژۆ بکە! (ڕەسووڵ، ٢٠١٥: ١٤٣)

کەواتە لە هەر کردارێکی زمانیدا شێوەی گوتار بە تەنها ناتوانێت مەبەستی نێرەر بگەیەنێت، ئەمەش ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان شێوە و مەبەستدا، یان ڕوخسار و ناوەڕۆکدا هەیە. لەوانەیە شێوە و مەبەست هاوڕێک بن، لەوانەشە هاوڕێک نەبن. ئەمەش دوو بژاردە لە بەردەم نێرەر دەکاتەوە:

١-گوتاری دەربڕاو، یان ئەوەی پێی دەگوترێت: واتای وشەیی (المعنى الحرفی)

٢-چەمکی گوتار، یان واتای لێکەوتەی ئاخاوتن (المستلزم)

نێرەر ئازادە کە کام بژاردە هەڵبژێرێت بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی بە پێی ڕەوتی گوتن، هەر یەک لەم بژاردانەش پێیان دەگوترێت ستراتیژی، کە دوو جۆرە:

١- ستراتیژیی ڕاستەخۆ

- ستراتیژیی ناڕاستەوخۆ

ستراتیژیی ڕاستەوخۆ کاتێک بەکار دێت کە نێرەر بیەوێت ڕاستەوخۆ مەبەستەکانی بگەیەنێت، واتە واتای وشەیی دەربڕینەکە. ستراتیژیی ناڕاستەوخۆ کاتێک بەکار دێت کە واتای گوتارەکە واتای شێوە دەربڕاوەکە دەبەزێنێت، هەر یەک لەم ستراتیژییانە ئامراز و کەرەستەی تایبەتیی زمانی و ژینگەی تایبەتیی خۆیان هەیە کە نێرەر بتوانێت واتای زیاتر لە دەربڕاوەکە بار بکات (المتوكل، ١٩٩٣: ٢١).

زمانەوانان لە شێوەی گوتاردا ئاستەکانی زمانیان وەک پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی واتای وشەیی و واتای لێکەوتەی ئاخاوتن دیار کردووە، بۆیە نێرەر تیشک دەخاتە سەر چۆنێتیی مەزراندنی ئەم ئاستانە لە ستراتیژییەکانی گوتار و چۆن ئامراز و کەرەستەکانی زمان بەکار دەهێنێت. لە ئاستەکانی فەرهەنگی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی و ئاوازەدا. دەبێت نێرەر ڕەچاوی ئەوە بکات کە هەریەک لەم ئاستانە شێوەیەکی بەکارهێنانی تایبەتیی خۆیان هەیە، لە کاتی دڕکاندنی گوتاردا وەک خۆیان بەکاریان بهێنێت، یان دەستکارییان دەکات و واتای تریان لێ بار دەکات، چونکە لە هەر یەک لەم ئاستانەدا نێرەر دەتوانێت ستراتیژیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ پەیڕەو بکات (المتوكل، ١٩٩٣: ٨١).

### ٢-١-١. ئاستی وشەسازی (Morphology)

ئاستی وشەسازی لەو ئاستانەی زمانە کە بە ستراتیژیی ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە، لەوانە: گۆڕینی دەمکاتی گوتار لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بۆ نموونە:

١٥- بۆچی پشتگیریی لیستی [...] دەکەیت؟

١٦- بۆچی پشتگیریی لیستی [...]ت کرد؟

بە بەراوردکردنی نێوان هەردوو گوتار، بەدیار دەکەوێت کە نێرەر کاتی ئێستای هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ کاتی دڕکاندنی گوتارەکەدا بگونجێت،

هـەر چەندە کارەکە لە رابـردوودا رووی داوە، لەوانەیە تا ئێستاش بەردەوام بێت، بەو پێیەی نێرەر زانیاریی لە سەر رووداوەکە هەیە.

هەندێک جار نێرەر بە گۆڕینی وشەیەک، یان بۆ کەمکردنەوەی ڕێـژەی کاریگەریی دەربڕینە نەرێنییەکان، لە ستراتیژیی ناڕاستەوخۆوە بەرەو ستراتیژیی ڕاستەخۆ دەچێت، بە پێچەوانەشەوە.

١٧- قسەکەت ڕاست نییە.

١٨- تۆ درۆ دەکەیت.

١٩- تۆ درۆزنیت.

بەکارهێنانی ئەو جۆرە پلەبەندییە لە گوتاردا کە هەمان بنچینەی واتاییان هەیە؛ دەوەستێتە سەر ڕەوتی گوتار، چونکە دەربڕینەکان بە پێی دەسەڵات و پێگەی هـەردوو لایـەن دەگـۆڕێـت و بـەرەو زێدەڕۆیی یان کەمکردنەوەی زێدەڕۆیی دەڕوات (الشهري، ٢٠٠٤: ١١٩).

## ٢-١-٢. ئاستی ڕۆنان (Stracture)

بیردۆزەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، لە یەکێک لە بنچینەکانیدا تیشک دەخاتە سەر ئـەوەی کە پەیرەوێکی زمانیی گشتیی هەیە. لەم پەیرەوەدا هـەمـوو زمـانـەکـان وەک یـەکـن، هـەر زمانێکیش پـەیـرەوێـکـی ڕۆنـانـی تایبەتیی خـۆی هـەیـە. ئەم پەیرەوەی ڕۆنانە زمانەکان لێک جیا دەکاتەوە زمانی کوردییش یەکێکە لەو زمانانەی نێرەر زنجیرەیەک کردە ئەنجام دەدات تاکوو پێکهاتەکانی گوتارێک ڕێک بخرێ. (محمەدئەمین، ٢٠١٥: ١٧).

زمانی کوردی لە ڕستەی ئاساییدا بە پێی هێزی کارەکان دوو پەیرەوی هەیە:

بکەر + بەکار + کار

بکەر + کار

کاتێک نێرەر گـوتـارەکـەی بـەرهـەم دەهێنێت، پێویستە واتایەک بەدەستەوە بدات، هەواڵدان بێت، یـان داواکـاری، یـان هـەر ئەرکێکی تر کە لەگەڵ داڕشتنی گوتارەکەدا بگونجێت. بەرهەمهێنانی گوتار بەکاراکردنی دوو جۆر یاسا بەرهەم دێت: یاسا بەخورتییەکان و یاسا ئارەزوومەندییەکان. سەرەتا بە پێی یاسا بەخورتییەکان بەرهەم دەهێنێت، دوای ئـەوە بە پێی جۆراوجۆریی دەورووبـەر دەتوانێت یاسا ئارەزوومەندییەکان بەکار بهێنێت (المتوكل، ١٩٩٣: ٧١).

ئاستی ڕۆنان گونجاوترین ئاستی زمانە کە بوار بە نێرەر دەدات ستراتیژییەکانی دابڕێژێت، چونکە زانینی ڕۆنانی ڕستە ڕێگە بە نێرەر دەدات کە بە پێی دەورووبەر دووبارە داڕشتنەوەیان بۆ بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی مەبەستی قسەکەر. بە گوێرەی گۆڕانی شوێنی کەرەستەکانی ڕستە، ئەم گۆڕانەش بە یاسا ڕێزمانییەکانی ڕستەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو پەیوەستە بە بەشە پێکهێنەرەکانیەوە. پێشخستن و پاشخستنی بەشێک لە پێکهێنەرەکان، دەبێتە هۆی گۆڕان لە واتا، ئەمەش ئەو ستراتیژییەیە کە نێرەر لە ئاستی ڕۆناندا پەیرەوەی دەکات، بۆ ئەوەی مەبەستی جیاواز و ئامانجی جیاواز بەدەست بهێنێت (جودي، ٢٠١٦: ٨٣). بۆ نموونە:

٢٢. منداڵەکە گوڵدانەکەی شکاند.

٢٣. گوڵدانەکە منداڵەکە شکاندی.

لـە ڕسـتـەی دووەمـدا پێشخستنی بـەرکـار، بۆ ئەوەیە گوڵدانەکە بە لوتکە بکرێت کە ستراتیژیی گۆڕینی شێوەیە.

## ٢-١-٣. ئاستی واتا (Semantic)

ئاستی واتا یان گەیاندنی واتا، هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە: هێز و دەنگ و ئاوازە، لە ئاستی دەنگسازیدا. وشـە و ئیدیەم و زاراوە لە ئاستی

وشەسازیدا. دەستەواژە و ڕستە لە ئاستی ڕستەسازیدا. تێکرا لە زەمینەی واتاسازی و ڕەوتی گوتاردا، سەرجەم ئاستەکان لە داڕشتنی دەربڕینەکاندا بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیام لە ئاستی مەبەستزانیی گوتاردا هەماهەنگی دەکەن. هەموو ئاستەکان واتا بەرهەم دەهێنن، هەر لەم ئاستەشدا گۆڕانی واتا و هۆکارەکانی و پەیوەندییە واتاییەکانی دەربڕینەکان شی دەکرێنەوە (داود، ٢٠٠١: ١٠٧). لەم ئاستەدا واتای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ جیا دەکرێنەوە. واتە ئەو مەبەستانەی لە شێوە دەربڕاوەکەی گوتاردا ئاماژەیان پێ نەکراوە، دەبنە لێکەوتەی ئاخاوتن (implicture) و لە ئاستی مەبەستزانی لێک دەدرێنەوە.

### ٢-١-٤ ئاوازە (intonation)

ئاوازە، لە ئاستی دەنگسازیدا فۆنیمێکی ناکەرتییە، هەموو زنجیرە دەنگێکی گۆکراو دەگرێتەوە، دەچێتە ناو پێکهاتەی سەرجەم توخمە گۆکراوەکانەوە و ڕازاندنەوەیەکی مۆسیقایان پێ دەبەخشێت. ڕۆڵی ئاوازە تەواوکەری ڕۆڵی کەرەستە ناکەرتییەکانی ترە. بە تەواوکاری لەگەڵ هێزدا، ئاخێوەری هەر زمانێک، دەتوانێت بە گۆڕینی ئاوازی ڕستە، ناوەڕۆکی مەبەستەکەی بگۆڕێت و چەمکی جیاجیای پێ ببەخشێت، وەک: ناڕەزایی، توورەیی، سەرسوڕمان و... (عەلی، ٢٠١٥: ٩٤). ڕۆڵی ئاوازە لە گوتاری گۆکراودا ڕۆشن دەبێت. نێرەر بۆ دیارکردنی مەبەستەکانی تەنها پەنا بۆ ئاستەکانی فەرهەنگی وشەسازی و ڕۆنان نابات، بەڵکوو پەنا بۆ ئاوازەی دەربڕینەکانی دەبات. لەوانەیە شێوەی یەک گوتار، بە گۆڕینی ئاوازەکەی، چەندین مەبەستی جیاواز بدات. پەیرەوی ئاوازەیی گوتاریش، دوای دروستەی پەیرەوی ڕۆنانی و فەرهەنگی دێت. گۆڕینی ئاوازەی شێوەی گوتار؛ ستراتیژێکی ڕاستەوخۆیە، نێرەر دەتوانێت بە ئاوازەی بەرز، یان ئاوازەی نزم، مەبەستێکی جیاواز لە شێوەی گوتارەکە بەدەستەوە بدات (کمال بشر، ٢٠٠٠: ٥٣٤). بۆ نموونە ڕستەیەکی وەک:

٢٤. تێگەیشتم.

لە ڕواڵەتدا ڕستەیەکی هەواڵییە، بەڵام بە پێی ئاوازەی ڕستەکە دەکرێت واتای دەمکوتکردنی کەسێک بدات، لە هەمان کاتدا فەرمانێک بێت کە کەسەکە بێدەنگ بێت.

### ٣-١. پێوەری ئامانجی گوتار (Target)

پەیوەندیکردن چالاکییەکی ئاڕاستەکراوی ئامانجدارە (Benoit١٩٩٥: ٦٣). دەتوانرێت یەکێک لە کۆنترین و ڕوونترین ئاماژەکانی ئەم گریمانەیە، لە ڕەوانبێژیی ئەرستۆدا بدۆزرێتەوە. لە سەدەی چوارەمی پێش زاییندا ئەرستۆ سێ جۆری وتاربێژیی لە سەر بنەمای ئامانجی قسەکەر جیا کردەوە. هەریەک لەو سێ جۆرە ڕاستەوخۆ بە ئامانجی قسەکەرەوە بەستراونەتەوە:

ئـ وتاربێژیی ڕامیاری: لە سەر بنەمای سوود و زیان، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئایا دەبێت سیاسەتێک پەیڕەو بکرێت یان نا.

ب. وتاربێژیی دادوەری: بڕیار لە سەر پرسیارەکانی دادپەروەری، یان نادادپەروەری دەدات.

پ. وتاربێژیی بەهاکان، مشتومڕی ئەوە دەکات کە کەسێک شایانی ستایشکردن یان سەرزەنشتکردنە (طالیس، ١٩٧٩: ١٧).

کەواتە هەر گوتارێک ئامانجێکی هەیە، ئەگەرنا لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێتەوە و بەرهەمهێنانی پێویست نییە. ئامانجەکانیش بە پێی ڕەوتی گوتار دەگۆڕێن، لەوانە: گەیاندنی زانیاری، گفتوگۆی

کۆمەڵایەتی و کاتبەسەربردن، بەرزەفتەکردنی (Control) هزری وەرگر، بەجێگەیاندنی کردەیەک، یان گۆڕانکاری لە رەفتاری وەرگردا، یان هەر ئامانجێکی تر بێت. بۆیە شیکردنەوەی ئامانجی کردەی پەیوەندیکردن و کارلێککردن، لەبەر ئەم هۆکارانە کارێکی ئاسان نییە:

١- هۆشیاریی تاکەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، بە پێی کارامەیی و بەرزەفتەکردنی رووداوەکان دەگۆڕێت.

٢- لەوانەیە ئامانجەکان ناڕوون بن، یان تا رادەیەک ورد بن.

٣- لەوانەیە نێرەر هەوڵ بدات لە هەمان کاتدا چەند ئامانجێک بەدەست بهێنێت.

٤- لەوانەیە ئامانجەکان بە چوارچێوەی دیارکراوەوە پەیوەست بن، لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە بەدەست نەهێنرێن.

٥- دەکرێت ئامانجەکان بە رێژەیی بەیەکەوە ببەسترێنەوە و بەدوای یەکەوە بێن. درێژخایەن یان کورتخایەن بن و بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕدرێن (Haslett, ١٩٨٧: ١٢٢).

ئامانجی گوتار لە دوو ئاست پێک دێت: سوودگەیاندن و گشتی.

ئاستی سوودگەیاندن: دەکەوێتە دەرەوەی گوتار، ئەو مەبەستە کردارییەیە کە نێرەر دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، وەک:

- ئامانجی کۆمەڵایەتی: ناوبژیوانیکردنی نێوان نەیارەکان

-ئامانجی فێرکردن: پەرەپێدانی توانای خوێندکاران

- ئامانجی ئابووری: زیادکردنی سەرمایە و پەرەپێدانی

- ئامانجی رامیاری: ئاڵوگۆڕی دبلۆماسیی نێوان دوو وڵات...

ئاستی گشتی: لەو کردە زمانییانە بەرجەستە دەبێت کە نێرەر لە کردەی درکاندنی گوتارەکەیدا پیادەیان دەکات، بێ رەچاوکردنی ئەوەی لە ئامانجی سوودگەیاندن سەرکەوتوو دەبێت یان نا، چونکە ئاستە گشتییەکە دەبێتە هەنگاوێکی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئامانجی یەکەم (Benoit, ١٩٩٥: ٦٧). ئاستی گشتی دەکەوێتە ناواخنی گوتار، هەموو بونیادە دەنگی و فەرهەنگی و رۆنانییەکانی گوتار دەگرێتەوە، ئەمەش وا دەکات ببێتە پێوەرێک بۆ دارشتنی ستراتیژیی گوتار.

### ٣-٢. کاریگەریی ئامانج لە دیارکردنی ستراتیژییەکانی گوتاردا

ئامانج لە گرنگترین توخمەکانی رەوتی گوتارە، رۆڵێکی ئاراستەکراوی لە هەڵبژاردنی ستراتیژیی گوتاردا هەیە. توخمێکی بنەرەتییە لە توخمەکانی پێناسەی ستراتیژیدا. ڤان دایک ستراتیژی بەوە پێناسە دەکات کە بریتییە لە: باشترین رێگەی کرداری بۆ گەیشتن بە ئامانج (Van dijk & kintcsh, ٦٥ :١٩٨٣). لەبەرئەوەی پاڵنەری درکاندنی گوتارە، بۆیە ئاخێوەران کار بەو ستراتیژییانە دەکەن کە بەرەو ئامانجیان دەبات. لایەنەکانی گوتار لە کاتی کارلێککردندا هەوڵ دەدەن کە بیژەکانیان پەیوەندییان بە ئامانجەکانیانەوە هەبێت، نێرەر هەوڵ دەدات هەموو گوتنەکانی بە ئاراستەی بەدیهێنانی ئامانجەکەیەوە بێت. وەرگر هەوڵ دەدات لە ئەنجامی دەربڕینەکانی نێرەر ئامانجەکانی مەزندە بکات، چونکە نێرەر زۆر بە دەگمەن ئامانجەکانی بە زار دەدرکێنێت، بەڵکوو هەوڵ دەدات لە رێگەی چەند رێکارێکی زمانی و توانستی مەبەستزانییەوە وەرگر رازی بکات کە لە بەدیهێنانی ئامانجەکەدا بەشدار بێت (Haslett1987:123).

## ئەنجام

لە هەر پەیوەندییەکی نێوان هەردوو لایەنی گوتار (نێرەر و وەرگر)دا، ستراتیژییەک پەیرەو دەکرێت. جۆری ستراتیژییەکە دەوەستێتە سەر رەوتی گوتار و پەیوەندیی نێوان هەردوو لایەن. ستراتیژییەکان جۆراوجۆرن، لەوانە: هاوسۆزی، ئاڕاستەکردن، ڕازیکردن، ئاماژەپێکردن... نێرەر ئازادە کە چ ستراتیژییەک هەڵدەبژێرێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی هەر ستراتیژییەکدا دەبێت ڕەچاوی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و زمانییەکان و ئامانجی گوتار بکات. ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، زمانییەکان و ئامانجی گوتار، دەبنە پێوەر و بەرچاوڕوونی بۆ نێرەر، بۆ ئەوەی ستراتیژێکی گونجاو بۆ گوتارەکەی دیار بکات.

## سەرچاوەکان

کوردی:

– ڕەسووڵ، عەبدوڵا حسێن (٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانیی کوردی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

– محەمەدئەمین، یوسف نووری (٢٠٢٢)، ئەرگیۆمێنت لە گوتاری ئایینی ئیسلامدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.

– عەلی، تالیب حسێن (٢٠١٥)، دەنگسازی، چەند بابەتێکی فۆنۆلۆژیی کوردی، چ١. چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

– عەساف، هیوا ئەحمەد (٢٠٢٢)، بنەمای پراگماتیکی لە زمانی ڕاگەیاندنی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

عەرەبی:

– ارسطو، طاليس (١٩٧٩)، الخطابة، الترجمة العربية القديمة، ترجمة عبدالرحمن بدوي. وكالة المطبوعات – الكويت. دار القلم – بيروت.

– بشر، كمال (٢٠٠٠)، علم الأصوات، دار غريب للطباعة والنشر و التوزيع – القاهرة.

– بغورة، الزواوي (٢٠٠٠)، مفهوم الخطاب في فلسفة ميشيل فوكو، المجلس الأعلى للثقافة، الهيئة العامة للمطابع الأميرية، قسنطينة.

– جودي، حمدي منصور (٢٠١٦)، اليات بناء الإستراتيجية الخطابية من منظور تداولي، مجلة مخبر اللسانيات و اللغة العربية، العدد السادس، ص ص (٧٧-٩٠)، جامعة محمد خضير – بسكرة.

– خطابي، محمد (١٩٩١)، لسانيات النص. مدخل الى انسجام الخطاب، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت.

– خيون، عبدالأمير حسين (٢٠٢٢)، استراتيجيات خطاب الشر عند الكافرين، رسالة ماجستير.

– داود، محمد محمد (٢٠٠١)، العربية و علم اللغة الحديث، دار الغريب للطباعة والنشر و التوزيع، القاهرة.

– راموس، فرانثيسكو يس (٢٠١٤)، مدخل الى دراسة التداولية، مبدأ التعاون و نظرية الملائمة و التأويل. ترجمة و تقديم يحيى حمداوي. دار نيبور للطباعة والنشر و التوزيع – العراق.

– الشهري، عبدالهادى بن ظافر (٢٠٠٤)، اسراتيجيات الخطاب، مقاربة لغوية تداولية، ط١، دار الكتب الجديد المتحدة – بيروت.

– الشهري، عبدالهادى بن ظافر (٢٠١٥)، اسراتيجيات الخطاب، مقاربة لغوية تداولية، ج١ ج٢، ط٢، دار كنوز المعرفة للنشر و التوزيع – عمان.

– عبدالرحمن، طه (١٩٩٨)، اللسان و الميزان أو التكوثر العلقي. ط١، المركز الثقافي العربي – دار البيضاء.

– المتوكل، احمد (١٩٩٣)، افاق جديدة في نظرية النحو الوظيفي، دار الهلال العربية، ط١، الرباط.

– مطروش، سفيان، (٢٠١٩)، إستراتيجيات الخطاب عند الشيخ الإبراهيمي، رسالة دكتورا، جامعة غرادة، الجزائر.

– الميساوى، خليفة (٢٠٢١)، تحليل المحادثة في ضوء نظرية التأدب، مجلة اللسانيات العربية، العدد ١٣، ص ص (٢٤٢-٢٧٩).

ئینگلیزی:

– Bach & Harnish, Kent. Robert.1979. *linguistic Communication and Speech Acts*. The MIT Press London, England.

- Benoit, William L. 1995. *Accounts, Excuses, and Apologies*. Published by State University of New York Press, Alban.

- Brown & Levinson, Penelope, Stegen. 1987 *Politeness Some universals in language usage*. First published Cambridge University.

- Grice, Paul 1989 studies *in the way of words*, Harvard university London- England

- Haslett, Beth, 1967. *Communication: Strategic Action in Context*, First published by Lawrence Erlbaum Associates, Inc -New York.

- Lakoff, Robin 1973. *The Logic of Politeness; or, Minding Your P's and q's*. papers from ninth regional, Chicago linguistics society.

- Leech, Geoffrey N. 1983. *Principles of Pragmatics*. Longman, London and New York.

- Millis, Sara. 1997. Discourse. First published, London.

- Van Dijk, Teun A. 1997. *Discourse as Social Interaction*. Sage Publications. London. Thousand Oaks. New Delhi.

ملخص البحث

تناقش هذه الورقة المعايير التي ينبغي على مُرسِل الخطاب مراعاتها عند صياغة استراتيجيات الخطاب. وتتمثل هذه المعايير في ثلاثة معايير رئيسية: المعايير الاجتماعية، والمعايير اللغوية، ومعايار هدف الخطاب. على المستوى الاجتماعي، تُناقش النظريات الجديدة في التواصل الخطابي. وفي هذا الصدد، تناقش آراء غرايس، ولاكوف، وبراون، وليفنسون، وليتش، التي تُحدد حدود العلاقة بين طرفي الخطاب وطريقة تفاعلهما. وتُمثل مبادئ غرايس للتعاون نقطة انطلاق لوجهات نظر الأخرى. وتندرج آراء غرايس اللاحقة في إطار ظاهرة التأدب ومحافظة كرامة المُستقبِل والمُرسِل في التواصل. أما النقطة الثانية فتناقش معايير شكل الخطاب، التي تؤثر على اختيار الاستراتيجية المناسبة للخطاب. وتُوصف مستويات اللغة التي ينبغي على المُرسِل استخدامها كأساس لصياغة استراتيجيته، مثل: مستويات الصرف، التركيب، الدلالة، والصوت، والموسيقى. النقطة الثالثة هي معيار هدف الخطاب، حيث يجب على المرسل أن يكون لديه هدف واضح في خطابه.

Abstract

This paper discusses the criteria that the sender of discourse should consider in formulating discourse strategies. There are three main criteria: social criteria, linguistic criteria, and discourse objective criteria. Whatever strategy the sender chooses, he must take these criteria into account in order for his discourse to achieve .its objectives well

In the first topic, At the social level, new theories of communication and discourse communication are mentioned. The views of Paul Grace, Robin Lakoff, Geoffrey Leach, Penelope Brown, and Stebgen Levinson are discussed, which define the boundaries and manner of relationship between the two sides of the discourse. What unites all views is Grace's principles of cooperation, which are the starting point for other views. Grace's later views are within the framework of the phenomenon of Politeness and protection of the dignity of the receiver and sender in communication. In the second topic, the criteria of discourse form is mentioned, which affects the choice of appropriate strategy for discourse. The language levels that the sender should use as a basis for developing the strategy are described. Such as: levels of vocabulary, meaning, sound and rhythm. The third theme is the criterion of the purpose of the discourse, which the sender must have a clear purpose in his speech, because the purpose has a great impact and strategies are for .the discourse to successfully achieve its goals

Keywords: Discourse, Discourse Strategies, Strategy Criteria, Politeness Principles, .Discourse Goals

وەرگرتن: ٢٠٢٥/٦/٢٤
پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٨/١١

# پێگەی زمانی کوردی لە قوتابخانە ناکوردییەکانی شاری هەولێر قوتابخانەی "سریانی و تورکمانی" بە نموونە

گەشاو معتصم طاهر شریف
بەشی زمانی کوردی
کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین
Gashaw.m.tahir@gmail.com

پ.ی.د. ئازاد عزیز سلیمان
بەشی زمانی کوردی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەلاحەددین
Azad.sleman@su.edu.krd

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "پێگەی زمانی کوردی لە قوتابخانە ناکوردییەکانی پارێزگای هەولێر تورکمانی و سریانی بە نموونە"، هەڵێنجراوی نامەیەکی ماستەری بەشی زمانی کوردییە بە هەمان ناونیشان، کە مەبەستێکە بۆ زانین و بەدواداچوونی پێگەی زمانی کوردی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتووری و زمانی و نەتەوەیی و ئایینییەکان لە پارێزگای هەولێر، لەو قوتابخانانەی کە زمانی کوردی زمانی دووەمە، واتە زمانی زگماک (دایک) زمانی کوردی نییە، چونکە زمانی کوردی پێگەیەکی گەورەی لە شاری هەولێر هەیە. زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە بە پێی بەکارهێنانی تاکەکان دەبێت کە لە کوێ و چۆن پێویستیان پێی دەبێت و ئاستی زانین و تێگەیشتنیان لە چ قۆناغێکدایە، گرنگی و شێواز و ڕەفتاریان تا چ ڕادەیەک تورکمان و ئاشوورییەکان پلانی زمانی کوردییان لە هەرێمی کوردستان بۆ دەستەبەرکراوە، بە بێ هیچ توانەوەی کەمینەکان و پارێزگاریکردنیان وەکوو کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی. زمانی کوردی لای تورکمان و سریانییەکان زمانی دووەمە، زمانی یەکەم (دایک، زگماک) نییە، ئەم بابەتە لە نێوەندە جیهانییەکان بابەتێکی زیندووە و قسەی لە سەر کراوە، چونکە تێگەیشتن لە کێشە و گرفتی کەمینەکان و دەستنیشانکردنیان دەبێتە دەروازەیەک بۆ چارەسەرکردنیان، ئەمە وا دەکات پەروەردە و زمان زیاتر گەشەکردن بەخۆوە ببینن.

کلیلەوشە: زمانی کوردی، کەمینە، سریانی، تورکمانی، پەروەردە

پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "پێگەی زمانی کوردی لە قوتابخانە ناکوردییەکانی شاری هەولێر سریانی و تورکمانی بە نموونە"، هەوڵدانێکە بۆ لێوردبوونەوە لە ئاست و پێگەی زمانی کوردی لە نێو پێکهاتە نەتەوەییە کەمینەکان لە پارێزگای هەولێر. هاوکات لەگەڵ گرنگیدان بە زمانی کوردی، پارێزگاری لە زمانی دایکیی هەردوو نەتەوەی ئاشوور و تورکیش کراوە. گرنگیی زمانی کوردی لەو قوتابخانانەی کە زمانی تورکمانی و سریانی زمانی یەکەمە، تا چەند تاک (قوتابی) ئاشنایەتییان لەگەڵ زمانی کوردی لە چ قۆناغێکدایە؟ ئەو دەیتا و زانیارییانەی کە بە پێی دەیتای سەرژمێریی دانیشتووان لە بارەی پێکهاتەکانەوە دەخرێنە ڕوو. هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی مافی زمانی پێکهاتەکان لە هەریەک لە تورکمانی و سریانییەکان، تا چەند زمانی کوردی لە ئاستی بەڕێوەبردنی کار و پیشە و بەکارهێنانیاندایە، ڕێژە و ژمارەیان بە گوێرەی سەرژمێریی دانیشتووان و پلان و سیاسەتی زمانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە مافی زمانی کەمینەکان و ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە فێربوونی و زانینی زمانی کوردی کە زمانی هاوبەشی پارێزگای هەولێرە. ڕێبازی "وەسفی شیکاریی ئاماری'' بەکار هێنراوە. توێژینەوەکە لە سنووری زانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدایە، کە لقێکی زانستی زمانی کارەکییە. لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا زاری کرمانجیی ناوەڕاست بەکار هێنراوە، سەرچاوەکان لە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی وەرگیراون، بە بەرنامەی "SPSS''؛ دەیتا و نموونەکان شیکار کراون. توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و سەرچاوەکان، لە سێ بەش پێک هاتووە: لە بەشی یەکەمدا باس لە پێگەی زمانی و پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ، زمان و نەتەوە و مافی زمانی و سیاسەتی زمانی کراوە. لە بەشی دووەمدا باس لە پێکهاتەی هەرێم لە ڕووی نەتەوەیی و زمانی و پەروەردەیی کراوە لە هەریەک کەمینە و پێوەرەکانی لەگەڵ نەتەوە و ئایین لە پارێزگای هەولێر. لە بەشی سێیەمدا باسی قوتابییانی تورکمانەکان و سریانەکان لە قوتابخانەکانی پارێزگای هەولێر لایەنی کارەکیی توێژینەوەکەیە، دەیتای پێکهاتەکان لە پەروەردەکان و شیکردنەوەی دەیتایەکان ئەنجام دراوە.

١. پێگەی زمان

١-١. زاراوەی پێگە

"پێگە" بە واتای بارودۆخ و پلەوپایەی شتێک، یان کەسێک، کاتێک دەخرێتە پاڵ هەر شتێک، یان هەر زاراوەیەک و وشەیەک، دۆخ و پلەی ئەو شتە ڕادەگەیەنێت، بۆیە دەکرێت بوترێت پێگەی زمانی بە واتای دۆخ و پلەی زمان دێت لە دەوروبەری بەکارهاتوو. زاراوەی "پێگە" یاخود "دۆخ'' لە بەرانبەر "status'' یان "position''ی ئینگلیزی بەکار دێت و لە زمانی عەرەبییشدا "الحالة-الهمينة" بۆ "پێگە" بەکار دێت.

بۆ ئەوەی "پێگە"ی زمانی نەتەوەیی لە کەرتی پەروەردەدا بەهێزتر بێت، یان هەر کەرتێکی دیکەدا، ئەرکی لایەنی پەیوەندیدارە کە لە بەرانبەریدا گرنگی بە زمانی نەتەوەیی بدەن زیاتر لە زمانی بێگانە، ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە چاودێریی پرۆگرامەکانی خوێندن بکات لەم ڕووەوە، بە تایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا. بابەتێکی دیکەش بۆ ئەوەی پێگەی زمانی نەتەوەیی بەهێزتر بێت، ئەویش ناچارکردنی هەموانە بە زانینی زمانی نەتەوەیی لە بازاڕی کاردا، بۆ نموونە هەر کەسێک بچێتە بازاڕی

کار لە کوردستاندا، ناچار بکرێت کوردی بزانێت، بەمەش هەم بەهای زمانی کوردی بەرز دەبێتەوە، هەم هەژموونی زمانی بێگانە لە کۆمەڵگای زمانی دایکدا کەم دەبێتەوە (بەرهەمی دەنگی زمانەوانیی کوردی ٢٠٢٤: ١٦٨-١٦٩).

١-٢. پەیوەندیی پێگەی زمانی و پەروەردە

پـــەروەردە پـەیـوەنـدیـیـەکی ڕاسـتـەوخـۆ و کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر پێگەی زمان هەیە، چونکە پەروەردە جێگەی پێگەیاندنی نەوەکانی وڵات و گەشە و پێشکەوتنی زمان و فەرهەنگی زمانی تاکەکانە. لە دوای ژینگەی خێزان؛ یەکەمین ژینگەی فێربوون پـەروەردەیـە، کە قوتابی بە شێوازێکی پـلان بۆ دانـراو بە کۆمەڵێک زانست و زانیاری ئاشنا دەبێت، واتە پەروەردە ناوەندێکی باش یان ژینگەیەکی باشی سیاسەت و پلانی زمانییە. واتە کەرتی پەروەردە دەروازەیەکی گرنگە، تێیدا منداڵ دەچێتە ناو کۆمەڵگاوە و بە شێوەیەکی کارا زمان بەکار دەهێنێت بۆ دۆخەکانی زمان بەو شێوەیەی کە دەیەوێت، واتە بە "پایەختی زمان" ناسێنراوە و دامـەزراوەیـەکی کۆمەڵایەتی و سیستماتیکییە و بـەرپـرسـە لـەگـەڵ دامـەزراوەکـانـی دیـکـەدا. لە پـەروەردەدا دروستیی تاک و پیدانی بەهاکان و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاک، لەبەر ئەوە قوتابخانە کۆمەڵگەیەکی بچووککراوەیە و گرنگترین کەناڵە، بەو هۆیەوە تاک بە کۆمەڵەوە پەیوەست دەکـات (عـومـەر٢٠٢١: ٦٢). هەر لەبەر ئەم گرنگییەی کە هەیەتی، پێویستە ژینگەیەکی لە پێداویستییەکانی بەرجەستە و نابەرجەستە ژینگەی دڵگیر و چێشتخانە، گۆڕەپانی یاری و پاکوخاوێنی و ڕەنگاوڕەنگیی ژینگەی قوتابخانە... هتد) دەستەبەر بکرێت. سیستمی پـەروەردە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی جەختکردنەوە لـەسـەر شێوازی قسەکردنی ستاندارد و ناوەندێکی گرنگی زمانە. "گای کووک" پێی وایە کە پلاندارێژی زمانی بریتییە لە بڕیاردان لە بارەی پێگەی فەرمیی زمانەکان و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا وەکوو پـەروەردە و ڕاهێنان. لـەو قوتابخانانەی هەستیارییان بەرانبەر بە زمانێکی دیاریکراو هەیە، واتە توانای دەربڕینیان بەو زمانە دیاری ناکرێت، بەڵکوو بەکارهێنانی ڕێزمانی قسەکەر بە نموونە "زمانی ئینگلیزی" دەکرێتە بنەما بۆ ئاستی زیرەکیی قوتابییان. پـــەروەردە لێکەوتەی بـۆ قوتابخانە تایبەتەکان دەبـێـت، لـێـرەدا مامۆستایان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پێگەی زمانی کوردی لە کەرتی پەروەردەدا (عبدالرزاق٢٠٢١: ٨١٤).

١-٣. زمان و کۆمەڵ

پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ پەیوەندییەکی تۆکمە و پتەوە بە شێوەیەک کە هیچ یەکێکیان لەوی دیکەیان جیا ناکرێتەوە، واتە وەک گیان و جەستەی مرۆڤن. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات نە زمان بە بێ کۆمەڵ بوونی هەیە، نە کۆمەڵ بە بێ زمانیش بوونی هەیە. هەروەها "فوئاد مەرعی" لە بارەی پێناسەی زمانەوە دەڵێت: "زمان سیستمێکی هێمـایی-سـەربـەخـۆیـە لـە نـاو کۆمـەڵـدا لـەخـۆوە سـەر هـەڵـدەدات و بۆ مەبەستی لەیەکترگەیشتن لە نێوان تاکەکانیدا بەکار دێت (مـرعـی٢٠٠٢:٧). سەبارەت بە ناساندنی کۆمەڵگە، هەر لەم ڕووەوە کۆمەڵگە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە ژمارەیەک تاکەکەس پێک دێت، بەمەش تاک بـەردی بناغەی دروستبوونی کۆمەڵگەیە. هەر بۆیە کۆمەڵگە بۆ مانەوەی پشت بە تاک دەبەستێت و بە بێ بوونی تاکەکانی کۆمەڵگەکان دادەڕووخـێـن و نامێنن.

تاک بە کۆمەڵگە کاریگەر دەبێت و کۆمەڵگەش بە تاک کاریگەر دەبێت (mawdoo.com). بەم پێیە تاک ڕۆڵی سەرەکی لە ناو کۆمەڵگەدا دەبینێت کە دەتوانێت بە هۆی بیرۆکە و داهێنانەکانی؛ کۆمەڵگە بەرەو گۆڕان و پێشکەوتن ببات و لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵگە بە شێوە گشتییەکەی کاریگەریی لە سەر تاک دەبێت و بەرەو گۆڕان و پێشکەوتن دەبات. لێرەدا باسکردنی و ناساندنی کۆمەڵەی زمانی یەکێک دەبێت لە هەنگاوەکان و یەکێکە لە دیارترین چەمکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵ بەوەی کە کۆمەڵ لە کۆمەڵێک تاک پێک دێت، زمان و کولتوور و بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەیە و بەوەی کە بیروبۆچوونەکانیان لە ڕێگای ئامرازەکانی پەیوەندییەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن (سەمیرە و میراودەلی ٢٠١٠، ١٠٩-١١٠). ئەگەر کۆمەڵگە تەنها بەوە پێناسە بکرێت کە کۆمەڵە کەسێکن کە بە شێوەی سیستمێکی کۆمەڵایەتی ڕێک خراوە، کەم تا زۆر هەر یەکە و خاوەن ژیان و کولتوور و فەرهەنگی تایبەتی خۆیانن (موحسنی، مەنوچەهر ، ٢٠٠٢، ٨٤).

## ١-٣-١. کۆزمانەوانی (Sociolinguistics)

وەکوو لقێکی گرنگی زمانەوانیی کارەکی کار دەکات. زمانەوانی بە شێوەیەکی بەتین بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستراوەتەوە: بەشێک لە لێکۆڵەرانی زمانەوانی لە ڕێگەی کۆمەڵناسییەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن، ئەو بەشەی زمانەوانی پێی دەوترێت زمانەوانیی کۆمەڵایەتی. کۆزمانەوانی وەک لقێکی زانستی هەر زوو لە لقەکانی دیکەی زمانەوانی جیا بوویەوە، بە تایبەتی لە دوای ساڵەکانی سییەوە هەندێ لە زمانەوانان ویستیان سنووری زمانەوانی تەسکتر بکەنەوە بۆ ئەوەی وەک پەیڕەوێکی داخراو لە زمان بکۆڵنەوە (مەعرووف، ١٩٨٦: ٦١). لێرەدا دەردەکەوێت ئەم زانستە خاوەن مێژوو و تایبەتمەندیی خۆیەتی، هەر وا بە بێ بنەما و هەڕەمەکی سەری هەڵنەداوە، بەڵکوو لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی کۆمەڵێک لێکۆڵەر و زانا و زمانەوانی بەناوبانگ سەری هەڵداوە و گەشەی بەخۆوە دیوە.

کۆزمانەوانی ئەو زانستەیە لە پەیوەندییەکانی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە و زانستێکە تێکەڵاو لە زانستەکانی زمانەوانی و کۆمەڵناسی، چونکە هەردووکیان لە کارکردنیاندا کۆمەڵ بە بنەما دادەنێن (حەسەن٢٠١١، ٨٨).

## ١-٣-٣. خێزانەزمانەکانی جیهان

دابەشکردنی زمان بەسەر خێزان و کۆمەڵە زماندا کارێکی ئاسان نییە. تاکوو ئێستا زمانەکان بەسەر چوار کۆمەڵەدا دابەش کراون کە لە خوارەوە باسیان دەکەین، ئەم دابەشکردنە هەموو یان زۆربەی زمانەکانی جیهان ناگرێتەوە، چونکە ژمارەی میللەت و نەتەوەکانی جیهان زۆر زۆرن و زمانی جیاوازیش دروست دەبێت لەبەر ئەو زۆرییە (شوانی٢٠٠٨: ٥٧). زمانەوانەکان لە سەر بنچینە و بناغەی نزیکایەتیی زمان و بە پێی پەیوەندیی خزمایەتی بەوەی دیاردە و وشەی هاوبەش لە نێوان زمانەکاندا هەیە و هەر لەم ڕووەوە چەند زمانێک بە یەکتر دەبەستێتەوە و کۆمەڵ و خێزانە زمان پێک دەهێنن. پەیوەندیی نێوان زمانەکان تاوەکوو نزیکتر بێت و لە ڕووی بوونی وشەی هاوبەش و وەک یەک و بوونی تایبەتێتی و خەسڵەتی فەرهەنگی پەیوەندیی خزمایەتی بە لەیەکچوون و نزیکایەتیی دابونەریت و کەلەپوور و کولتووری هاوبەشی

نێوانیان، خێزانەزمان و میللەت پێک دێنن، وەک: خێزانەزمانی (هیندی یان سامی، یان بەربەری، یان حامی... هتد). ئەگەریش چۆنیەتیی پەیوەندی و خزمایەتی نزیکایەتییە زمانی و میللەتەکە ڕادەکەی دوورتر بێت کە جۆری یەکەم، کۆمەڵەی زمان و کۆمەڵەی میللەت پێک دەهێنن لە جیاتیی خێزانەزمان، بۆ نموونە: کۆمەڵەزمانی سامی، حامی، یان چینی، تبتی...، ئەمانەش لە ناو خۆیاندا هەر کۆمەڵەیەک لە چەند خێزانەزمان پێک دێت کە لە یەکەوە نزیکن (هەمان سەرچاوە: ١٣).

لە سەر ئەم بنچینەیەش کۆمەڵەزمانەکان دیاری کراون:

١. کۆمەڵەزمانی ئاری: (خێزانی ئێرانی، خێزانی هیندی، خێزانی ئەوروپایی)

٢. کۆمەڵەی سامی-حامی: (سامی، حامی، بەربەری، چادی)

٣. کۆمەڵەی ئۆرالی: (ئۆرالی، ئەلتیکی)

٤. کۆمەڵەی چینی و تبتی – بۆرمی (تبتی، بۆرمی، چینی)

١-٤. جۆر و شێوەکانی زمان لە کۆمەڵدا

هەر خێزانێک لە کۆمەڵێکدا دەژی و بە پێی زمانی باو لەو کۆمەڵەدا مامەڵە دەکەن، لەوانەیە ئەو کۆمەڵە تاک زمان بێت، یان جووت زمان، یان فرە زمان بێت.

١-٤-١. کۆمەڵی تاک زمان

ئەو زمانەیە کە تەنیا خۆی زمانی میری و نیشتمانییە لە وڵاتدا، وەک: وڵاتی ژاپۆن، سعودیە... ئەم جۆرەش بە هەبوونی کۆمەڵی تاک زمانی لە ڕوانگەی جیهانی، دەبێتە مەبەستێکی دەگمەن و نامۆ لە کۆمەڵدا (هدسون١٩٩٠:٢٥).

١-٤-٢. کۆمەڵی جووت زمان

جووت زمانی بەو زمانە دەگوترێت "هەبوونی دوو ئاستی زمان لە یەک ژینگەی زمانیدا" (حجازی١٩٧٣:١٨). واتە لە کۆمەڵی زمانیدا هەبوونی جیاوازیی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئایینی بە شێوەی زۆر یان کەم ڕاستەوخۆ کار لەو تاکە زمانە دەکات، بۆ ڕاییکردنی کارەکان بەکاری دەهێنین و بەو هۆیەشەوە بەرز و نزم لە بەکارهێنانی بەکار دێت لە کۆزمانەوانیدا بە جووتزمانی ناسراوە، بۆ نموونە: "عەرەبە مەسیحییەکان لە بەغدا کاتێک لە نێو خۆیان قسە دەکەن بە دیالێکتێکی مەسیحیی خۆیان قسە دەکەن، بەڵام کە لە ناو کۆمەڵێکی تێکەڵدان لەگەڵ موسوڵمان، ئەوا بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن" (fergusou 1996:11). هەروەها زۆر جار وەکوو ئەو کۆمەڵگایانەی کە دوو نەتەوەی زمان جیاواز؛ کۆمەڵەی جووتزمانی لێدەکەوێت. "محمد نقی" دەڵێت: "جووتزمان واتە زانین و بەکارهێنانی دوو زمانی جیاواز بە شێوەیەک کە کەسەکە بتوانێت هەردوو زمانەکە بەکار بهێنێت بۆ مەبەستی پەیوەندیگرتن."

٢-٤-٣. کۆمەڵی فرەزمانی

فرەجۆری لە زماندا بابەتێکە سنووری فراوانە، واتە "زاراوەی فرەجۆریی زمانی زاراوەیەکە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا ناسراوە و ئاماژە بە هەر سیستمێکی دەربڕینی زمان لە بەکارهێنانیاندا دەکات، کە بە بارودۆخی جیاواز و جیاوازیی قسەکردنەوە گرێ دراوە" (محەمەد٢٠١٠: ٩). هدسون (R.A.Hudson) دەڵێت فرەجۆریی زمانی بریتییە لە: "کۆمەڵێک شێوەی جیاوازی زمانێک کە لە سەر بنەمای لەیەکچوونی زمانی دابەش بووە، وەک ئینگلیزی و کەنەدی و لەندەن" (Rwardhaugh 2006:25).

١-٥. زمانی هاوبەش (Lingua france)

١-٥-١. پێناسەی زمانی هاوبەش

"لینگوافرانکا زاراوەیەکی لاتینییە، لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بەکار هاتووە" (Crystal2008:282) و "لە زمانەوانیدا زمانی هاوبەش بە لینگوافرانکا دەناسرێت'' (عەلی و عەبدوڵا٢٠١١: ٦٥). "هەندێ جار بە لینگوفرانکا دەگوترێت ئینترلینگوا (Interlingua) و لە زمانی عەرەبییشدا زاراوەی "اللغة المشتركة"ی بۆ بەکار دێت (عبدالتواب١٩٨٥: ١٦٥). دکتۆر وریا عومەر ئەمین دەڵێت: "لە زۆر شوێنی دیکەی ئەم جیهانەدا چەن میللەتێکی جیاواز پێکەوە ئەژین، هەریەکە زمانی خۆی هەیە و پێوەندی لە نێوانیاندا هەیە. یەکێ لەم زمانە ئەبێ بە زمانی هاوبەش، بەو هۆیەوە هەموو لە یەک ئەگەن، ئەم جۆرە زمانە بە لینگووەفرانکە ناو ئەبرێ'' (ئەمین٢٠١١: ٨٠). هەریەکەیان بە پێی بیر و بۆچوون و تێڕوانینی تایبەتی خۆی پێناسەی زمانی هاوبەشی کردووە. زمانەوان "ئوتویسپرین'' لە پێناسەی زمانی هاوبەشدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەو زمانەیە، لە سیفاتە زمانییەکانی هەر هەرێمێکی دیاریکراو ڕزگاری بووە" (ئەیوب ١٩٩٦: ٣٦).

١-٥-٢. هەروەها زمانی کوردی وەک زمانێکی هاوبەش لە شاری هەولێردا

بەو هۆیەی زمانی کوردی پێگەی خۆی لە ڕووی زانستییەوە پەیدا کردووە، خواستی زۆری پەیدا کردووە و توێژینەوەی جۆراوجۆر و کاری جۆراوجۆری پێ ئەنجام دەدرێت. لەبەر ئەو دۆخەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە لە بوونی نەتەوە و ڕەگەز و ئایین و کولتووری جیاواز، بۆ بەردەوامییان و مانەوەی ڕۆژانەیان لەگەڵ یەکتر، پێویستیان بە زمانێکی هاوبەش هەیە، بۆ ئەم ڕۆڵەش زمانی کوردی بەر ئەم ڕۆڵە کەوتووە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش، زمانی کوردی شانبەشانی زمانەکانی ناوچەکە و کاریگەریی خۆی نواندووە، کە خەڵکێکی زمان جیاواز ئارەزوو بە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی کوردی دەکەن (محەمەد٢٠٢٢: ٢٥٣).

١-٦. زمان و نەتەوە

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمان و نەتەوەدا هەیە، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە هەریەکە لە چەمک و پێناسەی زمان و نەتەوە دەکەین: چەمکی نەتەوە: بۆ لێکدانەوەی چەمکی نەتەوە، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد نووسیویەتی: "بریتییە لە ویست و حەزی گرووپێکی مرۆیی، کە لە ڕەگەز، ڕۆشنبیری، زمان... تاد، بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ هاوبەشی دەکەن'' (Charlotte Livingstone 2008:439). وشەی نەتەوە وەکوو چەمکێک لای ئینگلیزەکان "Nation'' و لای عەرەبەکان "القوم'' و لای کوردیش "نەتەوە" بەکار دێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چەمکی نەتەوە بەستراوەتەوە بە حەز و ویستی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی هاوبەش لە زمان و دابونەریت و ڕەگەز. "ستار شنکۆ'' لە بارەی پێناسەی نەتەوەوە دەڵێت: "نەتەوە ئەو کۆمەڵە خەڵکانەن کە بە درێژایی مێژوو دروست بوون و جێگیر بوون. بنەماکانی نەتەوەش؛ زمان و خاک و ئابووریی هاوبەش و ژیانی سایکۆلۆژیی هاوبەشن'' (نەبەز١٩٨٤: ٧٦). زمان هۆکارێکی گرنگی پەیوەندیکردنە و لە چوارچێوەی کۆمەڵدا کاری پێ دەکرێت. زمان لە چوارچێوەی ژینگە زمانییەکەدا بیرۆکەکان دەردەکات و ئەرکی خۆی لە کۆمەڵێکی دیاریکراو بەجێ دەهێنێت. هەر نەتەوەیەکیش زمانی قەڵای هەیە کە شتەکانی خۆی پێ دەردەبرێت. کوردێک بە کوردی قسە دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ ژینگە و تاکەکانی کۆمەڵگاکەی

خۆی بگونجێنێت، بەم شێوەیە هەستی نەتەوایەتی بۆ مانەوەی زمان هۆکارێکی گرنگە. زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە هەر لە کۆنەوە بە هۆی داگیرکاری و دراوسێیەتییەوە فشاری زمانەکانی دیکەی لە سەر بووە، لە هەمان کاتیشدا بەشێک بووە لە شۆڕشی نەتەوە دژ بە زمانەکانی دیکە، وەکوو چەکێک دژی داگیرکەران بەکار هێنراوە.

### ١-٦-١. مافی زمانی و سیاسەتی زمانی

بۆ بەیەکەوەگرێدانی ڕابردوو بە ئێستاوە، دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان گرووپە کولتوورییەکان، پاراستنی ئەو پەیوەندییە لە داهاتوودا، بۆیە لە پاڵ سیمبولەکانی دیکەی وەکوو نەریت و پیرۆزییەکان و یادەوەرییەکان، زمان لە پاراستنی ئەو پەیوەندییەدا و کاریگەریی خۆی دەنوێنێت بەشدارە. بە مانایەکی دیکە: زمان هۆکارە بۆ گرێدانی میراتی ڕابردوو بە ئێستاوە، چونکە بەبێ زمان ئەو میراتە توانای مانەوەی هەیە، کە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە (مستەفا ٢٠٠٨: ٣٥٨). بێگومان پێکهاتەکان لە زۆربەی کۆمەڵەکانی جیهاندا بوونیان هەیە، بۆ پاراستنیان پێویستیان بە مافی ژیان و پاراستنی کولتور و زمان و ئایین و شارستانیەت و... هتد؛ هەیە. مافی پێکهاتەکان پرسێکی ئاڵۆزە، هەڵگری ڕەهەندی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و یاساییە. (حامید ٢٠١٧: ٢٩). لە یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکاندا هاتووە حکومەت مافی یەکسانی و هاودەرفەتی لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ڕێگای یاسا و سیاسەتی کاریگەر بۆ ئەو تاکەی سەر بە پێکهاتەکەیە مسۆگەر دەکات، هەروەها مافی بەشداریکردنیان لە وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی تایبەتە بە خۆیان مسۆگەر دەکات. پێکهاتەکان (کەمینەکان) (Minorities) لە ڕووی زمانەوانییەوە بە پێچەوانەی چەمکی زۆرینە دێت، لە ڕووی زاراوەوە چەند واتایەکی هەیە. لە ئینساکلۆپیدیای بەریتانیا (Encyclopedia Britannica)کەمینە: کۆمەڵێک تاکەکەسن، جیا دەکرێنەوە بە ڕەگەز یان ئایین یان زمان یان نەتەوە، لە تەواوی تاکەکانی تری ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین. لە ئینساکلۆپیدیای فەرەنسیدا (Larousse) کەمینەکان: ئەوانەن کە کاریگەری و هەیمەنەی کەمتریان هەیە لەچاو زۆرینە، چ لە ژمارەیان یاخود دەنگیان (یوحناياقو٢٠٠٤: ١٢٤-١٢٥). پێکهاتەکان بەو واتایەیە کە لە ڕووی ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و ئایینزا و زمانەوە هەر کەمینەیەک لەگەڵ ئەوەی دیکە جودایە لە نێو ئەو قەوارەیەی تێیدا دەژین. بە پێی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ ئەم پێکهاتانە بەشێکن لە کۆمەڵگە، ویستی پاراستنی دابونەریتی ئیتنی و ئایینی و زمانەوانی و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی دیکە. لە سەر ئەم بنەمایە چەمکی پێکهاتە واتایەکی دینامیکیی هەیە، واتە ستاتیکی وشک نییە، بەڵکوو لە زۆر قەوارەوە بەرەو گۆڕانکاری دەچێت.

### ١-٦-٢. پرۆژە و یاسای دەستووری عێراق و یاسای زمانە فەرمییەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا

بە پێی ئەو دەستوورانەی باس کراون، منداڵانی قەوارەی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێکهاتە و جۆرەکانی پێکهاتە (ئایینی، نەتەوەیی، ڕۆشنبیری، دەوڵەتی... هتد)، دەتوانن بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن. بەم پێیە لە دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥)، لە مادەی (٤)دا هاتووە کە "هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی

ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان، وەک تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا مسۆگەر دەکات بە پێی یاسا پەروەردەییەکان یان هەر زمانێکی دیکە لە دەزگای فێرکردنی تایبەتدا (دەستووری کۆماری عێراق، ٢٠٠٥). لە پڕۆژەیاسای (٢٠٠٩/٦/٢٤)دا لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە، پاڵپشتە بە مادەی (٤)ی دەستووری عێراق و لە مادەی (١٤)ی پڕۆژەدەستوورەکەدا هاتووە: "زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە هەرێمی کوردستان، زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی ڕەسمین لەگەڵ زمانی کوردی و عەرەب، لەو یەکە کارگێڕییانەدا کە ئەوانەی بەو زمانە دەدوێن زۆربەی دانیشتووان پێک دەهێنن، ئەمەش بە یاسا ڕێک دەخرێت" (پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩).

## ٢. پێکهاتەی پارێزگای هەولێر لە ڕووی نەتەوەیی و زمانی

### ٢-١. پێناسەی کەمینەکان

نەتەوە پەیوەست دەبێت بە "کەمینە"ی ڕامیاری یاخود ڕۆشنبیری، چونکە نەتەوەکان زۆربەی کات هەموویان یاخود بەشێکیان لە زیاتر لە دەوڵەتێک دەژین. "کەمینە" پێناسە دەکرێت بەوەی گرووپێکن پاشکۆن لە ناو گەلێک، کە بە کولتوور و خەسڵەتی نەتەوەیی یاخود زمانەوانی جیا دەکرێنەوە کە ئارەزووی پارێزگاریکردنی دەکەن(حجر١٩٨٢: ١١). لە یەکێک لە بڵاوکراوەکانی "کۆمەڵەی نەتەوەکان"دا هاتووە دەربارەی "کەمینە"، بەوەی "زنجیرەیەکن لە کەسانێک، دەگەڕێنەوە بۆ ڕەگ و ئایین و زمان، جیاوازن لە زۆرینەی گەل لە دەوڵەتەکە" ئەوەش دوو جۆرە دەگرێتەوە:

١. ئەو تاکانەی یاخود گرووپەکانی دەوڵەتی بیانی لە ناو دەوڵەتێک.

٢. تاکەکان، یاخود گرووپەکان لە هەمان دەوڵەتدا.

ڕێکخراوی "کۆمەڵەی نەتەوەکان"یش لە ساڵی (١٩٥٠)دا هەوڵی دا بۆ دیاریکردنی چەمکی کەمینە بەوەی لە بنەڕەتدا "کۆمەڵێکن لە دانیشتووانی نادەسەڵاتدار، خاوەن خەسڵەت و کولتووری ئایینی و نەتەوەیی و زمانەوانیی" (خولیر٢٠٠٤: ١٩). ساڵی (١٩٩٣) لە لێکۆڵینەوەیەکی سەنتەری مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاماژەی بە پێناسەی کەمینەکان داوە بەوەی "کۆمەڵە کەسێکی سەربەخۆن لە چوارچێوەی هەرێمی یان دەوڵەت، کە لە نیوەی کەمتری کۆمەڵەی دانیشتووانی کۆمەڵگە پێک دێنن، خاوەن سروشتی نەتەوەیی هاوبەشن، یاخود ئایینی، یاخود زمانەوانی (هەمان سەرچاوە، ٢٣).

### ٢-٢. پێوەری کەمینەکان

لە ڕێی شیکردنەوە و تێگەیشتن لەو پێناسانەی کە بۆی کراوە، دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی دوو ئاست هەیە بۆ ناساندن و تێگەیشتن لە کەمینەکان (خزر و جەلال :٢٠١٧ ١٧-٨٨).

یەکەم: پەیوەستە بە ماف و یەکسانی و هاوبەشیکردن لە تایبەتمەندیی هاوڵاتیبوون لە دەوڵەتی مەدەنیدا، کە دەتوانرێت چەند دەستەیەکی جیاواز تێکەڵ بکرێت لەگەڵیاندا، ئەوەش لە چوارچێوەی کەمینەکان. بە گوێرەی ئەم پێوەرە کە پەیوەست نییە بە ژمارەوە، بەڵکوو پەیوەستە بە ڕەوشی ماف و پێداویستییەکانەوە. بەڵام ئەم پێناسەیە ڕووبەڕووی کێشەیەک دەبێتەوە، چونکە کەمینەکان دەستڕۆیشتوو و بەدەسەڵاتترن لە هەندێک لە وڵاتاندا و خاوەنی زۆرترین ئیمتیازن زیاتر لەوانەی تر، بۆ نموونە وەک کەمینە سپییێستەکان لە ئەفەریقای باشوور و عەلەوییەکانی سووریا.

دووەم: ئاست و بیرۆکەی دووەمیان ڕەچاوی جیاکاریی ڕووکاریی کۆمەڵەکە دەکات، کە کەمینەیەکی ژمارەیی پێک دەهێنێت، جا ئەم جیاکارییە نەژادی یان ئیتنی یان ئایینی یان زمانی بێت، یاخود جیاکارییەکە پەیوەست پێت بە شێوە و ڕەنگ و کولتوورەوە. لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ڕێککەوتن لە سەر پێناسەیەک چەند کارێکی قورسە کە ببێتە جێگەی ڕەزامەندیی هەموو کەمینەکان، بەڵام دەتوانرێت پشت ببەسترێت بەو پێوەرانەی کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە سەری ڕێک کەوتوون لە وەسفکردنی کەمینەکان کە لە توانایدایە زۆربەی زۆری کەمینەکان بگرێتەوە و بریتییە لە:

١. ژمارەی کەمینەکان: بە پێی ئەم پێوەرە دەبێت کەمینەکان لە بەرانبەر دانیشتووانی دیکەدا ژمارەیان کەمتر بێت کە زۆرینە پێک دەهێنن، بەڵام دەکرێت هەندێک حاڵەت هەبێت لە بەشێک لە دەوڵەتاندا، کە هیچ دەستە و گرووپێک زۆرینە پێک نەهێنێت، کەمینەکانیش لە ڕووی ژمارە و قەبارەوە لێکتر نزیک بن، یان قەبارەی کەمینەکە لەو زیادەیە بێت کە بواری پێ دەدرێت تایبەتمەندییە ناوازەکانی خۆیان پێک بهێنن. باشترە بڵێین نابێت بە پێی یاساکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت کە خۆی لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤدا دەبینێتەوە و ناکرێت هیچ کەمینەیەک ژمارەی هەر چەندێک بێت، بە شێوەیەک لە شێوەکان تووشی چەوساندنەوە یان خراپ مامەڵەکردن ببنەوە، پێویستە گشت تاکەکانی حوکمە گشتییەکانی مافی مرۆڤ بەدەست بهێنن.

٢. نەبوونی دەسەڵات: کاتێک کەمینەکان هیچ دەسەڵاتێکیان لە حوکمڕانیدا نابێت، لەو بارەدا پێویستیان بە پارێزگاریلێکردن دەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا کەمینەی بەدەسەڵات هەیە کە هیچ پێویستی بە پارێزگاریلێکردن نییە، بەڵکوو هەندێک کەمینەی دەسەڵاتدارن و بوونەتە هۆی پێشێلکردنی ماف و یەکسانیی بنچینەیی لە کۆمەڵدا.

٣. جیاوازیی ئیتنی و نەتەوەیی: وەک باوە کەمینەکان ئایین و مەزهەب و زمانیان جیاوازترە لەو زۆرینەیەی دانیشتووانی وڵات پێک دەهێنن. بە گوێرەی هەموو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، ڕێک کەوتوون لە سەر ئەوەی هەر تاکێک لە کەمینە ئیتنی و نەتەوەیی و ئایینییەکان، ژمارەیان هەر چەندێک بێت، ئەوانە هاوڵاتیی ئەو وڵاتەن کە تێیدا دەژین و پێویستە ببنە خاوەنی هەموو ماف و پێداویستییەک کە هاوڵاتییانی زۆرینە بۆیان فەراهەم کراوە.

٤. هەڵوێستە فەردییەکان: ئەندامانی کەمینەکان دوو ڕێگەیان بۆ گوزارشتکردن لە هاوڵاتیبوون و شوناسیان هەیە، یەکێکیان هاوبەشیکردنە لەگەڵ زۆرینەدا لە خواستی نەتەوەیی بۆ پارێزگاریکردن لەو تایبەتمەندییانەی دانیشتووانی دەوڵەتی پێ دەناسرێتەوە، دووەمشییان پراکتیزەکردنی بژاردەیە لە نێوان لایەنگری بۆ کەمینە، یان نەبوونی لایەنگری، هەندێک لە تاکەکان ئارەزووی یەکبوون دەکەن لەگەڵ کۆمەڵگەی زۆرینەدا.

## ٢-٣. پارێزگای هەولێر

هەولێر وەکوو شار لە ڕووی مێژووییەوە دڵی زیندووی کوردستان و جیهانە. زیندووە بەوەی کۆنترین شاری جیهانە و تا ئێستا بە ئاوەدانی ماوەتەوە، خاوەنی قەڵایەکی کۆنە و یەکێکە لە کۆنترین لەم پاشماوە شوێنەوارییە باوەڕپێکراوەکانی جیهان، کە لە دامێنی "منارەی چۆلی" هەیە.

شاری هەولێر یەکێکە لە کۆنترین پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی عێراق، وەک ناوچەکانی تری

جیهان لە ڕووی جوگرافییەوە لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی هاوسنوورە لەگەڵ هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران و پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتییەوە، هەروەها ڕووباری زێی بچووک سنووری باشووری ڕۆژهەڵات و باشووری پارێزگاکە پێک دەهێنێت و لە پارێزگای کەرکووکی جیا دەکاتەوە. لە باکووری ڕۆژئاواش ڕووباری شین لە پارێزگای دهۆکی جیا دەکاتەوە. پارێزگای نەینەواش دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوا و بەشێکی باشووری ڕۆژئاوای پارێزگاکە و زێی گەورە لێکیان جیا دەکاتەوە. بەو پێیە ڕووبەرەکەی ژمارەی دانیشتووانی بە پێی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٤ سەرجەم قەزا و ناحیەکانەوە، گەیشتووەتە دوو ملیۆن و سێ سەد و نەوەد و چوار هەزار و پێنج سەد و بیست و سێ کەس (٢٣٩٤٥٢٣). بەو پێیە شاری هەولێر شارێکی فرەنەتەوەییە، واتە "کۆمەڵگەی دانیشتووانی هەولێر، کورد و عەرەبی هەولێر، تورکمانی هەولێر، مەسیحی؛ لە ڕێگەی زمانی کوردییەوە قسە دەکەن" (ناوخۆش، سەلام ، ٢٠١٠: ٤٧).

کەواتە لە شاری هەولێر زمانی کوردی وەکوو زمانی هاوبەش لە ناو ئاخێوەرانی کەمەنەتەوەییەکانی شاری هەولێرە. شاری هەولێر شارێکی فرەنەتەوەیە، چەندین نەتەوە تێیدا نیشتەجێ بووە، کەواتە ئەوەندە زمانی جیاوازی تێدایە، کورد و تورک و عەرەبی و سریانیی تێدایە. شاری هەولێر لە ڕووی کارگێڕییەوە لە (١٣) قەزا پێک دێت: ئەمانەن (سەنتەری هەولێر، دەشتی هەولێر، چۆمان، مێرگەسوور، سۆران، ڕەواندز، شەقڵاوە، کۆیە، خەبات، بنەسڵاوە، مەخموور، هەریر، پیرمام، عنکاوە). لێرەدا جگە لە سەنتەری هەولێر کە تورکمانەکانی تێدا نیشتەجێن، هەریەک لە شەقڵاوە و کۆیە کە کەمەنەتەوەیی مەسیحی تێدا نیشتەجێن لەگەڵ شارۆچکەی عەنکاوە کە بە هەمان شێوە شارۆچکەی مەسیحی خۆیان بە نموونە وەردەگرین.

### ٢-٣-١. شارۆچکەی عەنکاوە

شارۆچکەیەکە سەر بە پارێزگای هەولێر، چەند کیلۆمەترێک لە ناو شاری هەولێر دوورە، لە ڕووی ئایینییەوە زۆربەی پێکهاتەی دانیشتووانی مەسیحین. گەیشتنی ئایینی مەسیحیەت بۆ عەنکاوە بۆ سەدەکانی سەرەتای زایینی دەگەڕێتەوە، لە سەرچاوە کۆنەکانی وڵاتی "حەدیاب" هاتووە کە تۆمای پەیامبەر لە میانی تێپەڕبوون لە ڕێگاکەی بۆ هیندستان، مەسیحیەتی لە حەدیاب و وڵاتی "فرپی"یەکان بڵاو کردەوە، ئەوکات هەولێر پایتەختی دووەمی "فرپی"یەکان بوو. بە پێی بیروڕای مێژوونووسی هەولێری "شیفازەفا"، لە کتێبی "کورنۆلۆژیای ئەربیل"دا دەڵێت: "گەیشتنی ئایینی مەسیحیەت بۆ هەولێر لە سەردەمی 'مارئەدی' و 'مارماری'ی هەردوو قوتابی مەسیح (سەلامی خودای لە سەر بێت) بووە. یەکەم کەسیش کە لە وڵاتی 'حەدیاب' بووەتە مەسیحی، 'بەقیدا' بووە. باوکی ڕوحیی ڕاستەقینەی کڵێسەی هەولێر لە چیاکانی حەدیاب لە ساڵانی (١٠٤-١١٤ز) دەستی کرد بە گەیاندنی پەیامی ئینجیل" (پەترۆس٢٠٠٩: ٢٤٤).

شوێنی سریانەکان دەشتی نەینەوا و شاری موسڵ و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریایە، دواتر بە هۆی شەڕ و پێکدادان ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون. زمانی سریانی لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی زمانی فەرمی بووە لەو ناوچانەی کەوتوونەتە ئاسیای بچووک و وڵاتی فارس (ناوخۆش٢٠١٠: ٣٧-٣٨). لە هەرێمی کوردستان ئاشووری و کلدانی

هەن کە لە هەریەک لە شارەکانی "دهۆک و هەولێر کە ئەسقەفییەکی کلدانی سەرپەرشتییان دەکەن و لە زاخۆ کلدانی و ئاشووری هەن، لە پارێزگای سلێمانی ئاشووری و کلدانی هەن'' (تول٢٠١٠: ١٥٧). ژمارەی دانیشتووانی عەنکاوە بە پێی دوایین ئاماری ساڵی (٢٠٢٤) دەگاتە سی و دوو هەزار و چوار سەد و نەوەد و هەشت کەس (٣٢٤٩٨) (بڕوانە پاشکۆ).

### ٢-٣-٢. شاری کۆیە

قەزای کۆیە یان "کویسنجق'' یەکێکە لە قەزا کۆنەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر و کەوتووەتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتیەوە. زنجیرەچیاکانی "هەیبەت سوڵتان'' لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وەکوو سنووریکی سروشتی لە شاری سلێمانی جیادەکاتەوە. زێی بچووکیش سنووری باشووری لەگەڵ پارێزگای کەرکووک و بەشێک لە شاری سلێمانی پێک دەهێنێت. بەم جۆرە ناوەڕاستی هەرێمی کوردستان داگیر دەکات. واتە ئەو قەزایە لە ڕووی کارگێڕییەوە هاوسنوورە لەگەڵ هەریەک لە شاری هەولێر و سلێمانی و کەرکووک، واتە لەگەڵ یەکەی کارگێڕیی جیاوازدا هاوسنوورە، واتە قەزای کۆیە وەکوو ئەڵقە ئەو سێ پارێزگایە بەیەکەوە گرێ دەدات (کۆیی٢٠٠٩: ٣٦). لە ڕووی قەبارەشەوە بە کۆنترین قەزای شاری هەولێر دادەنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم قەزایە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە لە ڕووی قەبارەی دانیشتووانەکەی لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر، لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر جیاواز بووە، کە بە هۆی دابەشبوونی دانیشتووان بە هەر هۆکارێک، یاخود بە هۆی کردنەوەی ناحیەی دیکەی وەکوو تەقتەق و شۆڕش گۆڕاوە، واتە کۆتا ڕێژە؛ (٨%)ی ساڵی (٢٠٠٢) بە بەراورد لەگەڵ کۆی ژمارەی ساڵانی پێشووتری.

### ٢-٣-٣. هەرمۆتە (أرموتە)

گوندێکی مەسیحییانە، سەر بە شاری کۆیەیە، مەسیحییەکانی کۆیە لە شارۆچکەی کۆیە کۆنتر و ناوی گوندەکەش بە ناوی ئەو کەنیسەیە ناو نراوە کە ناوی "هەرمۆتە''یە. هەرمۆتە لە ڕووی زاراوەوە پێک هاتووە لە: کلدانی بە "ارچ'' دەڵێن "ئەرە''، لێرەدا دوو مانای هەیە:

١. ئەرەمووتی: عاردی مردی، گۆڕستان، یان جێی مردووان.

٢. عەرەمۆتا: بە واتای هەنارە، کاتی خۆی ڕەز و باخ هەبووە و میوەی وەک: هەنار، سێو، قەیسی زۆر تێدا بووە. مەسیحییەکانی کۆیە لە چوار بەش پێک هاتوون: عەودال، تومی قصاب، حەنای بگروس، لە هەمووان کۆنتر ماڵی (ئوول = ئوو = وسو= یوسف) کە لە لای هیران هاتوون. مەسیحییەکانی هەرمۆتە لە زۆر شوێن بڵاو بوونەتەوە، وەک: (کۆیە، سلێمانی، سنە، کەرکووک، عەنکاوە، بەغداد، کەرملێس) (قەشە مەتی، چاوپێکەوتن، ١٩٧٧/١١/٣). کاتی خۆی کۆیە یەک ماڵە دیانی لێ بوو (خۆشاب کۆ)، ئەوانی تر لە (هیران، شەقڵاوە، دیانە، موسڵ) هاتوون، لە هەرمۆتە کڵێسەیان کردوو لە کۆیە کڵێسەیان نەکردووە، لە پێش ساڵانی (١٩١٣) کڵێسەیەکیان لە قوڕ دروست کرد (احمد١٩٨٣: ٧٥).

### ٢-٣-٤. شارۆچکەی شەقڵاوە

شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای هەولێرە، (٥٠کم) لە باکووری هەولێرەوە دوورە، خۆشترین هاوینەهەواری دەڤەرەکەیە، لە سەرەتای سەدەی بیست ناحیە بووە سەر بە قەزای کۆیە. "شەماشە

میخائیل‘‘ دەڵێت: لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زایینیدا ئایینی مەسیحی گەیشتووەتە ئەو دەڤەرە، ژمارەیەکی زۆری دەڤەرەکە هاتوونەتە سەر ئەو ئاینە نوێیە. لە سەرەتای سەدەی حەفتەم ئایینی ئیسلام گەیشتووەتە ئەم دەڤەرە، ژمارەیەکی زۆر لە کوردە ئێزیدییەکان مێژووی بوونیان لە سەدەی چوارەمی زایینی لەم دەڤەرە بوونی هەیە کە نزیکەی (٤٠٠) ماڵ دەبوون لە دەربەندی شەقڵاوە ژیاون. لە بیستەکانی سەدەی بیستەم نزیکەی (٣٠) ماڵە جوولەکەیەک لە شەقڵاوە نیشتەجێ بوون، کە مێژووی بوونی جوولەکە لە شەقڵاوە دەگەڕێتەوە بۆ ”سەرجۆن‘‘ و ”سەنحارب‘‘ی کورەکەی، لە فەڵەستینەوە هێناویانن بەسەر شار و شارۆچکەکانی باشووردا دابەشی کردوون، دواتر بۆ جاری دووەم جوولەکەکان بۆ بابل چوونەوە، دواتر لە بابل بڵاو دەبنەوە بۆ ئێران و میزۆپۆتامیا. ژمارەیەکی زۆر لەو جوولەکانە دەبنە ئیسلام، هەندێکیان هەر لە کوردستان دەمێننەوە تا دەگەڕێنەوە وڵاتی فەڵەستین (عەبدوڵا٢٠٠٩: ٣٤٢-٣٤٣).

شاری شەقڵاوە لە دێرزەمانەوە لە بەگزادە و کرمانجەکان پێک هاتووە، دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم میرەکانیش هاتنە شەقڵاوە و نیشتەجێ بوون. هەروەکوو لە پێشەوە ئاماژەی پێ کراوە، شەقڵاوە هەر لە دێرزەمانەوە بە شاری فرەئایینی و یەکتر قبوولکردن و پێکەوەژیان ناسراوە. ئەم شارە ڕێژەیەکی زۆر موسوڵمانانی تێدایە، لە سەرەتادا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ژمارەی موسوڵمانان و مەسیحیدا نەبوو. جگە لە موسوڵمان و مەسیحی، سێ خێزانی جوولەکەش لێی ژیاون (عەبدوڵا٢٠٠٩، ٣٤٦-٣٥١). چەند گەڕەکێک تایبەت بە مەسیحییەکان لە شەقڵاوە هەن، بریتین لە ”بێترمە“ و بەشێک لە گەڕەکی ”زێوەر‘‘. سریانی زمانی مەسیحییەکانە. مەسیحییەکانی شەقڵاوە کلدانین، چەندین کەسایەتیی دیاریان تێدا هەیە، قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان هەیە، زمانی سریانی لەو قوتابخانانەدا گرنگییەکی تایبەتی پێ دراوە و مامۆستا و وانە و کاتی بۆ دانراوە و بە وانەی سەرەکی دەژمێردرێت.

### ٣-٤. زمانی کەمینەکان

### ٢-٤-١. زمانی سریانی

ئەو زمانەی کە مەسیحییەکان پێی دەنووسن و دەخوێننەوە؛ زمانی ”سریانی‘‘یە، یان ”سورێت‘‘ بە واتای زمانی سریانیی نوێ دێت، کە لە کۆندا پێی دەگوترا ئارامی، کە نەتەوەکانی کلدانی و ئاشووری قسەی پێ دەکەن (تول٢٠١٠: ١٥٧). هەروەها هەر تەوراتیش بە زمانی سریانی وەرگێڕدراوە، خودی زمانەکەش ڕێنووسێکی گرنگی هەبووە، تەنانەت ڕێنووسی زمانی سریانی زمانی ئایینی بووە، ئەو بۆچوونەش دەگەڕێتەوە بۆ زمانی تەورات و گرنگیی زمانی سریانیی مەسیحی. لە کۆندا بە چاوێکی پیرۆز تەماشای زمانی سریانییان کردووە. هەروەها دەگوترێت ”تاتیان‘‘ یاخود ”تەتیا‘‘ یەکەم کەس بوو کە پەیمانی نوێی لە زمانی یۆنانییەوە کردووەتەوە بە زمانی سریانی، ئەمەش وای کردووە کە ئینجیل خەڵکی دیکە بهێنێتە ناو ئایینی مەسیحیەت، بەمەش زمانی سریانی بووە بە زمانێکی ئایینیی هەموو مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەندین هەرێمی تر لە ئاسیا و ئەفەریقا، دواتر زمانی سریانی بووە زمانێکی نێونەتەوەیی و ئایینی، واتە زمانی سریانی زۆر زوو بووە هاوشانی ئایینی مەسیحی (ناوخۆش٢٠٠٧: ٣٥).

### ٢-٤-٢. زمانی تورکمانی

نەتەوەی تورکمانی یەکێکی دیکەیە لەو نەتەوانەی کە چەندین ساڵە لە باشووری کوردستان نیشتەجێن،

دووەمین نەتەوەیە بە ژمارە و ڕێژە لە سەرجەمی دانیشتووانی کوردستاندا کە پەیدابوونیان بۆ چەندین سەدە دەگەڕێتەوە. پێکهاتەی تورکمان زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە دیالێکتێکی زمانی تورکییە و دیالێکتێکی دیاریکراوی ئۆغزییە (سەرچاوەی پێشوو: ٩٦). زمانی تورکی سەر بە خێزانە زمانەکانی ئاڵتاییە، خێزانی زمانەکانی ئاڵتایی خاوەن سێ لقن: تورکی و مەغوولی و تونگوسین، تورکی بە باوترین لقی ئەم خێزانە دادەنرێت. ئەم لقە سەرەڕای تورکی، هەندێک لە زمانەکانی ئاسیای ناوەڕاست وەکوو ئۆزبەکی، قەزاقی و قرقیزیش دەگرێتەوە (سەنەندەجی٢٠١٣: ٧٤). بێگومان هەر زمانێکیش ڕەگوڕیشەی خۆی هەیە کە "ئۆغوز لە تورکیا و ئێران و ئەزربیجان و عێراق و تورکمانستان باپیرانی تورکەکانن و ناونانی تورکمان بۆ سەدەی یانزەیەم دەگەڕێتەوە، دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە سەدەی دەیەمدا بە هۆی هۆکاری بازرگانی، ئەوە بوو ناوی تورکمان جێگەی ئۆغزی گرتەوە" (مردان٢٠١٠: ٩٨). ژمارەیەک لە توێژەران نیشتەجێی تورکمانەکان بۆ دوو قۆناغ پۆلێن دەکەن کە ئەوانیش (ئیسماعیل و عوسمان٢٠١٢: ٨٠):

١. شەپۆلێک کە لەگەڵ سەربازە جێنشینەکانی عەباسی و ئەتابەگ و تەغرلبک و مەغۆل کە ئەوان تورکمانن.

٢. ئەوانەی کە لە ماوەی کۆنترۆڵی عوسمانی بۆ سەر عێراقدا هاتوون، کە پەیوەندییەکی بەتین لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دەیانبەستێتەوە. ئەو کۆمەڵە تورکمانەی لە عێراق بە زمانی تورکی قسە دەکەن موسوڵمانن و لە سەددا (٨٠% بۆ ٩٠%) ی دانیشتووانی موسوڵمانی سوننەمەزهەبن، ئەو لە سەددا (١٠% بۆ ١٥%)یە کە دەمێنێتەوە؛ بیروباوەڕی عەلەوییان هەیە. بە هەمان شێوە زانیارییەکی باوەڕپێکراو نییە لە سەر پێکهاتەی ئایینی دانیشتووانە تورکمانەکان، لەوانەیە لە پاڵ سوننەکاندا نیوەی تورکمانی موسوڵمانی شیعەمەزهەب بن (جینکیز و غەنی ٢٠٠٨: ٨). گرووپ و لایەنە سیاسییەکانی تورکیا و تورکمانەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ژمارەی تورکمانەکان دوو ملیۆن زیاترە، واتە لە سەددای تێکڕای (٧,٥) دانیشتووانی عێراقن، هەندێکیش پێیان وایە کە سێ ملیۆنن و کە لە سەددا (١١)ی دانیشتووانی عێراق پێک دەهێنن (هەمان سەرچاوە: ٨-٩).

### ٣. سیاسەت وپلانی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بەزمانی کوردی وزمانەکانی تر

ە وەزارەتی پەروەردە بە تایبەت لە قوتابخانە حکومییەکاندا، هەر تاک و هەر نەتەوەیەک لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ئازادە بەوەی کە بە زمانی دایک دەخوێنێت یان نا، چونکە لە پاڵ قوتابخانەی کوردیدا؛ قوتابخانەی حکومی و ناحکومی و نێودەوڵەتیی ئینگلیزی سیستمی خۆیان هەیە، بۆیە لە زۆربەی قوتابخانەکان لە پۆلی یەکی بنەڕەتی تاکوو دوانزەی ئامادەیی زمانی کوردی وەکوو بابەتێکی سەرەکی دەخوێنرێت و گرنگیی پێ دەدرێت و تا قوتابی دەگاتە خوێندنەوە و نووسین و تێگەیشتن، دواتر وانەکانی تری پێ دەخوێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە قوتابخانە سیستمی کوردییەکاندا گرنگی بە خوێندنی ئینگلیزی دەدرێت، لە پاڵ ئەمانەشدا قوتابخانەی حکومیی تورکمانی و سریانی هەن کە تایبەتن بە کەمینەی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان. لێرەدا تەنها سیستمی پەروەردەیی کەمینەکانی "تورکمانی و سریانی" لە پارێزگای هەولێر بە نموونە وەردەگرین کە هەریەک لە (عەنکاوە، کۆیە، شەقڵاوە، ناو هەولێر) دەگرێتەوە. لە عەنکاوە و کۆیە و شەقڵاوە قوتابخانەی سریانیی مەسیحییەکان هەن.

لە ناو هەولێر قوتابخانەی سریانی هەن، لە عەنکاوە (١١) قوتابخانە هەن کە زمانی سریانی وەکوو بابەتی سەرەکی تێیدا دەخوێنرێت، لە هەریەک لە بنەڕەتی و ناوەندی و ئامادەیی تێیاندا هەیە. جگە لە سریانییەکان، نەتەوەی عەرەب و تاکی موسوڵمانیش لەو قوتابخانانەدا هەن. بە هۆی ئەوەی کە قوتابی ئازادە لە چ زمانێک و لە کوێ بخوێنێت، هەندێ لە قوتابخانەکان خوێندنیان بە زمانی عەرەبییە، هەندێکیان سریانی و هەندێکیان کوردی، بەڵام زیاتریان سریانین تاکوو قۆناغی بنەڕەتی تەواو دەکەن. دواتر لە ئامادەییدا تەنها ئایینی مەسیحی دەخوێنرێ، زمانی سریانی ناخوێنرێ، قوتابخانەکان یەکلایی دەکرێنەوە بەوەی کە خوێندن بە زمانی کوردی یان عەرەبی بێت. بۆ زیاتر ئامادەکردنی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی نیشتیمانی و ئەو خولانەی دەکرێنەوە، زیاتر بەو دوو زمانەن (کوردی، عەرەبی) بەشدار بن و سوودمەند بن، جگە لەوەش خوێندنی ئامادەیی وانەکان بە زمانی سریانی کاری لە سەر نەکراوە، بەڵام قۆناغی بنەڕەتی (١-٩) هەموویان بە زمانی سریانی وانەکان بەردەستن، هەمان وانەی سیستمی زمانی کوردی، بەڵام وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سریانی.

لە ناو هەولێردا (١٥) قوتابخانەی تورکمانی هەن کە زمانی تورکی وەکوو بابەتی سەرەکی دەخوێنرێت، وانەکانی تر بە زمانی تورکی دەخوێنرێن، ئەو زمانەی پێی دەخوێنن زمانی تورکیی ئەستەنبوڵیی تورکییە، وەکوو زمانی فەرمی پێی دەخوێنرێ و دەنووسرێ. لە هەندێ لە قوتابخانە ئامادەییەکاندا پۆلی کوردی و پۆلی لاتینی کراونەتەوە بۆ یارمەتیدان بۆ ئەو قوتابییانەی زمانی تورکی بە باشی نازانن، لەبەر ئەوەی جگە لە تورکمانەکانی هەولێر؛ کورد و عەرەب و سووری و... هتد؛ ڕوویان لە قوتابخانە تورکمانییەکان کردووە، بە مەبەستی حەز و ئارەزوویان بۆ فێربوونی زمانی تورکی، بە هەمان شێوە وانەکانی بە هەمان سیستمی زمانی کوردییە، بەڵام وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی تورکی.

٣-١. لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە و ئەنجام و ڕاسپاردەکان

خشتەی ژمارە (١)

خشتەی دووبارەبووەوە بۆ پرسیارە تایبەتەکان

زانیاریی گشتی

| | | دووبارەبووەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| تەمەن | ٩ ساڵ | ٢ | ٥٦.٠% |
| | ١٠-١٢ ساڵ | ١٥٩ | ٦٦.٤٤% |
| | ١٣-١٥ ساڵ | ٩٨ | ٥٣.٢٧% |
| | ١٦ ساڵی یان زیاتر | ٩٧ | ٢٥.٢٧% |
| | (لادانی پیوانەی ± ناوەندەژمێر) | )١٤ ± ٨٧٩.٤( | |
| زمانی دایک | کوردی | ١٨٦ | ٢٥.٥٢% |
| | سریانی | ١٢٤ | ٨٣.٣٤% |
| | عەرەبی | ٢٢ | ١٨.٦% |
| | تورکمانی | ٢٤ | ٧٤.٦% |
| لەکام پۆلیت (یان بازنەیت) | بازنەی یەکەم (٣,٢,١) | ٤ | ١٢.١% |
| | بازنەی دووەم ( ٦,٥,٤ ) | ١٧٣ | ٦٠.٤٨% |
| | بازنەی سێیەم (٩,٨,٧) | ٨١ | ٧٥.٢٢% |
| | بازنەی چوارەم (١٢,١١,١٠) | ٩٨ | ٥٣.٢٧% |
| ڕەگەز | نێر | ١٧٨ | ٠٠.٥٠% |
| | مێ | ١٧٨ | ٠٠.٥٠% |

خشتەی ژمارە (٢)

٣-٢. ئامانجی یەکەم: دەرخستنی پێگەی زمانی کوردی لە قوتابخانەی (سریانی، تورکمانی)

| | | دووبارەبووەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| حەز دەکەی بە کام زمان بخوێنیت؟ کام زمانت خۆش دەوێت؟ | هیچ کامیان | ٥٦ | ٧٣.١٥% |
| | هەردووکیان | ١٢٩ | ٢٤.٣٦% |
| | ز (تورکمانی، سریانی)م زیاتر خۆش دەوێت. | ٦٧ | ٨٢.١٨% |
| | ز. کوردیم زیاتر خۆش دەوێت. | ١٠٤ | ٢١.٢٩% |
| دەتوانی بە زمانی کوردی بخوێنیت؟ قسەکردنت باشە؟ | بە هیچ شێوەیەک نایزانم. | ١١ | ٠٩.٣% |
| | نایزانم. | ٣٠ | ٤٣.٨% |
| | تا ڕادەیەک دەیزانم. | ٨٨ | ٧٢.٢٤% |
| | دەیزانم. | ٢٢٧ | ٧٦.٦٣% |

شیکارکردنی کارەکییانەی ئامانجی یەکەم، بابەتی کوردی وەکوو زمانی دووەم، زمانی سریانی و تورکمانی وەکوو زمانی یەکەم، بە گوێرەی ئەو دەیتایانە سەرەنجام دەگەینە ئەوەی لە کۆی(٣٥٦) فۆرم لە پرسیاری "حەز دەکەی بە کام زمان بخوێنیت و کام زمانت خۆش دەوێت؟ (٥٦) قوتابی، واتە (١٥.٧٣٢%) حەزیان بە هیچ زمان نەبوو، (١٢٩) فۆرم واتە (٣٦.٢٤%) حەزیان بۆ هەردوو زمان هەبوو، (٦٧) فۆرم واتە (١٨.٨٢%) زمانی زگماکیی خۆیان (زمانی یەکەم) خۆش دەویست، (١٠٤) فۆرم واتە (٢٩.٢١%) تەنها حەز بە زمانی کوردی دەکەن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕێژەکە بۆ زمانی کوردی کەمە، بەڵام هەروەک دەردەکەوێت قوتابییان حەز بە کۆزانیاریی هەردوو زمان دەکەن. سەبارەت بە پرسیاری دووەم، لە ئەنجامی یەکەم لە کۆی (٣٥٦) فۆرم، سەبارەت بە پرسیاری "دەتوانی بە زمانی کوردی بخوێنیت و قسەکردنت باشە؟"، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە (١١) فۆرم، واتە لە (٣.٠٩%) نایزانێ بە هیچ شێوەیەک، (٣٠) فۆرم نایزانێت، واتە لە (٨.٤٣%)، وە لە (٨٨) فۆرم تا ڕادەیەک دەیزانی، واتە لە (٢٤.٧٢%) بە (٢٢٧) فۆرم دەیزانن، واتە لە سەددا (٦٣.٧٦%). دەتوانین (٨٨ + ٢٢٧) کۆ بکەینەوە و ڕێژەکەی زیاد دەبێت، واتە لێرەدا ئاستی تێگەیشتنی قوتابی بە زمانی کوردی لە ئاستێکی زۆر باشدایە. گرنگیی قوتابییان سەبارەت بە زمانی دووەم (کوردی)، لە ئاستێکی باڵادایە و کاریگەریی لە سەر کەمەنەتەوەیی شاری هەولێر هەبووە، بووەتە هۆی ئەوەی کە لە هەوڵی زانینی زمانی کوردیدا بین.

خشتەی ژمارە (٣)

٣-٣. ئامانجی دووەم: ئاستی تێگەیشتنی قوتابییان لە خوێندن بە زمانی کوردی

| | | دووبارەبووەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| دەتوانیت بە زمانی کوردی بخوێنیت؟ قسەکردنت باشە؟ | بە هیچ شێوەیەک نایزانم. | ١١ | ٠٩.٣% |
| | نایزانم. | ٣٠ | ٤٣.٨% |
| | تا ڕادەیەک دەیزانم. | ٨٨ | ٧٢.٢٤% |
| | دەیزانم. | ٢٢٧ | ٧٦.٦٣% |
| لە کاتی قسەکردن وشەی تورکمانی یان سریانی بەکار دەهێنیت؟ | هیچ کامیان | ٤٠ | ٢٤.١١% |
| | هەردووکیان | ١٣٤ | ٦٤.٣٧% |
| | کوردی | ١٢٢ | ٢٧.٣٤% |
| | سریانی، تورکمانی | ٦٠ | ٨٥.١٦% |

شیکارکردنی کارەکییانەی ئامانجی دووەم سەبارەت بەوەی کە "دەتوانیت بە زمانی کوردی بخوێنیت و قسەکردنت باشە"، بە سەرنجدان لە خشتەکە، ئەوا لە کۆی (٣٥٦) قوتابی، (١١) قوتابی واتە لە (٣.٠٩%)، بە هیچ شێوەیەک نایزانن.

| | | | زمانی دایک | | | | Total | نرخی کالای سکوێر | p-value |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | کوردی | سریانی | عەرەبی | تورکمانی | | | |
| حەز دەکەیت بە کام زمان بخوێنیت؟ کام زمادت خۆش دەوێت؟ | هیچ کامیان هەردووکیان | دووباره | ١٣ | ٢٠ | ٢١ | ٢ | ٥٦ | .١٤٢ ٦٧٣ | ٠.٠٠٠ |
| | | ڕێژه | %٠.٧ | ١.١٦ % | %٥.٩٥ | %٣.٨ | ٧.١٥ % | | |
| | ز(تورکمانی، سریانی)م زیاتر خۆش دەوێت. ز. کوردیم زیاتر خۆش دەوێت. | دووباره | ٧٢ | ٤٩ | ٠ | ٨ | ١٢٩ | | |
| | | ڕێژه | ٧.٣٨ % | ٥.٣٩ % | %٠.٠ | %٣.٣٣ | ٢.٣٦ % | | |
| | بە هیچ شێوەیەک نایزانم. نایزانم. | دووباره | ٣١ | ٢٣ | ٠ | ١٣ | ٦٧ | | |
| | | ڕێژه | ٧.١٦ % | ٥.١٨ % | %٠.٠ | %٢.٥٤ | ٨.١٨ % | | |
| | تا ڕادەیەک دەیزانم. | دووباره | ٧٠ | ٣٢ | ١ | ١ | ١٠٤ | | |
| | | ڕێژه | ٦.٣٧ % | ٨.٢٥ % | %٥.٤ | %٢.٤ | ٢.٢٩ % | | |
| دەتوانیت بە زمانی کوردی بخوێنیت؟ قسە کردنت باشە؟ | هیچ کامیان هەردووکیان | دووباره | ٤ | ٣ | ٢ | ٢ | ١١ | .٨٧ ٤٥٩ | ٠.٠٠٠ |
| | | ڕێژه | %٢.٢ | %٤.٢ | %١.٩ | %٣.٨ | %١.٣ | | |
| | ز (تورکمانی، سریانی)م زیاتر خۆش دەوێت. ز. کوردیم زیاتر خۆش دەوێت. | دووباره | ٤ | ١٤ | ١٠ | ٢ | ٣٠ | | |
| | | ڕێژه | %٢.٢ | ٣.١١ % | %٥.٤٥ | %٣.٨ | %٤.٨ | | |
| | بە هیچ شێوەیەک نایزانم. نایزانم. | دووباره | ٢٩ | ٤٨ | ٦ | ٥ | ٨٨ | | |
| | | ڕێژه | ٦.١٥ % | ٧.٣٨ % | %٣.٢٧ | %٨.٢٠ | ٧.٢٤ % | | |
| | تا ڕادەیەک دەیزانم. | دووباره | ١٤٩ | ٥٩ | ٤ | ١٥ | ٢٢٧ | | |
| | | ڕێژه | ١.٨٠ % | ٦.٤٧ % | %٢.١٨ | %٥.٦٢ | ٨.٦٣ % | | |

(٣٠) قوتابی واتە (٨.٤٣%) نایزانن و (٨٨) قوتابی واتە (٢٤.٧٢%) تا ڕادەیەک دەیزانن و (٢٢٧) قوتابی واتە (٦٣.٧٦%) دەیزانن، لێرەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە قسەکردن بە زمانی کوردی لە ناو نەتەوەی تورکمانی و سریانی لە ئاستێکی زۆر باشدایە، ئەمەش کاریگەریی ئاشکرای پەروەردەی جووتزمانی دەسەلمێنێت لە ماڵەوە و قوتابخانە و ژینگەدا، واتە لە پاڵ زمانی دایکدا زمانی کوردی وەکوو زمانی هاوبەش و فەرمی و زمانی زۆرینەی شاری هەولێر پەراوێز و فەرامۆش نەکراوە.

سەبارەت بە پرسیاری "لە کاتی قسەکردنت وشەی تورکمانی یان سریانی بەکار دەهێنیت؟"، بە سەرنجدان بە خشتەکە گەیشتین بەو ئەنجامەی کە لە کۆی (٣٥٦) فۆرم، (٤٠) فۆرم، واتە لە (١١.٢٤%) هیچ وشەیەک بەکار ناهێنن. (١٣٤) فۆرم، واتە (٣٧.٦٤%) وشەی سریانی یان تورکمانی بەکار دەهێنن و (١٢٢) فۆرم واتە (٣٤.٢٧%) زمانی کوردی بە بێ هیچ وشەیەک بەکار دەهێنن، واتە زمانێکی پاراوە و (٦٠) فۆرم واتە لە (١٦.٨٥%) تەنها زمانی سریانی و تورکمانی بەکار دەهێنن، لێرەدا ئەمەش کاریگەرییەکی ئاشکرای پەروەردەی جووتزمانییە، کە کاریگەریی نەرێنیی لە سەر ڕێژەی زمانی کوردی کردووە، واتە لەو قوتابخانانە کە پێڕەوی جووتزمانی کاریگەریی لێ کەوتووەتەوە. خشتەی ژمارە (٤)

٣-٤. بەراوردکردنی وەڵامی هەریەکە لە پرسیارەکانی "حەز دەکەی بە کام زمان بخوێنیت؟" و "دەتوانیت بە زمانی کوردی بخوێنیت؟"، لەگەڵ جیاوازیی زمانی دایک.

ئامانجی ئەم بەراوردکردنە یەکێکە لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی پەروەردەی جووتزمانی دەبێتەوە، کە بەراوردی زمانی دایک لەگەڵ هەریەک لە پرسیارەکانی "حەز دەکەی بە کام زمان بخوێنیت؟ و کامەت خۆش دەوێت؟". هەروەک لە بەشی دووەمدا ئاماژە بە گرنگیی زمانی دایک و کاریگەرییەکانی کراوە، لەم خشتەیەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەریەک لە زمانی کوردی و سریانی و تورکمانی کاریگەریی ئەرێنییان بەسەر ڕێژەکانەوە هەیە، ئەوانەی کە زمانی دایکییان ئەو سێ زمانە بێت (کوردی، تورکمانی، سریانی)، ئەوا حەزی زمانی کوردی و خۆشەویستیی زمانی کوردی ڕێژەیان لە بەرزبوونەوەدایە، کە ئەمەش کاریگەریی زمانی دایک و خۆشەویستیی هەریەک لە نەتەوەی تورکمان و سریان بەراورد بە زمانی کوردی دووپات دەکاتەوە و بە هەمان شێوە پرسیاری "دەتوانیت بە زمانی کوردی بخوێنیت؟، قسەکردنت باشە؟" بەرانبەر بە زمانی دایک، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەوانەی دایکیان کوردە، (٨٠.١%) دەتوانن بە زمانی کوردی بخوێنن و قسە بکەن. وە ئەوانەی زمانی دایکییان سریانییە، (٤٧.٦%) دەتوانن بە زمانی کوردی بخوێنن و قسە بکەن. ئەوانەی زمانی زگماکییان (یەکەم) زمانی تورکمانییە، ئەوا لە (٦٢.٥%) دەتوانن بە زمانی کوردی بخوێنن و قسە بکەن، ئەمەش دووپاتکردنەوەی زمانی بەرامبەر بە (زمانی دایک) یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی پێشکەوتنی زمانی کوردی و دڵنیابوون و دەستەبەرکردنی ئاسایشی فرەزمانی کە خۆشەویستییان بەرامبەر بە زمانی هاوبەش (کوردی) هەیە کە ئەمەش بە فێربوون و توانای قسەکردن ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات.

## ئەنجام

پێگەی زمانی کوردی لە قوتابخانە سریانی و تورکمانییەکان تا ڕادەیەک کاریگەریی نەرێنیی دروست کردووە. بە پێی دەیتا و زانیارییەکان، زمانی کوردی لە قوتابخانە تورکمانی و سریانییەکان لە ئاستێکی زۆر باشدایە و کاریگەریی لە سەر پێکهاتەکانی شاری هەولێر هەبووە. ئەو قوتابیانەی کە دوو زمان دەزانن، واتە کاریگەریی جووتزمانی وا دەکات قوتابی گەشەی زانیاریی زمانی کوردیی دوا بکەوێت، ئەمەش وا نەبێت کە زمانی کوردی نەزانن و لەبیر بکەن، بەڵام پێشکەوتنی زمان دەستەبەر ناکرێت. زمانی کوردی لە شاری هەولێردا وەک زمانی هاوبەش لە ناو ئاخێوەرانی کەمەنەتەوەییەکانی شاری هەولێردا گەشەی بەخۆیەوە بینیوە، کە شاری هەولێر وەکوو کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی چەندین نەتەوە و زمانی تێدایە، وەکوو: کورد، تورک، عەرەب، سورێت. ئەو زمانەی کە مەسیحییەکان پێی دەنووسن و دەخوێننەوە؛ زمانی سریانییە یان "سورێت"، بە واتای زمانی سریانیی نوێ دێت، کە لەکۆندا پێی دەگوترا ئارامی، نەتەوەکانی ئاشوور و کلدانی قسەی پێ دەکەن. زمانی دایک یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی پێشکەوتنی زمانی کوردی و دڵنیابوون و دەستەبەرکردنی ئاسایشی فرەزمانی، کە خۆشەویستییان بەرامبەر بە زمانی هاوبەش (کوردی) هەیە، کە ئەمەش بە فێربوون و توانای قسەکردن ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات. ئاستی تێگەیشتنی قوتابی بە زمانی کوردی لە ئاستێکی زۆر باشدایە، گرنگیی قوتابییان سەبارەت بە زمانی دووەم (کوردی) لە ئاستێکی باڵادایە و کاریگەریی لە سەر کەمەنەتەوەیی شاری هەولێر هەبووە، بووەتە هۆی ئەمە کە لە هەوڵی زانینی زمانی کوردیدا بین.

## سەرچاوەکان

به کوردی

- بەرهەمی دەزگای زمانەوانیی کوردی (٢٠٢٤)، زمانی دایک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- پەترۆس، نوری ، (٢٠٠٩)،شەقڵاوە، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی شەشەم مێژوی کۆن، بەیروت، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، بەیروت.
- جبوری،موسلیح خزر، وەرگێڕانی: هەڵگورد جەلال (٢٠١٧)، ڕۆڵی سیاسیی کەمینەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
- حەمەڕەشید، ئارام عەبدولواحید (٢٠١٣)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- حوێزی، طاهر احمد (١٩٨٤)، مێژوی کۆیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی لخیر، بەغدا.
- حەمەغەریب، شاڵاو ساڵح (٢٠١٧)، پێگە و پایەی زمانی کوردی لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
- دڵشاد حامید دەرویش، کەمینەکان، یاسا، هەرێمی کوردستان، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٧.
- سەرتاش، زرار عەبدوڵلا (٢٠٠٩)، شەقڵاوە ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی شەشەم مێژوی کۆن، بەیروت، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، بەیروت.
- سەنەندەچی، مەهدی (٢٠١٣)، بەراییەک بۆ زماننasی مێژویی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- شەریف، بیریڤان محەمەد (٢٠١٠)، جۆراوجۆریا ل دەڤەرا بەهدینان، زمانێ پیشەیی وەک نموونە، نامەی ماستەر زانکۆی دهۆک
- شوانی، ڕەفیق (٢٠٠٨)، زمانی کوردی شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

- عەبدوڵا، ڕۆژان نووری (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

- عەلی، تالیب حسێن (٢٠٠٥)، تیۆری سیاقی و شیکردنەوەی واتە لە زمانی کوریدا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە (٢٥)، هەولێر.

- غەفوور، عەبدوڵا (٢٠١٠)، ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سپیرێز، دهۆک.

- فەتاح، محەمەد مەعرووف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- فەتاح، محەمەد مەعرووف (١٩٦٨)، سنوور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێ، ژ(١١٢)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحريه للطباعه، بغداد.

- محمد، مسلم حسن (٢٠٢١)، هزری پەروەردەیی لە پراگماتیکی جۆن دیودا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین.

- محەمەدئەمین، ئەمیر محەمەد (٢٠٢٢)، زمانی هاوبەش لە کۆزمانەوانیدا، هەرێمی کوردستان بە نموونە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

- محەمەد، خەلیل ئیسماعیل و م. ی. سەعید، تەنکە عوسمان (٢٠١٢)، جوگرافیای نەتەوەکان کورد وەکوو نموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- مستەفا، عیرفان (٢٠١٨)، بوونی نەتەوەی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، بێ شوێن.

- مەنوچەهر موحسنی (٢٠٠٧)، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و: ڕێبوار سیوەیلی و هەندێکی تر، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- ناوخۆش، سەلام (٢٠٠٧)، ئایین و زمانناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی .....، هەولێر.

- ناوخۆش، سەلام و خۆشناو، نەریمان (٢٠١٠)، زمانەوانی، بەرگەکانی چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

- نەبەز، جەمال (١٩٨٤)، بیری نەتەوەی کورد نە بیری قەومی ڕۆژهەڵاتییە، نە بیری ناسیۆلیزمی ڕۆژئاواییە، چاپخانەی ئازاد، ستۆکهۆڵم.

- هێنلە، پۆل (٢٠٠٦)، زمان، هزر، کولتوور، وەرگێڕانی: ڕەحیم سورخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە (هەولێر)، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان.

- ئەمین، وریا عومەر (د) (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

-پرۆژە دەستووری هەرێمی
کوردستان(٢٠٠٩)،چاوپێکەوتن: نەژدەت ئاکرەیی (٢٠٢٢).

بە عەرەبی

- أيوب، عبدالرحمن (د.) (١٩٩٦)، محتضرات في اللغة، مطبعة المعارف، بغداد.

- تول، هرمان (٢٠١٠)، الكلدو اشوريون مسيحيو العراق وايران وتركيا، ترجمة: الأب ألبير أبونا، شركة للطيف للطباعة المحدودة، اربيل.

- جوليد، ژيان ، تحقيق حقوق الاقليات، رسالة ماجستير، كولون، الاينا، ٢٠٠٤.

- حجازي، محمود مهمي (١٩٧٣)، علم اللغة العربية، مدخل تاريخ مقارن في ضوء التراث واللغات السامية الناشر وكالة الطبوعات، الكويت.

- عبدالتواب، رمضان (١٩٨٥)، المدخل الى علم اللغة ومناهج البحث اللغوي، الطبعة الثانية، مكتبة الخانجى للطباعة والنشر والتوزيع، مطبعة المدينتى المؤسسة السعودية بمصر.

– مـردان، نصرت (٢٠١٠)، الصمافة التركمانية في العراق بين القرنين (١٩١١-٢٠٠٦)، الطبعة الاولى، الناشد مؤسسة وقف كركوك، الطباعة و التجليد "YAYLACIK MATBAA CITI"، ئەستەنبوڵ.

– مرعي، فؤاد (٢٠٠٢)، في اللغة والتفكير، دار الموى للثقافة والنشر، دمشق.

– نجم الدين، كرخى التي برماغ (٢٠١٢)، المواطنة الصالحة واثرها في تقدم المجتمع العراقي (اقليم كوردستان نموذجا، الطبعة الاولى، مطبعة ئاراس، اربيل، كوردستان.

– هدسون (١٩٩٠)، علم اللغة الاجتماعي، ترجمة: محمود عياد (د.)، الطبعة الثانية، الناشر علم، القاهرة.

– يوحناياقو، منى ، مبدأ كريم التمييز، دراسة مقارنة بين الحكوك الدولية لحقوق الانسان و الدساتير العراقية، بحث منشور في مجلة القانون و السياسة، اثافته، العدد٨، كتنون الاول، ٢٠١٠.

-Charlotte Livingstone. 2008. Secondedition, Oxford Dictionnaries, Newyork.

-Ferguson , ch , a.c . 1996. Sociolimgaistics Perspecitives, papers on Language in society edited by Thom buebner, Ocford university press, Newyork Oxford.

- unich Ammon1989.

- www.vottawa.ca-clms loffcial - Language - Status.

– www.merrian-webster.com- directionary statue.

- http--www,fa.wjmirae.net.

- www.astp.cerist.dz-en-article

ملخص

هذا البحث تحت عنوان (وضع اللغة الكوردية في المدارس الغير كوردية في محافظة اربيل) المدارس التوركمانية والسريانية على سبيل المثال . رسالة ماجستير مقدمة إلى قسم اللغة الكوردية والغرض من هذا البحث معرفة ومتابعة وضع اللغة الكوردية والعلاقات الاجتماعية والثقافية والقومية والدينية في المحافظة.

خاصة في المدارس التي تدرس فيها اللغة الكوردية كلغة ثانية لا كلغة الأم. لأن اللغة الكوردية لها مكانة بارزة في هذه المحافظة . لان اللغة ظاهرة اجتماعية وثقافية حسب الناطقين بها واحتياجاتهم لها. وحسب مستواهم المعرفي وفهمهم المرحلي وأهمية وطريقة تعاملهم مع اللغة، وإلى أي مدى (التوركمان والسريان) ضمن لهم خطة اللغة الكوردية في المحافظة و في الأقليم بشكل عام دون المساس وتهميش بهويتهم وثقافتهم اللغوية في مجتمع متعدد اللغويات.وعند(التوركمان والسريان) الكوردية هي اللغة الثانية بعد لغتهم ، وهذا الموضوع في المراكز العالمية موضوع بحث ودراسة . لانها تقربنا إلى فهم و تحديد مشاكل الاقليات وتعد باباً من أبواب حل هذه المشاكل وتقربنا إلى نمو أفضل للتربية واللغة معا .

Abstract

The research study titled “The Status of the Kurdish Language in Non-Kurdish Schools in Erbil: The Case of Syriac and Turkoman Schools” is derived from a Master’s thesis submitted to the Department of Kurdish Language. The study aims to examine and assess the status of the Kurdish language and its sociocultural, linguistic, national, and religious significance in Erbil Governorate, particularly within schools where Kurdish is taught as a second language rather than a mother tongue. The Kurdish language holds a prominent position in Erbil, functioning as a socio-cultural phenomenon shaped by the usage, need, and proficiency of individual speakers. The study also explores the extent to which Kurdish language planning in the Kurdistan Region accommodates Turkomans and Assyrians, ensuring the protection of minority groups and supporting multilingualism without marginalizing their linguistic identities. For Turkomans and Assyrians, the Kurdish language is a second language not the mother language. This is an important aspect in the world, they have discussed it because understanding their problems and identifying them is a step to solving them, leading to more development in language and education.

Keywords: Education, Kurdish Language, Minorities, Syriac, Turkomans

ئەکادیمیای کوردی

KURDISH ACADEMY

24. Following acceptance of any research article by expert reviewers, the researcher receives written notification of acceptance from the editorial board under the editor-in-chief›s signature. Subsequently, the researcher must not submit the article to any other entity without written consent from the journal›s editor-in-chief.
25. The arrangement and ordering of topics and subjects relate to the journal›s thematic classification system rather than the subject matter and significance of research articles or the academic rank of researchers.
26. Research articles that do not receive approval for publication are not returned to their authors.
27. In writing their research, researchers must consider both scientific research methodology and publication standards and ethics

as: (Al-Rahman: 20).
17. If quoted text from a source exceeds three lines, it shall be separated from the author›s text and indented one centimeter from both margins ( block quotation)
18. References shall appear at the end of the article, arranged alphabetically by author›s surname/ third name, formatted according to American Psychological Association (APA) bibliography style, as follows:
• Books: Surname/third name of author(s), First name (publication year in parentheses), Book title (italicized), Translator or editor name, Place of publication, Publisher name, Edition number.
• Journal Articles: Surname/third name of author(s), First name (publication year in parentheses), Article title (italicized), Volume, Year, Issue number (following volume), Page numbers of article.
• Edited Collections: Surname/third name of author(s), First name (publication year in parentheses), Collection title (italicized), Editor name, Place of publication: Publisher name, Page numbers of article.
• Internet Sources: Surname/third name of author(s), First name (publication year in parentheses), (Date of article posting on website in parentheses), Article title (italicized), (Article link), Date accessed or retrieved.
• References shall be organized by language in the following order: Kurdish, Arabic, Persian, English.
19. Section headings throughout the research article (Introduction, Literature Review, Theoretical Framework, Analysis and Discussion, etc.) shall be numbered using Microsoft Word›s automatic numbering feature, with all main and subordinate headings numbered according to sections, parts, and sub-parts as follows: 14-4-1 ,3-4-1 ,2-4-1 ,1-4-1 ,4-1 ,3-1 ,2-1 ,1-, etc.
20. Punctuation marks, including periods, semicolons, colons, question marks, exclamation marks, etc., must be attached to the preceding word with one space separating them from the following word. Words within parentheses are placed without spaces, such as: (literature). Periods after parentheses are placed immediately after the closing parenthesis without spaces, such as: (Gerdi 1995: 25).
21. All quoted text from any source, regardless of length, must be enclosed within double quotation marks formatted as: (........). The source citation, consisting of (author›s surname/third name, year, and page), must be placed immediately after these quotation marks within regular parentheses, such as: (.......), (Gerdi 1995: 25).
22. Prior to peer review, submitted articles undergo preliminary evaluation by the editor-in-chief and managing editor. If the submission complies with these guidelines, it proceeds to peer review; otherwise, it is returned to the researcher for revision and resubmission within a brief period or rejected.
23. A cover letter must be submitted on a separate page by the researcher, stating that the research is scholarly, contains no plagiarized content, and does not conflict with the interests of the Kurdish Academy and the Kurdistan Region.

pages and complete information regarding the manuscript and its repository.
12. Corresponding authors must format their submissions according to the following specifications:

First: For Kurdish-language Research:
• Main title: Unikurd Goran font, size 16
• Headings: Unikurd Goran font, size 14
• Body text: Unikurd Goran font, size 13
• Footnotes: Unikurd Goran font, size 12
• Kurdish abstract: Unikurd Goran font, size 13
• Latin script words within text: Times New Roman font, size 12

Second: For Arabic-language Research:
• Main title: Times New Roman font, size 16
• Headings: Times New Roman font, size 14, bold
• Body text: Times New Roman font, size 13
• Footnotes: Times New Roman font, size 12
• Arabic abstract: Times New Roman font, size 13
• Latin script words within text: Times New Roman font, size 12

Third: For English-language Research:
• Main title: Times New Roman font, size 16
• Headings: Times New Roman font, size 12, bold
• Body text: Times New Roman font, size 12
• Footnotes: Times New Roman font, size 10
• English abstract: Times New Roman font, size 12
• Latin script words within text: Times New Roman font, size 11

13. Latin equivalents of words shall be written in page footnotes. Titles and specific terminology that authors deem necessary for proper expression in their research shall have their Latin equivalents placed in footnotes. All words and terms in Latin script must be written in page footnotes, not within the main text.
14. Submissions must not contain any form of author identification (name, title, email, telephone number, etc.). Information about the author(s) must be submitted on a separate page accompanying the research article, including: full name, title, academic rank, title of submitted research, email address, affiliation of author(s) (university, college, department, etc.), complete postal address and postal code if available, and telephone number.
15. In-text citations of sources shall be formatted as follows: (Author›s surname or third name, publication year: page/pages), such as (Gerdi 1995: 25). Citations from sources in languages other than Kurdish and Arabic shall follow the same format.
16. Quranic verse references shall be cited as: (Chapter: Verse number) within parentheses, such

# Publication Guidelines for the Kurdish Academy Journal

1. The Kurdish Academy Journal is a quarterly scientific publication that publishes original research in Kurdish, Arabic, and English across the fields of language, literature, history, Kurdish culture, and comparative studies in areas partially related to Kurds and Kurdistan.
2. The Kurdish Academy Journal prioritizes research that adopts interdisciplinary methodological approaches.
3. Submitted research must constitute the original scholarly work of the author(s) and follow the fundamental principles of scientific methodology in its writing and preparation.
4. Research articles must not have been published in any local, national, or international journal, nor in conference proceedings. They must not be submitted to any other journal until the review process is complete and a publication decision has been made.
5. The responsibility for each research article rests entirely with the author(s), and the research represents the views of the author(s) rather than those of the Kurdish Academy Journal.
6. Kurdish-language research articles must conform to the approved Kurdish orthographic standards of the Kurdish Academy. When necessary, the Kurdish Academy Journal may make revisions to research articles without altering their content.
7. Research articles must comprise the following components with these specifications:
o Abstract: Written in the language of the research article, between 150200- words, following abstract-writing standards
o Keywords: Five terms
o Introduction: Including topic identification, research hypothesis and questions, literature review, etc.
o Analysis and Discussion sections
o Conclusion and References
8. Every research article must address a novel topic and include a comprehensive literature review. This review should provide a new perspective on the historical development of the research topic. Contemporary and historical sources must be considered; both theoretical sources and those pertaining to historical materials or subjects must be current.
9. The Kurdish Academy Journal does not accept research articles exceeding 7,000 words.
10. The author(s) must provide abstracts of their research in two additional languages in addition to the language of the study.
11. Any discussion or topic concerning manuscript review (paleography) must be conducted according to established scientific principles of the field, accompanied by several photographed

# Journal of the Kurdish Academy

License Holder
**Hamasaeid Hassan (President of the Kurdish Academy)**

Editor-in-Chief
**Prof. Dr. Mohsen Ahmad Omer**

Editorial Manager:
**Dr. Pakhshan Fahmi Farho**


**Journal Board**

Prof. Dr. Qais Kakl Tofiq
Prof. Dr. Bakhtiar Sajadi
Prof Dr. Farhad Qadir Karim
Assist. Prof. Dr. Ahmed Mohammed Mam Othman
Assist. Prof. Dr. Abdulwahid Idris Sharif
Assist. Prof. Dr. Nawzad Ahmad Aswad
Dr. Lazgin Abdulrahman Ahmed

**Advisory Board**

Prof. Dr. A. Michiel Leezenberg
Prof. Dr. Martin Van Bruinssen
Prof. Dr. Jalili Jalil
Prof. Dr. Salih Akin
Prof. Dr. Jaafar Sheikholeslami
Prof Dr. Abdulrahman Adak
Prof. Dr. A. Hashim Ahmadzadeh

**Journal of the Kurdish Academy**

The Journal of the Kurdish Academy is a quarterly journal published by the Kurdish Academy, focusing on Kurdish research in the fields of Kurdish language, literature, history, geography, and culture. The journal publishes research in Kurdish, Arabic, and English, with the first issue published in 2002. This journal is accredited by the Ministry of Higher Education and Scientific Research of the Kurdistan Regional Government (KRG) to promote scientific excellence.

Web: journal.ka.gov.krd
Email: journal@ka.gov.krd
Tel: 009647508375575

# Journal of
# the Kurdish Academy

Issue No: 65 - 2025